کۆمەڵێ نوسەر

# عوسمانییەکان

**لەعوسمانی کوڕی ئەرتوغرولەوە تاسوڵتان عەبدولەجیدی دووەم**

"پوختەی پەیماننامەو جەنگەکانی دەوڵەتی عوسمانی"

**وەرگێڕانی**

**سەلام عەبدولکەریم**

چاپی دووەم .................2008

**لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما**

**زنجیرە(81)**

## ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: عوسمانییەکان

بابەت: مێژوویی

نوسینی: کۆمەڵێك نوسەر

وەرگێڕانی: سەلام عەبدولکەریم salam_80jornalist@yahoo.com

تایپ: وەرگێڕ

دیزاین و بەرگ: فواد کەوڵۆسی

شوێنی چاپ: چاپەمەنی گەنج

ساڵی چاپ: 2008 سلێمانی

نۆرەی چاپ: چاپی دووەم

تیراژ: 1000 دانە

ناونیشان: سلێمانی ــــ بازاڕی سلێمانی ــــ بەرامبەر بازاڕی خەفاف.

ژمارەی مۆبایل: (07701574293), (07301191847)

ناوەڕۆك

پێشەکی وەرگێڕ بۆ چاپی دووەم....................................................15
عوسمانیەکان........................................................................19
ڕەچەڵەکو نەژادو گەشەکردنی دەوڵەتەکەیان ........................................19
فراوانخوازی دەوڵەتی عوسمانی ......................................................20
کشانەوەو بەرەو دواهاتنی عوسمانییەکان..............................................21
لیستی سوڵتانەکانی عوسمانی........................................................23
عوسمانی کوڕی ئورتغرل..............................................................27
سوڵتان ئۆرخان (ئۆرخانی جەنگاوەر)....................................................29
کارە یاساییو شارستانیەکانی سوڵتان ئۆرخان..........................................33
پەڕینەوە بەرەو کەناری ئەوروپا.........................................................34
سوڵتان مورادی یەکەم.................................................................35
سوڵتان بایەزیدی یەکەم (بایەزیدی هەورە بروسکە).....................................39
پێگەیشتنی سوڵتان بایەزیدی یەکەم.....................................................40
والآکاریو داگیرکاریەکانی سوڵتان بایەزیدی یەکەم......................................41
بایەزیدی یەکەمو کوشتارکردنی ئەوروپا.................................................42
هەڵوێستی بەرامبەر صرب:.............................................................42
جەنگی نیکۆپۆڵس.......................................................................43
سوڵتان محەمەدی یەکەمی عوسمانی(جەلاد، خانەدان)....................................45
سوڵتان مورادی دووەم.................................................................49
سوڵتان محەمەدی فاتیح (محەمەدی دووەم)...............................................51
لەدایکبوونو گەشەکردنی...............................................................52
کەسایەتی سوڵتان محەمەدی فاتیح......................................................54
سیاسەتەکانی سوڵتان محەمەدی فاتیح...................................................54
ژیانی سوڵتان محەمەدی فاتیح..........................................................56
گرنگترین کارەکانی سوڵتان محەمەدی فاتیح.............................................60
لەبواری ڕێکخستنو کارگێڕیدا...........................................................60
بایەخدانی سوڵتان محەمەد بەخوێندنگەو پەیمانگاکان.....................................61

بایەخدانی بەزانایان..........62
بایەخدانی بەهونەر..........62
بایەخدانی بەوەرگێڕان..........64
بایەخدانی بەئاوەدانکردنەوەو بونیاتنان ونەخۆشخانەکان..........65
بایەخدان بەبازرگانیو پیشەسازی..........66
بایەخدان بەرێکخستنە کارگێڕیەکان..........67
بایەخدانی بەسوپاو هێزی دەریایی..........69
بایەخدان بەدادپەروەریی..........70
مردنی سوڵتان محەمەدی فاتیح..........72
سوڵتان بایەزیدی دووەم..........73
سوڵتان سەلیمی یەکەم..........75
ژیانی سەلیمی یەکەم..........76
کەسایەتی سوڵتان سەلیمی یەکەم..........78
ململانێی عوسمانی – سەفەوی..........80
زاڵبوون بەسەر دەوڵەتی مەمالیکدا..........81
حیجازی عوسمانییەکان..........83
خزمەتکاری شوێنە پیرۆزەکان..........84
عوسمانییەکان دەبن بە خەلیفە..........84
مردنی خەلیفە سەلیمی یەکەم..........85
سوڵتان سلێمانی یەکەم (سلێمانی قانونی، سلێمانی مەزن)..........87
سوڵتان سەلیمی دووەم..........89
سوڵتان مورادی سێیەم..........93
سوڵتان محەمەدی سێیەمی عوسمانی..........97
سوڵتان ئەحمەدی یەکەم..........99
سوڵتان مستەفای یەکەم (مستەفاخان)..........101
گەڕانەوەی سوڵتان مستەفای یەکەم بۆ فەرمانڕەوایی..........103
سوڵتان عوسمانی دووەم..........105
بارودۆخی سەردەمی سوڵتان عوسمانی دووەم..........106
سەردەمی فەرمانڕەوایەتیکردنی عوسمانی دووەم..........107

پێکدادان لەگەڵ ئینکشارییەکاندا.........................................................107
بێسەروبەرەی عوسمانی(الهائله العیمانی)..............................................108
کوژرانی سوڵتان عوسمانی دووەم.......................................................111
سوڵتان مورادی چوارەم...............................................................113
سوڵتان ئیبراهیمی یەکەم..............................................................117
ماوەی فەرمانڕەوایی ئیبراهیمی یەکەم.................................................119
سیاسەتی ناوخۆی ئیبراهیمی یەکەم...................................................120
داگیرکردنی دورگەی کریت..........................................................121
یاخیبوونی ئینکشارییەکانو لابردنی سوڵتان ئیبراهیمی یەکەم.........................123
سوڵتان محەمەدی چوارەم............................................................125
**دەست بەکاربوونی سوڵتان محەمەدی چوارەم (ماوەی نوێنەرایەتیکردن،دەسەڵاتی ئاغاکان)..127**
سوڵتان محەمەدی چوارەم دەسەڵاتەکانی .............................................128
کەوتنی قەڵای (نوهزل)ی نەمساوی.....................................................130
گرتنی دورگەی کریت...................................................................131
هەڵمەت بۆ سەر روسیا.................................................................133
گەمارۆی ڤیەننا بۆ جاری دووەم.........................................................134
کۆتایی سوڵتان محەمەدی چوارەم (ماوەی بەڵاو نەهامەتیەکان)........................135
سوڵتان سلێمانی دووەم.................................................................137
سوڵتان ئەحمەدی دووەم...............................................................139
سوڵتان مستەفای دووەم................................................................141
سوڵتان ئەحمەدی سێیەم...............................................................145
سوڵتان مەحمودی یەکەم...............................................................147
سوڵتان عوسمانی سێیەم................................................................149
سوڵتان مستەفای سێیەم................................................................151
سوڵتان عەبدولحەمیدی یەکەم.........................................................153
سوڵتان سەلیمی سێیەم.................................................................155
سوڵتان مستەفای چوارەم...............................................................157
سوڵتان مەحمودی دووەم...............................................................161
فەرمانڕەوایەتی سوڵتان مەحمودی دووەم............................................164

لەناوبردنی ئینکیشارییەکان........................................................164
چاکسازی فێرکردن..............................................................167
چاکسازییەکانی تری سوڵتان مەحمودی دووەم........................................168
مردنی سوڵتان مەحمودی دووەم...................................................169
سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم......................................................171
هەرێمە عەرەبییەکان.............................................................173
چاکسازییەکانی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم........................................174
قەدەغەکردنی عەمامە (مێزەر) یان سەرپێچ............................................176
سوڵتان عەبدولعەزیزی یەکەم......................................................177
سوڵتان موڕادی پێنجەم............................................................179
سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (سوڵتانە سور)..........................................181
گرنگترین چاکسازیە نێو خۆییەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم...................184
خەلافەت گرتنەدەستی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم...................................187
( عەبدولحەمیدی دووەم .. ستەمکار لای هەندێکو دادپەروەر لای ئەوانیتر )...........187
لەکارخستنی دەستور (پەکخستنی دەستور)........................................... 188
قەرزەکانی عوسمانی..............................................................190
سیاسەتو پرۆژەکانی عەبدولحەمیدی دووەم...........................................191
سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمو دەوڵەتە گەورەکان ..................................192
سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمو جولەکە..............................................193
سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمو ئەرمەن..............................................195
سوڵتان عەبدولحەمیدو کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی.....................................196
ڕووداوی (31)ی ئازار.............................................................198
مردنی عەبدولحەمیدی دووەم.......................................................200
سوڵتان محەمەدی پێنجەم..........................................................203
سوڵتان محەمەدی شەشەم.........................................................205
سوڵتان عەبدولمەجیدی دووەم.....................................................207
پاشکۆی جەنگو پەیماننامەو زانیاری دەربارەی دەوڵەتی عوسمانی...................209
جەنگی نیکۆپۆڵس(1396ز) :........................................................210
جەنگی قوصوە ( قوصرە، کۆسۆڤۆ) (1389ز).........................................211

ئەنجامەکانی جەنگی قوصوە( قوصرە، کۆسۆڤۆ)........................................211
ئەوهۆکارانەی کەبوون بەڕێخۆشکەربۆململانێی نێوان سوڵتان بایەزیدو تەیموری لەنگ.....212
هۆکارەکانی گۆڕانی ئاراستەی لەشکرکێشی عوسمانیەکان لەلایەن سوڵتان سەلیمی یەکەمەوە لەخۆرئاواوە بەرەوخۆرهەلآت...................................213
جەنگی فارنا (1444ز)........................................................213
شەڕی چالدێران(1514ز).........................................................214
هۆکارەکانی ڕوودانی شەڕەکە......................................................214
ئامانجەکانی شەڕەکە..........................................................216
بەندەکانی ڕێکەوتننامەی نێوان سوڵتان سەلیمی یەکەمی **عوسمانیو مەلائیدریسی بەدلیسی**...217
ئەو هۆکارانەی وایکرد میرو هۆزە کوردیەکان پشتگیری لەسوڵتانی عوسمانی بکەنو بچنە ژێرسایەی دەوڵەتی عوسمانیەوە.....................................218
پەیمانەکانی ڕێکخستنی سنوری نێوان دەوڵەتی عوسمانی– سەفەوی.................218
پەیمانی زەهاو(1639ز)............................................................219
پەیمانی ئەرزرۆمی دووەم (1847ز)...................................................220
سوارەی حەمیدیە..................................................................221
خەیرەدین باربارۆسا(1475–1546ز)...................................................222
پەیماننامەی ئەماسیا(1555ز).......................................................223
ئەحمەد کوڕانی....................................................................223
جەنگی ڕوسی– تورکی................................................................224
جەنگی قرم.......................................................................224
پەیماننامەی(سان ستیڤانۆ) (1295/2/15ک/1878ز).................................225
کۆنگرەی بەرلین(1305ک/1887ز).....................................................226
پەیماننامەی بساروفیتش (22ی شەعبانی 1130ک/1718/7/21ز)......................228
هاوپەیمانی پیرۆز( الحلف المقدس).................................................229
جەنگی دەریایی سینوب (28سەفەری 1270ک/1853/11/30ز)........................229
پەیماننامەی کیچك کینجاری(1774ز).................................................230
ئاکامی مەرجو بەندەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیەش ئەمانەی خوارەی دەگەیاند.............233
ڕێکەوتننامەی پاریس (1898)........................................................237
جەنگەکانی باڵکان.................................................................237

جەنگی (عوسمانی– ئیتالی) 1911–1912ز..........................................238
پەیماننامەی کارلوفتس (1699ز)...................................................239
پەیماننامەی یاسی (یاش)1792ز...................................................239
ئینکیشاریەکان.........................................................................240
ئەو فاکتەرانەی کەیارمەتی سوڵتان ئۆرخانی داوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی...........242
ئامانجەکانی گواستنەوەی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی لەئەدرنە لەلایەن سوڵتان
موراری یەکەمەوە........................................................................243
جەنگی مارتیزا..........................................................................243
یەکەمین پەیماننامەی عوسمانیەکانو مەسیحیەکان..................................244
ئەو هۆکارانەی کەوای لەسوڵتان سەلیمی یەکەم کرد دوای سەرکەوتنی لەشەڕی
چاڵدێران بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەیو واز لەڕاونانی شائیسماعیلی سەفەوی بهێنێ........244
ئەنجامەکانی ململانێی نێوان عوسمانی – سەفەوی...................................245
ئەو هۆکارانەی کەکارئاسانی بۆعوسمانیەکان کردرووبکەنەگرتنی وڵاتی شامو میسر....246
شەڕی مەرج دابق (1516ز).........................................................247
شەڕی ریدانیە(1517ز)..............................................................248
هۆکارەکانی سەرکەوتنی عوسمانیەکانو شکستهێنانو کۆتایی هاتنی دەوڵەتی
مەمالیکەکان............................................................................248
هۆکارەکانی داڕووخانی دەوڵەتی مەمالیکەکان.......................................249
ئەنجامی ململانێی نێوان عوسمانیو پورتوگالی.......................................250
هۆکارەکانی ئاسانکاری لەگرتنی دوورگەی ڕۆدس لەلایەن عوسمانیەکانەوە.............250
پەیماننامەی ئیمتیازاتی (عوسمانی – فەرەنسی).......................................251
شەڕی سێ پادشا(شەڕی کۆشکی گەورە، شەڕیوادی المخازن)........................252
هۆکارەکانی بەرپابوونی شەڕەکە.......................................................252
هۆکارەکانی سەرکەوتنی عوسمانیەکان لەشەڕەکەدا...................................253
ئەنجامەکانی شەڕەکە...................................................................254
ئەو هۆکارانەی وایکرد عوسمانیەکان لەکۆششە دەریاییەکانیاندا لەدەریای
ناوەڕاست زیاتر سەرکەتووین تاوەکو دەریای سوور...................................255
سەرەتاکانی لاوازیو پوکانەوەی دەوڵەتی عوسمانی...................................255
شەڕی لیپانتۆ 1571ز.................................................................256

کاریگەری جەنگی لیپانتۆ لەسەر ئەوروپاو دەوڵەتی عوسمانی........................257
دروزییەکان........................................................................258
جەنگی رمینیك یان (یوزا)..........................................................259
پەیماننامەی (زشتوی)ی بەناوبانگ (1791ز)......................................260
ڕێکەوتننامەی عەریش (1800ز)......................................................260
گرنگترین بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە ئەمانە بوون.................................261
پەیماننامەی ئاق کرمان ( 1832ز)...................................................261
پەیماننامەی نکیار أسکلەسی (1833ز)............................................262
ماسۆنیزم(ماسۆنیەت)...............................................................262
ئامانجو بەرژەوەندی دەوڵەتانی ئەوروپا لەدابەشکردنی میراتی پیاوە نەخۆشەکە(دەوڵەتی عوسمانی)دا..................................................................263
ئەو هۆکارانەی کەکارئاسانیان کرد لەدەرکەوتنی مەسەلەی ڕۆژهەڵاتدا(**المسألة الشرقية**).264
سەردەمی ڕێکخستنەکان(**عهد التنظيمات**)............................................265
خەتی شەریفی گوڵخانە(1830ز)...................................................265
خەتی هومایونی(1856ز)...........................................................266
فاکتەرەکانی دامەزراندنی بزوتنەوەی چاکسازیو نوێبوونەوەو ڕێکخستنی عوسمانی...268
بنەماو پرەنیسپە سەرەکیەکانی بزوتنەوەی چاکسازیو نوێبوونەوەی عوسمانی.......269
گرنگترینو دیارترین تایبەتمەندێتیەکانی بزوتنەوەی چاکسازیو ڕێکخستنی عوسمانی..269
ئامانجەکانی دامەزراندنی جامیعەی ئیسلامی لەدیدی سوڵتان عەبدولمەجیدی دووەمی عوسمانیدا.........................................................................270
جیاوازیو ناکۆکیەکانی نێوان سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمو جەمالەدینی ئەفغانی....271
دەستێوەردانی عەبدولحەمیدی دووەمو سانسۆر خستنەسەر خوێندنگەکان............272
تێڕوانینی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بۆ ژنان.....................................273
مەبەستەکانی بایەخدانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەدامەزراندنی هێڵی ئاسن لەسەرانسەری دەوڵەتی عوسمانیدا...................................................274
سیاسەتی عەبدولحەمیدی دووەم لەبەرامبەر نزیکبوونەوەی ئینگلیز لەکورد............275
سیاسەتی ئیتاڵیا بۆداگیرکردنی وڵاتی لیبیا لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا........276
ئامانجەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەدامەزراندنی جامیعەی ئیسلامیو بایەخدان بەبیرۆکەی پان – ئیسلامیزمو بزواندنی هەستی مسوڵمانان...........................277

مەبەستەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەکاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ (تیۆدۆرهرتزل)ی نوێنەری جولەکەدا.................................................................277
ئەو هۆکارانە کەوایکرد لەکۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی لەساڵی (1908ز) سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەسەر تەخت بهێڵنەوەو کودەتاکەیان دوابخەن................278
ئەو لیژنە چوارکەسیەی کەبڕیاری لابردنو کەنارگیرکردنیان بەعەبدولحەمیدی دووەم ڕاگەیاند.........................................................................279
ئەو خاڵانەی کەلەپەیمانی لۆزانی ساڵی (1923ز)دا تایبەت بوو بەتورکیاو مستەفا کەمال ئەتاتورک قبوڵیکرد.................................................................280
کۆمەڵەی عەرەبە لاوەکان (**جمعية العربية الفتاة**).......................................281
ئامانجەکانی هاوپەیمانان پاش لابردنی عەبدولحەمیدی دووەم لەعەرشی سەڵتەنەتو گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن ئیتحادو تەرەقیەوە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیو دوای جەنگ بەچەند قۆناغێك.................................................................282
دیارترین ئەو هەنگاوانەی کە مستەفا کەمال ئەتاتورك گرتیەبەر لەسیاسەتی بەڕۆژئاواییکردنی تورکیاو چۆنێتی داڕنینی سیمای ئیسلامی لەو وڵاتە................284
پەیماننامەی سیڤەر(1920ز)..........................................................287
گرنگترین ئەو هۆکارانەی کەوایکرد پەیماننامەی سیڤەر سەر نەگرێت.................288
پەیماننامەی لۆزان (1923 ز) .......................................................289
زانیاری گشتی لەسەردەوڵەتی عوسمانی...............................................291
پوختەی مێژووی دەوڵەتی عوسمانی.................................................292
قسەی کۆتایی.................................................................314
سەرچاوەکان.................................................................317
پاشکۆی وێنەو زانیاریەکان..........................................................319

## پێشەکی وەرگێڕ بۆ چاپی دووەم

زۆر خۆشحاڵبووم کاتێك چاپی یەکەمی ئەم بەرهەمە کەوتە بازاڕەوەو لەماوەیەکی کەمدا شتێکی ئەوتۆی لێنەمایەوە، ئەم حاڵەتە بۆمن لەچەند روویەکەوە مایەی خۆشحاڵی بوو، لەلایەکەوە هەستم کرد بەرهەمێکی باشم پێشکەشی زمانی کوردیو کتێبخانەی کوردیو خوێنەوارانی نەتەوەکەم کردووەو لەلایەکیتریشەوە توانیومە خزمەتێك بەخوێندکارانو قوتابیانی زانکۆو پەیمانگەکانی کوردستان بکەم، بەگشتی ئەوانەیان کەئاتاجیان بەزانیاری بەزمانی کوردی هەیە لەسەر دەوڵەتی عوسمانیو بەتایبەت خوێندکارانی بەشی مێژوو لەزانکۆکانی کوردستان.

هەروەك ئەو پرۆژەیەی کە من دەمەوێ بۆکتێبخانەی کوردی کاری لەسەر بکەم بەناونیشانی(ئەنسکلۆپیدیایەك بۆ نەتەوە مسوڵمانە فەرمانڕەواکان) سوپاس بۆ خودا ئێستا یەکێك لەو نەتەوانەم تەواو کردووەو خوا یاربێت لەگەڵ ئەوانیتریشدا سەرقاڵ دەبمو کاری داهاتووم بۆئەم پرۆژەیە دەربارەی (سەفەوییەکان) دەبێت، بەڵام نازانم کەی دەست بەکاردەبمو تەواوی دەکەم، بەتایبەت ئێستا کەلەخوێندنی باڵا سەرقاڵی خوێندنمو کەمێك دەستم گیراوە.

هاوکات کەچاپی یەکەم بڵاوبوویەوە چەند رەخنەو تێبینیو سەرنجێکم ئاراستە کراو منیش بەچاوی ئیعتیبارەوە وەرمگرتوون، یەکێك لەوانە ئەوەبوو کە بۆچی من ناوی نوسەری ئەو بەرهەمەم نەنوسیوە، بۆیە وەك لەپێشەکی چاپی یەکەمدا روونم کردبۆوە، ئەو بەرهەمەم لەئینتەرنێتو چەند سەرچاوەیەکی ترەوە وەرگرتووە، بۆیە بۆئەم چاپە دەستەواژەی(کۆمەڵێ نووسەر)م بۆ داناوە بۆئەوەی هەموو لایەك بزانێت کە زانیارییەکانی نێو کتێبەکە هەڵگوازراوی هەموو ئەو سەرچاوانەیە کەلەکۆتاییدا ئاماژەم پێداونو بەراوردیش کراون لەگەڵ هەندێ سەرچاوەی تر لەوبارەیەوە.

هەروەها سەرنجێکی تر ئەوەبوو بۆچی من وێنەی سوڵتانەکانم داناوە، لەگەڵ هەندێ وێنەی تر لەکۆتایی کتێبەکەوە. بۆخۆم بڕوام وایە وێنە کاریگەری زۆری لەسەر راکێشانی تەرکیزی خوێنەر لەلایەك هەیەو بۆنوسینە مێژووییەکانیش بەتایبەت مێژووی کۆنو دێرینی گەلان وێنە یەکێکە لەئامرازە باشەکانی چاکتر بەرجەستە کردنی راستیو گریمانەو راست رووداوە مێژووییەکان، هەروەك گرنگە ئێمە لەوێنەکانەوە زانیاریشمان لەسەر سوڵتانەکانی عوسمانیو هەندێ رووداوی تری مێژوویی هەبێ، گەرچی بەشێك لەو وێنانە وێنەی خەیاڵیش بن. لەرووی فۆنتی

نوسینه‌وه بۆئه‌مجاره ده‌ستکاریم کردووه‌و مه‌سه‌له‌ی بۆشـایی که‌وتنـه نێـوان لاپـه‌ڕه‌کان، ئـه‌وه کـاری براده‌رانـی به‌ڕێزی چـاپخانه‌یه‌و په‌یوه‌نـدی به‌منـه‌وه نیـه‌و هه‌وڵیـشم داوه کـه‌مترین بۆشـایی تێبکـه‌وێت‌و ده‌بێـت هـه‌موومان ئه‌وه‌ش بزانین که‌ئه‌م به‌رهه‌مه‌ی من پـاش پێزانینـی زۆرم له‌چـاپخانه‌ی ئـه‌هلی چـاپکراوه‌و زیـاتر مه‌سـه‌له‌ی بـازاڕ ده‌خوێنرێته‌وه‌و پرۆژه‌یه‌کی ئابوریه له‌ته‌نیشت پرۆژه رۆشنبیرییه‌که‌وه، هه‌رچه‌نده خانه‌ی چاپ‌و په‌خشی( رێنما) یه‌کێکـه له‌خانـه هـه‌ره باشـه‌کانی چـاپکردن‌و بڵاوکردنـه‌وه ، وێـڕای ره‌خنـه‌و سـه‌رنج، که‌خزمـه‌تێکی باشـی به‌کتێبخانه‌ی کوردی‌و زمانی کوردی کردووه‌و شایانی رێزلێنانن.

دواجار له‌هه‌مووی گرنگتر ئه‌وه‌یه که‌کاتێك ده‌ست خۆشیم لێده‌کرا له‌سه‌ر ئه‌م به‌رهه‌مه زۆور کـه‌س ده‌یپرسـی ئه‌وه چۆن باسی عوسمانیه‌کانت کردووه، به‌باش یان خراپ؟ به‌راسـتی ئـه‌م پرسـیاره به‌نیـسبه‌ت ئـه‌م به‌رهه‌مـه‌و هه‌موو نوسینه مێژووییه‌کانه‌وه‌و به‌نیسبه‌ت منه‌وه وه‌ك توێژه‌رێك جێگه‌ی ئیشکالیه‌ت‌و هه‌ڵه‌ی ئه‌کادیمی گه‌وره‌یه، چونکه ئه‌م به‌رهه‌مه‌ی که من وه‌رم گێڕاوه زانیارییه‌کانی هی که‌سـانی تـرن‌و مـن کۆمکردونه‌تـه‌وه، له‌لایـه‌کیتره‌وه ئێمـه بـاس له‌مێـژوو ده‌کـه‌ین که‌بریتیـه له‌مێـژووی رووداوو کرداره‌کـانی مـرۆڤ، بـه‌جۆرێك سـوڵتانێك که‌هه‌ڵه‌یـه‌کی گه‌وره‌ی کردووه، نه به‌من و نه‌به‌هیچ که‌سێکی تـریش ئـه‌و هه‌ڵه‌یـه پینـه‌و پـه‌ڕۆو راسـت ناکرێتـه‌وه، ئیـدی ئه‌مـه مێژووه، نه‌ك شتی دروستکراو، به‌تایبه‌ت که‌مێژووی عوسمانییه‌کان پڕه له‌هه‌ڵه‌ی گه‌وره، به‌تایبه‌ت ئه‌وان بناغـه‌ی ده‌سه‌ڵات‌و فه‌رمانڕه‌وایه‌تیان له‌بنه‌ماکانی ئیسلامه‌وه که‌راوێژو شورایه دوور بووه‌و به‌پشتاوپشت بـووه‌و چـه‌ندین سوڵتانی لاوازو نامولته‌زیم به خودی بنه‌ماکانی ئاینی ئیسلامه‌وه هاتوونه‌ته سه‌رته‌ختی ده‌سه‌ڵات.

بۆیه ئایا ئێمه ده‌توانین به‌سوڵتانێکی خراپ بڵێین پیاوی چاکبووه؟ به‌ڵکو ئه‌وه کردارو ره‌فتاره‌کانیـه‌تی ئـه‌و ناسـنامه‌یه‌ی پێده‌به‌خـشن، هـه‌روه‌ك هـه‌ر جـۆره بـه‌رگریکردنێکی نابابـه‌تی‌و ده‌مارگیرییانـه له‌عوسمانییـه‌کان‌و له‌مێژووه‌که‌یان له‌راستیدا دووجـار هه‌ڵه‌یـه، یه‌کـه‌م په‌رده‌پۆشـکردنی راسـتیه‌که کـه روویـداوه‌و دووه‌م سـته‌مێکی گه‌وره‌یه لـه‌ئاینی ئیـسلام، به‌تایبـه‌ت کـه‌زۆرجار ده‌وڵـه‌تی عوسمـانی به‌خه‌لافـه‌تی عوسمـانیش ناوده‌برێت، بۆیـه ده‌بێت هه‌موو شتێك له‌جێگـه‌ی خۆیـدا دابنـرێ‌و هـه‌رجۆره لایه‌نگیرییـه‌ك به‌هـه‌ر ئاراسـته‌یه‌ك بریتیـه له‌شـێواندنی مێژوو، هه‌روه‌ها برتیشه له‌خیانه‌تکردن له‌نوسین‌و تێکدجانی راستی رووداوه مێژووییه‌کان.

دواجار هیوادارم جارێکیتریش توانیبێتم خزمه‌تێکم کردبێت به‌وشـه‌و زمـان‌و کتێبخانـه‌و رۆشنبـسریی کـوردی‌و سـه‌رجه‌م خوێنـه‌رانی به‌رهـه‌م‌و نوسـینه‌کانم له‌هـه‌ر کوێیـه‌ك هـه‌بن‌و سنگیـشمان والآیـه بۆهـه‌ر ره‌خنـه‌و تێبینـی‌و سه‌رنج‌و پێشنیارێك به‌و ئیمه‌یل‌و ئه‌دره‌سه‌ی که‌نوسیومانه.

سەلام عەبدولکەریم
خوێندکاری ماستەر لەبواری مێژووی هاوچەرخ
زانکۆی سلێمانی
2008/1/5ز

## عوسمانییەکان

عوسمانییەکان، بنەماڵەی عوسمان، تورکەکان: وەچەیەکی تورکی بوون کە لەتورکیا ( باڵکانو ئەنادۆڵ)و لەزەوییە فراوانەکانی تر، لەنێوان ساڵانی(1280– 1922) فەرمانڕەواییان کردووە.

پایتەخت: یانی سەهیر (1280–1366ز)، بۆرصە، ئەدرنە (ئیدرین)، (1366–1453ز)، ئەستەمبوڵ ( قوستەنتینیە)، لە(1453ز)ەوە.

### رەچەڵەک‌ونەژادو گەشەکردنی دەوڵەتەکەیان

عوسمانییەکان لەخێڵەکانی ئۆغۆزی تورکمانین، لەگەڵ شەپۆلێکی هێرشی مەغۆلیەکاندا، ناوچەو شوێنی نیشتەجێکانیان گۆڕا بۆ لایەنی خۆرئاوا.

لەماوەی ساڵی (1237ز) ەوە، میرنشینێکی سەربازیو جەنگییان لەبیتینا(باکوری ئەنادۆڵو بەرامبەر دوورگەکانی قرم) دامەزراند، لەسەردەمی سوڵتان عوسمانی یەکەمدا(عوسمانی کوڕی ئورتغل)دا، (1280–1300ز)، دواتر بنەماڵەکە ئەم ناوەیان هەڵگرت، پاشان خەلیفەکانی دوای ئەویش، مەملەکەتەکەیان لەسەر حسابی مەملەکەتی بێزەنتی فراوانبوو (واڵاکردنی بۆرصە 1376و ئیدرین: 1361ز. ساڵی( 1354ز)،

عوسمانییەکان بۆ یەکەمجار پێیەکانیان لەسەر زەوی باڵکان دانا. شاری گالیبۆلی ( لەزمانی تورکیدا) بنکەی یەکەمیان بوو.

عوسمانییەکان یەکەی تایبەتییان بەناوی ئینکشارییەکان( کەزۆربەی ئەندامەکانی لەناوچەی باڵکان بوون) پێکهێنا. بەیارمەتی ئەو سوپا نوێیە توانیان بەخێرایی لەباڵکانو ئەنادۆڵ پێکەوە فراوان ببنو بڵاوببنەوە (لەشەڕی نیکوپۆڵس: 1389ز). بەڵام عوسمانییەکان لەبەردەم سوپاکانی تەیموری لەنگدا لەئەنکەرە ساڵی (1402ز) شکستییان هێنا. ئەو شکستو روخانە ماوەیەکی شڵەژانو دڵەڕاوکێی سیاسی بەدوادا هات. بەڵام دەوڵەتی عوسمانی توانی هاوسەنگی خۆی بگێڕێتەوەو بەردەوام بێت لەفراوانخوازیە سیاسیەکانی لەسەردەمی سوڵتان موڕادی دووەمدا( 1421– 1451ز)، پاشان سوڵتان موحەمەدی فاتیح ( 1451– 1481ز). کەسوڵتان موحەمەدی فاتیح توانی شاری قوستەنتینیە لەساڵی ( 1453ز) واڵابکاتو چەندە سەدەیەك لەبوونو ئامادەیی بێزەنتیە مەسیحیەکان لەناوچەکەدا کۆتایی پێبهێنێت.

### فراوانخوازی دەوڵەتی عوسمانی

عوسمانییەکان بوونە هێزێکی پێشەنگ لەجیهانی ئیسلامیدا. هەوڵیاندا شەڕی باشوری ئیتالیا بکەن ساڵی( 1480– 1481ز). سوڵتان سەلیمی یەکەم( 1512–1520ز) توانی وڵاتی عێراق 1514و هەموو وڵاتی شامو فەلەستین 1516زو میسر 1517ز و پاشان نیمچە دورگەی عەرەبو حیجاز بگرێت. هەروەها لەشەڕی چاڵدێران لەساڵی (1514ز)دا بەسەر سەفەوییەکاندا سەرکەوتنو دەستیگرت بەسەر ئازەربایجاندا. دەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی سوڵتان سلێمانی قانونی کوڕی سوڵتان سەلیمی یەکەمدا( 1520– 1566ز) گەیشتە ترۆپکی دەسەڵاتی خۆی، کەسوڵتان سلێمانی قانونی بەردەوامبوو لەواڵاکردنی باڵکان( مەجەر: 1519و پاشان گەمارۆی ڤیەننا)، هەروەها وڵاتی (یەمەن)ی گرت لەساڵی(1532ز)و دوای ئەویش دەستی گرت بەسەر کەناری سوماڵ لەدەریای سورو توانی کەشتی دەریایی دابمەزرێنێت بۆ زاڵبوون بەسەر دەریای ناوەڕاستدا بەیارمەتی خەیرەدین باربارۆسا، کەدۆستایەتی خۆی پێشکەشی سوڵتان کردبوو لەدواتریش توانی هەریەکە لە(جەزائیر، تون، لیبیا لەنێوانساڵانی 1551–1552ز ملکەچ بکات).

بەم شێوەیە دەوڵەتی عوسمانی بەسەر زۆربەی ئەو ناوچانەدا درێژ بوویەوە کەئەمڕۆ جیهانی عەرەبی جگە لەناوەڕاستی نیمچە دوورگەو مەغریبو عومان پێکدێنێت. هەروەها لەناوەڕاستی ئاسیاو باشوری رۆژهەڵاتی ئەورووپاش درێژ بوویەوە.

## کشانەوەو بەرەو دواهاتنی عوسمانییەکان

لەدوای ساڵی (1566ز)ەوە، دەسەڵات کەوتە دەستی سوڵتانە لاوازەکان یاخود نەشیاوو لێنەهاتووەکان، پاشان لەساڵی ( 1656ز)ەوە دەسەڵات کەوتەدەستی گەورە وەزیرەکان( وەزیری ئەعزەم) یان گەورە فەرماندەکانی ئنکیشارییەکان. لەگەڵ ئەو ماوەیەشدا قۆناغی هەڵوەشانەوەی سیاسی و رۆشنبیری لەنیودەوڵەتی عوسمانیدا دەستیپێکرد. عوسمانییەکان لەململانێیەکی بەردەوامدابوون لەگەڵ بنەماڵەی پادشایەتی هابسبۆرگی نەمسادا (گەمارۆی ڤیەننا:1683ز) هاوکات ناوەندەکانی هێز گۆڕانکاری بەسەردا هات، بەشێوەیەك لەساڵی( 1700ز)ەوە، بارودۆخی عوسمانییەکان لەهێرشکردنەوە گۆڕا بۆ بەرگریکردن.

هەرچەندە پەیکەری دەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی هەردوو سوڵتان سەلیمی سێیەم( 1789–1807ز)و مەحمودی دووەم(1808–1839ز) گەڕێنرایەو، بەڵام رەوشی دەوڵەتی ئیسلامی تا دەهات لەشیبوونەوەدا بوو. لەساڵی(1839)

تەنزیمات راگەیەنرا، کەبریتی بوو لەریفۆرم لەسەر رێگەی ئەوروپی. سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم(1876–1909ز) ئەو چاکسازیانەی بەشێوەیەکی زۆردارانە کۆتایی پێهێنا، ئاکامی ئەوەش هەموو هێزە نشتیمانیو نەتەوەییەکان لەتورکیا لەسوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هەڵگەڕانەوە. ساڵی (1922ز) کۆتا سوڵتانی عوسمانی کەسوڵتان موحەمەدی شەشەم بوو(1918–1922ز) لەدەسەڵات لابرا، دواجار مستەفا کەمال ئەتاتورك خەلافەتی لەساڵی(1924ز) بۆیەکجاری هەڵوەشاندەوە. بەڵام دواتر سوڵتان عوسمانی هەبوو، بەڵام تەنها وەك ناو.

### لیستی سوڵتانە عوسمانییەکان

| سوڵتانی فەرمانڕەوا | ژیانەکەی | ماوەی فەرمانڕەوایەتیکردنی |
|---|---|---|
| 1. عوسمانی کوڕی ئورتغل | 1258-1324 | 1299-1326 |
| 2. ئورخانی جەنگاوەر (اورخان الغازی) | ....-.... | 1326-1359 |
| 3. موڕادی یەکەم | 1326-1389 | 1359-1389 |
| 4. بایەزیدی یەکەم (هەورە بروسکە) | 1357-1403 | 1389-1402 |
| 5. محەمەدی یەکەم (گەورە) | 1387-1421 | 1402-1421 |

| | | |
|---|---|---|
| 6. مورادی دووەم | 1402-1451 | 1421-1451 |
| 7. محەمەدی فاتیحی دووەم | 1432-1481 | 1451-1481 |
| 8. بایەزیدی دووەم | 1452-1512 | 1481-1512 |
| 9. سەلیمی یەکەم | 1466-1520 | 1512-1520 |
| 10. سلێمانی قانونی (سلێمانی یەکەم) | 1495-1566 | 1520-1566 |
| 11. سەلیمی دووەم | 1524-1574 | 1566-1574 |
| 12. مورادی سێیەم | 1546-1595 | 1574-1595 |
| 13. محەمەدی سێیەم | 1566-1603 | 1595-1603 |
| 14. ئەحمەدی یەکەم | 1590-1617 | 1603-1617 |
| 15. مستەفای یەکەم | 1591-1639 | 1617-1618 |
| 16. عوسمانی دووەم | 1604-1622 | 1618-1622 |
| 17. مستەفای یەکەم | 1591-1639 | 1622-1623 |
| 18. مورادی چوارەم | 1609-1640 | 1623-1640 |
| 19. ئیبراهیمی یەکەم | 1615-1648 | 1640-1648 |
| 20. محەمەدی چوارەم | 1642-1693 | 1648-1687 |
| 21. سلێمانی دووەم | 1642-1691 | 1687-1691 |
| 22. ئەحمەدی دووەم | 1643-1695 | 1691-1695 |
| 23. مستەفای دووەم | 1664-1703 | 1695-1703 |
| 24. ئەحمەدی سێیەم | 1673-1736 | 1703-1730 |
| 25. مەحمودی یەکەم | 1696-1754 | 1730-1754 |
| 26. عوسمانی سێیەم | 1696-1757 | 1754-1757 |
| 27. مستەفای سێیەم | 1717-1774 | 1757-1774 |
| 28. عەبدولحەمیدی یەکەم | 1725-1789 | 1774-1789 |

| | | |
|---|---|---|
| 29. سەلیمی سێیەم | 1761-1808 | 1789-1807 |
| 30. مستەفای چوارەم | 1779-1808 | 1807-1808 |
| 31. مەحمودی دووەم | 1785-1839 | 1808-1839 |
| 32. عەبدولمەجیدی یەکەم | 1823-1861 | 1839-1861 |
| 33. عەبدولعەزیزی یەکەم | 1830-1876 | 1861-1876 |
| 34. مورادی پێنجەم | 1840-1904 | 1876-1876 |
| 35. عەبدولحەمیدی دووەم | 1842-1918 | 1876-1909 |
| 36. محەمەدی پێنجەم | 1844-1918 | 1909-1918 |
| 37. محەمەدی شەشەم | 1861-1926 | 1918-1922 |
| 38. عەبدولمەجیدی دووەم | 1868-1944 | 1922-1924 |




عوسمانی کوڕی ئەرتوغرول

عوسمانی کوڕی ئەرتوغرول

عوسمانی کوڕی ئەرتوغرول کوڕی سلێمان شا(656ک/ 1258– 1326ز) دامەزرێنەری دەوڵەتی عوسمانیو یەکەم خەلیفە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە. ئەو ساڵەی تیایدا لەدایکبووە، ئەو ساڵەیە کەمەغۆلەکان بەسەرکردایەتی هۆلاکۆ شاری بەغدای پایەختی عەباسیەکانیان داگیرکردو دەوڵەتو خەلافەتی عەباسی کەوت. دوای مردنی باوکی ساڵی(687ک) بەپشگیری میر عەلائەدینی سەلجوقی دەسەڵاتی گرتەدەست. میر سەلجوقی رێگەی پێداوە هەر زەوییەك داگیربکاتو رێگەشی پێداوە پارە لێبدا بەناوی خۆیەوە. کاتێکیش میر عەلائەدین لەگەڵ غیاسەدینی کوڕیدا کەجێگەی گرتبوویەوە لەلایەن مەغۆلەکانەوە کوژران. ئیتر عوسمانی کوڕی ئەرتوغرول بوو بەبەهێزترین پیاوی ناوچەکەو شاری(یەنی شەهر)ی کردە بنکەیەك بۆ خۆیو نازناوی خۆی نا(پادشای بنەماڵەی عوسمان)و ئالآیەکی بۆ خۆی دانا.

عوسمانی کوڕی ئەرتوغرول هەستا بەبانگکردنی فەرمانڕەوەکانی رۆم بۆ ئاینی ئیسلام. ئەگەر رازی نەبوون، دەبێ سەرانە بدەن، پاشان ئەگەرهەرملیان نەدا ئەوا لەگەڵیاندا دەجەنگێت(ئەمەش پیادەکردنی ئەو پرەنسیپە ئیسلامیە بوو کەپەیرەو دەکرا: یان موسڵمان بوون، یان سەرانەدان، یان شەڕکردن – وەرگێڕ–). فەرمانڕەواکانی رۆم ترسان لێیو بۆ رووبەروو بوونەوەی پشتیان بەمەغۆلەکان بەست. عوسمانی کوڕی ئورتغل سوپایەکی بەسەرکردایەتی(ئورخانی کوڕی) بۆ ناردنوتوانی شکستیان پێبهێنێو سوپاکە رێڕەوەی خۆی تەواوکرد کەگرتنی شاری بۆرصە بوو.

دوا جار عوسمانی کوڕی ئەرتوغرول دوای ئەوەی بەڵێنی بەئۆرخانی کوڕیدا کەپاش خۆی جێگەی بگرێتەوە، کۆچی دوایی کرد.



ئۆرخان (ئۆرخانی جەنگاوەر)

ئۆرخان ( ئۆرخانی جەنگاوەر )

ئۆرخان غازی کوڕی عوسمان کوڕی ئـەرتوغرول(680ك/ 762- 1288-1362ز)دووەم سـوڵتانی دەوڵـەتی عوسمانی بووە.

سـوڵتان ئۆرخـانی جـەنگاوەر سـاڵی(680ك/ 1288ز) لـەدایکبووە. سـاڵی(627ك/ 1324ز) پـاش بـاوکی جێگەی گرتۆتەوەو کاتێ تەمەنی سی‌و شەش ساڵی بـووە. پـشتی بەهاوکاروپـشتیوانەکانی بەسـتووە بـۆ دانـانی یاساو داڕشتنی سیستەمەکان. دیارترین هاوکارەکانی بریتی بوون لەمیر عەلائەدینی برای کـەکردبووی بـە وەزیـرو هەروەها عەلائەدینی کوڕی حاجی کەمالەدین‌و قەرەخەلیل جاندارلی.

لەسەردەمی سوڵتان ئۆرخاندا پایتەختی عوسمانییەکان لەیەنی شەهرەوە بۆ بۆرصـە گوازراوەتـەوە، هـەروەك یەکەم سکەی پارەی عوسمانی لێدراوەو توانراوە دەست بگیرێت بەسەر هەریەکە لەئـەزمیرو ئـەزنیك‌و قەرەسـی‌و سەمەندرەو ئیروسدا. ماوەی فەرمانڕەوایەتیکردنی سـی‌و پێـنج سـاڵی خایانـدووە. پـاش خـۆی حـەوت منـداڵی لێ بەجێماوە: (سلێمان پاشا کە لەژیانی باوکیدا مردووە، موراد بەگو ئیبراهیم بەگو فاتمـە سـوڵتان‌و خـەلیل بـەگو سوڵتان بەگو قاسم بەگ کە لەساڵی(761ك/ 1360ز)دا مردووە.

ئۆرخان لەسایەی باوکیدا (سوڵتان عوسمانی جەنگاوەر) پەروەردە بووەو گەشەی کردووە، باوکی سوور بـووە لەسـەرئامادەکردنی بـۆ گرتنـە دەسـتی بەپرسـیاریەتی‌و وەزیفـەی فەرمانڕەوایـەتی، بـەڵێنی پێـدا کـە بیکاتـە فەرماندەی ئەو سوپایەی کەدەینارد بۆ سنوری دەوڵەتی بیزەنتی. ئۆرخان سەربازێك بوو لەجۆری یەکەم.

ئورخان نەیتوانی سەرکەوتوو بێت لەگرتنی بۆرصە(شارێکە لەئاسیای ناوەڕاست) تاوەکو باوکی بانگی کردەوە لەنەخۆشی مردندا بوو، وەسێتی پێکرد بـەوەی دوای خـۆی فەرمانڕەوایـەتی بگرێتـە دەسـت لـە(21ی رەمـەزانی 726ك/ 21ی ئۆگەستۆسـی 1325ز). وەسـێتێکی بـۆ جێهێـشت کەمێژوونوسـی عوسمـانی (عاشـق ئەلحەلەبی)تۆماری کردووەو تیایدا هاتووە: " ئەی کوڕەکەم، هەرکـەس گوێڕایـەڵت بـوو ڕێـزی لێبگـرە، بەخـشش بدەرە سەربازەکان‌و شەیتان بەسەربازو ماڵو دارایییەکەت لەخۆبایت نـەکات‌و نەکـەیت لەشـەرع دوور بکەویتـەوە، کوڕەکەم،ئێمە لەو کەسانە نین کەجەنگ لـەپێناوی ئارەزووبـازی فەرمانڕەواییـدا بەرپادەکـەن، یـان تاکـە کـەس‌و ئەندامانی خۆمان سەربخەین‌و زاڵبکـەین، ئێمـە بەئیـسلام دەژیـن‌و بەئیـسلامیش دەمـرین، ئـەی کـوڕم تـۆ ئـەهلی

ئەمەیت، تۆئەزانی ئامانجی ئێمە رازیکردنی پەروەردگاری جیهانیانە، بەتێکۆشانیش رۆشنایی ئاینەکەمان دەگاتە هەموو ئاسۆکان...".

سەرەڕای ئەوەی کەئۆرخان گەورەترین نەوەی عوسمانی تێکۆشەر نەبوو، ئەوا نەوەی گەورە عەلائەدین بوو یاخیبوونو نارەزایی دژی وەسیەتەکەی باوکی دەرنەبڕی، بەڵکو بەرژەوەندی گشتی پێشخست بەسەر بەرژەوەندی شەخسیو تایبەتیدا، خۆیشی خستە خزمەتی ئامانجە باڵاکانەوە. ئۆرخانیش عەلائەدینی برای لەپلەیەکی مەزندا دامەزراند(سەرۆکایەتی وەزیران) و هەستا بەبەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆ، لەکاتێکدا ئۆرخان دەستی خاڵی بوو بۆ فراوانخوازیو واڵاکارییەکانی عوسمانی.

یەکەم کارێك کە ئۆرخان پێی هەستا بریتی بوو لەگواستنەوەی پایتەختی دەوڵەتەکەی بۆ شاری بۆرصە، وەك روانینێك بۆ چاکی شوێنەکەی. ئۆرخان فەرمانڕەوای سوپاکانی نارد بۆ گرتنی ئەو شوێنانەی تر کە لەناوچەکانی ئاسیای بچوك کەملکەچبوون بۆدەسەڵاتی بێزەنتیەکان، گرنگترین شارەکانی گرت، سوڵتان ئۆرخان خۆی شار ئەزمیری داگیرکرد کەبریتیە لە شارێکی یۆنانی کۆن لەئاسیای بچووکدا. لەو ناوچەیەدا شارێکی گرنگ نەمایەوە، تەنها شاری ئەزنیك نەبێت، بۆیە گەمارۆی ئەویشی داو گەمارۆکەی بەرتەسککردەوە لەسەری تاوەکو دوای دوو ساڵ چووە نێویەوە، بەوەش نفوزو سایەی بیزەنتییەکان لەئاسیای بچوکدا کۆتایی پێهات.

ئورخان لەوڵاتە داگیرکراوەکاندا سیاسەتی نەرمیو دۆستایەتی گرتەبەر، بەوەش دڵی خەڵکەکەی بۆ خۆی کێشکرد، بەشێوەیەك دژایەتی بەجێهێنانی سروتو رێورەسمە ئاینیەکانی نەدەکردو رێگەی پێدان بەئازادی برۆنو هاتوچۆ بکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەو رێو رەسمانە.

ئەو سیاسەتی رێگە پێدانەش وایکرد کەزۆرینەی ئەوانەی لەرۆمو بیزەنتیەکان کەلەو ناوچانەدا نیشتەجێبوو بوون بێنە ناو ئاینی ئیسلامەوە. شەرعزانو فەقیهەکان( ئەوانەی کەسوڵتانەکان لەهەرشتێك کەپەیوەستبووایە یاسا دانانی دەوڵەتو سیستەمەکانییەوە پرسو رایان پێدەکردن) فەتوایان دەکرد بەوەی هەریەکێك موسڵمان دەبێت لەدانیشتووان، ئەوا دەبێتە ئەهلی دەوڵەتی عوسمانیو هاوڵاتی تیایدا. ئەو فەتوایانەش کار ئاسانی بۆ عوسمانییەکان کرد کەمیرنشینی (قەرەسی) کەکەوتبووە سەردەریا، ساڵی(736ك/ 1336ز) بگرنو بەمەش تورکە عوسمانییەکان توانییان بەسەر گۆشەی باکوری خۆرئاوای ئاسیای بچووکدا زاڵبن.

تورکەکانی خۆرهەڵاتی ئاسیاش کاتێك گوێ بیستی سەرکەوتنەکانی کورە مامەکەیان بوون(مەبەست لەو سوڵتان ئۆرخانی کوڕی عوسمانی کوڕی ئورتغلە کە وادادەنرێت عوسمانن باپیرە گەورەی عوسمانییەکان بێت-وەرگێڕ-) بەهەزارەها نوێنەرانی خۆیان ناردو چوونە یزی سوپاکەیانەوەو بەمەش بەچەندان جاری زۆر ژمارەی تورکە عوسمانیەکان زیادی کرد.

**کارە یاساییو شارستانیەکانی سوڵتان ئۆرخان**

دوای ئەوەی ئۆرخان میرنشینی قەرەسی گرت، بیست ساڵ تێپەڕی بێ ئەوەی بچێتە نێو شەڕی گەورەوە، بەوەش خۆی سەرقاڵکرد بەدانانی سیستەمی مەدەنیو سەربازیەوە کەپایەی دەوڵەتی بەهێزدەکردو جێگە پێی ئاسایشی ناوخۆی قایم دەکرد، هەروەها گرنگی دا بەکردنەوەو بونیاتنانی مزگەوتو خوێندنگەو ئەوقافو دامەزراندنی دامەزراوە گشتیەکان.

لەگرنگترینی ئەو کارانەی کەئۆرخان پێی هەستاوە لەرێکخستنی سوپاکاندا بریتی بوو لەدامەزراندنی گروپی ئینکشیاری(المرتزقە) لەسەر پێشنیاری یەکێك لەفەرماندەکانی سوپا بەناوی (قەرە خەلیل).دامەزراندنو دروستکردنی گروپی ئینکیشاریش لەسەر کەنارگیر کردنی منداڵە بچووکەکان دەبوو کە لەجەنگدا بەدیل دەگیرانو دواتر بەپەروەردەیەکی ئیسلامی بێ خەوش پەروەردە دەکران، بەجۆرێك کە لەرابردووی پێشوویان دایان دەبڕین. بەشێوەیەك باوکێك نەناسن جگە لەسوڵتانو پیشەیەکیش نەزانن جگە لەتێکۆشان لەپێناوی خودادا نەبێت. بەمەش گروپی ئینکشاری لەسیستەمەکاندا گەشەی کردو ژمارەیان دواتر زیادی کرد، بەشێوەیەك دەوڵەتی عوسمانی لەجەنگەکانیشدا پشتی پێ دەبەست. ئەم گروپە ئینکشیاریانەش لەگەورەترینو گرنگترین فاکتەرەکانی درێژبوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیو زیادبوونی رووبەرو فراوانی داگیرکاریەکانیان بوو.

**پەڕینەوە بەرەو کەناری ئەوروپا**

لەساڵی(756ك/، 1355ز) ئیمپراتۆری بیزەنتی (جان باليولج) سوڵتان ئۆرخانی دۆزییەوە بۆ ئەوەی داوای کۆمەکیو هاوکاری لێبکات بۆ دانانی بەربەست لەبەر دەم هێرشو هەڵمەتە جەنگیەکان پادشای صرب(ئیستیفان دۆشان)دا، کەمایەی هەڕەشەش بوو لەخودی قوستەنتینیە، مەملەکەتی صرب کە دەکەوتە باشوری نیمچە دورگەی(گالیبۆلی)و ناسرابوو بەمەملەکەتی(ولاشیا)ی صربی، لەرۆژگاری پادشاکەیدا(ئیستیفان دۆشان) راپەڕینێکی کورتی بەخۆیەوە بینی.



**مورادی یەکەم**

## مورادی یەکەم

مورادی یەکەم کوڕی ئۆرخانی خەلیفەی عوسمانی، دوای مردنی باوکی دەسەڵاتی گرتە دەست لەو کاتەدا کەتەمەنی(36) سیو شەشساڵ بوو. شاری ئەدرنەی ساڵی(1362ز) داگیرکردو کردی بەپایتەختی خۆیو توانی هاوپەیمانێتی بێزەنتی و بولگاریەکان لەهەردوو شەڕی مارتیزا(1363ز)و قوصوه(1389ز) تێکبشکێنێ، بەڵام سوڵتان مورادی یەکەم لەم شەڕەدا کوژرا.

هەروەها لەسەردەمی ئەمدا شاری سۆفیای پایتەختی بۆلگاریاو شاری سالۆنیك گیرا. سوڵتان مورادی یەکەم ساڵی (726ك) لەدایکبووە، ئەمەش ئەو ساڵە بووە کەباوکی تیایدا دەسەڵاتی گرتۆتە دەست. میری دەوڵەتی کرمان لەئەنکەرە هەوڵیدا سوپایەك ئامادەبکات کەپێکهاتبێ لەسوپای میرە سەربەخۆکان لەئاسیای بچوکدا بۆکوشتاری عوسمانیەکان، بەڵام کتوپڕ سوپاکەی مورادی یەکەم چوار دەوری شاری ئەنکەرەی داو ناچاری کرد بەوەی میری کرمان ڕێکەوتنێك لەگەڵ سوڵتان مورادی یەکەمدا گرێ بداتو تیایدا واز لەئەنکەرە بهێنێ بۆ عوسمانییەکان.

هەروەها توانرا شاری ( فیلبە)ش بگیرێت، بەوەش شاری قوستەنتینیە بەعوسمانیەکان چواردەور دراو ئیمپراتۆرەکەی ناچارکرا کەسەرانە بدات.

میرە ئەوروپییەکان هەوڵیاندا پەناببەنە بەر پاپاو پادشاکانی ئەوروپای خۆرئاوا دژی موسڵمانان، پاپا وەڵامی بانگەوازەکەی دایەوەو داوای لەهەموو پادشاکانی ئەوروپا کرد کەهەڵمەتێکی جەنگی فراوانو نوێ دەست پێبکەن، بەڵام پادشای صرب پێشبینی هاوکاری خێرای نەکرد. بۆیە میرە دراوسێکانی هەستان کە میرەکانی بۆسنەو ئەفلاق(باشوری رۆمانیا) بوونو رویانکردە ئەدرنە، لەو کاتەدا کەسوڵتان مورادی یەکەم سەرقاڵبوو بەهەندێ لەشەڕەکانیەوە لەئاسیای بچووکدا، سوپای عوسمانیەکان پەلەیان کرد لەبەیەك گەیشتنیانو بەشێوەیەکی زۆر خراپ عوسمانییەکان ئەم هەڵمەتو هێرشە سەربازیەیان تێکشکاند. سوڵتان مورادی یەکەم هەستاوە بەرێکخستنی گروپی سوارە کە ناسراوبوو بە (سیباه) واتە مەبەست پێیسوارچاك بوو. هەروەك هەر لەسەردەمی ئەمدا شاری صۆفیا ساڵی(784ك) دوای گەمارۆیەك کەسێ ساڵی خایاند گیراو دواتریش شاری (سالۆنیك)ی یۆنانی داگیرکرا.

ساوجی کوڕی سوڵتان بەرێکەوتن لەگەڵ کوڕی ئیمپراتۆری قوستەنتینیە هەڵگەڕایەوە لەباوکی، سوڵتان مورادی یەکەم سوپایەکی نارد بۆ کوڕەکەیو کوشتیان، پاشان کوڕی ئیمپراتۆری بیزەنتیشیان کوشت.

هەروەها میری بولگاریا هەوڵیدا لەکاتی سەرقاڵی سوڵتان لەجەنگەکانیدا لەئەنادۆڵ هێرش بکاتە سەر دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام سوپاکانی عوسمانی تێکوپێکیان شکاندو هەندێ بەشی وڵاتەکەشیان داگیرکرد، میری بولگاریاش رایکرد بۆ شاری نیکۆپۆلیو جارێکی تریش عوسمانییەکان تێکیان شکاندەوە.

پادشای حربەکان(لازار) هەوڵیدا بچێتە پاڵ ئەلبانیەکانو دژایەتی عوسمانیەکان بکات، بەڵام سوپای عوسمانی پێش گەیشتنی زانیو لەدەشتی قوصوه(کۆسۆڤۆ) کەوتنە جەنگەوە لەگەڵیاندا، لەجەنگەکەدا زاواکەی لازار

پاڵیدایە موسڵمانەکانەوەو زۆر دژوارانە بەدەهەزار جەنگاوەرەوە جیابوویەوەو تیایدا صربیەکان تێکشکان و پادشاکەیان بەدیلی و بریندار کەوتە دەستی موسڵمانەکان، دواتر کوشتیان وەك تۆڵە سەندنەوەیەك لەبەرامبەر ئەو کارە چاوجنۆکانەی دژی موسڵمانەکان لەکاتی بەدیل گرتنیاندا ئەنجامیدابوو. لەکۆتایی شەڕەکەدا سوڵتان موڕادی یەکەم کوژراوەکانی ئەمدیو ئەودیو دەکرد، سەربازێکی بریندار صربی لەنێوان کوژراوەکاندا هەستایەوەو بە شمشێرێك لەسوڵتان موڕادی یەکەمیداو کوشتی، ئەوەش ساڵی($791$ك) بوو، سەربازە عوسمانییەکانیش راستەوخۆ بکوژە صربیەکەیان کوشتەوە.



بایەزیدی یەکەم ( بایەزیدی هەورە بروسکە )

بایەزیدی یەکەم (بایەزیدی هەورە بروسکە)

بایەزیدی یەکەم، دەوروبەری ساڵی($1345$ز) لەدایکبووەو ساڵی($1403$ز)مردووە، ئەم سوڵتانەی عوسمانی لەنێوان ساڵانی($1389-1402$ز) فەرمانڕەوایەتی کردووە. دوای کوژرانی موڕادی یەکەمی باوکی دەسەڵاتی گرتۆتەدەست، راسەوخۆ بەنهێنی یەعقوبی برای لەناو بردووە بۆ ئەوەی نەهێڵێ کودەتایان بەسەردا بکات. بایەزید ناودێرکراوە بە(یلدرم) واتە هەورە بروسکە، ئەمەش وەك روانینێك بۆ جوڵەی خێرایی بەسوپاکانی و گواستنەوەی لەنێوان ژمارەیەك لادا بەوپەڕی خێرایی.

### پێگەیشتنی سوڵتان بایەزیدی یەکەم

سوڵتان بایەزیدی یەکەم ئازاو دڵگەرم بووە بۆ تێکۆشان لەپێناوی خودادا، جگە لەوەی لەلایەن پێش خۆیەوە جیا کرابوویەوە بەخێرایی جوڵەو هێزی لەناو بردن بەسەر دوژمنەکانییەوە، تاوەکو ناو دێرکرا بەهەورە بروسکە، وای لێهات کەتەنها بەناوبردنی ترسی لەدەرونی هەموو ئەوروپییەکان بەگشتی و خەڵکی قوستەنتینیەدا دروستدەکرد. بایەزیدی یەکەم لەدوای کوژرانی باوکی (موڕادی یەکەم) لەشەڕی کۆسۆڤۆ (قوصوە)دا ساڵی ($791$ك) دەسەڵاتی گرتە دەست، مێژوو نووسان ئەو دەسەڵات گرتنە دەستە بەسەرەتایەکی چاکەو مژدەدەر بۆ موسڵمانان دادەنێن کەزۆر بەتوندی بەتیرۆرکردنی موڕادی یەکەم ئازاریان چەشتبوو.

### واڵاکاریو داگیرکاریەکانی سوڵتان بایەزیدی یەکەم

ناوچەی ئەنادۆڵ یاخود ئاسیای بچوك هەمیشە ناوچەی دەرچوونی هەر سوڵتانێکی نوێ بووە، چونکە ئەو ناوچەیە بەسەر خۆیدا دابەشبووە بۆ ژمارەیەك میرنشینی بچوك، کەکۆمەڵێ میر فەرمانڕەوایی ئەو ناوچانەیان دەکرد کەزاڵبوون بەسەر موسڵمانەکاندا. سوڵتان مورادی یەکەم بەچەند هۆکارێك هەوڵیدا کەئەنادۆڵ یەکبخات، بەڵام نەیتوانی سەرکەوتوبێت لەوەدا تاوەکو دەیەیەکی تر هاتە پێشەوەو ئەو میرانە دژی عوسمانییەکان راپەڕینو شۆڕشیان بەرپاکردو زۆر نارەحەتیان تووشبوو، شۆڕشە یەك لەدوا یەكو دووبارەکانیان هۆکارێك بوو بۆ خەرجکردنی کۆششی عوسمانییەکان لەشەڕی ئەوروپادا، هەروەك ئەوروپیەکانیشی والێکرد کەخۆیان ببیننەوەو هاوپەیمانێتیەکی پتەوی دووبارە پێکبهێنن بۆ کوشتاری عوسمانییەکان، لەساڵی(793ك)دا. سوڵتان بایەزید توانی میرنشینەکانی(منتشاو ئایدینو ساروخان) بەبێ شەڕو لەسەر خواستی دانیشتوانی ئەو میرنشینانە یەکبخات، فەرمانڕەوای ئەو میرنشینانە پەنایان برد بۆ میرنشینی(ئەسفەندیار)، هەروەك میری کرمان(عەلائەدین) تەنازولی کردبوو لەبەشێك لەموڵکەکانی بۆی پێش ئەوەی هەمووی لەدەست بدات، عەلائەدین ناوبانگی دەرکردبوو بەزۆرداریو ناپاکیو هەواڵی تاوانەکانیو لەرۆژگاری سوڵتان مورادی یەکەمدا بەناوبانگ بووە، بۆ ئەوەش بەسەرسوڕمان دانەنرا کەئەم پیاوە جارێکی تر لەرۆژگاری بایەزیددا شوڕشو راپەڕین بەرپابکاتەوەو ئەو هەلە بقۆزێتەوە، لەکاتێکدا کەسوڵتان بایەزید سەرقاڵبوو بەشەڕەکانیەوە لەئەوروپا، بەشێوەیەك عەلائەدین هەستا بەهێرشێك بۆ سەر عوسمانیەکانو بەدیلگرتنی گەورە فەرماندەکانی عوسمانیو بەدەستهێنانی هەندێ لەزەوییەکان، سوڵتان بایەزیدیش بەخێرایی گەڕایەوەو وەك هەورە بروسکە عەلائەدینی لەنێو بردو هێزو توانای پەرتەوازەکردو میرنشینی(کرمان)ی خستە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیو لەگەڵ میرنشینەکانی (سیواس، توقات)دا پاشان بایەزید رێگەی بەرەو میرنشینی ئەسفەندیار بڕی کەببووە پەناگەی میرە راکردووەکان، بایەزید داوای لەمیری ئەسفەندیار کرد ئەو شۆڕشگێڕو راپەڕیوانەی تەسلیم بکاتەوە، بەڵام سەرپێچیکردو سوڵتان بایەزیدیش لەناوی بردو میرنشینەکەشی خستە سەر دەوڵەتەکەیو میری ئەسفەندیارو ئەوانەشی کەلەگەڵیدا بوون پەنایان بردە بەر تەیموری لەنگ.

### بایەزیدی یەکەمو کوشتارکردنی ئەوروپا

هەڵوێستی بەرامبەر صرب:

دوای ئەوەی بایەزید کاروباری ناوخۆی رێکخستو شۆڕشەکانی ئەنادۆڵی لەناوبرد، رووی کردە ئەوروپاو یەکەم هەنگاوی دروستکردنی هاوپەیمانیەکی دۆستانە بوو لەگەڵ صربەکاندا، رەنگە خوێنەر سەری سوڕ بمێنێ لەو هاوپەیمانێتیە، چونکە صربەکان لەتوندو تیژترین دوژمنانی موسڵمانان بوون، هەروەها ئەوان هۆکارێك بوون لەدامەزراندنی هاوپەیمانێتیەکی (باڵکانی– خاچدروشمی) دژی موسڵمانان، هەروەها سوڵتان مورادی یەکەمی باوکی بایەزید لەشەڕی دژی ئەواندا و بەدەستی ئەوان کوژرابوو، هەموو ئەو هۆکارانە بەسبوون بۆ قەدەغە بوونی

هاوپەیمانێتی لەگەڵیاندا، بەڵام بایەزیدی هەورە بروسکە روانینێکی زیرەکانەی هەبوو، بەشێوەیەك پێی وابوو هاوپەیمانێتی لەگەڵ صربدا بەربەستێکی بەهێز لەنێوان دەوڵەتی عوسمانیو ئیمپراتۆریەتی مەجەردا دروستدەکات کە لەو کاتەدا بەهێزترین پادشایانی ئەوروپی بوونو رۆڵی پارێزەری خاچی دەگێڕا. هاوکات پەیوەندیەکانی نێوان صربومەجەر گرژبوو. بایەزید ئەو گرژیەی قۆستەوە بۆ هێرشکردنە سەر خۆرئاواو ناوەڕاستی ئەوروپاو گرتنی قوستەنتینیە.

بایەزید(ئیستیفانی کوڕی لازار)ی وەك پادشای صرب دیاریکرد ساڵی(792ك)، لەبەرامبەر سەرانەدانی ساڵانەو پێشکەشکردنی ژمارەیەك لەجەنگاوەران کە لەکاتی جەنگدا بێنە ریزی سوپاکانی عوسمانیەوە. هەروەها سوڵتان بایەزیدی یەکەم (ئۆلیڤەر)ی خوشکی ئستیفانی کرد بەهاوسەری خۆی، بۆ ئەوەی سەرقاڵ نەبێت بەبابەتو کاروباری صربەکانەوە. بایەزید لەهاوپەیانێتی لەگەڵ صربەکاندا ئامانجی هەبوو کەهێرشکردن بوو بۆ ناوەڕاستی ئەوروپاو گرتنی قوستەنتینیە، بۆیە بەتوندی رویکردە بولگاریاو ساڵی(797ك)گرتی، بەوەش بولگاریا لەو کاتەدا بووە میرنشینێکی شوێنکەوتەی دەوڵەتی عوسمانی، ئەوروپا کەوتە ژێر مەترسی هەورە بروسکەی سوپای عوسمانیەکان، بەجۆرێك وڵات لەدوای وڵاتیان دەگرت. دواجار سوڵتان بایەزید چەند مەرجێکی سەپاند بەسەر ئیمپراتۆر(مانوێل)دا وەك: –

1– دامەزراندنی دادگایەکی ئیسلامیو دامەزراندنی دادوەرە موسڵمانەکان بۆی بۆ کاروباری رەعیەتە موسڵمانەکان لەو وڵاتەدا.

2– دروستکردنی مزگەوتێکی گەورەو دوعاو پاڕانەوە بۆ خەلیفەی عەبباسی لەمیسرو پاشان سوڵتان بایەزید لەڕۆژی هەینیدا.

3– دابینکردنی (700) حەوت سەد خانوو، لەناو شارەکەدا بۆ رەوەندی ئیسلامی لەو وڵاتەدا.

4– زیادکردنی سەرانەی سەپێنراو بەسەر دەوڵەتی بێزەنتیدا.

## جەنگی نیکۆپۆڵس

کەوتنی بولگاریاو رازیبوونی (مانوێل) بۆ مەرجەکانی پێشوو، زەنگێکی ئاگادارکردنەوە بوو بۆ ئەوروپیەکان، بەتایبەت پادشای مەجەر(سیجسموند)و پاپا (بونیفاسی نۆیەم)، هەردوولا رێکەوتن لەسەر پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەکی نوێ بۆ رووبەروو بوونەوەی هەورە بروسکە نێردراوەکانی عوسمانی، سیجسموند هەوڵیدا قەبارەی ئەم هاوپەیمانێتیە گەورە بکاتو بە نێودەوڵەتی بکات، ئەوەش بەبەشداری گەورەترین توانای رەگەزە جۆراو جۆرەکانی تر. بەکرداریش هاوپەیمانێتیەکە گەورە دەرچوو، بەجۆرێك (120)سەدو بیست هەزار جەنگاوەر لەسەرجەم رەگەزەکان چوونە نێویەوە وەك لە(ئەڵمانیا، فەرەنسا ، ئینگلترا، ئوسکوتلەندا، سویسرا، ئیتالیا)و سیجسموندی پادشای مەجەر سەرکردایەتی ئەو سوپایەی دەکرد. ئەم هەڵمەتە گەورە دەورووبەری ساڵی(800ك) جوڵا بەرەو شەڕکردن، بەڵام سەرەتاکانی لاوازیو شکست بەزوویی لەنێو هەڵمەتەکەدا دەرکەوت، چونکە سیجسموندی فەرماندەی هەڵمەتەکە کەسێکی لەخۆبایيو بێ عەقڵ بوو. گوێی بۆ ئامۆژگاری فەرماندەکانی

تری هەڵمەتەکە نەدەگرتو جیاوازییەکی توندو تیژ لەسەر ستراتیژیەتی شەڕکردن روویدا، هەرچی سیجسموند بوو چاوەڕوانی هاتنی سوپای عوسمانییەکان بوو، بەڵام فەرماندەکانی تر وایان دەبینی دەستپێشخەری بکەن‌و هێرشبەرن، بەکرداریش سیجسموند گوێی بۆ بیروڕای کەس رانەگرتو لەگەڵ روباری دانوبدا لێژبوویەوە تاوەکو گەیشتنە شاری (نیکۆپۆڵس) لەباکوری باڵکان.



محەمەدی یەکەم( جەلاد، خانەدان )

محەمەدی یەکەم( جەلاد، خانەدان )

محەمـەدی یەکـەم، چـەلەبی کـوڕی بایەزیـد، بریتیـە لەسـوڵتانی پێنجـەمی دەوڵـەتی عوسمـانیو نـاودێرکراوە بەجەلاد. دوای ئەوەی باوکی بەدیلی گیرا بەدەستی تەیموری لەنگ لەرووداوی (ئەنکەرە)داو ساڵی(805ك) کۆچی دواییکرد. محەمەدی یەکەم شوێنی باوکی گرتەوە. هەریەکە لەبراکانی(سلێمان، موسا، عیـسا) لەدەسـەڵات گرتنـە دەستدا رکابەرایەتیان کردو هەریەکەیان داوای ئەوەیان دەکرد پێش ئـەو ببنـە سـوڵتان، بـەڵام محەمـەدی یەکـەم توانی بەسەریاندا زاڵبێتو بیانکوژێت.

ماوەی دەسەڵاتەکەی (19) نۆزدە ساڵ درێژەی کێشا، کەپڕ بوو لەجەنگی نێوخۆیی بۆ گێڕانـەوەی میرنـشینە سەلجوقیەکان کە لەسەردەمی گەرەلاوژێی کاتی مردنی سوڵتان بایەزید لەدیلێتیدا سەربەخۆ بوو بوون. کاتی خۆی سوڵتان بایەزید دەسـتی بەسـەردا گرتبـوونو لکانـدبوونی بەدەوڵـەتی عوسمانییـەوە. سـوڵتان محەمـەدی یەکـەم کەشـتیگەلێکی دەریـای بـەهێزی دروسـتکرد کەئەوانـەی لەناویـدا بـوون لەخـەڵکی جەنـەداو دوورگـەی کریـت پێکهـاتبوون، هاوکـات کورسـی پاشانـشینی لەبوصـەوە گواسـتەوە بـۆ ئەدرنـە، (واتـە پایتـەختی گواسـتەوە، – وەرگێـڕ–). محەمـەدی یەکـەم شـیعرو ئـەدەبی خۆشدەویـست، پیاوێـك بـوو دادپـەروەریی خۆشدەویـستو ژێـر دەستەکانی نازناوی (چەلەبی) واتە خانەدانیان بەسەردا بڕی.

سوڵتان محەمەدی یەکەم بەسەر میری کرماندا سەرکەوتو لێی خۆشبوو، نەیکوشت، جارێکی تـر مـیری کرمـان هاتەوە بۆ کوشتاری سوڵتان محەمەدو دیسان بەدیلی گیراو لێی خۆشبوویەوە، هاوکات ئەم کارەشی لەگەڵ مـیری ئەزمیردا کردو بەمیهرەبانی لەگەڵیاندا جوڵایەوە، بەپێچەوانەی مامەڵەکردنیـەوە لەگـەڵ براکانیـدا. مـیر مـستەفای کوڕی بایەزید برای سوڵتان محەمەد سەری هەڵدایەوە پاش ئـەوەی لەشـەڕی ئەنکـەرەدا خـۆی شـاردبووەو داوای دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی لەبراکەی کردو بەسوپاکەیەوە هێرشی کردە سەر سـوڵتان محەمـەد، بـەڵام مـیر مـستەفا تێکشکاو رایکرد بۆ سالۆنیك، سوڵتان محەمەدی یەکەم داوای لەئیمپراتۆر کرد تەسلیمی بکاتەوە، بەڵام ئیمپراتـۆر

رازینەبووو بەڵێنی دا بەسوڵتان محەمەد کەلەژێر زینـدانکردنی توندوتیـژدا بیهێڵێتـەوە، مـادەم سـوڵتان لەژیانـدا ماوە، بۆیە سولْتان محەمەدیش رازی بوو، هەروەها موچەیەکی مانگانەشی بۆ میر مستەفای برای بڕییەوە.

سولْتان محەمەدی یەکەم لەساڵی (824ك)کۆچی دوایی کـرد، پـاش ئـەوەی وەسـێتی کـرد بـۆ مـورادی کـوڕی کەدوای خۆی دەسەڵات بگرێتە دەست، رۆژی مردنـی بـاوکی مـوراد لەئەماسـیا بـوو، بۆیـە هـەواڵی مردنـی بـاوکی شارایەوە تاوەکو موراد گەیـشتە ئەدرنـەی پایتـەخت دوای چـل‌و یـەك رۆژ. دوا جـار سـوڵتان محەمـەدی یەکـەمی عوسمانی لەشاری بۆرصە نێژرا.



مـــورادی دووەم

سوڵتان مورادی دووەم

مـورادی دووەم کـوڕی محەمـەدی چـەلەبیە، بریتیـە لەشەشـەم سـوڵتانی عوسمانییـەکان. لـەنێوان سـاڵانی (1402،1451ز)دا ژیاوە، زمانی عەرەبی خۆشویستووەو بەیەکـەم کـەس دادەنرێت لەسـوڵتانەکانی عوسمـانی کەهونەری نوسینی عەرەبی فێربووەو مومارەسەی کردووە، هەروەك شیعری رێکخستووەو پوختی کردۆتەوە.

دوای مردنـی بـاوکی سـاڵی (824ك)دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت، کەتەمـەنی (18) هـەژدە سـاڵ بـووە. مـاوەی فەرمانڕەوای کردنی مورادی دووەم بەوە جیادەکرێتەوە، کەپڕ بووە لەشەڕی درێـژ خایـەن لەگـەڵ مەسـیحیەکانی باڵکان‌و میرنشینە تورکیەکان لەئەنادۆڵدا.



**محەمەدی فاتیح ( محەمەدی دووەم )**

**محەمەدی فاتیح ( محەمەدی دووەم )**

سولْتان محەمەدی دووەم (27ی رەجەبی 835ك/ 30ی مارس 1432- 1481/886ز) بەحەوتەم سولْتانی زنجیرەی بنەماڵەی عوسمانییەکان دادەنرێت، بەواڵاکەرو باوکی چاکەکان ناودێر کراوە. نزیکەی (30) ساڵ فەرمانڕەوایکردووە، لە(5)ی موحەڕەمی ساڵی (855ھ/ 1451ز) تا (886ك/1481ز) . کەمایەی چاکەو سەربەرزی بووە بۆ موسڵمانان.

**لەدایکبوون و گەشەکردنی**

سولْتان محەمەدی فاتیح لە(27)ی رەجەبی 835ك/ 30ی مارسی 1432ز) لەدایکبووە، لەژێر سایەی سولْتان مورادی دووەمی باوکیدا پەروەردە بووە، حەوتەم سولْتانی دەوڵەتی عوسمانی بووە، کەبەڵێنی داوە بەدەستە بەر کردنی چاودێریو فێرکردن، بۆ ئەوەی شایەنی سەڵتەنەتو هەستان بێت بەبەرپرسیارێتیەکانی، توانیویەتی قورئان لەبەر بکاتو فەرموودە بخوێنێتەوەو فیقهەو وانەی ماتماتیكو کاروباری جەنگی فێربووە، لەتەنیشتی ئەوەشەوە زمانی عەرەبیو فارسیو لاتینیو یۆنانی فێربووە، لەگەڵ مورادی باوکیدا بەشداری شەڕو کوشتارەکانی کردووە. باوکی بەڵێنی پێدا کەمیرنشینی(مەگنیسیا) ی بداتێ، ئەو کاتە تەمەنی منداڵ بوو، بۆ ئەوەی لەسەر بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتو تەگبیرکردنی کارەکانی ڕابێت لەژێر سەرپەرشتی کۆمەڵێك لەگەورە زانایانی سەردەمەکەیدا، لەنمونەی (شێخ ئاق شەمسەدینو مەلا کورانی)، ئەمانە کاریگەریان هەبوو لەپێکهێنانی کەسێتی میری بچوکداو هەروەها لەبونیاتنانی ئاراستە فیکریو ڕۆشنبیرییەکانی لەسەر بنەمایەکی ئیسلامی راستو دروست.

شێخ ئاق شەمسەدین لەوەدا سەرکەوتبوو کەتوانی خۆشەویستیو تێکۆشانو پەیگیری بۆ کارە باڵاکان لەرۆحی میردا بچێنێو بڵاوە پێبکات، هەروەها ئاماژەی پێدەدا بەوەی کەمەبەستە بەو مژدە دانەی پێغەمبەر (د.خ). بۆیە کەسێکی ئومێدەوار، وەزیفە بەرز، هەستو سۆزێکی زۆر نەرمو نیانی هەبوو، رۆشنبیریی زۆر بوو، شاعیرو نوسەرو بووە، جگە لەوەی کەسێکی بایەخدەر بووە بەکاروباری جەنگو سیاسەت. محەمەدی فاتیح دوای مردنی باوکی دەسەڵاتی گرتە دەستو دەستی بەخۆ ئامادەکردن کرد بۆ گرتنی شاری قوستەنتینیە، بۆ گەیشتن

بەو خەونەی کەبەدوایدا دەگەڕاو بۆ ئەوەی ببێتە جێگەی مژدە دانەکەی پێغەمبەر، لەهەمان کاتدا بۆ ئەوەی کار ئاسانی بۆ فتوحاتەکانی دەوڵەتە لاوەکەی لەناوچەی باڵکاندا بکاتو وڵاتەکەی پێکەوە بلکێنێ، بەجۆرێك دوژمن جیای نەکاتەوەو خۆی بۆ مات نەدات.

لەدیارترینی ئەو خۆ ئامادەکردنانەی بۆ گرتنی قوستەنتینیە، بریتی بوو لەدانانی بەرگرییەکی زەبەلاح بەجۆرێك پێشتر ئەوروپا شتی وای بەخۆوە نەدیبوو، هەروەها هەستا بەبونیاتنانی کەشتیگەلی نوێ لەدەریای (مەڕمەڕە) بۆ ئەوەی ڕێگەی (دەردەنیل) بگرێتو دابخاتو لەسەر لایەنی ئەوروپیەکانیشەوەلە(بۆسفۆر) قەڵایەکی گەورەی دامەزراند بەناوی قەڵای(روملی حەسار) بۆ ئەوەی لەدەربەندی بۆسفۆردا باڵادەست بێو خۆی تەحەکوم بکات.

### کەسایەتی سوڵتان محەمەدی فاتیح

سوڵتان محەمەدی فاتیح بەکەسایەتییەکی تاك جیادەکرێتەوە، هێزو دادپەروەری پێکەوە کۆبویەوە، هەروەك نزیكو دەوروبەرەکەی خۆیشی شارەزا کردبوو لەلاوێتیەوە لەزۆرێك لەو زانستانەی لەخوێندنگەو میرەکاندا پێی دەگەیشت، بەتایبەت مەعریفەی لەزۆرێك لەزمانە هاوچەرخەکانداو ئارەزووی توندی بۆ توێژینەوەی کتێبی مێژوویی، کەئەمانە هەموویان یارمەتیدەری بوون لەوەدا کە دواتر کەسایەتی سوڵتان(محەمەدی فاتیح)یان دەرخست لەکارگێڕیو گۆڕەپانی کوشتاردا، تاوەکو دواجار لەمێژوودا بەنازناوی محەمەدی فاتیح ناوبانگی دەرکرد، ئەمەش زیاتر بەهۆی گرتنی شاری قوستەنتینیەوە بوو لەساڵی (1453ز).

### سیاسەتەکانی سوڵتان محەمەدی فاتیح

سوڵتان محەمەد ئەو ڕێبازەی لەفتوحاتدا گرتە بەر، کەباو باپیرانی لەسەری بوون، دوای ئەوەی دەسەڵاتی لەدەوڵەتی عوسمانیدا گرتە دەست، کەسایەتی دەرکەوت، بەتایبەت کاتێك هەستا بەدووبارە ڕێکخستنەوەی کارگێڕییە جیاوازەکانی دەوڵەت، زیاتریش بایەخی بەکاروباری دارایی داو کاریکرد لەسەر دیاریکردنی دەرامەتەکانی دەوڵەتو ڕێبازی خەرجکردن تیایدا، بەشێوەیەك کەزیادەڕۆیی قەدەغە کرد.

هاوکات تەرکیزی خستە سەر پەرەپێدانی تیمەکانی سوپاو دووبارە ڕێکی خستنەوە تۆماری تایبەتی بۆ تەجنید کردنو سەربازگرتن دانا، هەروەها موچەکانیانی زیادکردو بەنوێترین چەکی دەستخراو لەو سەردەمەدا کۆمەکی کردن. سوڵتان محەمەدی فاتیح کاریکرد لەسەر پەرەپێدانو پێشخستنی کارگێڕی هەرێمەکان، بڕیاریدا بەمانەوەو بەردەوامی، هەندێك لەوانەشی کەنارگیر کرد کەکەمتەرخەم یاخود کەموکورتیان نواندبوو، هاوکات وڵاتی سوڵتانی پەرەپێداو هاوکاری کردن بەشارەزایی کارگێڕیو سەربازی باش، هەروەك کار ئاسانی کرد لەسەقامگیری دەوڵەتو پێشکەوتن بۆ پێشەوە.

پاش ئەوەی سەردەمێکی بەرهەمداری تێپەڕاند لەڕیفۆرمی ناوخۆ، ڕوویکردە ناوچە مەسیحیەکان لەئەوروپا بۆ گرتنیانو بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام تیایاندا، چەند فاکتەرێك یارمەرتیدەری سوڵتان محەمەدی فاتیح بوون لەهێنانەدی ئامانجەکانیدا، لەوانەش ئەو لاوازیەی کەئیمپراتۆریەتی بێزەنتی تێی کەوتبوو بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ دەوڵەتە ئەوروپیەکانی تردا، هەروەها بەهۆی ناکۆکی ناوخۆییەوە کەسەرجەم ناوچەو شارەکانی ئیمپراتۆریەتی گرتبوویەوە، بەڵام سوڵتان محەمەدی فاتیح ئەمانەی بەس نەبوو، بەڵکو بەباشی کاری کرد لەپێناوی ئەوەی سەرکەوتنەکانی بەگرتنی شاری قوستەنتینیەی پایتەختی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی ئاراستە بکات، کەوا دەزانرا، ستراتیژی گرنگ بێت بۆجموجۆڵەکانی ئەوروپا دژی جیهانی ئیسلامی بۆ ماوەیەکی درێژ، هاوکات ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی شانازی بەو پایتەختەوە دەکرد بەشێوەیەکی تایبەتیو هەروەها مەسیحیەکانیش بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام لەسەروی ئەمانەوە سوڵتان محەمەدی فاتیح توانی ئەو شارە بگرێتو بیکاتە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی و ئەو شتانە بەدەست بهێنێ کەپێشینەکانی لەسەر کردەو سوڵتانەکانی عوسمانی نەیانتوانیبوو بەدەستی بهێنن.

### ژیانی سوڵتان محەمەدی فاتیح

سوڵتان محەمەد لەگەرووی بۆسفۆ قەڵایەکی لەسەر کەناری ئەوروپی بونیادنا بەرامبەر ئەو قەڵایەی کەسوڵتان بایەزیدی یەکەم لەسەر کەناری ئاسیا بونیاتی نابوو،، بۆ ئەوەی تەحەکوم بەسەر گەرووەکەوە بکات، هەروەها بۆ ئەوەش کەکۆمەکی بۆ قوستەنتینیە قەدەغە بکات کەلە شانشینی تەرابزونی ڕۆحییەوە بۆی دەهاتو ئەم شانشینە کەوتبووە سەر کەناری دەریای ڕەش لەباکووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، کاتێك قوستەنتینی بینی کەسوڵتان محەمەدی فاتیح سورە لەسەر هاتنە ناوەوەی شارەکەی، سەرانەدانی خستە بەردەم سوڵتان بۆ ئەوەی ڕازی بکات کەنەیدەویست، بەڵام سوڵتان ئەمەی ڕەفزکردەوە، هەروەها قوستەنتین بۆ ڕێگری کردن لەم هێرشەی سوڵتان محەمەد، هەوڵیدا کەزەواج لەگەڵ بێوەژنەکەی سوڵتان مورادی دووەمدا بکات، کەدەکاتە دایکی سوڵتان محەمەدی فاتیحو تا ئەو کاتەش لەسەر ئاینی مەسیحیەتی خۆی مابوو، بەڵام ئەمیش ئەو هاوسەرگیریەی ڕەفز کردەوەو لەهەندێ لەدێرەکاندا مایەوە. دوای ئەوە سوڵتان محەمەدی فاتیح ویستی ڕوبکاتە وڵاتی (مورە) بۆ گرتنی، بەڵام پادشاکەی نوێنەرێکی ناردە لای سوڵتان محەمەدو سەرانەی ساڵانەی خستە ڕوو کەرێژەکەی (12) دوانزە هەزار دۆك ئاڵتون بوو. پاشان قوستەنتینیی ئیمپراتۆری بیزەنتی پەنای بردە بەر دەوڵەتە مەسیحیەکانی تر،بەڵام سوڵتان محەمەدی فاتیح توانی بەتەواوی گەمارۆی قوستەنتینیە بداتو دوای تەنها دووساڵ لەگرتنە دەستی دەسەڵات توانی شارەکە بگرێت، لەئاکامی ئەم گرتنەدا، میری صربیا ڕێکەوتنی لەگەڵ سوڵتان ئەنجامدا بەرامبەر دانی سەرانە کەرێژەکەی (80) هەشتا هەزار دۆك عانەی (857)ی بوو، لەساڵی دووەمدا سوڵتان چووە نێو وڵاتی صربیاوەو گەمارۆی شاری بەلگرادی داو وڵاتی مەجەر بەرگری لەصربیا کرد، بۆیە عوسمانییەکان نەیانتوانی بیگرن، پاشان مەحمود پاشای سەدری ئەعزەم هاتو لەنێوان ساڵانی (861– ك863) گرتی. هەروەها سوڵتان

محەمەدی فاتیح توانی وڵاتی مورە لەساڵی (863ك/ 1453ز) بگرێتو پادشاکەی هەڵهات بۆ ئیتالیا، هەروەك ئەو دورگەیەی تریشی گرت کەلەدەریای ئیجەدا بوو نزیك گەرووی دەردەنیل. دواتر رێکەوتننامەی لەگەڵ ئەسکەندەر بەگی میری ئەلبانیادا گرێدا.

سوڵتان محەمەدی فاتیح بەنهێنی رویکردە ئەنادۆڵو بەندەری (ئەماستریس)ی گرت، کەشوێنگەی شاری جەنەوابوو، هەروەها زۆربەی دانیشتوانەکەی لەبازرگانەکان بوون، هەروەك سوڵتان محەمەد توانی بچێتە نێو بەندەری سینوبو شانشینی تەرابزونی بەبێ بەرگری گرت، کەشوێنکەوتەی قوستەنتینیە بوو. پاشتر سوڵتان روویکردە ئەوروپا بۆ شەڕ کردن لەگەڵ میری ئەفلاق کەستەمو دەستدرێژی لەعوسمانییەکان کردبوو، میری ئەفلاق داوای رێکەوتنی کرد بەرامبەر سەرانە دانی ساڵانە کەرێژەکەی (10 ) دەهەزار دۆك بێت، سوڵتان رەزامەندی دەربڕی، بەڵام ئەم میرە ئەم رێکەوتننامەی نەدەویست تەنها بۆ ئەوە نەبێت کەدەرفەتێکی بۆ برەخسێت بۆ ئەوەی لەگەڵ پادشای مەجەردا رێبکەوێت بۆ شەڕکردن لەگەڵ عوسمانییەکاندا.

کاتێك رێکەوتن (واتە میری ئەفلاقو پادشای مەجەر– وەرگێڕ–) سوڵتان زانیو دوو پیاوی نارد بۆ روونبوونەوەی هەواڵەکە، بەڵام میری ئەفلاق هەردووکیانی کوشتو دەستی گرت بەسەر موڵكو ماڵی دەوڵەتی عوسمانیدا لەبولگاریاو خراپەی تێدا کردو ژمارەیەکیشی بەدیل گرت. سوڵتان نوێنەرێکی ناردو داوای گێڕانەوەی دیلەکانی کردو ئەوەشیان پێڕاگەیاند کەسوڵتان لەسەر رێکەوتننامەکەی خۆی ماوە، بەڵام دیسان بەشێوەیەکی زۆر خراپ مامەڵەی لەگەڵ نوێنەرەکاندا کرد، سوڵتان محەمەدی فاتیح هێرشی بۆ بردو میری ئەفلاق هەڵهات بۆ مەجەر، سوڵتان ناوچەی ئەفلاقی خستە سەر دەوڵەتی عوسمانیو داگیری کردو برای میری ئەفلاقی وەك والیو کاربەدەست لەسەری دامەزراند.

میری بۆسنەش قەدەغەی کرد کەسەرانە بدات، بۆیە سوڵتان بۆی رۆیشتو بەسەریدا سەرکەوتو بۆسنەی خستە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانییەوە، پادشای مەجەر هەوڵیدا یارمەتی خەڵکی بۆسنە (بۆشناق) بدات، بەڵام تێکشکاو دوای ئەوەش ژمارەیەکی زۆری بۆشناق تەسلیم بەعوسمانییەکان بوون. دواتر سوڵتان محەمەدی فاتیح لەگەڵ خەڵکی شاری بوندوقیە(ڤینسیا–وەرگێڕ–) بەیەکیاندا، کەهەندێك شوێنیان لەوڵاتی مورە هەبوو، لەگەڵ دوورگەیەکی زۆر لەدەریای ئیجەو خەڵکی بوندوقیە هێرشیان کردە سەر هەندێك شوێنو ناوەندی عوسمانییەکانو چوونە نێویەوە، سوڵتان هێرشی کردە سەریانو لەجێگەکانی خۆیان هەڵهاتنو عوسمانییەکان توانییان بچنە نێو شوێنەکانیان. دوای ساڵێك ئاگربەست، خەڵکی بوندوقیە جارێکیتر گەڕانەوەو ویستیان ئەو شوێنانە بگێڕێتەوە کە لەدەستیاندا بوو، بۆیە دەستیان کردە هێرشکردنە سەر دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام ئاکامەکەی لەدەستدانی هەندێك لەناوچە گرنگەکانیان بوو.

لەم سەرو بەندەدا پاپا بانگەشەی جەنگێکی فراوانی کردو ئەسکەندەر بەگی میری ئەلبانیای هاندا کەبەڵێنەکەی لەگەڵ سوڵتان محەمەدی فاتیحدا هەڵبوەشێنێتەوە، هەروەها داوای لەپادشاو میرەکانی ئەوروپا کرد

کەهاوکاری بکەن، جگە لەوەی پاپا مردو ئەم شەرە روویندا، بەڵام ئەسکەندەر بەگ بەڵێنەکەی هەڵوەشاندەوەو دژی عوسمانییەکان جەنگاو شەڕ لەنێوان هەردوولا فراوان بوو، سەرەنجام ئەسکەندەر بەگ ساڵی (870ك) مرد.

سوڵتان رویکردە ئەنادۆڵو بۆ دوا جارمیرنیشینی کرمان چووەسەر دەوڵەتی عوسمانی، لەکاتێکدا نەوەکانی میرەکەیان (ئیبراهیم) کە لەکاتی مردنیدا وەسێتی کردبوو بۆ ئیسحاقی کوڕی بۆ ئەوەی جێگەی بگرێتەوە، بەڵام براکانی تری رکابەریان کرد، سولتان محەمەدیش پشگیری براکانی ئیسحاقی کردو تێکیشکاند، بەوەش میرنشینەکە هاتە ریزی دەوڵەتی عوسمانیەوە.

ئوزون حەسەن، یەکێك لەجێنشینەکانی تەیموری لەنگ هێرشی کردە سەر رۆژ هەڵاتی ئەنادۆڵو شاری (توقات)ی داگیر کرد، سوڵتانیش سوپایەکی بۆ ناردو ساڵی (1469ز/ 874ك) تێکشکاند، پاشان سوڵتان خۆی سەرکردایەتی سوپایەکی کردو هەموو ئەو سەربازانەش کەلەگەڵ خۆیدامبوونەوە ئامادەکرد.

سوڵتان ساڵی (878ك/ 1473ز) سەرانەی خستە روو بۆ میری بغدان کە ناوی(ئیستفانی چوارەم) بوو، بۆ ئەوەی شەڕی لەگەڵدا نەکات، بەڵام میری بغدان قبوڵی نەکردو سوڵتان محەمەدی فاتیح سوپایەکی بۆ ناردو دوای شەڕێکی توندو تیژ بەسەریدا سەرکەوت، بەڵام سوڵتان نەیتوانی ئەم هەرێمە داگیربکات، بۆیە سوڵتان سور بوو لەسەر چوونە ناوەوەی قرم(مەبەستی لەدوورگەی قرمە– وەرگێڕ–). بۆ ئەوەی سود بەسەربازەکانی بگەیەنێت لەکوشتاری بغداندا، توانی موڵكو ماڵی خەڵکی باشور داگیربکات کەشوێنەکەیان کەدرێژبۆتەوە لەسەر کەناڵی نیمچە دورگەی قرم. تەتەرەکانی دانیشتووی دوورگەی قرم بەرهەڵستی عوسمانیەکانیان نەکرد، بەڵکو رێژەیەك پارەیان ساڵانەدا. کەشتیە دەریاییەکانی عوسمانیەکان لەقرمەوە فرین بۆ ئاوە رێژگەی روباری دانوبو چوونە نێویەوە، سوڵتانیش لەرێگەی وشکانیەوە چووە نێو وڵاتی بغدانەوە، توانی ئیستفانی چوارەم تێکبشکێنێو سوڵتان لەرێگەیەکی نادیارشوێنی کەوت، بەڵام ئیستیفانی چوارەم هەڵگەڕایەوەو ئەمجارە توانی سوڵتان محەمەدی فاتیح تێکبشکێنێو ناوی ئیستیفانی چوارەم بەرزبوویەوە، ئەوەش لەساڵی (881ك)دابوو. دوای ئەم رووداوانە سوڵتان رێکەوتنی لەگەڵ خەڵکی بوندوقیەدا ئەنجامداو لەبەردەم مەجەریشدا تێکشکا، کاتێك رۆیشت بۆ داگیرکردنی ترانسلفانیا، بەڵام لەدەریادا ئەو دوورگەیەی داگیرکرد کەلەنێوان یۆنانو ئیتالیادا بوو، هەروەك شاری (ئوترانت)یشی گرت لەباشوری نیمچە دوورگەی ئیتالیا ساڵی (885ك) ، لەهەمان ساڵیشدا گەمارۆی دوورگەی (رودوس)ی دا، بەڵام نەیتوانی داگیری بکات.

لەکاتی گەمارۆی قوستەنتینیەدا، گۆڕی (ئەبو ئەیوبی ئەنصاری) زانیو لەتەنیشتو نزیکیەوە مزگەوتێکی دروستکرد، بەوەش دانانی سوڵتانەکانو دامەزراندنیان لەپۆستو تەختی سەڵتەنەکدا لەم مزگەوتەدا تەواو دەبوو.

**گرنگترین کارەکانی سوڵتان محەمەدی فاتیح**

– لەبواری رێکخستنو کارگێڕیدا:

گۆڕەپانـەکانی تێکۆشـانو جـەنگ کەسـوڵتان محەمـەدی فـاتیح لـەماوەی فەرمانڕەواییـدا چـووبووە نێویـەوە، کەزیاتر لە(30) سی ساڵ بوو، لەدیارترین دەسکەوتەکانی بوو، بەشێوەیەك دەوڵەتێکی عوسمـانی بەفراواییـەکی مەزن فراوان بووکە پێشتر بەخۆوەی نەبینیبوو، سوڵتان پیاوێك بوو لەنموونەی یەکەم، سوڵتان تـوانی بـەهاوکاری لەگەڵ سەدری ئەعزەم (قەرەمانلی محەمەد پاشا)و نوسەرەکەی (لەیس زادە محەمەد چەلەبی) دەستورێك بەناوی خۆیەوە دابنێت، بنەماو پڕەنسیپە بنەڕەتەکان مایەوەو کاریگـەری هـەبوو لەدەوڵـەتی عوسمانیـدا تـاوەکو سـاڵی (1255ك/ 1839ز).

**بایەخدانی سوڵتان محەمەد بەخوێندنگەو پەیمانگاکان**

سوڵتان محەمەد زانستو زانایانی خۆشدەویست، بۆ ئـەوە بایـەخی بـەبونیادنانی خوێندنگـەو پەیمانگـەکان دا لەهەموو سەرانـسەری دەوڵەتەکەیـدا، ئـەو زانـستو مادانـەی دیـاریکرد کـە کەلەهـەموو قۆناغەکانـدا دەخـوێنران، سیـستەمێکی تاقیکردنــەوەی وردی دانــا بــۆ گواســتنەوەو دەرچــوون بــۆ قۆنــاغێکی تــر، زۆر جــار ئامــادەی تاقیکردنەوەی خوێندکاران دەبوو، هەروەها سەردانی خوێندنگەکانی دەکردو پێشی نـاخۆش نـەبوو کاتێـك گـوێی لەو وانانە دەبوو کەمامۆستاکانی ئەو خوێندنگانە پێشکەشیان دەکرد، بەخیلیشی نەدەبرد بە بەخشندەیی پیـاوە مەزنەکان لەمامۆستاوخوێندکاران، خوێندن لەهەموو خوێندنگەکانی دەوڵەتدا بەخۆڕایی بوو، ئەو مادانـەش کەلـەو خوێندنگانـەدا دەخـوێنران: پێکهـاتبوون لـە (تەفـسیر، فقـە، ئـەدەبو رەوانبێـژیو زانـستی زمـانو ئەنـدازیاری)، لەتەنیشت ئەو مزگەوتەیەوە کە لەقوستەنتینیە سوڵتان محەمـەد دایمەزرانـدبوو، هەشـت خوێندنگـەی بونیاتنـابوو لەسەر هـەموو لایـەك لەلایـەکانی مزگەوتەکـە چـوار مزگـەوتی دامەزرانـدبوو کـە لـەگۆڕەپانێکی فـراوان دەکەوێتـە ناوەڕاستیانەوەو تیایدا خوێندکاران دوایین قۆناغی خوێندنیان تێدا بەسـەر بـردو لـەو خوێندنگایەنەشـدا. شـوێنی نیشتەجێی خوێندکاران هەبوو کەتیایدا دەخەوتنو نانیان دەخواردو موچەیەکی دارایـشیان پێـدەدرا، لەتەنیـشتی ئەو بەشە ناوخۆییەوە (– وەرگێڕ–) کتێبخانەیەکی تایبەتی بونیادنـابوو. هـەر پیاوێـك ئامانـەتی ئـەو کتێبخانـەی بگرتایە دەسـت، ئـەو مەرجـەی بـۆ دانرابـوو کـەدەبێت ئـەهلی زانـستو تـەقوا بێـتو رۆچـووبێت لـەناوی کتێـبو دانەرەکانیدا، پرۆگرامی ئەو خوێندگایەنەش سیستەمی پسپۆڕی لەخۆ گرتبوو، زانـستی نـەقڵیو تیـۆری بەشـێکی تایبەتی هەبوو، هەروەها زانستە پراکتیکەکانیش دیسان بەشێکی تایبەتی هەبوو.

**بایەخدانی بەزانایان**

سوڵتان لەزانایان نزیك دەبوویەوەو ڕێزی بەرزدەكركردنەوەو هـانی دەدان لەسـەر كـاركردنو بەرهـەمو پـارەو دارایی بۆ خەرج دەكـردنو بەخـشیشو دیـاری دەدانـیّو ڕێـزی زۆری لێـدەگرتن، كاتێـك ئـوزون حەسـەنی یـەكێك لەجێنشینەكانی تەیموری لەنگ لەشەڕێكدا دژی عوسمانییەكان تێكشكا، سوڵتان محەمەد فەرمانی كرد بەكوشتنی هەموو دیلەكان تەنها ئەوانەیان نەبێت كەزانا بوونو ئەهلی مەعریفە بوون.

## بایەخدانی بەهونەر

سـوڵتان محەمـەدی فـاتیح وا نـاوی دەركردبـوو كەبایـەخ بەشارسـتانیەتو ئـەدەب دەدات، سـوڵتان محەمـەد شاعیرێكی مەزن بوو، دیوانی شیعری هەیە، خۆرهەڵاتناس (ج. جاكوب) شیعرەكانی سـوڵتان محەمـەدی لەبـەرلین ساڵی (1322ك/1904ز) بڵاوكردۆتەوە. سوڵتان محەمەدی فـاتیح بـەردەوامبووە لەسـەر خوێندنـەوەو پـەیگیری ئەدەبو شیعر، هاوڕێیەتی زاناو شاعیرەكانی دەكرد، هەندێكیان هەڵدەبژاردو پۆستی وەزارەتەكانی پێدەسپاردن. لەو كاتەنەدا كەسەرقاڵبوو بەشیعرەوە، سوڵتان محەمەد بەڵێن دەدات بەشاعیر (شەهدی) كە داسـتانێكی شـیعری بۆ بچنێتو وێنەی مێژووی عوسمانی لەسەر شێوەی (شانامە) كەفیردەوسـی دایڕشـتووە بكێـشێت. هـەركاتێكیش سوڵتان محەمەد گوێبیستی ناوی زانایەكی گەورە دەبوو لەهونەرێك لەهونەرەكان، ئەوا دەستی هاوكاریو یارمەتی دارایی بۆ درێژ دەكرد، یاخود داوای لێدەكرد كەبێتە دەوڵەتەكەیـەوە بـۆ ئـەوەی سـود لەزانـستەكەی وەربگرێـت، هەروەك ئەو مامەڵەو هەڵسوكەوتەی كەلەگەڵ زانای گەردووونناسی گـەورە (عـەلی قۆشـجی سـەمەرقەندی)دا كـرد. هەموو ساڵێك پارەیەكی زۆری دەنارد بۆ شاعیری هندسـتان (خواجـە جیهـان)و شـاعیری فارسـی (عەبـدولرەحمان جابی) . هاوكات سوڵتان داوای لەدوو وێنەكێشی ئیتاڵی كردو پێـشوازیلێكردن بـۆ كۆشـكی سـوڵتانی، بـۆ ئـەوەی هەندێك تابلۆی هونەری بۆ بكێشنو هەندێك لەعوسمانییەكانیش لەسەر هونـەر رابهێـنن. بۆیـە سـوڵتان محەمـەدی فاتیح شاعیرێكی مـەزن بـوو، بایـەخی بـە ئـەدەب بەگشتیو بەشـیعر بەتایبـەت دەدا، ئـەو بـەردەوام هاوڕێیـەتی شاعیرانی دەكردو زۆر بەیانی هەڵدەبژارد بۆ وەزیـرو پۆسـتەكان، لـەوڵاتو تەختەكەیـدا سـی شـاعیر هـەبوون كـە مانگانە موچەیەكیان هەبوو ڕێژەكەی (100) هـەزار درهـەم بـوو پێیـان دەدرا،لەگـەڵ ئەمانەشـدا پێـی دادەگـرت لەشاعیران كەزیادەڕەوی نەكەنو شێت نەبنو بەرەڵا نەبنو هەر شاعیرێكیش لەم ئادابو ڕێـو ڕەسمـە دەرچـووایە ئەوا زیندانی دەكرد، یاخود لەوڵاتەكەی وەدەری دەنا.

## بایەخدانی بەوەرگێڕان

سوڵتان محەمەد زۆر بایەخی بەزمانی ڕۆمی دەدا، فەرمانیكرد بەگواستنەوەو وەرگێڕانی پاشماوە نوسراوەكان بەزمانی یۆنانیو لاتینیو عەرەبیو فارسی بۆ زمانی توركی، هەروەها فەرمانی كرد بـەوەرگێڕانی كتێبـی پزیـشكی

(زەهراوی)بۆ زمانی تورکی، کاتێکیش کتێبەکەی(بەتلیموس) لەجوگرافیاو نەخشەدا دەرکەوت، داوای لەزانای رۆحی (جۆرج ئەمیرو تزوسو کوڕەکەی) کرد کەهەستن بەوەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبیو دووبارە وێنەی ئەو نەخشەیە بەهەردوو زمانی عەرەبیو رومی بکێشنەوەو لەسەر ئەم کارە پاداشتێکی گەورەی کردن، هەروەها زانا (قۆشچی) هەستا بەدانانی کتێبێك بەزمانی فارسیو وەریگێڕا بۆ عەرەبیو پێشکەشی سولّتان محەمەدی کرد.

هەروەها سولّتان محەمەد بایەخیشی بەزمانی عەرەبی دەداو داوای لەمامۆستایانی هەشت خوێندنگەکە کرد کە لەنێوان هەر شەش کتێبێکدا لەخوێندنەکەیاندا،بایەخیش بەزانستی زمان بدەن. سولّتان محەمەدی فاتیح هاوکاری بزاڤی وەرگێڕانو دانانی دەکرد بۆبلاّوکردنەوەی مەعریفە لەنێوان رەعیەتەکەیدا بەزۆری، بۆئەم مەبەستەش کتێبخانەگشتیەکانی پەرەپێداو زۆر بلاّوی کردنەوەو لەکۆشکەکەیدا گەنجینەیەکی تایبەتی بۆ دامەزراند کە ناوازەترین کتێبو زانستەکانی لەخۆگرتبوو، تیایدا دوانزە هەزار بەرگ کتێب هەبوو،کاتێك سووتا.

### بایەخدانی بەئاوەدانکردنەوەو بونیاتنان ونەخۆشخانەکان

سولّتان محەمەدی فاتیح سەرسام بوو بەبونیادنانی مزگەوتو پەیمانگەو کۆشكو نەخۆشخانەو شوێنی مانەوەو حەمامو بازاڕی گەورەو باخچە گشتیەکان، ئاوی بردبووە نێوشارەکانەوە بەهۆی جۆگەی بەرزی تایبەتەوە، لەسەردەمەکەیدا زیاترلەسێ سەد مزگەوتی دروستکردووە، لەوانە تەنها لەپایتەختدا (ئەستەمبوڵ) (192)سەدونەوەدو دوو مزگەوت وجامیع، لەگەڵ (57) پەنجاوحەوت خوێندنگەو پەیمانگەو (59) پەنجاونۆ حەمام. لەگرنگترین پاشماوە بیناسازیەکانی مزگەوتی سولّتان محەمەدو جامیعی ئەبوئەیوبی ئەنسارییو کۆشکی سەرای توب قبوەیە. سولّتان محەمەدی فاتیح موسڵمانێکی پابەندبووە بەیاساکانی شەریعەتی ئیسلامەوەو کەسێکی لەخواترس وپارێزگاربووە بەهۆی ئەوپەروەردەیەی کەلەسەری ڕاهێنراوەو کاریگەری مەزنی کردۆتەسەری، بەلاّم دەربارەی رەفتاری سەربازی سولّتان محەمەد، ئەوا رەفتارێکی ئامادەبوو، واتە بۆ هەموو جەنگەکان ئامادە باشبوو، بەشێوەیەك هاوتای نەبوو، لەئەوروپا کەسی وای لەسەردەمەکانی ناوەڕاستدا بەخۆوە نەدیبوو. سولّتان محەمەد، هانی وەزیرو گەورە پیاوانی دەوڵەتو ریش سپیو پیاو ماقولاّنی هاندەدا لەسەر بونیادنانی تەلارو دروستکردنی دوکانو حەمامو جگە لەوانەش، بەتایبەت ئەو جۆرە تەلارانەی کەجوانیو رەونەقێك بەشارەکان دەبەخشن، هەروەها بایەخی دا بەپایتەخت (ئەستەمبوڵ) بەبایەخدانێکی تایبەت، سور بوو لەسەر ئەوەی کەببێکات بەجوانترین پایتەختی جیهانو زانستو هونەرەکانیش لەخۆ بگرێت.

ئاوەدانکردنەوە لەسەردەمی سولّتان محەمەدی فاتیحدا زیادی کردو بلاّوبووەوە، هەروەها بایەخیدا بەبواری تەندروستیو سیستەمێکی نموونەی لەوپەڕی جوانیو وردەکاریدا بۆ دانـاو بەڵێنیدا بەهەموئەو پزیشكو شارەزایانە لەهەر رەگەزێك، کەوەك برین پێچو سەیدەلانیو کۆمەڵی خزمەتگوزارو دەرگاوان، کەهاوکاریان بکات، داوای ئەوەشی کرد لێیان کەپێویستە لەسەرپزیشکەکان لەرۆژێکدا نەخۆش دووجار سەردانیان بکاتو نابێ

دەرمان بدرێت بەنەخۆش تاوەکو بەتەواوی وردەکاری تێدا نەکرێ لەئامادەکردنی، ئەو مەرجەشی دانابوو بۆ چێشت لێنەری نەخۆشخانەکان کەدەبێ شارەزابێت لەچێشت لێنانی خواردنەکانو ئەو جۆرانەی کەنەخۆش رازیە لێیان، هاوکات چارەسەرو دەرمان لەو نەخۆشخانانەدا بەخۆڕایی بووەو هەموو خەڵکی بەبێ جیاوازیکردن لەنێوان رەگەزو ئاینەکانیاندا سودیان لێوەرگرتووە.

**بایەخدان بەبازرگانیو پیشەسازی**

سوڵتان محەمەدی فاتیح بایەخیداوە بەبازرگانیو پیشەسازیو کارکردن لەسەر بوژاندنەوەیان بەهەموو هۆکارو فاکتەرێك، عوسمانیەکان پەی پێبردنێکی فراوانیان بەبازاڕە جیهانیەکانو رێگە ئاویو وشکانیەکان هەبوو، هەروەها رێگە کۆنەکانیشیان پەرەپێداو رێگەی نوێیان دروستکرد، لەوانەی کەکارئاسانی دەکەن بۆ جموجوڵو بزوتنی بازرگانی لەهەموو پارچەکانی دەوڵەتدا، بۆیە دەوڵەتە بیانییەکان ناچار بوون بەندەرەکانیان بکەنەوە بۆ هاوڵاتیانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئەوەی مومارەسەی پیشەی بازرگانی بکەن لەژێر ئالای عوسمانیدا. لەکاریگەریەکانی ئەم سیاسەتە گشتیەی دەوڵەت لەبواری بازرگانیو پیشەسازیدا بریتی بوو لەوەی کەخۆشگوزەرانیو دڵنەواییو کارئاسانی لەهەموو پارچەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بڵاوبوویەوەو دەوڵەت پارەی ئاڵتونی نایابی هەبوو، هەروەها دەوڵەت دامەزراندنی رۆڵی پیشەسازیو کارگەکانی ئازوقەو تەقەمەنیو چەکی پشتگوێ نەخست، قەڵای لەو شوێنانەشدا دروستکرد کەخاوەنی بایەخێکی سەربازی بوون لەوڵاتدا.

**بایەخدان بە رێکخستنە کارگێڕییەکان**

سوڵتان محەمەدی فاتیح کاریکردە لەسەر پەرەپێدانی دەوڵەتەکەی، بۆ ئەوەش یاسای دانا تاوەکو بتوانێ کاروباری کارگێڕی ناوخۆیی لەدەوڵەتەکەیدا رێکبخات. سوڵتان محەمەد لیژنەیەکی لەهەڵبژاردەی زانایان پێکهێنا بۆ ئەوەی سەرپەرشتی دانانی (قانون نامە) بکەن کە لەشەریعەتەوە وەرگیرابوو، وەك بنەمایەك بۆ فەرمانڕەوایکردنی دەوڵەتەکەی، ئەم یاسایەش پێکهاتبوو لە سێ بەش، کەپەیوەست بوو بەپلەو پایەی فەرمانبەرانو هەندێ دابو نەریتو ئەو شتانەی تریش کەپێویستە بگیرێتەبەر لەپێشوازیو ئاهەنگە سوڵتانیەکانو هەر بەگوێرەی ئەو یاسایەش سزاو بژاردنەکان بڕیار دەدرێت. هەروەها ئەو دەقەش بەراشکاوی لەیاساکەدا هاتبوو کە " دەوڵەت حکومەتێکی ئیسلامی دەبێت کەلەسەر بەرز راگرتنی رەگەزی ئیسلامی دادەمەزرێت ئیتر رەچەڵەکی بێت یاخود رەگەزەکەی " . هاوکات سوڵتان محەمەدی فاتیح بایەخیدا بەو یاسایانەی کەپەیوەندی دانیشتوان لەناموسڵمانەکان رێکدەخات بەدەوڵەتەوەو لەگەڵ دراوسێکانیشیاندا لەموسڵمانان، هەروەها لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەش کەفەرمانڕەوایی و چاودێرییان دەکەن. هەروەها سوڵتان محەمەد دادپەروەری لەنێو ژێردەستەکانیدا

بڵاوکردۆتەوە، سوڵتان کۆششی دەکرد بۆ شوێنکەوتنی دزو ڕێگرەکانوحوکمی ئیسلامی لەسەر جێبەجێدەکردن، هەروەها ئاسایشی پەرەپێداو دڵنیایی لەبەشەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بەتەواوی بڵاوبویەووە. کاتێکیش دەوڵەت جیهادی ڕاگەیاند، بانگی میری ولایەتەکانو میری ئەیالەتەکانی کرد، لەسەریان بوو وەڵامی بانگەوازەکە بدەنەوەو بەشدارییبکەن لەشەڕدا بەچەکدارو پڕ چەکیان بکەن بەتەواوەتی، ئەوەش بەگوێرەی ڕێژەیەکی روونو ئاشکرا، ئەوان چەکدارێکیان واپڕ چەکدەکرد، بەشێوەیەك بتوانێ بجەنگێ. سەربازانی ئەیالەتەکان پێکهاتبوون لەپیادەو چەکداری ئەسپ سوارو پیادەکان لەژێر فەرمانڕەوایی‌و کارگێڕی پادشای ئەیالەتەکانو بەگەکانی ئەیالەتەکاندا بوون. محەمەدی فاتیح هەستا بەبزوتنەوەیەکی فراوانی پاککردنەوە بۆ هەموو فەرمانبەرە پێشووەکان، جگە لە بەتواناو لێهاتوو چالاکەکانو کەسانی لێهاتووی لەجێگەدانان، لێهاتوویشی بەتەنها کردە بنەمایەك لەهەڵبژاردنی پیاوانو یاریدەدەرانی‌و والیەکانیدا.

### بایەخدانی بەسوپاو هێزی دەریایی

سەردەمی سوڵتان محەمەدی فاتیح جیادەکرێتەوە بەلایەنی هێزیی سوپای مرۆیی‌و زۆری ژمارەی سوپا، هەروەها بەدامەزراوەی سەربازی فرەو هەمەڕەنگ، پیشەسازی سەربازی دامەزراند بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی سوپا لەجلو بەرگو چەكو تەقەمەنی‌و کارگەی تەقەمەنی‌و چەك. هەروەها قەڵاو مۆڵگەی لەشوێنە خاوەن گرنگیە سەربازییەکاندا دامەزراند، هەروەك پێکهاتەی هەمەچەشنی بەتەواوی وردەکاری‌و چاك ڕێکخستن لەچەکدارو پیادەو بەرگری‌و تیمی یارمەتی ڕێکخستن ئامادەکرد ، هێزە شەڕکەرەکانی کۆمەکی کرد لەهەموو ئەو پێداویستیانەی کەدەیانەوێت لەسوتەمەنی‌و خواردنو ئالیکی ئاژەڵو ئامادەکردنی سندوقی تەقەمەنی تاوەکو گۆڕەپانی کوشتار. پۆلێك هەبوون لەسەربازەکان پێیاد دەوترا (لغمجیە) ، وەزیفەی هەڵکەندنی چاڵبوو بۆ مینو هەڵکەندنی ئاوەڕۆو نەفەقەبوو لەژێر زەویداو لەکاتی گەمارۆدانی ئەو قەڵایانەی کەدەیانویست بیگرن. هەروەها گروپێکی تر هەبوون پێیان دەوترا (سەقاکان) و وەزیفەیان هاوکاری کردنی سەربازەکان بوو بەئاو. هەروەها زانکۆی سەربازی لەسەردەمی سوڵتان محەمەدی فاتیحدا پەرەی سەندو وای لێهات کە وەجبەی یەك لەدوای یەك لەئەندازیارو پزیشكو ڤێتەرنەری‌و زانایانی سروشتو ڕوپێو، تەخەروجیان دەکردو کۆمەکی سوپایان بەتەکنیکار پسپۆرەکانی دەکرد. سوڵتان محەمەدی فاتیح شایستەی ئەوەیە کەمێژوونوسان بەدامەزرێنەری کەشتیگەلی دەریایی عوسمانی بژمێرن، بەشێوەیەك توانی سود لەو دەوڵەتانە وەربگرێت کەگەیشتبوونە ئاستێکی بەرز لەپیشەسازی کەشتیگەلدا وەك کۆماری ئیتالیا بەتایبەتی ڤێنسیاو جەنەوە، بەوەش دەوڵەتی عوسمانی بوو بەگەورەترین دەوڵەتی دەریایی لەو کاتەدا.

### بایەخدان بەدادپەروەریی

دامەزراندنی دادپەروەری لەنێوان خەڵکیدا لەئەرکی سوڵتانەکانی عوسمانی بوو. سوڵتان محەمەدی فاتیح پلەو پایەی لەمەدا لەپلەو پایەی پێشینانی بوو لەباوکی، بەجۆرێك توند بوو لەسەر گرتنە بەری دادپەروەری لەپارچەکانی دەوڵەتەکەیدا، بۆ ئەوەی دڵنیاش بێت لەمە لەنێوان کاتێكو کاتێکی تردا هەندێ لەپیاوانی ئاینیو مەسیحی دەنارد بۆ گەڕانو سوڕانەوە لەسەرانسەری دەوڵەتداو ڕێگەی پێدابوون کەمەرسومێکی نوسراو ئامادەبکەنو وەزیفەو دەسەڵاتی وەهایان لەگەڕانو پشکنین وردبوونەوەدا روونبکەنەوە بۆ ئەوەی پەیگیری بکەن بەوەی چۆن کاروباری دەوڵەت بەڕێوە دەچێتو چۆن تەرازووی دادپەروەری لەنێوان خەڵکیداو لەدادگاکاندا بەڕێوە دەچێت، ئەو نێردراوە مەسیحانەش ئازادییەکی تەواویان هەبوو لەرەخنەگرتنو تۆمارکردنی ئەوەی دەیبینن‌و پاشان هەمووی بەرز دەکەنەوە بۆ سوڵتان، راپۆرتی ئەو نێردراوە مەسیحیانە هەمیشە دامەزرا بوو لەسەر چاکی بەڕێوەچوونی کاروباری دادگاکانو گرتنە بەری دادپەروەری بەراستیو وردەکاری لەنێوان خەڵکیدا بەبێ خۆشەویستیو جیاکاری. (سوڵتان محەمەدی فاتیح) یش لەکاتی دەرچوونی بۆ شەڕەکان، لای هەندێك لەهەرێمەکان رادەوەستاو خۆی دادەنیشت بۆ گوێ بیستی هەر سکاڵایەك یاخود هەر ستەمێك کە لەکەسێك دەکرێت یاخود کەسێك کە ستەمەی لێکراوەو سکاڵای هەیە، سوڵتان بەتایبەت گرنگی بەپیاوانی یاسا دەدا، ئەوانەی کەفەرمانڕەواییو جیاکارییان لەکاروباری خەڵکیدا گرتبووە دەست، بۆئەوانە تەنها ئەوە بەس نەبوو کەشارەزاییان لەفقەو شەریعەتدا هەبێتو وەسف کرابن بەپاکێتیو بەردەوامی بەتەنها، بەڵکو لەتەنیشت ی ئەوەدا دەبوو جێگەی خۆشەویستیو ڕێزبن لەنێوان خەڵکیدا، دەوڵەت کەلێن‌و پێداویستیە مادییەکانو ڕێگەکانی ئیغراکردنو بەرتیل خواردنی بۆ پڕکردنەوەو دابینیکردبوو، هەروەها سوڵتان هەموو دەستەبەر کردنێکی لەم لایەنە لەژیانی ئەواندا دابین کردبوو، هەروەك پلەو پۆستی ئەوانی چواردەور دابوو بەحاڵەتێکی شکۆدار لە پیرۆزیو پارێزگاری هاوکات دادوەری کردنو قەزاوەتکردنی کەسی بەرتیل خۆر لای سوڵتان محەمەدی فاتیح جگە لەکوشتن هیچ سزایەکی نەبوو. سوڵتان محەمەد سەرەڕای سەرقاڵبوونی بەجیهادو والاکارییەکانەوە، شوێنی هەموو ئەو شتانە دەکەوت کەلەسەرانسەری دەوڵەتەکەیدا روویدەدان بەهۆشیاریو بایەخەوە، زۆرجار بەشەو دادەبەزییە ڕێگەو تولە ڕێگەکان بۆ زانینی بارودۆخی خەڵکی لەلایەن خودی خۆیەوەو بۆ ئەوەی خۆی گوێی لەسکاڵاکانیان بێت، هەروەك ئامێری ئاسایشی دەوڵەت یارمەتی سوڵتانی دەدا بۆ زانینی بارودۆخی خەڵکی. وەزیفەی ئەم دەزگایە کۆکردنەوەی زانیاریو هەواڵ بوو کەپەیوەست بوون بەتەختی سەڵتەنەتو بەرزی دەکردنەوە بۆ سوڵتان کەسوربوو لەسەر بەدواچوونی راستەوخۆی بارودۆخی ژێردەستەکانی.

## مردنی سوڵتان محەمەدی فاتیح

سوڵتان محەمەدی فاتیح لەرۆژی(4)ی رەبیعی یەکەمی ساڵی(886ك/ 1481ز) لەتەمەنی پەنجاو پێنج ساڵی زیاترو دوای ئەوەی سیو ساڵ فەرمانڕەوایەتی کرد. کۆچی دوای کرد.



**بایەزیدی دووەم**

**سوڵتان بایەزیدی دووەم**

بایەزیدی دووەم کوڕی سوڵتان محەمەدی فاتیح، هەشتەم سوڵتانی عوسمانییەکانە، لەنێوان ساڵانی (1447و 1512ز) ژیاوەو لەماوەی ساڵی (1481ز) ەوە فەرمانڕەوایی گرتۆتە دەست، دەربارەی زانراوە کەشیعری داناوە و مۆسیقای ژەندووەو بایەخی داوە بەنووسینی عەرەبی. بایەزید لەسەدەی یەکەمی کۆچی لەدایکبووە، گەورەترین کوڕی باوکی بووە، لەسەردەمی باوکیدا فەرمانڕەوایی ناوچەی ئەماسیای کردووە، دوای سوڵتان محەمەدی فاتیحی باوکی دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، دوای ئەوەی براکانی لەسەر گرتنە دەستی دەسەڵات کەوتوونەتە ناکۆکی لەگەڵیدا. هاوکات لەسەردەمی بایەزیدی دووەمدا ناکۆکی لەنێوان دەوڵەتەکەی‌و دەوڵەتی مەمالیکەکاندا دروست بووەو هەردوو دەوڵەت دژی یەکتر جەنگاون، تاوەکو رێکەتنامەی ئاشتییان مۆرکردووە. فتوحاتو واڵاکارییەکانی گەیشتۆتە دەوڵەتی بندوقیە لەفینسیا لەئیتالیاو بایەزیدی دووەم توانیویەتی بەسەریدا سەربکەوێت، فەرمانڕەوای بندوقیە هانا دەبا بۆ مەلیکی فەرەنساو پاپا، بەوەش جەنگی خاچپەرستی لەنێوان هەردوولا بەرپا بوو. هەر لەسەردەمی فەرمانڕەوایی سوڵتان بایەزیدی دووەمدا دەوڵەتی روسیا ساڵی (886ک) دەرکەوتو بایەزیدی دووەم باڵیۆزی خۆی بۆ دەنێرێت ساڵی (897ک) . لەکۆتایی ژیانیدا ئینکشارییەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانی ناچارییان کرد کەواز لەفەرمانڕەوایەتی بهێنێت بۆ کوڕەکەی ( سەلیمی یەکەم ساڵی 981ک) کە ئەو ساڵەش بریتیە لەهەمان ساڵ کەتیایدا سوڵتان بایەزیدی دووەم کۆچی دوایی کرد.



## سەلیمی یەکەم( سەلیمی دڵڕەق، یاوز )

## سەلیمی یەکەم

سەلیمی یەکەم کوڕی بایەزیدی دووەم کوڕی محەمەدی فاتیح (10ی ئۆکتۆبەری 1470ز/ 22ی سێپتەمبەری 1512ز) . یەکەمین کەسە کە نازناوی میری ئیماندارانی لەسوڵتانەکانی عوسمانی وەردەگرێت، لای خۆرئاوا بە(سەلیمی رووگرژ)ناسراوە هەروەها بەنازناوی (یاوز) واتە ئازا لای تورکەکانیش ناسراوە، بۆ ماوەی هەشت ساڵ لەساڵی(1512ز) تاوەکو مردنی فەرمانڕەوایەتی کردووە.

## ژیانی سەلیمی یەکەم

سوڵتان بایەزیدی دووەمی باوکی دەیویست بەڵێنو دەسەلآت پاش خۆی بۆ ئەحمەدی کوڕی بێت، بەلآم سەلیمی کوڕی ناچاری کرد، بەپاڵپشتی سوپای ئینکیشارییەکان کەدەسەلآتو بەڵێن بگرێت دەست. بۆیە سوڵتان بایەزیدی دووەمی باوکی سەلیم خۆی لەخەلافەتو تەختی سەڵتەنەتی عوسمانی لابردو جێی هێشتو دوای ئەوەش دوای بیست رۆژ کۆچی دوایی کرد. لەدەوروبەری دوای سوڵتان سەلیمدا دوو پادشا دوژمنایەتیان دەکردو هەردووکیان رێکەوتبوون لەسەر ئەو دوژمنایەتی کردنە، ئەوانیش سوڵتان ئیسماعیلی سەفەوی فەرمانڕەوای ئێرانو شیعە مەزهەب بوو، لەگەڵ سوڵتان(قونسوە غوری) پادشای میسرو شام، بۆیە سوڵتان سەلیم لەگەڵ ئیسماعیلی سەفەوی جەنگا لەشوێنێك لەشیوی چاڵدێرانو تیایدا سەرکەوت بەسەریانداو چووە نێو شاری تەبریزی پایتەختی سەفەویەکانەوەو دەستی بەسەر تەختو گەنجینەی شائیسماعیلدا گرتو ژنەکەشی بەدیل گرت، ئەوەش لەرۆژی (14ی رەجەبی 920ك/ کەدەکاتە1514/9/4ز) . پاشان کوشتاری قونسوە غوری لەجەنگی (مەرج دابق) لەباکوری شاری حەلەبدا کرد لەرۆژی (25ی رەجەبی 922ك/ کەدەکاتە 1516/8/24) و تیایدا قونسوەغوری کوشتو پاشان رۆیشت بەرەو میسرو کەوتە کوشتاری پادشا (تومان بای) ی جێنشینیو ئەویشی کوشتو دەستی گرت بەسەر میسرو شامداو ناوچەی حیجاز ملکەچی خۆی بۆ سوڵتان سەلیم دەربڕیو سوڵتان سەلیمی یەکەم گەڕایەوە بۆ قوستەنتینیە کەنازناوی (میری موسڵمانان) ی هەڵگرتبووئەویش پاش ئەوەدێت کەکۆتا خەلیفەی عەبباسی تەنازولی بۆ کردبوو، کەڕایان کردبوو بۆ میسر دوای ئەوەی هۆلاکۆ بەغدادی لەناو برد بەکوشتنی کۆتا خەلیفەی عەباسی تیایدا.

سوڵتان سەلیم بەسەرکەوتنێکی مەزنەوە گەڕایەوە بۆ قوستەنتینیە. پلانی دانا بۆ گرتنـی دوورگـەی (ڕۆدس) ، بەڵام مەرگ دەرفەتی پێنەداو لـەڕۆژی (9ی شـەوالی 926ك/ کەدەکاتـە 1520/9/22ز) سـوڵتان سـەلیم کۆچـی دوایی کردو سولەیمانی یەکەم (سولەیمانی قانونی) کوڕی جێگـەی گرتـەوە. لەسـەردەمی فـەرمانڕەوایی سـەلیمی یەکەمدا روبەری دەوڵەتی عوسمانی فراوان بوو لە(2,4 ملیۆن کم چوارجا)ە بـۆ(6,5ملیـۆن کـم چـوارجا)و (ئـیبن ئیاس)دەگێڕێتەوە کەکاتێك سەلیمی یەکەم لەمیسرەوە دەرچوو لەگەڵ خۆیدا رێژەیەکی گەورەی لەپارەو ئـاڵتون بـردەوە. هـەروەك دەگێڕێتـەوە هـەمان کـەس کـەکاتێك قـاهیرەی داگیرکـردووە، بەهرەمەنـدترین هونەرمەنـدو پیشەوەرەکانی گواستۆتەوە بۆ ئەستەنبوڵ.

## کەسایەتی سوڵتان سەلیمی یەکەم

سوڵتان سەلیمی یەکەم کەسێکی زیرەك‌و ئازاو مەزن‌و بەتموح‌و شان‌و شـکۆداربووە.بـەردەوام حـەزی لەشـەڕو تێکۆشـان بـووەو ئـارەزووی بـەلای هێـزی سـەربازیدا هـەبووە، بەشـێوەیەك مێژوونوسـان بەیـەکێك لەبلیمەتـە سەربازەکانی دادەنێن لەمێژوودا، ئـەوەش بـەهۆی فێڵبـازی‌و دەسـکەوتە سـەربازییەکانیەوەو هـەروەها زۆر تـوڕە بـووەو لەتوڕەییـدا جیاکراوەتـەوەو بـاڵیۆزی دەوڵەتـە بیانییـەکان نازنـاوی (رووگـرژ) یـان پـێ بەخـشیوەو ئـەو وێنەیەشی هی یەکێك لەهونەرمەندە رۆژئاواییەکانە کەتیایدا سەلیمی یەکەم خـەیاڵ دەکـات. بـەڵام بەپێـچەوانەوە ئەوکەسانەی کە هاوسەردەمی بوون‌و(سوڵتان سەلیم)یان بینیوە وا شرۆڤەی دەکەن کەریـشێکی درێـژی هـەبووەو دەموچـاوی زەرد هەڵگـەڕاو بـووەو جەسـتەیەکی لاوازو ریـشی لـەنزیکی گوێیەکانیـدا نەتاشـیوە. وەك وێنەکێـشە رۆژئاواییە کەخەیاڵی کردووە، چونکە لەسەر پیاوان لای موسڵمانان قەدەغـەکراوە. سـەرەڕای بـەهێزی‌و زۆرداری، بـەڵام سـوڵتان سـەلیم ریـزی لـەزاناو نوسـەران دەگـرت‌و لـەکوڕو کۆبونـەوەی خۆیـدا دایـدەنان‌و هـانی دەدان کەرەعیەتەکانی لەسەر زانست‌و فێربوونی رابهێنن، هەروەك دەگێڕنەوە کەسوڵتان سەلیم شـارەزایی فقـەو شـیعرو مێژوو بووەو شیعری بەفارسی نوسیوە.

ناوی سوڵتانی عوسمانی(سەلیمی یەکـەم) لەمێـژوودا گرێـدراوە بەمەسـەلەی گۆڕانکـاری لەسیاسـەتی دەوڵـەت رووەو واڵاکـاری‌و داگیرکـاری، بەشـێوەیەك عوسمانییـەکان لـەقۆناغی یەکـەمی دەوڵەتەکەیانـدا رووەو گۆڕەپـانی ئەوروپا دەڕۆشتن‌و تیایدا سەرکەوتنی سەرسوڕهێنەریان بەدەست هێنا، سوڵتان محەمـەدی فـاتیح سـاڵی(857ك/ 1453ز) شاری قوستەنتینیەی گرت کە پایتەختی دەوڵەتی بیزەنتییەکان بـوو، ئـەوەش خـەونێك بـوولای زۆرێـك لەخەلیفەکانی موسڵمانان لەپێشتردا، بەتایبەت لەسەرەتای دەوڵەتی ئومەویەوەو عوسمانیەکان کردیانە پایتەختی خۆیان، پاشان عوسمانییەکان ئاڕاستەی واڵاکاریەکانیان رووکردە رۆژهەڵات، ئەمە بریتی بـوو لـەخاڵی گۆڕانکـاری لەسیاسـەتەکەیاندا، قـەدەریش وابـوو کـەماوەی فەرمانڕەوایـەتی سـەلیمی یەکـەم ئـەم گۆڕانکاریـە لـەخۆبگرێت.

کەکاریگەریەکەشی درێژ بوونەوەی رووبەری دەوڵەتی عوسمانی بوو، بەوەش دەوڵەتی عوسمانی کرد بەدەوڵەتێکی (ئاسیایی، ئەورووپی، ئەفریقی)لەبەر فراوانی سنورەکەی.

سـەلیمی یەکـەم لـەرۆژی (8ی سـەفەری 918ك/ کەدەکاتـە 1512/4/25ن) تـەختی دەوڵـەتی عوسمـانی گرتەدەستو پاش سوڵتان بایەزیدی دووەمـی بـاوکی دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت کەتـەنازولی بـۆ کـرد لەدەسـەڵات. یەکەمین کارێکیش کەسوڵتانی نـوێ واتەسـەلیمی یەکـەم پێـی هەسـتا لـەناوبردنی ئـاژاوەی نـاوخۆبوو کـەبراکانی وروژاندبوویان دژی. کاتێك سەلیم دەسەڵاتی گرتبـووە دەسـت، دوای ئـەوەش دوو کـار چـاوەڕێی سـوڵتان سـەلیم بـوون کەکاریگـەری زۆریـان هـەبوو لەئاراسـتەکردنی سیاسـەتی دەوڵـەتی عوسمانیـدا، کـاری یەکـەم بـریتی بـوو لەزیادکردنی گەشەکردنی مەزهەبی شـیعە لـەئێرانو عێـراقو هەرەشـەی دەوڵـەتی سـەفەوی شـیعە مەزهـەب دژی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها کاری دووەم بەرزبوونەوەی مەترسی پرتوگالی بوو لەکەنـداوی عـەرەبیو هەرەشـەی پورتوگالییەکان بوو لەزەوییە پیرۆزەکان (کەمەبەست لێی فەلەستینو ناوچەکانی دەوروبەری بوو – وەرگێڕ – ).

### ململانێی عوسمانی – سەفەوی

شا ئیسماعیلی سەفەوی لەسـەرەتاکانی سـەدەی دەیـەمی کۆچـی( سـەرەتای سـەدەی شـازدە)دا دەرکـەوتو سەرکەوتوو بوو لەدامەزراندنی دەوڵـەتێکی شـیعە مەزهـەب لەئێرانـدا سـاڵی (907ك/1502ن)و خۆشـی وەك شـا راگەیاندو پارەی بەناوی خۆیەوە دەرکـرد، مەزهـەبی شیعەشـی کـرد بەمەزهـەبی فـەرمی بـۆ ئێـران پـاش ئـەوەی شوێنی مەزهەبی سوننی کەوتبوون، سەرەتا دەستیکرد بەفراوانکردنی رووبەری دەوڵەتەکەی بەوەش دەسـتیگرت بەسەر عێراقداو بانگخوازانی خۆی نارد بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعە لەئـەنادۆڵ، بەمـەش دەوڵـەتی عوسمـانی دراوسێی وروژاندو وردە شەڕی سەربازی لەکۆتاییەکانی سەردەمی سوڵتان بایەزیدخانـدا دەسـتی پێکـرد، پاشـان گۆڕا بۆ پێکدادانی گەورە لەنێوان هەردوو دەوڵەت لەسەردەمی سەلیمی یەکەمدا.

سوڵتان سەلیمی یەکەم شەڕی دژی سەفەوییەکان راگەیاند، سوپاکانی لەئەردەنەوە بەرەو تەبرێز کەوتنـە رێ لـەرۆژی (22ی موحـەڕەمی 902ك/کـە دەکاتـە 1514/3/14ن) سـوپای فارسـەکان لەبەردەمیـدا کـشانەوە بەمەبەستی ماندووکردنی هێزەکانی سوڵتان سەلیم تاکو دەرفەتێك برەخسێت بـۆ سـەرکەوتن بەسـەریدا، هـەردوو سوپا لەشیوی چاڵدێران لەرۆژی (2ی رەجـەبی 920ك/ کەدەکاتـە 1514/8/24) بەیەکگەیـشتن، شـەڕەکە زۆر قورسو گەورەبوو، تۆپەکانی سوپای عوسمانی سەرکەوتنی یەکلاکردەوە بۆ سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانیو شائیـسماعیلی سـەفەوی هـەڵهاتو سـوپای شـپرزەبوو، سـوڵتان سـەلیم چـووە نێـو تـەبرێزی پایتـەختی سەفەوییەکانەوەو لەسەر سەری تاجە گوڵینەی سەرکەوتنی لە (14ی مانگی رەجەب) هـەڵگرتبوو، بەرهـەمی ئـەم

سەکەوتنەش سولتان سەلیم توانی زۆرێك لەولاتی ئەرمینیای خۆرئاوا بخاتە ریزی دەولەتی عوسمانییەوە، لەگەلّ زەوی نێوان دوو رووبار (مسیۆپۆتامیا)و تبلیسو دیاربەکرو رقەو موسلّ، پاشان گەڕایەوە بۆ ولاتەکەی بۆ ئامادەکردنی پێداویستی ململانێی نویّ دژی هەرێمەکانی رۆژهەلاتی عەرەبی.

## زالبوون بەسەر دەولەتی مەمالیکدا

سولتان سەلیمی یەکەم توانی ئەو بەربەستەی دەولەتی سەفەوی تێپەڕێنێت، کەرێگربوو لەجموجولّی دەولەتەکەیو مایەی هەڕەشەبوو بۆی، خۆی ئامادەکرد بۆ هەنگاو و پلانێکی تر، کە خاوەنی گرنگیەکی تایبەتی بوو، سەرکەوتنی سەرکەوتنێکی نەمری چنگ دەخست، هەروەها فراوانییەکی دەبەخشیە رووبەری دەولەتەکەیو زیادیەکیشی لەشانو شکۆو هێزی دەولەتەکەی بەرجەستەکرد.

بۆیە دەولەتی مەمالیکەکان کەفەرمانڕەوایەتی میسرو شامیان دەکرد تووشی لاوازی ببوو، هەروەها لەقۆناغی بێهێزیو هەلوەشانەوەدا بوو، هاوکات ناتوانابوو بەتەواوی بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەترسی کەنداوی عەرەبی، تەنانەت پورتوگالییەکان ئەوەندە لەخۆبایی بوو بوون بەهێزو دەسەلاتیان، رایانگەیاند بوو دەتوانن تۆپبارانی مەککەو مەدینەش بکەن.

بۆیە لەبیرو مێشی سولتان سەلیمی یەکەمدا ئەوە نادیار نەبوو کەگواستنەوەی خەلافەتی عەبباسی لەقاهیرەوە بۆ بنەمالەی عەسمانییەکان، هێزێکی مەعنەوی گەورە لای مسولمانانە دەبەخشێتە دەسەلاتو دەولەتەکەی، هەروەك شانو شکۆیەکیشیان دەداتیّ لە ململانێکانیان لەگەلّ ئەوروپای مەسیحیدا، بۆ بەدەست هێنانی ئەم دوو خەونە گەورەیە، بێگومان دەبوو لەگەلّ مەمالیکدا پێکدا بدەن، بۆیە ئەم پێکدادانەش بەکردار روویدا، کاتێك سولتان سەلیمی یەکەم کەمێك پشوویداو لە کولەمەرگیو ناڕەحەتی بەربەستی یەکەم رزگاری بوو، تاکو لەپایتەختەکەی دەرچوو (کەمەبەستی تەبریزی پایتەختی سەفەوییەکانە –وەرگێر–) فەرماندەی سوپاکانی کرد رووەو شام، لەنزیك مەرج دابق لەنزیکی حەلەب گەیشت بەمەمالیکەکان.

سولتان (غوری) پادشای مەمالیکەکان بەهەولّی جموجۆلّی عوسمانییەکانی زانی ، لەمیسر دەرچوو بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسیە کە هەڕەشەی لە دەولەتەکەی دەکرد، جەنگەکە لەرۆژی (یەکشەممە 25ی رەجەبی 922ك/ کە دەکاتە 1516/8/24ز) کلّپەی سەندو سەرکەوتن هاوپەیمانی عوسمانییەکان بوو، لەوکاتەدا کە سولتان (غوری) تیایدا کوژا ، سوپاکەی پەرشو بلاو بوونو ئەوەشی لێی مایەوە لەجەنگەکەدا هەلهات بۆ میسر.

بەرهەمی ئەم سەکەوتنە شارە سەرەکیەکان کەوتنە دەستی عوسمانییەکان، وەك (حەلەب، حەما، حیمص، دیمەشق، فەلەستینو غەززە)، پاشان سولتان سەلیمی یەکەم چووە نێو میسرەوە، بەشێوەیەك سەرکەوتن بەسەر

سوڵتان (تومان بای) کۆتا سوڵتانی دەوڵەتی مەمالیکی شەرکەسیدا لەشەڕی (ریدانیە) لـەرۆژی (29ی زیلحەجـەی 922ك/ کە دەکاتە 1517/1/23.)و عوسمانییەکان چوونە نێو قاهیرەوە، هەموو ئەو هەوڵانەشـیان بـۆ بـەرگری لەناوبرد، کە بە لەسێدارەدانو لەناوبردنی (تومان بای) کۆتاییان پێهێنا، بـەوەش لاپـەڕەی دەوڵـەتی مـەمالیکیان هەڵدایەوەو لەشانۆی مێژووەوە گواستیانەوە بۆ نێو کتێبەکانی.

### حیجازی عوسمانییەکان

لەکاتی میرایەتی سوڵتان سەلیمی یەکەمدا، سوڵتان پێشوازی کرد لەنوێنەرێك لەپیاوە بەتەمەنەکانی حیجاز کە (شەریف بەرەکات)ی میری مەککەی پیرۆز ناردبوونی. لەسەرەوەی ئەم نوێنەرەش کوڕەکەی (أبـوغی) نامەیـەکی لەباوکییـەوە هـەڵگرتبوو بـۆ سـوڵتانو تیایـدا ئـەوەی ئاشـکرا کردبـوو کـە قبوڵیـەتی حیجـاز لـەژێر دەسـەڵاتو سەروەرێتی عوسمانیەکاندا بێت، بۆیە کلیلـەکانی کەعبـەی پـیرۆز دەبەخـشێتە سـوڵتان سـەلیمی یەکـەم، لەگـەڵ هەندێ پاشماوەی پیرۆزی پێغەمبەرایەتی وەك زانستی پێغەمبەرایەتی، تیروکەوان، چەند تاڵێك لەریشی پێغەمبـەر (د.خ)، هەر وەك هەندێ ناوچەی یەمەن کەوتە ژێر دەسەڵاتو سەروەرێتی عوسمانیەکانەوە.

پاش ئـەوەی هـەر چـوار هەرێمـە ئیـسلامیەکە (میـسرو شـامو حیجـازو هەنـدێ ناوچـە لەیەمـەن) کەوتنـە ژێـر فەرمانڕەوایەتی عوسمانیەکانەوە، بەوەش دەریای سوور بوو بەدەریایەکی عوسمـانیو کۆمـەکی بـوونی ئیـسلامی تێدا دەکردو توانی هەوڵی پورتوگالیەکانیش تەواو بوەستێنێ بۆ زاڵبوون بەسەریدا، لێرەوە هێمنیو ئاسایش بـاڵی کێشا بەسەر ئاوەکانیدا بەشێوەیەك ئاوەکانی داخست بەرووی کەشتیگەلی مەسیحیداو دەوڵەتی عوسمانی ناچاری کرد کە بارگەکانی لەقەڵای (مخا) لەیەمەن چۆڵ بکات، پاشان بارگەکانی بگێڕێتەوە لەسـەر کەشـتیگەلی ئیـسلامی کە کەشتیوانو دەریاوانە مسوڵمانەکان کاریان تێدا دەکرد.

### خزمەتکاری شوێنە پیرۆزەکان

بەهۆی واڵاکارییەکانی سوڵتان سەلیمی یەکەمەوە دەوڵەتی عوسمانی شـوێنە پیرۆزەکـانی لـەحیجازدا خـستە سەر زەویەکانی خۆی، کەخۆی لەمزگەوتی حەرامو کەعبەی پیرۆزو مزگەوتی پێغەمبەر (د.خ) دەبینیەوە، لەگەڵ مزگـەوتی ئەقـصا لەفەلەسـتین، یەکـەمین قیبلـەو سـێهەمین شـوێنی پـیرۆزو شـوێنی شـەوڕەویو بڵندبوونـەوەی پێغەمبەر (د.خ)، هەموو ئەمانە سەرکردایەتیەکی ئاینی بەخشیە دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها نازناوی (پـارێزەری شوێنە پیرۆزەکان یاخود خزمەتکاری شـوێنە پیرۆزەکـان) بـۆ نازناوەکـانی سـوڵتان سـەلیمی یەکـەمی عوسمـانی زیادکرا، بەوە بوو بەنازناوێك بۆ هەموو ئەو خەلیفانەی کە لەدوای سوڵتان سەلیمی یەکەم دەهاتن.

## عوسمانییەکان دەبن بە خەلیفە

پاش سەرکەوتنی سوڵتان سەلیمی یەکەم لەشەڕی مەرج دابق، لەیەکەم نوێژی هەینی کەئەنجامیدا لەشاری حەلەب وتارێکیدا بەو ئیعتیبارەی کە خەلیفەی مسوڵمانانەو دراویشی بەناوی خۆیەوە لێدا.

هەندێك لەگێڕانەوە مێژووییەکان بۆ ئەوە دەچن کە خەلیفەی عەبباسی (متوکل علی الله)ی کۆتا خەلیفەی عەبباسیەکان لەمیسر تەنازولی کردووە لەخەلافەت بۆ بنەماڵەی عوسمانیەکان لە بۆنەو مەراسیمێکدا کە لەمزگەوتی ئەیاصۆفیا ئەنجامدرابێت پاش گەڕانەوەی لەگەڵ سوڵتان سەلیمی یەکەم بۆ ئەستەمبوڵ. هەروەك هەندێك لەگێڕانەوەکان ئەوەش دەڵێن: کەخەلیفە متوکل شمشێری خەلافەتی بەخشیبێ بەسوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانیو سوڵتانجلو بەرگی خەلافەتی لەبەرکردبێت لەمزگەوتی گەورەی ئەبو ئەیوبی ئەنصاری پاش مەراسیمی ئەیاصۆفیا.

هەرچۆنێك بووبێت، دەوڵەتی عوسمانی بوو بەناوەندی قورسایی لەجیهانداو سوڵتانەکەشی بوو بەخەلیفەی مسوڵمانان کەهیچ یەکێك رکابەرێتی نەدەکرد لەم نازناوەدا، جگە لەوەی کە بایەخدانی عوسمانیەکان بەم نازناوە مەزنە لەماوەی سەدەی نۆزدەی زاینییەوە زیادیکرد، بەشێوەیەك لەخەلافەتەوە زیندووبوونەوەی سەروەریو هەموو شانو شکۆو نفوزو پلەوپایەو هۆکارێکی بۆ بەرگری فشارەکانی دەوڵەتە ئەوروپیو کۆلۆنیالیزمیەکان لەسەر خەلافەتی عوسمانی لێوەرگرت.

## مردنی سەلیمی یەکەم

سوڵتان سەلیمی یەکەم پاش بەدەست هێنانی سەروەرییەك بۆ دەوڵەتی عوسمانیو فراوانیەك لەرووبەرو مەودای دەوڵەتەکەیداو هەڵگری نازناوی خەلافەتی نەمر گەڕایەوە ئەستەمبوڵی پایتەخت، لەکاتی جێگیربوونو نیشتەجێ بوونی، ئاژاوەیەکی شیعەکان لەناوچەی (توقادی ئەنادۆڵ) ساڵی (925ك = 1519ز) هەڵگیرسا، سوڵتان یەکێك لەفەرماندەکانی سوپای بۆ ناردو توانی سەرکەوتوو بێت لەدامرکاندنەوەو لەناوبردنیدا. لەساڵی (926 = 1520ز) سوڵتان سەلیمی یەکەم پاش بەسەربردنی نۆ ساڵ لەفەرمانڕەوایەتی کۆچی دوایی کرد.



## سلێمانی یەکەم ( سلێمانی قانونی، سلێمانی مەزن )

سلێمانی یەکەم ( سلێمانی قانونی، سلێمانی مەزن )

سلێمانی قانونی بریتیە لەیەکێك لەناودارترین سولتانو خەلیفەکانی عوسمانی، لەنێوان سالانی (1495 – 1566ز) ژیاوەو بۆ ماوەی (46) چلو شەش سالّ لەماوەی سالّی (1520ز)ەوە فەرمانڕەوایەتی کردووە، بەوەش دەبێتە خاوەنی درێژترین ماوەی فەرمانڕەوایەتی لەنێوان سولتانەکانی عوسمانیدا. لەماوەی فەرمانڕەوایەتیکردنیدا رووبەری دەولّەتی عوسمانی زیادیکرد، بەشێوەیەك تا باکوری ئەمریکای والا کردو لەئەوروپاش دەولّەتی مەجەڕی لەناوبردو شارەکانی ڤیەنناو بەلگرادی گرت.

باوکی ناوی سولتان سەلیمی یەکەمی عوسمانیو دایکیشی ناوی (حەفصە سولتان کچی مەنکولی کرانی خانی قرم)ە. سولتان سلێمانی قانونی هەستاوە بەزۆر کاری بیناسازی، لەسەردەمی دەسەلاتو فەرمانڕەواییدا مزگەوتی سلێمانی لەلایەن بیناساز (سنان)ەوە بونیاد نراوە هەروەك هەستاوە بەهەلمەتێکی بیناسازی لەشاری قودسو لەچوارچێوەشدا چاککردنەوەی پایەکانی قودسی ئێستا. هەروەك سولتان سلێمان ناسراوە بەوە کەیاسای دارشتووە بۆ رێکخستنی کاروباری دەولّەتو یاساکانیش ناسراوە بەناوی (یاسانامەی سولتان سلێمان)، واتە دەستوری سولتان سلێمان، ئەو یاسایانەش مانەوەو تاوەکو سەدەی نوزدەیەمی زایینیو جێبەجێکران، ئەوەش سەرچاوەی ناودێرکردنی سولتان سلێمان بوو بەنازناوی (سلێمانی قانونی)، بەلام فەرەنسیەکان بەنازناوی (سلێمانی مەزن) نازی سولتان سلێمانی قانونیان ناودێر کردووە. سولتان سلێمانی قانونی لەکاتی گەمارۆدانی شاری (سیکتوار) لەرۆژی (1566/9/5ز) کۆچی دوایی کرد.



سەلیـــمی دووەم

سەلیمی دووەم

سـەلیمی دووەم کـوڕی سـوڵتان سـلێمانی قـانونی لـەنێوان سـاڵانی (930 – 982ک/ کـە دەکاتـە 1524 – 1574ز) ژیاوەو بریتیە لەخەلیفەو سوڵتانی یانزەیەمی عوسمانیـەکانو کەسـێکی شـاعیریش بـووە، دایکـی نـاوی (ڕۆکسلان) بووە کە بەڕەچەڵەك رووسی بـووە. سـوڵتان سـەلیمی دووەم دوای بـاوکی سـاڵی (974 ک/ 1566ز) فەرمانڕەوایەتی گرتۆتە دەست. دایکی کەلەگەڵیدا بووە هەستاوە بەهاندانی باوکی (واتە سوڵتان سلێمان) لەسـەر کوشتنی هەردوو کوڕەکەی تری سوڵتان سلێمانی قانونی کـە لـەژنێکی تـر بـوون بۆئـەوەی کوڕەکـەی خـۆی واتـە (سەلیمی دووەم) بەتەنها فەرمانڕەوایەتی بگرێتە دەست.

سوڵتان سەلیمی دووەم سوڵتانێکی لاواز بووەو ژمارەیەك لـە دەسـەڵاتەکانی خـۆی بەخـشیوە بـەوەزیرەکانی، کـاتێکیش ڕێگـری کـرد لەبەخـشینی بەخـشش بـۆ سـەربازەکان، سەرپێـچی دەرکـەوت لـەنێو سـوپاداو ناچـاربوو کەدیسان بەخشش بداتەوە، هەندێك دەگێڕنەوە کە ئەگەر شانو شکۆی دەوڵەتی عوسمانی نەبووایە لـەرابردووداو هاوکات هێزی وەزیرەکـەی (محەمـەد سـەقلی) ، نەبووایـە ئـەوا دەوڵـەتی عوسمـانی لەسـەردەمی ئـەم سـوڵتانەدا دەرکەوت.

ڕێککەوتننامەیەکی لەگەڵ نەمسا گرێداو تیایدا دانـی بـەوەدانا کەنەمـسا موڵـكو مـاڵی لـەوڵاتی مەجـەڕدا هەیـە لەبەرامبەر دانی سەرانەیەکی ساڵانە بەسەڵتەنەتی عوسمانی، هەروەها هاوپەیمانەکانی لەگـەڵ پۆڵۆنیـاو فەرەنـسا نوێکردەوە.

هاوکات فەرەنسا لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی دووەمدا نێـرژە مەسـیحیو تەشـبیریە کاسـۆلیکەکانی نـارد بـۆ نێوهاوڵاتیـانو رەعیەتـەکانی لـەناوخۆی دەوڵـەتی عوسمانیـدا، بـەوەش کـارکردن دژی عوسمانییـەکان لـەناوخۆو پەروەردەکردنی مەسیحیەکان لەسەر پەیوەندی بەفەرەنساوە دەستی پێکرد. لەوڵاتی یەمەن شـۆڕشو راپـەڕینێك بەفەرمانی (موتەهری کوڕی شەرەفەدین) بەرپابوو، سوڵتان سەلیمی دووەم سـوپایەکی گـەورەی بەسـەرکردایەتی عوسمان پاشاو کۆمەکی سنان پاشای والی میسر ناردو توانیان بەسەر شۆڕشـدا سـەربکەونو لـەناوی بـەرن سـاڵی (976ز).

هەروەها هـەر لەسـەردەمی سـوڵتان سـەلیمی دووەمـدا قـوبرس داگیرکـرا. پاپـا پـەیمانێکی لەگـەڵ ئیـسپانیاو بوندوقیـــەدا گرێـدا دژی عوسمانییـــەکانو لـــەم نێوەندەشـدا راهیبـــەکانی دورگـەی ماڵتـــاش پـــشتگیری پاپـــاو هاوپەیمانەکانیان کردو توانیان لەشەڕێکی دەریاییدا بەسەر عوسمانیەکاندا سـەربکەون، بـەڵام ئـەو هاوپەیمانێتیـە مەسیحیە جیاوازی تێکەوتو بوندوقیە ڕێکەوتننامـەی پێـشکەشکرد لەگـەڵ دەوڵـەتی عوسمانیـدا، بـەوەش سـاڵی (980ك) هەردوولا ڕێکەوتن.

هەرچی ئیسپانیابوو سالی (980ك) ولاتی تونسی داگیرکرد، پاشان عوسمانیەکان بەهەشت مانگ لەژێر دەستی ئیسپانیەکان گێڕایانەوە. هەروەها سوڵتان سەلیمی دووەم توانی بەسەر یاخیبوونێك لەمیرنشینی بغدان سالی (981ك) سەربکەوێتو لەناوی ببات.

دواجار لەرۆژی (27ی شەعبانی 982ك)و دوای هەشت سالّ لەفەرمانڕەوایەتیکردن، سوڵتان سەلیمی دووەمی عوسمانی کۆچی دوایی کرد.



مورادی سێیەم

مورادی کوڕی سەلیمی دووەمی کوڕی سلێمانی قانونی، بریتییە لەیەکێك لەخەلیفەکانی دەوڵەتی عوسمانی. سالی (953ك) لەدایك بووەو سالی (982ك) دوای مردنی باوکی دەسەلاتی گرتۆتە دەست، دوای ئەوەی دەسەلاتی گرتۆتە دەست فەرمانی کردووە بەقەدەغەکردنی خواردنەوەی مەی، بەلام شۆڕشی ئینکیشاریەکان ناچاریان کرد کە واز لەم بڕیارە بهێنێت.

ولاتی پۆلۆنیا چووە ژێر پاراستنی دەوڵەتی عوسمانیەوە سالی (983ك)، ئیمتیازاتەکانی بۆ دەوڵەتە ئەوروپیەکان (فەرەنساو بوندوقیە) نوێکردەوە.

شۆڕشێك لەمەراکیش لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی سوڵتان مورادی سێیەمدا روویدا، سەرکردەکانی ئەو شۆڕشە پەنایان بردبووە بەر پورتوگالیە مەسیحیەکان، لەکاتێکدا سوڵتانی مەراکیش داوای هاوکاری لە سوڵتانو خەلیفەی عوسمانی کردبوو بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەو بۆیە سۆڵتان مورادی سێیەم هێزێکی بۆ ناردو توانییان بەسەر پورتوگالییەکانو شۆڕشگێڕاندا سەرکەونو دەسەلاتی شەرعیان بۆ فەرمانڕەواییکردنو دەسەلاتەکەی گێڕایەوە لەمەراکیش.

هەر لەسەردەمی سوڵتان مورادی سێیەمدا، عوسمانیەکان مردنی شا توهماسبی شای دەوڵەتی سەفەویو کوژرانی کوڕەکەیان سالی (984ك) قۆستەوەو سوپایەکیان ئاراستەکرد بۆ داگیرکردنی شاری کەرەجو سالی

(985ک) چوونە نێو شاری (تفلیس)ی پایتەختی دەوڵەتی سەفەویو پاشان ڕۆیشتنەکەیان تەواو کرد رووەو شیروان لەناوچەی ئازەربایجانی باکورو توانیان ساڵی (986ک) بچنە نێویەوە. عوسمانیەکان داوایان لە خانی قرم کرد (واتە دەسەلآتداری ناوچەی قرم) کەهاوکارییان بکەن لەشەرکردنیان لەگەڵ سەفەوییەکاندا، بەلآم ئەوان رەفزیان کردەوە، بۆیە عوسمانیەکان سوپایەکیان نارد بۆ تەربیەت دانانی خانو سوپای عوسمانی گەمارۆی ناوچەکەیان دان.

لەم نێوەندەدا عوسمان پاشای سەرکردەی سوپای عوسمانی هەستا بەبەلێندان بەبرای خانی قرم بەوەی ئەگەر هاتوو یارمەتی عوسمانییەکانیدا، ئەوا پاش سەرکەوتنی عوسمانیەکان، ئەو دەکەنە فەرمانڕەوا، بۆیە براکەی خان رەزامەندی دەربڕیو هەستا بەکوشتنی (خان)ی برای بەژەهر، پاشان عوسمان پاشا چووە نێو هەموو پایتەختی خانەوە. بەگەڕانەوەی عوسمان پاشاش بۆ ئەستەمبوڵ، وەك سەدری ئەعزەم دەست نیشانکرا. سەفەوییەکانیش لەچەند جەنگێکدا بەرامبەر سەفەوییەکان تێکشکان بەمەش ناچاربوون تەنازول لەچەند ویلایەتێکی دەوڵەتەکەیان بکەن بۆ عوسمانیەکان.

شۆڕشێك روویدا کەئەندامانی میرەکانی ئەفلاقو بغدانو ترانسلفانیا پێی هەستانو چوونە ریزی نەمساوە، عوسمانیەکانیش سنان پاشای سەدری ئەعزەمیان ناردو ڕۆیشت بۆیانو چووە نێو (بوخارست)ی پایتەختی ئەفلاقەکانەوە، بەلآم میری ئەفلاق توانی لەکۆتاییدا سەربکەوێتو عوسمانیەکانیش پاشەکشەیان کرد بۆ دوای رووباری دانوبو چەند شارێکیان دۆڕاند.

دواجار سوڵتان مورادی سێیەم لەساڵی (1003ک) کۆچی دوایی کرد.



محەمەدی سێیەم

محەمەدی سێیەم

محەمەدی سێیەمی کوڕی موڕادی سێیەمی کوڕی سەلیمی دووەم، بریتیە لەسیانزەیەم سوڵتانو خەلیفەی عوسمانی، لەنێوان ساڵانی (974 – 1012ك) کە دەکاتە (1566 – 1603ز) ژیاوە، لەساڵی (1595ز)یشەوە جڵەوی فەرمانڕەوایەتی گرتۆتە دەست، سوڵتان محەمەدی سێیەم شاعیر بووە، لەبنەڕەتدا کوڕی کەنیزەکێکی شاری بندوقیەی ئیتاڵیایە، کەسوڵتان موڕادی سێیەمی باوکی کڕیو هەڵیبژارد بۆ خۆیو دایکی سوڵتان محەمەدی سێیەم کاریگەرییەکی گەورەی لەسیاسەتدا هەبووە. سوڵتان محەمەدی سێیەم خۆی سەرکردایەتی سوپای کردووەو بەسەر مەجەڕو نەمسادا لەڕووداوی (کرزت) ساڵی (1005ك) سەرکەوتووە.

لەناوچەی ئەنادۆڵداو لەرۆژگاری فەرمانڕەوایەتیدا، یاخیبوونێك روویدا لەلایەن ژمارەیەك لەو سەربازانەی کەلەجەنگی (کرزت) هەڵاتبوونو دەوڵەتی عوسمانی دووری خستبوونەوە بۆ ئەنادۆڵ، بۆیە سوپاکانی عوسمانی گەمارۆیان دان، سەرۆکی یاخیبووەکان ئامادەباشی دەربڕی بۆ خۆ تەسلیم کردن لەبەرامبەر ئەوەدا کەبیکەن بەکار بەدەستو والی (ئەماسیا)، سوڵتان محەمەدی سێیەمی عوسمانی رازیبوو، بەڵام جارێکی تر یاخیبوویەوەو هەستان بەهەڵگیرساندنی شۆڕشێکی نوێ، بۆیە عوسمانییەکان کوشتیانو براکەی دوای خۆی سەرکردایەتی شۆڕشەکەی کرد، بەوەش ویلایەتی بۆسنەی پێ بەخشرا.

هاوکات یاخیبوونو شۆڕشێکی تر کە بریتی بوو لەشۆڕشی خەیالە (السباه) لەئەستەمبوڵ هەڵگیرساو دەوڵەتی عوسمانی بۆ لەناوبردنی ئەم شۆڕشە پەنای بردە بەر هێزی ئینکاشارییەکانو بەکرداریش دەوڵەتی عوسمانی توانی بەسەر ئەم شۆڕشەدا سەربکەوێت پاش ئەوەی هەموو ئەو مزگەوتو شوێنانەی کەدەستیان پێگەیشتبوو خراپو تاڵانیان کردبوون. دواجار سوڵتان محەمەدی سێیەم لەساڵی (1012ز) کۆچی دوایی کرد.



ئەحمەدی یەکەم

ئەحمەدی یەکەم

ئەحمەدی یەکەم کوڕی محەمەدی کوڕی موراد (998 – 1062ك/ کە دەکاتە 1590 – 1617ز)، بریتیە لەسوڵتانی چواردەیەمی عوسمانی ئەم سوڵتانەش شاعیر بووەو دیوانێکی چاپکراوی هەیە، ساڵی (1603ز) گەیشتۆتە دەسەلات. سەردەمەکەشی سەردەمی جەنگو یاخیبوونو شۆڕش بووە دژی دەوڵەتەکەی، واتە دەوڵەتی عوسمانی.

کاتێك دەسەلاتی گرتە دەست تەمەنی تەنها (14) چواردە ساڵ بوو، لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتیکردنیدا چەند شۆڕشو راپەرینێك دژی دەوڵەتی عوسمانی روویداوەو هەڵگیرساوە، وەك بزوتنەوەی (جان پۆلادی کوردی) کەتێکشکاو ناچاربوو هەڵبێت بۆ ئیتالیا. لەلایەکی ترەوە شاعەبباسی سەفەوی هەستا بەداگیرکردنی ژمارەیەك شاری شوێنکەوتەی دەوڵەتی عوسمانیو سوڵتان ئەحمەدی یەکەم ناچاربوو کەرێکەوتن بگرێتەبەر لەنێوان دەوڵەتەکەیو دەوڵەتی سەفەویدا، لەو رێکەوتنەشدا عوسمانیەکان هەموو ئەو ناوچانەی کەپێشتر سوڵتان سلێمانی قانونی خستبوویە سەر دەوڵەتی عوسمانی لەزەوییەکانی رووی دەوڵەتی سەفەوییەوە لەدەستیدا. دیسان دەوڵەتی عوسمانی رێکەوتنێکی لەگەڵ نەمسا گرێداو لەو رێکەوتنەشدا نەمسا خۆی رزگارکرد لەو سەرانە سالانەیەی کەدەیدا بەدەوڵەتی عوسمانی. هەر لەسەردەمی دەسەلاتی سوڵتان ئەحمەدی یەکەمدا چەند شەڕێکی دەریایی لەنێوان کەشتیگەلی عوسمانیو کەشتیگەلی دەوڵەتە ئەوروپیەکاندا روویداو لەزۆربەی ئەو شەڕانەشدا، سەرکەوتنو ئەنجامەکانی بەقازانجی ئەوروپا کۆتایی پێ هاتووە. بەوەش ئیمتیازاتی دەوڵەتە ئەوروپیەکان لەنموونەی فەڕەنساو ئینگلتەراو هۆڵەندا تازەبوویەوە لەسەر دەوڵەتی عوسمانی.



**مستەفای یەکەم( مستەفاخان )**

**مستەفای یەکەم( مستەفاخان )**

سوڵتان مستەفای یەکەم، واناسراوە کە عەقڵی لاواز بووەو دووجاریش دەسەلاتی گرتۆتە دەست. مستەفای یەکەم کوڕی محەمەد، لەنێوان سالانی (1592 – 1639ز) ژیاوە، دووجار مختی دەسەلاتی گرتۆتە دەست، لەجاری یەکەمدا بۆماوەی سێ مانگ ساڵی (1617ز)و لەجاری دووەمدا (7) حەوت مانگ ساڵی (1623ز). وادەگێڕنەوە کەعەقڵی تەواو نەبوویێت.

دوای مردنی سوڵتان محەمەدی یەکەم، پێویست بوو کەکوڕی گەورەی سوڵتان لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دابنیشێت لەگەڵ جێگرەکەی کە (عوسمانی دووەم)بوو، بەڵام سەرەتاکانی پێگەیشتنی خێراو سیاسەتی بەهێزو سروشتی توند کە لەکەسایەتی وەلی عەهددا دەرکەوت زۆرێك لەپیاوانی دەوڵەتی عوسمانی ترساندو فێڵیان کرد لەسەر ئەوەی کە لەسەڵتەنەتو دەسەڵاتدا جێگیری نەکەن، لەم پلانەشدا ژنی سوڵتانی کۆچکردوو کەناوی (کوسم مهبیکر) بوو بەشداری کرد کە ماڵو سامانە زۆرەکەیو زیرەکیو فێڵو پلانەکانی خەرجکردبوو بۆئەوەی دانیشتنی عوسمانی دووەم لەسەر تەختی دەسەڵات قەدەغە بکاتو رێگری لێبکات، هەموو ئەوەش کەدەیویست، ئەوانەی کە بەکارەکە هەڵدەستانو یاساو دابو نەریتەکانیان بەدەست بوو، ئەمانەیان تێپەڕاندو (مستەفای کوڕی محەمەد)یان لەتەختی دەسەڵات دانیشاند کە لەبنەڕەتدا برای سوڵتان ئەحمەدی یەکەمی عوسمانی بوو. سوڵتان مستەفای یەکەم لە بەدبەخترین سوڵتانەکانی دەوڵەت بوو، پێش ئەوەی تەختی دەسەڵات بگرێتە دەست، ژیانی بەکەنارگیری بەسەر بردبوو، هەروەها عەقڵی لاوازو بیرکۆڵو بێ ئەزموون بوو، لەبنەڕەتیشدا شیاو نەبوو بۆ ئەم پلەو پایەیە، بەڵام پیلان گێڕان ویستیان گاڵتە بەتواناکانی دەوڵەت بکەن لەپشتی دەرکەوتنی ئەم سوڵتانەوە. سوڵتانی نوێ نەیدەتوانی لەپلەو پایەکەیدا بەم شێوەو دۆخە خراپە بمێنێتەوەو تەنانەت ئەم رەوشو بارودۆخەشی رێگەی پێنەدەدا کەگوندێکی بچوك بەڕێوە ببات، ئیتر چۆن دەیتوانی دەوڵەتێکی مەزنو پەلو پۆداری فراوانی وەك دەوڵەتی عوسمانی بەڕێوەببات، بۆیە پاش سێ مانگ بەنزیکەیی کەنارگیر کرا لەپلەو پایەکەیو عوسمانی دووەم دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی گرتە دەست لەرۆژی (1ی رەبیعولئەوەلی 1027ك/ کە دەکاتە 1618/2/26ز).

**گەڕانەوەی سوڵتان مستەفای یەکەم بۆ فەرمانڕەوایی**

کاتێك ئاژاوەی گەورەی نێوان عوسمانییەکان کلپەی سەند لەرۆژی (18ی رەجەبی 1031ك/ کە دەکاتە 1622/5/19ز)، سوڵتان عوسمانی دووەم ویستی کۆنترۆڵی بکات، بەڵام کارەکان لەدەستی دەرچوونو چوونە دەستی تاقمێك کەرزگاریان نەدەبوو لەبارودۆخەکان تەنها مەگەر بەتیرۆرکردنی سوڵتان عوسمانی دووەم نەبێت، پێش ئەوەی سوڵتان بەسەر ئەماندا سەربکەوێتو تێکیان بشکێنێت. بۆیە لەرۆژی (18ی رەجەبی 1031ك/ کەدەکاتە 1622/5/19ز) شۆڕشگێڕانو ئاژاوەچییەکان لەمزگەوتی گەورەی فاتیح کۆبوونەوە، دەروونیان پڕبوو لەتووڕەییو غەریزەی تۆڵەسەندنەوەو رزگاربوون. مێژوونووسان لەسەر ئەو تووڕەییە بێ عەقڵیە ناوی (بیسەروبەرەیی عوسمانیەکان)یان بەسەردا بڕیوە لەمێژوودا، پاش کۆبونەوەی شۆڕشگێڕان، دواتر روویان کردە گۆڕەپانی سوڵتان ئەحمەدو داواکاریەکانیان راگەیاندو داوایان کرد کەسوڵتان شەش کەس لەپیاوانی دەوڵەت لەسێدارە بدات، لەریزی پێشەوەیاندا (عومەر ئەفەندی) مامۆستای سوڵتان. شۆڕشگێڕان بڕوایان وابوو کە ئەو خاوەنی راستەقینەی ریفۆرمو چاکسازییە، بەڵام سوڵتان داواکارییەکەی رەفزکردنەوەو بەئاشکراش هەڕەشەی لێکردن.

شۆڕشگێڕان چوونە نێو کۆشکی سوڵتانەوە دوای ئەوەی دەرگاکانی کرابوونەوە بەبێ بەرگری بەهۆی خیانەتو ناپاکییـەوە، لـەقاتی یەکەمـدا کۆبوونـەوە، لەپـشتی شۆڕشـگێڕانەوە (کوسـم مهیبکـر) دایکـی سـوڵتان مـستەفا راوەستابوو، زۆرێك لەپیاوانی کۆشکی سوڵتانی ئامادەباشو دەست خەڕۆ کردبوو، هەروەها پارەیەکی بێشوماری پێشکەش کردبوونو بەڵێنێکی دەستکراوانەشی بەشۆڕشگێڕان دابوو.

زانایان بڕوایـان وابـوو کـەدەتوانری سـوڵتان بگێڕدرێتـەوەو ناچـاربکرێ لەسـەر رێگـەی راسـت، بـەڵام داوایـان نـەدەکرد لابرێـت لەدەسـەڵات، بـەڵام ئینکیـشارییەکان شمـشێرەکانیان بـەرزکردەوەو کارەکـەیان شـاردەوەو سووربوون لەسەریو تیایدا رابردوبوون، لەولاشەوە زانایان دەستەوستان بـوون بەوەسـتاندنی سەرکێشیەکانیان، شۆڕشـگێڕەکان ناچـاربوون لەسـەر رێبازەکـەی خۆیـان بـڕۆن، ئـەوەبوو سـوڵتان عوسمـانی دووەمیـان لابـرد لەدەسەڵاتو بەیعـەتیان دا بەسـوڵتانی پێـشوو (مـستەفای یەکـەم)، کـە لەپێـشووتردا لەمێـژووی عوسمانیەکانـدا لەسەردەمی رۆژگاری سوڵتان محەمەدی فاتیحیەوە شتی وا روویـنـەدابوو، کـەبریتی بـوو لـەوەی دانـانی سـوڵتانێك بەرێوەچوو کەپێشتر دانیشێنراوەو لابراوە لەسەر تەختی دەسەڵاتو سەڵتەنەت.



**سوڵـــــتان عوسمانی دووەم**

**بارودۆخی سەردەمی سوڵتان عوسمانی دووەم**

عوسمـانی دووەم، بریتیـە لەسـوڵتانی شـانزەیەمی عوسمـانی، لـەنێوان سـاڵانی (1604 – 1622ز) ژیـاوە، کەنارگیرکراوە لەدەسەڵات دوای ماوەیەك لەفەرمانڕەوایەتیکردن کە پێنج ساڵی تێنەپەڕاندبوو، دوای ئەوە زیندانی کراو لەداردراو کوژرا، لەکاتێکدا تەمەنی (18)هەژدە ساڵی تێنەپەڕاندبوو.

سوڵتان عوسمانی دووەم شاعیرو خۆشنووسێکی کارامەبوو، هـەروەها زۆر حـەزی لەسوارچـاکی بـوو، زۆریـشی خۆشدەویـستو کۆمـەڵێك لەباشـترین ئەسـپەکانی هـەبوو. سـوڵتان ئەحمـەدی یەکـەم لـەماوەی کۆتـایی فەرمانڕەوایەتیکردنیدا شارەزاییەکی فراوانی لەسوڵتان عوسمانی دووەمـەوە بـۆ بـەڕێوەبردنی کاروبـاری دەوڵـەت

چـنگ کـەوت، بۆیـە سـوڵتان عوسمـانی دووەم بـوو بەسـوڵتانێکی تازەپێگەیـشتوو کـە کەسـێکی بەهرەمەنـدو بەئـەزموون بـوو، تواناکـانی لەفەرمانڕەوایەتیکردنیـدا دەرکـەوت کـە لـەتوانای سـوڵتانەکانە مەزنـەکانی دەوڵـەتی عوسمانی دەچوو، لەوکاتانـەدا کەئومێدی رەعیەتـەکان تازەبوونـەوە بۆئـەوەی ئـەم سـوڵتانە بەڵێنـدەرە بتـوانێ گەنجێتی بۆ دەوڵەتی عوسمانی بگێڕێتەوە، دەستی قەدەر پێی گەیـشتو بـەلاوێتی کۆچـی دوایـی کـرد، ئـەوەش لەرۆژی (23ی زی لقەعدەی 1026ك/ کەدەکاتە 1617/11/22ز).

### سەردەمی فەرمانڕەوایەتیکردنی عوسمانی دووەم

عوسمانی دووەم سوڵتانێکی تێگەیشتوو رۆشنبیربوو سەرەڕای بچوکی لەتەمەندا، زۆر شتی دەربارەی مێـژووی ئەوروپا خوێندبوویەوە، شیعری دەڕازاندەوەو دادەنا، جەستەیەکی بەهێزو لەشو لارێکی سـاغو توانایـەکی باشـی لەزۆرانبازیو زاڵبوون بەسەر رکابەرێکانیدا هەبوو، بەم سیفەتانەش جیادەکرایەوە.

عوسمانی دووەم لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشتو لەبیرو هۆشـیدا هەسـتان بەئەنجامـدانی هەنـدێ چاکسازی مـەزن لەدەوڵەتـدا هـەبوو، هـەروەها گـۆڕینو ئـاڵوگۆڕ پێکردنـی سیـستمی بـەڕێوەبردنی دەوڵەتەکـەی لەهـەموو بوارەکاندا، بەڵام کەسێکی پەلەبوو، زیاتر بڕوای بەبازدان هەبوو لەوەی بڕوای بەپلەبەندی هەبێت، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کەتەمەنی لەو کاتەدا زیاتر لەسـیانزە سـاڵو چـوار مـانگ بـوو، بـەڵام پێگەیـشتوو بـوو، لـەرووی عەقڵـەوە کەسێکی بەهرەمەندیش بوو.

### پێکدادان لەگەڵ ئینکشارییەکاندا

دەوڵەتی عوسمانی چووە جەنگێکەوە دژی پۆڵۆنیـا لەسـەر ئـەوەی کـەپۆڵۆنیا تـەدەخولی کردبـوو لـەکاروباری ویلایەتی بغدان (کەدەیکردە سێ یەکی وڵاتی رۆمانیا)و ئەوکاتەش ئەو ویلایەتە شوێنکەوتەی دەوڵـەتی عوسمـانی بوو.

سوڵتان خۆی دەرچوو لەئەستەمبوڵەوە بۆ جـەنگو سـەرکردایەتی هەڵمـەتێکی سـەربازی کـرد لـەرۆژی (29ی جـەمادی کۆتـایی 1030ك/ کـە دەکاتـە 1621/5/12ز) و نزیکـەی (100) سـەدهەزار سـەربازی لـەخۆدەگرت، سـوپای عوسمـانی سـەرکەوتنێکی ئاشـکرای دەرخـستو لەسـەرکەوتنی تـەواو نزیـك بوویـەوەو بەهـەزارەها دیلـی پۆڵۆنی کەوتە دەستی عوسمانییەکان، پۆڵۆنیا ناچاربوو بۆ رێکەوتن، بەڵام سوڵتانی لاو ئارەزووی نەبوو رێکـەوتن ئـەنجام بـدات، سـەرکەوتن بەتـەواوی نزیـك بووبوویـەوە، بـەڵام سـەربازە ئینکـشارییەکان ناچـاریان کـرد لەسـەر

رێکەوتنو لەگەڵ ئارەزووەکانی خۆیاندا هێنایانە خوارەوە، بەوەش رێکەوتنی گرێدا لەگەڵ پۆڵۆنییەکانـدا لـەرۆژی (20ی زی لقەعدەی 1030ك/ کە دەکاتە 1621/10/6ز).

سوڵتان عوسمانی دووەم دیقی کردبوو لـەداخی ئینکشارییەکان بـەهۆی هەڵوێستە سەرشـۆڕەکەیانەوە، بۆیـە پرۆسە سەربازییەکانی وەستاندو رێکەوتنی گرێدا بێ ئەوەی هەموو ئامانجـەکانی لـەو جەنگـەدا بەدەسـت بهێنـێ. بۆیە سووربوو لەسەر خۆرزگارکردن لەئینکشارییەکان کاتێك دەرفەتی بۆ رەخسا.

**پێسەرو بەرەیی عوسمانییەکان**

سـوڵتان عوسمـانی دووەم بـیری لەچاکـسازی گـشتی لەهـەموو پارچـەکانی دەوڵەتـدا کردبوویـەوە، هەڵوەشاندنەوەی پێکهێنـانی ئینکـشاریو پێکهێنـانی سـوپای ناوەنـدی نـوێ بەسـەر بایەخدانەکانیـدا زاڵبووبـوو، بیرۆکەی چاکسازی کردنی دامەزراوەکان لەدەوڵەتدا لەبیروبۆچوونی (شێخ عومەر ئەفەندی)ی مامۆسـتای سـوڵتان عوسمانی دووەم بوو. سوڵتان پەلەی کرد بۆ ریفۆرم بەبێ رەچاوکردنی شعوری خـەڵکیو کامەیـە هۆکـاری ترسـی ئەوان، هەروەك سەرکەوتنی چاکسازییەکان پێویـستی بـەئامادەکردنی کـادری نـوێی راهێنـراو هـەبوو، بـەڵام ئـەم کادرانە دەستەبەر نەبوو بوو، سوڵتان بڕوای وابوو کە ئەوەی یاسایەو لەکوێداو کەی بیەوێت ریفۆرم ئـەنجام بـدات بەئاماژەیەك لێیەوە بەدەست دێت.

ئینکشارییەکان ئەو دەرفەتەیان قۆستەوە کەزانیان سـوڵتان عوسمـانی دووەم سـوورە لەسـەر جێبـەجێکردنی فەریزەی حەج، بۆیە سەرپێچی خۆیان راگەیاندو رەفزیان کردەوە کەسوڵتان هەستێت بەسەفەرکردن بۆ حەج، لەم کاتەشدا فەتوای زانایانی عوسمانی هەبوو بەوەی سەرقاڵبوون بەکاروباری دەوڵەتەوە خواپەرسـتیو بەندایەتیەکـە لەسەروی حەجەوە، چونکە مەراسیمی حەج لەو رۆژگارەدا کاتێکی درێژی دەخایاند.

چەند کاتژمێرێك تێنەپەڕیبوو لەراگەیاندنی سـوڵتانو سـووربوونی لەسـەر سـەفەرکردن بـۆ بـەجێهێنانی حـەج، تـاوەکو ئـەوە بـوو تـاقمی ئینکـشارییەکان کۆبوونـەوە لـەگۆڕەپانی سـوڵتان ئەحمـەد ئیمـام (کۆشـکی تـوب قـابی)کەلەوێشدا سـوڵتان عوسمـانی دووەمـی لێبـوو، شۆڕشـگێڕان ئـەو فەتوایـەیان لەگـەڵ خۆیانـدا هـەڵگرتبوو کەلەلایەن شێخی ئیسلام (ئەسعەد ئەفەندی)یەوە بەدەستیان هێنابوو کەدەڵێ: " پێویست ناکا حەجی پاشـاکانو مانەوە لەشـوێنەکانیان، بـەرپاکردنی دادپـەروەری لەپێـشترە بۆیـان بۆئـەوەی ئـاژاوە دروسـت نـەبێت ". لێـرەدا پشگیرییەکی روونو ئاشـکرای زاناکـان بـۆ ئینکـشارییەکان دەبینرێـت، زانراویـشە کەهـەر سەرپێـچیەك لەمێـژووی عوسمانیدا ئەگەر زاناکان پشتگیرییان نەکردبێت، ئـەوا سـوڵتان توانیویـەتی کـپو خامۆشـیان بکاتـەوە. هاوکـات روویـشی نـەداوە کـەهیچ سـوڵتانێك تـوانیبێتی سەرپێـچیو یـاخیبوونێکی سـەربازی دابمرکێنێتـەوە کـەزاناکان پشتگیرییان لێکردبێت. سوڵتان عوسمانی دووەم بەتوندو تیژیو کۆڵنەدانەوە رووبـەڕووی سەرپێـچیو یـاخیبوونی ئینکـشارییەکان بوویـەوەو سـووربوو لەسـەر گەشـت کـردن، تەنانـەت فەتواکـەی دڕانـدو بـەرووی سـەرکردەکانی

ئینکـشارییەکان فرێیـداو بەمـەش ئـاگری ئـاژاوە کڵپـەی سـەندو زیـاتربوو، لەولاشـەوە ئینکـشارییەکان کارەکەیان پێشتر شاردبوویەوە ئیتر ئەو چرکە ساتە هات بۆ ئاشـکراکردنی نیـەتو مەبەسـتەکانیانو هـەموو ئـەو شتانەی تر کە لەسنگیاندا شاردبوویانەوە.

سوڵتان عوسمانی دووەم شاری (بۆرصە)ی کردبـووە پایتـەختی کـاتیی بۆخـۆیو سـوربوو لەسـەر جوڵانـدنی هێـزی سـەربازی چڕ لەویلایەتـەکانی ئاسـیاوە تـاوەکو بەهۆیـەوە بتـوانێ بەسـەر ئینکـشارییەکاندا سـەربکەوێت، لەکاتێکدا دەیانزانی کەسوڵتان دەیەوێت چی بکات، کاتێك سوڵتان سووربوو لەسەر گەشت کـردن بـۆ بـەجێهێنانی حـەج، ئـەم هەڵوێـستەی سـوڵتانیان کـردە ترۆپکـی هەڵگیرسـاندنو کڵپەسـەندنی شۆڕشـەکەیانو راگەیانـدنی یـاخیبوونو سەرپێـچییەکەیان. کاتێـك سـوڵتان کڵپەسـەندنی ئاژاوەکـەی بینـی، ویـستی کـۆنترۆڵی بکـات، بـەڵام کاروبارەکانی لەدەستی دەرچووبوونو کەوتبووە دەستی گروپێکەوە کەدەیانزانی رزگاربوونیان نیە، تەنها مەگـەر بـەتیرۆرکردنی سـوڵتان نـەبێت، پـێش ئـەوەی سـوڵتان بەسـەریاندا سـەربکەوێت. بۆیـە لـەرۆژی (18ی رەجـەبی 1031ك/ کە دەکاتە 1622/9/19ز) ئاژاوەگێڕان لەمزگەوتی فاتیح کۆبوونەوەو دواتر چوونە گۆڕەپانی سوڵتان ئەحمەدو داواکارییەکانیان ئاشکراکردو سوڵتان بەئاشکرا هەڕەشەی لێکردن.

### کوژرانی سوڵتان عوسمانی دووەم

لەسەرەتاوە سوڵتان عوسمانی دووەم هەڵهات بـۆ شـاری (بۆرصـە)و ویـستی بـەرگری بکـات، بـەڵام نـەیتوانی، چونکە شۆڕشگێڕە یاخیبووەکان رێگـەیان بڕیبـوو، بۆیـە پـەنای بـردە دەرگـای ئاغـای بارەگـای ئینکـشارییەکان لەسـلێمانیو شـەوەکەی لـەوێ بردەسـەرو لەبـەیانی رۆژی کۆتـایی شۆڕشـدا (9ی رەجـەبی 1031ك/ کەدەکاتـە 1622/5/20ز) سوڵتان وتارێکی بۆ تاقمی یاخیبوو ئینکشارییەکان دا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لەراکێشانی دڵی ئەوان بەلای خۆیداو نەشیتوانی بەسەر هەوڵوێستەکەشیاندا زاڵ بێت. کەسە ژیرو عاقڵەکانی نێو ئینکشارییەکانیش دەستەوستان بوون لەوەدا کەپارێزگاری بکەن لەژیانی سوڵتان، بۆیە یاخیبووان سوڵتان عوسمانی دووەمی لاویان لەناوبردو بردیان بۆ (یەدی قولە) قەڵای حەوت بورج کـە بـوو بـوو بەزینـدانی فـەرمی دەوڵـەتو لـەوێ کوشـتیان. ماوەی دەسەڵاتی سوڵتان عوسمانی دووەم چوار ساڵو سێ مـانگ بـەردەوام بـوو، درێـژەی کێـشا، لـەو ماوەیـەدا سوڵتان هەستا بەئەنجامدانی چـەند چاکسازییەك، بـەڵام ئینکـشارییەکان رووبـەرووی بوونـەوەو بـەرگرییان کـرد، هاوکات سەربزێوی کردنی لەهەندێ کاتدا بوو بەهۆی لەخۆبایی بوونی سوڵتان، وەك کوشتنی براکەیو جێگرەکەی کـەناوی (محەمـەدی کـوڕی سـوڵتان ئەحمـەدی یەکـەم) بـوو لـەرۆژی (18ی سـەفەری 1030ك/ کـە دەکاتـە 1621/1/12ز) لەکاتێکدا تەمـەنی لـە شـانزە سـاڵی تێنەپـەڕیبوو، بۆیـە هەسـتان بەئەنجامـدانی نموونـەی ئـەم هەڵسوکەوتو رەفتارە گەمژانە هۆکارێك بوو لەبڵاوبوونـەوەی رق لێبوونـەوە لـەدژی، هاوکـات براکەشـی زۆر بـاش بوو، لەکاتی مردنیدا براکەی دوعای کرد هەمان سزای تووش بێت کەزانراوە لەمێژووی عوسمانیدا.



موورادی چوارەم

موورادی چوارەم

موورادی چوارەمی کوڕی ئەحمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی موورادی کوڕی سەلیمی کوڕی سلێمانی قانونی موڕی سـەلیمی یەکـەمی کـوڕی بایەزیـدی کـوڕی محەمـەدی فاتیحـەو یەکێکـە لەهەژدەیـەمین سـوڵتانو خەلیفـەکانی عوسمانی، لەنێوان ساڵانی (1018ك/ کە دەکاتە 1612ز) ژیاوە.

ماوەی (17) ساڵ فەرمانڕەوایـەتی کـردووە، لـەماوەی سـاڵی (1032ك/ کـە دەکاتـە 1623ز) لەوکاتەشـدا تەمەنی ((11) ساڵی زاینی بوو. لەسەدەمی ئەم سوڵتانەدا شاری بەغـداد چـووەتە ریـزی دەوڵـەتی عوسمانیـەوە لەساڵی (1639ز)، سوڵان زۆر حەزی بە شیعر کردووەو ژەنیارێکی مۆسیقی ناوازەش بووە.

سوڵتان موورادی چـوارەم کاروبـاری خەلافـەتو دەسـەڵاتی عوسمـانی دوای کـەنارگیرکردنی مـامی (مـستەفای یەکەم)بوو لەساڵی (1032ز) گرتۆتە دەست. کاتێك دەسـەڵاتی گرتۆتـە دەسـت تەمـەنی بـچووك بـووەو بەمـەش لەسەرەتاوە ئینکشارییەکان بەسەریدا زاڵ بوون.

لەبەغداد یاخیبونێك روویداو سوڵتان سوپایەکی بۆ نارد، بـەڵام سـەفەوییەکان چـوونە نێـو بەغـدادو دەسـتیان بەسەردا گرت، دوای مردنی شاعەبباس کوڕە بچووکەکەی شوێنی باوکی گرتەوەو عوسمانییەکان ئەم دەرفەتـەیان قۆستەوەو گەمارۆی بەغدادیان دا، بـەڵام نـەیانتوانی بـچنە نێویـەوە. ئینکـشارییەکان راپـەرینو سـوڵتان تەمـەنی گەورە بووبوو، بۆیە لەروویاندا وەستاو سەری ئاژاوەکانی ناویانی کوشت، بۆیە ئەوانیش ترسانو دانیشتن.

هەروەها یاخیبوونێك لەچیای لوبنان لەلایەن فەخرەدینەوە روویـداو والی عوسمانییـەکان لەدیمەشـق بەسـەریدا سەرکەوتو فەخرەدینی بەدیلی گرتو ناردی بۆ ئەستەمبوڵ، بەڵام سوڵتان رێزی لێگرت، سەرەڕای خراپـەکردنیو

ناپاکی، ئەو ڕێزگرتنەش نەوەی فەخرەدینی هانداو دەستی کرد بەجموجۆڵ، بەڵام سوڵتان چاوی بەم مەسەلەیەدا گێڕایەوەو فەخرەدینو کوڕە گەورەکەی کوشت. سوڵتان خۆیشی چوو بۆ سەفەوییەکانو چووە نێو تەبرێزی پایتەختیان ساڵی (1045ك)و دواتر گەڕایەوە بۆ ئەستەمبوڵ، بەوەش ورەی سەفەوییەکان بەهێزبوو، توانیان سوپای عوسمانییەکان تێکبشکێنن، بۆیە دیسان سوڵتان گەڕایەوەو چووە نێو شاری بەغداد ساڵی (1048ك) بەمەش ڕێکەوتن لەنێوان هەردوو دەوڵەت تەواو بوو ساڵی (1049ك).

دواجار سوڵتان مورادی چوارەم ساڵی (1049ك) مردو تەمەنی سیو یەك ساڵ بوو.



ئیبراهیمی یەکەم

ئیبراهیمی یەکەم

ئیبراهیمی یەکەم (1615/11/5 – 1648/8/12ز) یەکێك لەسوڵتانەکانی عوسمانی بووەو ماوەی فەرمانڕەواییکردنی لەنێوان ساڵانی (1640 – 1648ز)بووە. ناوی ئیبراهیمی کوڕی ئەحمەدی کوڕی محەمەدە. ساڵی (1024ك) لەدایکبووەو دەسەڵاتی دوای مردنی براکەی (سوڵتان مورادی چوارەم) گرتۆتە دەست ساڵی (1049ك) ئەو ڕۆژەی فەرمانڕەوایەتی تەسلیم کراوە تەمەنی بیستو پێنج ساڵ بووە.

لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتیدا قۆزاقەکان شاری (ئازاق)یان داگیرکردوەو سوڵتان ئیبراهیمی یەکەم سوپایەکی نارد بۆ بەرپەرچ دانەوەیان ساڵی (1052ك).

هەر لەرۆژگاری فەرمانڕەوایەتیکردنیدا دورگەی (کریت)ی ساڵی (1055ك) گرتووە، ویستی سەرکردەکانی ئینکشاری کەدژایەتییان دەکرد لەناو بەرێت، بەڵان ئینکشارییەکان زانیانو پلانیان لێ گێڕا و لەدەسەڵات

کەنارگیریان کردو کوڕە بچووکەکەی کەناوی (محەمەدی چوارەم)بوو، دەسەڵاتی گرتەدەست کەتەمەنی زیاتر نەبوو لە (7) ساڵانو ئەم ساڵەش کە دەسەڵاتی تێدا گرتە دەست، ساڵی (1058ك). دوای (10) ڕۆژ خەیاڵە (کەکەنیزەکێك) ئارەزووی کرد کەئیبراهیمی یەکەم بگێڕێتەوە، بۆیە ترسا لەکارەکەی بەوەی بێتە هۆی کەنارگیرکردنیو تۆڵەی لێ بسێننەوە، ئینکشارییەکان پێیان زانیو پەلەیان کردو لەو ساڵەدا سولتان ئیبراهیمی یەکەمیان(1058ك) کوشتیان.

## ماوەی فەرمانڕەوایی ئیبراهیمی یەکەم

ئیبراهیمی یەکەم پاش مردنی براکەی سولتان موورادی چوارەم لەڕۆژی (16ی شەوالی 1049ك/ کە دەکاتە 1640ز) دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، ماوەی فەرمانڕەوایەتیکردنی لەسەردەمی هەردوو برا ترسناکەکەیدا (عوسمانی دووەم و موورادی چوارەم) بردۆتەسەر دوور لەهەر کارو وەزیفەیەك، هەروەها کوژرانی هەرچوار برا گەورەکەی بەچاوی خۆی بینیوە، سولتان ئیبراهیمی یەکەم مایەوەو چاوەڕێی چارەنووسی ئەوانی دەکرد، ئەم دیمەنەش وایلێ کردبووکە کەسێکی هەڵچوو تووڕەو نائارام بێتو لەسەر شتێك سەقامگیر نەبێت، هەروەك نەیتوانی بەدەست هێنانە زانستیەکەی تەواو بکاتو بەمەش دیسان لێهاتوویی سەربازی بەدەست نەهێنا بەهۆی ئەو کەنارگیریەی کەبەسەریدا سەپێنراوبوو، لەسەرەتای فەرمانڕەوایەتیکردنیدا هەوڵیدا وەك سولتان موورادی چوارەمی برای بێت، بەڵام هیچ سیفەتێکی وای نەبوو، بۆیە کاروباری دەوڵەت تێکچوو، بەدوایدا سەدری ئەعزەمەکانی کەنارگیردەکردو دووری دەخستنەوە یاخود هەندێجار دەیکوشتن، لەبەرئەوەی دەوڵەی عوسمانی لەسەردەمی سولتان موورادی چوارەمدا شانو شکۆی بۆ گەڕابوویەوە، بەڵام کەمتەرخەمیو لێنەهاتووی سولتان ئیبراهیمی یەکەمو لاوازی سیاسەتەکەی کاریگەریەکی بەهێزی لەجەستەی ئەم دەوڵەتە گەورەیە جێنەهێشت.

## سیاسەتی ناوخۆی ئیبراهیمی یەکەم

لەپێناوی ئەوەی سولتان ئیبراهیمی یەکەم جێگیرێك بۆخۆی بەدەست بهێنێ، بنەماڵەی عوسمانیەکان لەقڕکردنی ڕزگاریان بووبوو. سولتان زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ کەنیزەکو کچەکانی کۆشکدا بەسەردەبرد، دایکی سولتان (کوسم مهیبکر) لەم ڕێگەیەدا پاڵی پێوەدەنا بۆئەوەی بتوانێ دەست وەرداتە کاروبارەکانی دەوڵەت، سولتان ئیبراهیمی یەکەم وەك نموونەی سولتان موورادی سێیەم ناسرابوو بەڕۆچوونو نغرۆبوونی لەگاڵتەو ئارەزووبازیداو سەرقاڵبوونی تاڕادەی بێ نرخیو بێ ئەرزشی.

بەهۆی ئەم ژیانە ئارەووبازیو زیادەڕۆییەوە کەسولتان تێیدابوو، ژنانی حەرامسەرای سولتان دەستیان وەردەدایە کاروباری دەولەتو نفوزی خۆیان خستبووە دامو دەزگا حکومیەکانەوە، کاریگەری ئەم ژنانو حەرامسەرایانەی کۆشك گەیشتبووە ئاستێك کەسولتان ئیبراهیمی یەکەم وایلێکردبوو سەدری ئەعزەم (قەرە مستەفا پاشا) بکوژێتو ئازایەتی سەدری ئەعزەم لەدژایەتیکردنی دەولەتی سەفەویدا لای سولتان هیچ شەفاعەتێکی بۆ نەکرد. پاشان (یوسف پاشا)ی سەرکردەی هەلمەتی دەریایی بۆ سەر دورگەی (کریت)یش کوشت. بەم رەفتارو هەلسوکەوتانەی سولتان، دەولەتی عوسمانی پیاوە بەتواناکانی لەدەستدا کەبەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان گرتبووە ئەستۆ، ئەو کەسانەش جێگەیان دەگرتنەوە هیچ تواناو پلەو پایەیەکی ئەوانیان نەبوو، بەوەش تادەهات کاروبارەکان خراپتر دەبوو، مردنی شێخو لئیسلام (یەحیا ئەفەندی) دەولەتی عوسمانی رەگەزێکی گرنگی لەرەگەزەکانی هاوسەنگی گەورە لەدەستداو بەمەش سولتان بوو بەخاوەنی شارەزاییەکی کەمو نێچیری دەستوپێوەندە لاوازەکانیو ئەمەش پالی پێوەنا بۆ ژیانی ئارەزووبازی. پروپوچی زیادیکردو وای لەسولتان ئیبراهیمی یەکەم کرد کەدووچار هەستی بەکوشتنی مەسیحیەکان لەئەستەمبولَ، تاوەکو (ئەسعەدزادەو ئەبو سەعید ئەفەندی) شێخو لئیسلام لەروویدا وەستانو بەئاگایان هێنایەوە لەهەستان بەنموونەی ئەم کارانە.

### داگیرکردنی دورگەی کریت

سەرەڕای ئەو دۆخە خراپەی کەدامو دەزگاکانی حکەمەتی عوسمانی لەسەری بوو، هەروەها جگە لەوەی کەژنانی کۆشك نفوزی خۆیان خزاندبووە ئەو دامو دەزگایانەوە. بەلام دەولەت بەبەهێزی مابوویەوەو کاریگەری زۆری نەبوو بەهۆی پەلکوتانی سولتانو گەورە پیاوانی دەولەتەوە. سولتان ئیبراهیمی یەکەم لەکاتی بەئاگاهێنانەوەی بۆ بەدواداچوونی پلەوپایەکەی هەستا بەگرتنی دورگەی کریت، سەربەخۆیی ئەم دورگەیە لەنفوزی دەولەتی عوسمانی کارێك بوو جێگەی واق وڕمان بوو، بۆیە دەولەتێکی گەورەی وەك دەولەتی عوسمانی کە کەشتیگەلی هەمیشەیی لەزەریای ئەتلەسیدا هەبوو، دورگەی کریتی واز لێهێنابوو کە کەوتبووە نێو دەستەکانیەوەو ملکەچی کۆماری بوندوقیەبوو.

کاتێك ئەوە روویدا کە کەشتیەکی عوسمانی کە پیاوو ژنو منالی هەلگرتبوو، کەوتە دەستی سەربازەکانی قەدیس (یوحەننا)و بارەگاکەی دورگەی مالتابوو، کەشتیەکەش لەرێگەدابوو بەرەو حیجاز، ئەو چەتە دەرياییانە هەستان بەکوشتنی پیاوانی نێو کەشتیەکەو بەدیلگرتنی ژنو منالەکانی ناوی.

لەئاکامی ئەم رووداوەشدا دەولەتی عوسمانی بڕیاری دەستگرتنی بەسەر دورگەی کریتدا، سولتان ئیبراهیم بەجدی سەردانی خەزێنەی چەكو تەقەمەنیە دەرياییەکانی کردو خۆی سەرپەرشتی ئەو ئامادەکارییەی کرد، هەروەها فەرماندەیەتی گشتی بەخشی بە (یوسف پاشا)و هەلمەتە دەریاییەکەی عوسمانییەکان لە (5ی رەبیعولئەوەلی 1055ك)/کە دەکاتە 1645/4/30ز) جولا، ئەو هەلمەتە (106) سەدو شەش کەشتیو (300)

سێ سەد گوازەرەوەی سەربازو زیاتر لە (70) حەفتا هەزار سەربازی لەخۆ گرتبوو، لەرێگەدا بە نافارین وەستا، پاشان هەڵمەتەکە گەیشتە کریتو گەمارۆی دەوروبەری قەڵای (کاتیە)یاندا، قەڵاکە خۆیدا بەدەستەوە سەرەڕای پتەویو هێزی بەرگری، بەڵام هەڵمەتەکە نەیتوانی بەسەر هەموو دورگەکەدا زاڵبێت، عوسمانیەکان هێزێکیان جێهێشت بۆ پارێزگاریکردنی قەڵای کاتیە کەژمارەی (12000) دوانزە هەزار سەرباز دەبوو. هەروەها بۆ گرتنو داگیرکردنی پارچەکانی تری ئەو دورگەیە، لەساڵی دواتردا عوسمانییەکان گەمارۆیەکیان سەپاند بەسەر (کندیا)ی پایتەختی دورگەکەدا، بەڵام بەبێ داگیرکردن، سەربازی ئینکشارییەکان هەڵگەڕانەوەو یاخیبوون لەعوسمانییەکان.

## یاخیبوونی ئینکشارییەکانو لابردنی سوڵتان ئیبراهیمی یەکەم

بارودۆخی دەوڵەت تا دەهات زیاتر خراپتر دەبوو، پارەو داهاتەکەی شپرزە بوو بوو، ئینکشارییەکان دەستیان کردە تەکەتولو دەستێوەردان لەکاروباری دەوڵەت. سوڵتان ئیبراهیمی یەکەم هەوڵیدا ئاژاوەکە بنەبڕ بکاتو رزگاری بێت لەگەورەو سەرکردەکانی ئینکیشارییەکان دوای ئەوەی دەنگیان بەرزکردەوە، هەروەها دەستێوەردانیان لەکاروبارەکانی دەوڵەت زیاتر کرد. هاوکات وەزیفەی بنەڕەتی خۆیان وازلێهێنا کەبەرگریکردن بوو لەدەوڵەتی عوسمانیو هێرشکردنە سەر دوژمنەکانی ، بەپێچەوانەوە دەستیان کرد بەبۆڵاندنو دژ وەستانەوەی کارەکانی سوڵتان، هەروەها هەستان بەدزیو تاڵانکردن.

کاتێك ئینکیشارییەکان زانییان بەمەبەستەکانی سوڵتان، خێرا جوڵانو شۆڕشەکەیان ئاشکراکردو راگەیاند، لەم شۆڕشەشدا شێخو لئیسلام (عەبدورەحیم ئەفەندی) هاوکاری کردن، لەگەڵ هەندێك لەزاناکان، هاوکات (کوسم مهیبکر)ی دایکی سوڵتان ئیبراهیمی یەکەم لەپێشەوەی شۆڕش راوەستابوو، هەموو لایەك رێکەوتن لەسەر لابردنو کەنارگیرکردنی سوڵتان ئیبراهیمی یەکەمو جێگرتنەوەی کوڕەکەی (محەمەدی چوارەم). لەکاتێکدا تەمەنی حەوت ساڵانی تەواو نەکردبوو، ئەو شۆڕشەش لەرۆژی (8ی رەجەبی 1058ك/ کە دەکاتە 1648/8/8ن) روویداو شۆڕش توانی سوڵتانێکی ناتواناو لێنەهاتوو تاڕادەیەکی گەورە لەسەر کار لاببات و شیاونەبوو کەبەرپرسیارێتی دەوڵەتێکی گەورەو مەزنی وەك دەوڵەتی عوسمانی بگرێتە دەست، بەڵام بوونی – لانیکەم – زۆرێك لەو هەڵسوکەوتە خراپانەی قەدەغە دەکرد ئەگەر بەراوردی بکەین بەو ئەنجامە خراپانەی کەدوای دانیشتنی محەمەدی چوارەم لەسەر تەختی سەڵتەنەتی دەوڵەتێکی گەورەی وەکو عوسمانییەکان کەڵەکە بوو.

دوای (10) دە رۆژ، یاخیبووەکان کەبەم ئاژاوەیە هەستابوون، بڕیاری کوشتنی سوڵتان ئیبراهیمی یەکەمیان دا، کاتێك هەندێك لەپیاوانی دەوڵەت داوای زەروورەتی گەڕانەوەیان کرد، بەڵام ئەمە لەبەرژەوەندی





ئینکیشارییەکان نەبوو، ئەو کاتەش سوڵتان ئیبراهیمی یەکەم کوژرا تەمەنی (33) سیوسێ ساڵ بوو، لەگۆڕەکەی کەشـوێنێکی رۆشـنو جـوان لەمزگـەوتی (ئـەیا صـۆفیا) لەتەنیـشتنی مامەکـەی (سـوڵتان مـستەفای یەکـەم) ئەسپەردەکرا.

**محەمەدی چوارەم( راوچی )**

**محەمەدی چوارەم**

محەمەدی چوارەم ناسراو بە ئوچی واتە (راوچـی) لـە (29ی رەمـەزانی 1051ک/ کـە دەکاتـە 1642/1/1ز) کۆتا سوڵتانی والآکار بوو، لـەرۆژی (29ی رەمـەزانی 1051 – 1099ک/ کـە دەکاتـە 1642/1/1 – 1678ز) فەرمانڕەوایەتیکردووە. لەرۆژەکانی کۆتایی فەرمانڕەوایەتی سـوڵتان ئیبراهیمـی یەکـەمی عوسمانیـدا، بـارودۆخی دەوڵەت زۆر خراپ بووەو داهاتو دارایی وڵات شـپرزە بـوو بـوو، سـەربازە ئینکیـشارییەکان دەسـتیان وەردەدایـە کاروباری فەرمانڕەواییو بێ سەرو بەرو دڵەڕاوکێو نائارامی وڵاتی گرتەوە، سوڵتان ویستی کاروبارەکان بگێڕێتەوە بۆ شوێنی خۆیو بێ سەرو بەرو پشێوی کەئەستەمبوڵی پایتـەختی گرتبوویـەوە لـەناوبباتو سـەری ئـاژاوەی نێـو ئینکیشارییەکان لەناوببات، کەوازیان لەوەزیفەکەی خۆیان هێنابوو کەبەرگری بوو لەوڵاتو دەستیان خاڵیبوو بـوو بۆ دژایەتیکردنی سوڵتان. بەڵام سوڵتان لەمەدا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو ئینکیشارییەکان خێراتربوون لەسـوڵتانو شۆڕشـەکەیان تونـدبوو کـە لـەرۆژی (18ی رەجـەبی 1058ک/ کـە دەکاتـە 1648/8/8ز) کلێـەی سـەند، بۆیـە شۆڕشەکەیان کۆتایی نەهات تاوەکو سوڵتان ئیبراهیمی یەکەمیان لابردو کوڕەکەی (محەمـەدی چـوارەم) جێگـەی گرتەوە.

**دەست بەکاربوونی سوڵتان محەمەدی چوارەم**

– (ماوەی نوێنەرایەتیکردن، دەسەڵاتی ئاغاکان):

سوڵتان محەمەدی چوارەم کاتێك دانیشت لەسەر تەختی دەوڵەت لەتەمەنی (7) حەوت ساڵیدا بوو، لەرۆژی (29ی رەمەزانی 1051ك/ کە دەکاتە 1642/1/1ز) لەدایکبووە، کاتێك منداڵ بووە، داپیرە (کوسم مهیبکر) لەجێگەیدا، سەڵتەنەتی گرتە دەستو بەوەش جڵەوی کاروبارەکان لەدەستیدابوو. ماوەی جێنشینیو جێگرتنەوەی سێ ساڵی خایاندووەو تیایدا بارودۆخی دەوڵەت خراپ بوو، ئینکیشارییەکان تاکرەوییان دەکرد لەفەرمانڕەوایەتیداو بەسەر کاروباری دەوڵەتدا زاڵبوون. هەروەها دەستیان وەردەدایە رەفتارکردنی کاروبارەکانیانەوەو داموو دەزگاکانی دەوڵەت هیچ هێزو توانایەکیان نەبوو، مێژوونووسانیش ناوی (سەڵتەنەتی ئاغاکان)یان بەسەر ئەو ماوەیەدا دابڕیوە.

پاش مردنی سوڵتانی داپیر کەمەبەستی (کوسم مهیبکر)ە، محەمەدی چوارەم تەمەنی پێنەگەیشتبوو بۆئەوەی راستەوخۆ دەسەڵاتو جڵەوی کاروبارەکانی بگرێتە دەست، بۆیە دایکی (خەدیجە تورخان) بەنوێنەرایەتی سەڵتەنەتی گرتەدەستو کەسێکی گەنج بوو، لەتەمەنی (24) بیستو چوار ساڵیدا بوو، سەرەڕای منداڵی، بەڵام عەقڵێکی سەرکەوتوو، رایەکی زاڵی هەبوو، خاوەنی بیروڕاو تەدبیرکردن بوو، هەروەها سوربوو لەسەر بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەت کەرەشەبای ئینکیشارییەکان خستبوویە مەترسیەوە، بۆ ئەمە خۆی سەرقاڵ کرد بەگەڕان بەدوای پیاوە لێهاتووەکاندا کە بەدەستی دەوڵەتەوە بوونو دەیانتوانی شانو شکۆی بۆ بگێڕنەوە. هەروەها ئومێدی هەبوو کەسەدری ئەعزەمێکی بەتوانا بدۆزێتەوە، کەسوڵتان لەبەرچاوترینی کارەکانیدا پشتی پێ ببەستێت، بەشێوەیەك زۆرێك لەپیاوانی دەوڵەت ئەم پلەوپایەیان گرتە دەست، بەڵام شکستیان هێناوە لەوەدا بتوانن دەوڵەتی عوسمانی لەو میحنەتە ئازاردەرە ببەنە دەرەوە.

ژنە سوڵتانی گەنج ئەو شتە نادیارەی دۆزیەوە پاش پێنج ساڵ لەگەڕانی بەردەوام. کەدۆزینەوەی کەسێکی لێهاتوو بوو بۆ پۆستی سەدری ئەعزەم، ئەو کەسەش بریتی بوو لە (محەمەدپاشا کوپەریللی)، کەلەبنەڕەتدا ئەلبانی بوو، عەهدو بەڵێنی بەهێزبوو، پیاوی دەوڵەت بوو لەپلەی یەکەم، مەرجی بۆ خۆی دانا پێش ئەوەی ئەم پۆستە بەرزە بگرێتە دەست، ئەویش ئەوەبوو کەدەستی کراوەو رەها بێت لە وەرگرتنی دەسەڵاتەکانیو دەستی نەگیرێت، بۆیە ژنە سوڵتان ئەم مەرجەی قبوڵ کرد، وەك سوربوونێك لەبەرژەوەندی دەوڵەت، هەروەها ئارەزووی دەکرد سیستەمو هێمنی بۆ دامو دەزگاکانی دەوڵەت بگەڕێتەوە.

**سوڵتان محەمەدی چوارەم دەسەڵاتەکانی دەگرێتە دەست ( ماوەی بنەماڵەی کوپەریللی )**

محەمـــەد پاشـــای کورپـــەیللی پەیوەنـــدی بەکارەکەیـــەوە کـــرد لـــەرۆژی (26ی زی لقەعـــدەی 1066ك/ 1656/9/15ز)و رایگەیاند کەسوڵتان محەمەدی چوارەم گەیشتۆتە تەمـەنی پێگەیشتن، بـەوەش جێگرتنـەوەو نوێنەرایەتی ژنە سوڵتانی دایکی کەپێنج ساڵ درێژەی کێشا کۆتایی هات. ئـیتر لێـرە بـەدواوە خەدیجـە تورخـانی دایکی سوڵتان دەستی وەرنەدا یە کاروباری سەڵتەنەت، پاش ئـەوەی دڵنیـابوو کەجڵـەوی دەسـەڵات لەدەسـتێکی ئەمینداپەو روویکردە کاروباری خەیری‌و پەروەردەکردنی کوڕەکانی (سلێمان‌و ئەحمەد).

محەمەد پاشا کوپەریللی دەسـتی بـەکارەکانی کـردو دەسـتیکرد بەگێڕانـەوەی شـان‌و شـکۆی دەوڵـەت. بۆیـە بەدەسـتێکی ئاسـنین دای لەدەسـتە دەرەکیـەکان لەئینکیـشارییەکان‌و ناچـاری کـردن کـەرێزی سیـستەم بگـرن‌و سەرقاڵبن بەکارەکانیانەوەو دەستخاڵیبن بۆ بەرگریکردن لەدەوڵەت‌و پارێزگاری لێکردنی، بەو ئیعتیبارەی کەئـەوە کاری بنەڕەتی‌و وەزیفەی یەکەمیانە. هەروەها مافیشیان نیە دەست وەربدەنە کاروباری دەوڵەتەوە، بۆیە بـەهۆی سیاسەتە توندەکەیەوە کەبەلای توندوتیژی‌و ترساندندا دەچوو کاروباری دەوڵەت گەیشتە ئەوەی ئەم سیاسەتەی کاریگەری هەبێت لەسەر رێکبوونی کاروباری دەوڵەت‌و بەرپابوونی ئاسایش‌و ئـارامی، پاشـان سـوڵتان محەمـەدی چوارەم تـەکلیفی لێکـرد کەبـەرگری لەدەوڵـەت بکـات لەبەرامبـەر مەترسـیەکان. بۆیـە محەمـەد پاشـا کوپـەریللی بوندقیەکانی تێکشکاندو دورگەی (لمنوس)ی لێگرتن. لەگەڵ هەندێ دوورگەی تـر، پێـشتر بوندقیـەکان دەسـتیان بەسەر ئەم دورگانەدا گرتووە. هەروەها تەنگەی (دەردەنیل)یشیان داگیرکردبوو، بەوەش گەمارۆیـەکی دەریاییـان سەپاندبوو بەسەر دەوڵـەتی عوسمانیـداو نەیاندەهێـشت کەرەسـەی خـواردن بگاتـە ئەسـتەمبوڵ، بۆیـە نرخـەکان بەرزبوونەوەو رەوشی ئابووری داڕوخا، بۆیە ئەگەر بهاتبـاو محەمـەد پاشـا کوپـەریللی نەبووایـەو ئـەو گەمارۆیـەی هەڵنەوەشاندایەتەوە، ئەوا دەوڵەت تووشی مەترسیەکی ئاشکراو گەورە دەبوویەوە.

### کەوتنی قەڵای ( نوهزل )ی نەمساوی

ماوەی مانـەوەی محەمـەد پاشـا کوپـەریللی لەپلـەو پایـەی سـەدری ئەعزەمـدا پێـنج سـاڵ بـەردەوامی کێـشا، لەوماوەیـەدا دەوڵـەت سـەرکەوتوو بـوو لـەوەدا کەهەنـدێك لەشـان‌و شـکۆی کـۆنی لەسـەر گۆڕەپـانی جیهـانی بـۆ گەڕایەوەو پاش مردنی لەساڵی (1072ك/ کە دەکاتە 1661ز) سوڵتان محەمـەدی چـوارەم بڕیـاری دەرکـرد کـە (ئەحمەد کوپەریللی) پۆستی سەدری ئەعزەم دوای باوکی بگرێتـە دەسـت، ئەحمـەد کورپـەیللی تەمـەنی بیـست‌و شەش ساڵ بوو، بەبچوکترین تەمەن دادەنرێت لەمێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا کەئەم پۆسـتەی وەرگرتبێـت، بـەڵام زۆر بەتواناو مەزن بوو، فرە بەهرەبوو، شارەزاییەکی فراوانی لەسیاسەتی جیهانیـدا هـەبوو، کاتێـك ئـەم پۆسـتەی گرتەدەست، هەستی کرد کەبەرەی دەرەکی دەوڵەت پێویستی بەکۆششی زۆر هەیە. بۆیە شوێنکەوتنی کاروباری نێوخۆیی واز لێهێنـا بـۆ (قـەرە مـستەفا پاشـا)و خـۆی جـولا بـەرەو راگەیانـدنی جـەنگ دژی نەمـسا کەدەرفـەتی

سەرقاڵبوونی دەوڵەتی عوسمانی قۆستبوویەوە بەکاروبارە نێوخۆییە شڵەژاوو تێکچووەکانەوەو دەستدرێژی کردبوویە سەر سنورەکانی دەوڵەتی عوسمانیو لەسەر ئەم سنورانە قەلای جەنگی بونیادنابوو، سەرەڕای سەرپێچیکردنی ئەو پەیماننامە گرێدراوەی نێوانیان، بەلام وەلامی باگەوازە دووبارەکانی دەوڵەتی عوسمانی نەدایەوە.

سەدری ئەعزەم لەشاری ئەدرنەوە بەسەرکردایەتی سوپایەکی گەورەو بێشومار کەدەگەیشتە نزیکەی (120000)سەدو بیست هەزار سەرباز، ئامادەکرا بەبەرگریو ئازوقەو چەکو تەقەمەنی، تاوەکو گەیشتە قەلای (نوهزل)ی بەناوبانگ، کەدەکەوتە باکوری رۆژئاوای شاری (بودابست)ی (پایتەختی رۆمانیای ئێستا – وەرگێر – )لەرۆژهەلاتی نەمسا بەنزیکەی (110کم)، لەبراتسلافاشەوە بە (80کم)، قەلاکە زۆر پتەوو قایم بوو، زۆریش دامەزراو بوو، بەشێوەیەك لەبەهێزترین قەلاکان بوو لەئەوروپا. کاتێك ئەحمەد کوپەریللی گەیشتە قەلاکە گەمارۆیەکی بەهێزیدا، کە (37) سیوحەوت رۆژ درێژەی کێشا، دوای ئەوە قەلاکە پەشێوی تێکەوتو ناچاربوو داوای رێکەوتنو خۆبەدەستەوەدان بکات، سەدری ئەعزەمیش رازی بوو بەو مەرجەی پارێزەرانی قەلاکە بێ چەكو بێ ئازووقە بن. بۆیە لەرۆژی (25ی سەفەری 1074ك/ کەدەکاتە 1663/9/28ن) چووە نێویەوەو دوای خۆبەدەستەوەدانی ئەو قەلا مەزنە، دەوروبەری (30) سی قەلای تری نەمساوی خۆیاندا بەدەستەوەو نەمسا ناچاربوو داوای رێکەوتن بکاتو سزای شەڕ سالانە (200) دووسەد سکەی ئالتون بدات بەدەوڵەتی عوسمانی. هەروەها هەموو ئەو قەلایانەی کەسوپاکانی عوسمانی داگیری کردوونو گرتوونی لەژێر سەروەریو دەسەلاتی خۆیدا بمێننەوە، بۆیە ئەحمەد کوپەریللی بەسەرکەوتنەوە گەڕایەوە بۆ ئەدرنە لەرۆژی (2ی رەمەزانی 1075ك / کەدەکاتە 1665/3/17ن).

## گرتنی دورگەی کریت

دووساڵ تێنەپەڕی بەسەر ئەم سەرکەوتنەدا، ئەوەبوو سوڵتان محەمەدی چوارەم تەکلیفی کرد لەفەرماندەی لێهاتوو ئەحمەد کوپەریللی کەگرتنی دوورگەی کریت تەواو بکات کەپێشتر سوڵتان ئیبراهیمی یەکەم گرتبووی، بەلام قەلای (کاندیە)و هەندێك قەلای تر لەدورگەی کریتدا بەرگری عوسمانییەکانیان دەکرد بەهۆی ئەو یارمەتییانەوە کە لەولاتانی ئەوروپاوە بۆیان دەگوازرایەوە.

ئەحمەد کوپەریللی سەدری ئەعزەم بەسەرکردایەتی کەشتیگەلێکی دەریایی بەرەو دورگەی کریت جولاو گەمارۆی دەوروبەری قەلای (کاندیە)یدا لەمانگی رەمەزانی (1077ك/ کەدەکاتە مانگی 1667/3ن)و گەمارۆکە (7) حەوت مانگی خایاندو لەوماوەیەدا قەلاکە خۆڕاگرییان کردو جارێکی تر گەمارۆدرایەوە لەرۆژی (8ی مەحەرەمی 1079ك/ کە دەکاتە 1668/6/18ن)ن بەلام ئەمجارە درێژی خایاند، تاوەکو دووساڵی تێپەڕاند، لەکۆتاییدا بوندوقیە تەنازولی کرد لەقەلای کاندیەو هەموو ئەو چەکانەی تیایدا بوو لەبەرگریو تەقەمەنی بۆ

دەوڵەتی عوسمانی، بەوەش دورگەی کریت بوو بەشوێنکەوتەی دەوڵەتی عوسمانی، دوای گرتنی دورگەی کریت ئەحمەد کوپەریللی کاتەکانی لەچاککردنەوەی قەلاکانو پایەکاندا بەسەربرد، پاشان دورگەی کریتی جێهێشت لەرۆژی (14ی زی لحجەی 1080ك/ کەدەکاتە 1670/5/5ز) پاش ئەوەی کە سێ ساڵو نیو تیایدا مایەوە، لەوماوەیەدا کەئەحمەد کوپەریللی پۆستی سەدری ئەعزەمی گرتە دەست ولاتی قەوقاز لەباشووری روسیا چووە ژێر پاراستنی دەوڵەتی عوسمانییەوە، کاتێك پۆڵۆنیا هەوڵیدا دەست درێژی بکاتە سەر ولاتی قەوقاز، ئەوا پەنایان بردە بەر دەوڵەتی عوسمانیو ئەویش خێرا جولا بۆ بەهاناچوونیو پاشای پۆڵۆنیای ناچارکرد کەداوای رێکەوتن بکات.

## هەڵمەت بۆ سەر روسیا

شەڕ لەگەڵ روسیا هەڵگیرسا بەهۆی ململانێیو ناکۆکی لەسەر ئۆکرانیا، بۆیە سوڵتان محەمەدی چوارەمو قەرە مستەفا پاشای سەدری ئەعزەم کەدوای مردنی کوپەریللی لەرۆژی (24ی رەمەزانی 1087ك/ کەدەکاتە 1976/10/30ز) گرتبووە دەست، ئەستەمبوڵیان جێهێشت بەسەرکردایەتی هەڵمەتێکی بێشومار کەبریتی بوو لە هەڵمەتی یەکەمی سوڵتانی عوسمانی بۆ سەر روسیا لەرۆژی (8ی رەبیعولئەوەلی 1089ك: کەدەکاتە 1678/3/30ز)، تاوەکو گەیشتنە قەلای (جهرین) لەئۆکرانیاو گەمارۆی دەوروبەریاندا و قەلایەك قایم بوو، هەروەها سوپایەکی رووسی گەورە بەرگری لێدەکرد کە دووسەد هەزار سەرباز دەبوون، بەلام قەلاکە دوای سێو دوو رۆژ کەوت لەسوپای روسیا (20) بیست هەزار سەرباز کوژرا، پاشان سوڵتان محەمەدی چوارەم دوای دوو ساڵ لەهەڵمەتی یەکەم، هەڵمەتی دووەمی دووبارە کردەوە سەر روسیا، بەلام پەیماننامەی (ئەدرنە)ی نێوان هەردوو دەوڵەت ناکۆکی نێوانیان کۆتایی پێهات لەرۆژی (22ی موحەرەمی 1029ك/ کەدەکاتە 1681/2/11ز)، هەردوولا رێکەوتن لەسەر ئەوەی ئۆکرانیا دابەش بکەن لەنێوانیاندا، بەشێوەیەك بەشی گەورە لەولات لەژێر فەرمانڕەوایەتی عوسمانییەکاندا بێت، هەروەها روسیا بەردەوام بێت لەپێشکەشکردنی باجی ساڵانە بۆ ولاتی قرمی شوێنکەوتەی عوسمانییەکان، هەروەها دانی ئەو رێژە باجە کەڵەکە بووە لەلایەن روسیا کە لەمیانەی ساڵەکانی شەڕەوە نەیدابوو. بۆیە بەگوێرەی پەیماننامەکە دەبوو روسیا یەکجار بیدات.

## گەمارۆی ڤیەننا بۆ جاری دووەم

دەوڵەتە ئەوروپییەکان کۆبونەوە بۆ دژایەتی دەوڵەتی عوسمانیو بەهێزبوونی ئەم دەوڵەتە تۆقاندبوونیو کەوتنە جموجوڵ بۆ دژایەتیکردنی. نەمسا لەپێشەوەی ئەو دەوڵەتە نەیارانەی عوسمانییەکان بوو، بۆیە دەوڵەتی عوسمانی بریاری خۆی وەرگرت بۆ ئاراستەکردنی لێدانێکی بەهێز لەنەمسا تاوەکو دەستی بگرێت لەدەست تێوەردان لەکاروباری وڵاتی ملکەچی دەوڵەتی عوسمانی بوو.

لەرۆژی (19ی رەجەبی 1094ك/ کە دەکاتە 1683/7/14ز) سوپای عوسمانی بەفەرماندەیەتی قەرە مستەفا پاشا گەیشتە ڤیەنناو گەمارۆیەکی توندیدا، گەمارۆکە دوومانگی خایاندو لەمیانەیدا دیوارە ئاگرەکانی شارەکە رووخانو هەروەها لەسەربازانی عوسمانی کوژران، بەمەش پاپا نارەحەت بوو دوای ئەوەی مەترسی هەڵوێستەکەی زانی، ئەوروپا جوڵا بۆ وەڵامدانەوەی بانگەوازەکەیو پاپاو هاوکاریو کۆمەکیەکان گەیشتە ڤیەنناو توانیان لەپردی (الدونە) بپەرنەوە بۆ شاری ڤیەننای گەمارۆ دراو، پێشکەوتن لەسەر ئەم کارە مەترسیەکی گەورەبوو، چونکە پردەکە لەژێر کۆنترۆڵی عوسمانیەکاندا بوو، بەڵام ئەوەی راسپێردرابوو بۆ پاراستنی پردەکە لەکاتی پەرینەوەی ئەو هێزانەدا بۆ ڤیەننا رێگری نەکردبوو، بەپێچەوانەشەوە وازی هێنابوو تاوەکو بەئاشتیو بێ شەڕو رێگری بچنە نێو شارەکەوەو بپەڕنەوە، ئەمەش بەیەکێك لەگەورەترین خیانەتو ناپاکیەکان دادەنرێت کە مێژووی عوسمانیەکان بەخۆوەی بینیبێت، کاتێکیش کوشتارەکە هەڵگیرسا، عوسمانییەکان تێکشکانو گەمارۆکەیان لەسەر ڤیەننا هەڵوەشاندەوە لەرۆژی (20ی رەمەزانی 1094ك/ کە دەکاتە 1683/12/12ز)، بەمەش کەنیسەکانی شاری ڤیەننا زەنگی خۆشیان لێدا بەم سەرکەوتنەیان بەسەر عوسمانییەکاندا.

### کۆتایی سوڵتان محەمەدی چوارەم ( ماوەی بەڵاو نەهامەتیەکان)

سوڵتان محەمەدی چوارەم هەواڵو دەنگو باسی ئەو تێکشکانە دەسیسیەی پێگەیشت، بۆیە هیچ شتێکی نەکرد تەنها ئەوە نەبێت کەفەرمانیکرد بەلەسێدارەدانی قەرە مستەفا پاشای سەدری ئەعزەم لەشاری بەلگرادو سەرەکەیان بۆ هێنا بۆ ئەوەی بەسەر دیوارەکانی شاری (ئەدرنە) دا هەڵیبواسن، ئەم کارەش کە سوڵتان کردی لەژێر کاریگەری هەندێك لەهاندەرانی سوڵتانو ناحەزانی سەدری ئەعزەم بوو، ئەمەش لەرۆژی (6ی موحەرەمی 1095ك/ کە دەکاتە 1683/12/25ز)، بەوەش سەردەمی قاتیو نەمانی پیاوە بەتواناو لێهاتووەکان دەستی پێکردو بەدوایدا ژمارەیەك لە سەدری ئەعزەمەکان هاتن کە نەیاندەتوانی ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن کە پلەو پایەکانیان ئەو ئەرکانەی دەگرتەخۆ. بۆیە کاریگەری ئەمەش ئەوەبوو کە دەوڵەتە ئەوروپیەکان جوڵانەوەو کۆبوونەوە بۆ دژایەتیکردنی عوسمانییەکان بەناوی (هاوپەیمانی پیرۆز)ەوە کە هەریەکە لە (نەمساو پۆڵۆنیاو بوندوقیەو پیاوە ئاینیە مەسیحیەکانی ماڵتاو روسیا)ی لەخۆگرتبوو، بۆیە نەمسا هێرشی کردە سەر مەجەرو هەندێك لەشارەکانی داگیرکردو دەستیشی گرت بەسەر قەڵای (نوهزل)دا و لەولاشەوە سوپاکانی بوندوقیە زۆربەی شارەکانی یۆنانیان داگیرکرد.

سولّتان محەمەدی چوارەم هەولّیدا جلّەوی کاروبارەکانی بگرێتەوە دەستو هەندێك لەو ناوچەو شارانە بەدەست بهێنێتەوە کەدەولّەتی عوسمانی لەولاّتی مەجەڕدا لەدەستی دابوو، بەلاّم سەرکەوتوو نەبوو، بەپێچەوانەشەوە سەدری ئەعزەمەکەی سولّتان کە ناوی (سلێمان پاشا) شکستێکی خراپی لەدەشتی (موهاکس) پێگەیشت لەبەردەم هاوپەیمانی پیرۆزی ئەوروپیەکاندا لەرۆژی (3ی شەوالی 1098ك/ کە دەکاتە 1687/8/12ز).

لەئاکامەکانی ئەم شکستە یەك بەدوای یەکانە دەولّەتی عوسمانی لەکۆتایی سەردەمی سولّتان محەمەدی چوارەمدا بوو بەهۆی ئەوەی کەسوپا لەرووبدا بوەستێتەوەو لەدژی راپەڕێتو هەستان بەلابردنی لەرۆژی (3ی موحەڕەمی 1099ك/ کە دەکاتە 1687/11/8ز) دوای ئەوەی کەسەردەمی سولّتانێتی نزیکەی (40) سالّ درێژەی کێشاو بەردەوام بوو، دەولّەتی عوسمانی لەمێژووی لابردنی سولّتان محەمەدی چوارەمەوە زۆریك لەزەوییەکانی لەدەستدا بۆ بوندوقیەکانو نەمساوییەکاندوای خۆیشی براکەی (سلێمانی دووەم) دەسەلاّتی گرتە دەستو دەولّەتی عوسمانی لەسەدەمی ئەم سولّتانەدا چووە قۆناغی راوەستاندنی والاکاریو داگیرکارییەکانیەوە.



سلێمانی دووەم

سلێمانی دووەم

سلێمانی دووەمی کوڕی سولّتان ئیبراهیمی کوڕی ئەحمەد (1052 – 1102ك) یەکەێکە لەسولّتانەکانی دەولّەتی عوسمانی. دوای براکەی محەمەدی چوارەم سالّی (1099ك) دەسەلاّتی گرتۆتە دەستو تەمەنی لەوکاتەدا زیاتر لە (44) سالّ بووە. زۆرێك لەبەخششی داوە بەسەربازەکانی سوپای عوسمانیو بەهیچ شێوەیەك سزای نەداون لەسەر ئەوەی کە بەرامبەر براکەی ئەنجامیاندا واتە (محەمەدی چوارەم). بۆیە سەربازەکانی تەماعیان تێکردو لێی هەلّگەڕانەوە، هەرچەندە هەندێك لە سەرکردەکانی کوشتن بەلاّم ئەوان (سیاوس پاشا)ی سەدری ئەعزەمیان کوشتو دەست درێژیان کردە سەر ژنەکانی، بۆیە سولّتان سەدری ئەعزەمێکی نوێی دامەزراند کەئەویش مستەفا پاشای کوڕی محەمەد کوپەریللی بوو.

ڕکابەرێکانی دەوڵەتی عوسمانی ئەو گەڕەلاوژە بەدەست هاتووەی نێو دەوڵەتی عوسمانییان قۆستەوە، نەمسا زۆرێك لەشوێنو کارەکانی گێڕایەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی. هەروەها بوندوقیەش بەهەمان شێوەی نەمسا. لەم بارودۆخانەدا مستەفا پاشا لەسەر ڕێبازی باوکیو براکەی ڕۆیشتو دانیشتوانی لەهەڵسوکەوتو مامەڵەی سەربازەکان پاراستو مافی بەخشییەوە بەسەربازەکانی، هەروەها لەگەڵ مەسیحییەکاندا مامەڵەیەکی چاکی کرد، بۆیە خەڵکی خۆشیان دەویست، تەنانەت مەسیحیەکانی مورە دژی بوندوقیە راپەڕینو سوپای بوندوقیەکانیان لەوڵاتەکەیان دەرکرد. هەروەها توانی هەندێك شوێن لەنەمساوە بگێڕێتەوەو خانەکانی قرم ملکەچ بکات بۆ دەسەڵاتی عوسمانیەکان. هاوکات (تیکلی مەجەڕی)ی هەرێمی ترانسلفانیای گێڕایەوە بۆ دەوڵەتی عوسمانیو بەو سەرکەوتنانەش عوسمانییەکان زۆرێك لەشانو شکۆیان بۆ خۆیان گێڕایەوە.

دواجار سوڵتان سلێمانی دووەم لەساڵی (1102ك) مردو منداڵی نەبوو، لەپاش خۆی جێنەما بەتایبەت کوڕ، بۆیە براکەی کەناوی (ئەحمەدی دووەم) بوو شوێنی گرتەوە.



**ئەحمەدی دووەم**

**ئەحمەدی دووەم**

ئەحمەدی دووەم کوڕی ئیبراهیمی کوڕی ئەحمەد (1052 – 1106ك) کە دەکاتە 1643 – 1695ز سوڵتانو خەلیفەی بیستو یەکەمی عوسمانی. ساڵی (1106ز) بۆ ماوەی (4) چوار ساڵ تاوەکو مردنی فەرمانڕەوایەتی گرتۆتە دەست.

سوڵتان ئەحمەدی دووەم خۆشنووسێکی دانپیدانراو بووە، بەدەستو خەتی خۆی قورئانی موصحەفەکانی دەنوسی. دوای سلێمانی دووەمی برای دەسەڵاتی گرتۆتە دەست کە بەدوو مانگ لەو بچووکتر بووە ساڵی (1102ك). لەڕۆژگاری دەسەڵاتو فەرمانڕەوایەتیکردنی سوڵتان ئەحمەدی دووەمدا سەدری ئەعزەم (مستەفا

کوپەریللی) کۆچی دوایی کردووە کە دژی نەمسا تێدەکۆشاو دوای ئەو (عەرەبجی پاشا) پۆستی سەدری ئەعزەمی گرتۆتە دەستو کەسێکی لاواز بووە.

لەرۆژگاری سوڵتان ئەحمەدی دووەمدا بوندوقیەو هەندێ دورگەی دەریای ئیجەی لەدەستداوە. دوای خۆشی کوڕی (برازاکەی) براکەی بەناوی (مستەفای دووەمی کوڕی محەمەدی چوارەم) فەرمانڕەوایەتی گرتۆتە دەست.



مستەفای دووەم

مستەفای دووەم

مستەفای دووەمی کوڕی محەمەدی کوڕی ئیبراهیم (1074ك) سوڵتانی بیستو دووەمی عوسمانی بووە، لەنێوان ساڵانی (1664 – 1704ز) ژیاوە، ئەم سوڵتانەش خۆشنووسێکی بەهرەمەند بووە، دوای مردنی مامی کە (سوڵتان ئەحمەدی دووەم)بوو ساڵی (1106ك) دەسەڵاتی گرتۆتە دەست. خۆی سەرکردایەتی سوپای عوسمانییەکانی کردووە، بەسەر پۆڵۆنیا لەچەند جەنگێکدا سەرکەوتووەو توانیویەتی کۆتایی بەو گەمارۆدانە بهێنێت لەسەر شاری (ئازۆف) کە لەلایەن بوتروسی گەورەی قەیسەری روسیاوە خرابوویە سەر ئەو شارە.

هەروەها لەچەند شەڕێکی تردا شکستی بەسوپای مەجەریەکانیش هێناوە، بەڵام لەجەنگێکدا دژی نەمسا شکستی هێناو بوتروسی گەورەی قەیسەری روسیا ئەم تێکشکانەی قۆستەوەو توانی بچێتە نێو شاری ئازۆفەوە لەساڵی لەساڵی (1108ک).

لەسەردەمی سوڵتان مستەفای دووەمدا (حسین کوپەریللی) پۆستی سەدری ئەعزەمی گرتۆتە دەستو لەماوەی مانەوەی لەم پۆستەدا چەندین سەرکەوتنی بەسەر سوپاکانی نەمسادا بەدەست هێناوەو هەر لەسەردەمی کارکردنیدا لەپۆستی سەدری ئەعزەمدا کەشتیگەلی عوسمانی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە بەسەر دەوڵەتی بوندوقیەدا.

لەنێوان دەوڵەتی عوسمانیو نەمساو بوندوقیەو روسیاو پۆڵۆنیادا پەیماننامەیەك گرێدرا بە کۆششی فەرەنسا ساڵی (1110ک)و ئەو پەیماننامەیەش ناسرا بەپەیماننامەی (کارلوفتس) بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە دەوڵەتی عوسمانی ژمارەیەك لەشارەکانی لەبەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانەی تر لەدەستداو هیچ دەوڵەتێك نەمایەوە کەسەرانە بدات بەدەوڵەتی عوسمانی بەمەش هەموو دەوڵەتە ئەوروپیو مەسیحییەکان دەوەستانەوە لەرووی عوسمانییەکانداو ئامادەبوون بۆ دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی.

حسێن کوپەریللی لەپۆستی سەدری ئەعزەمی وازی هێنا ساڵی (1114ز)و ئینکیشارییەکان راپەڕین لەسەر ئەو کەسەی کەدوای ئەو دانراو شوێنی گرتەوەو گۆڕییان بەکەسێکی تر، دیسان دژی ئەمەش راپەڕینو داوایان لەسوڵتان کرد کەنارگیری بکات لەو پۆستە، بەڵام سوڵتان داواکەی رەتکردنەوەو ئەونیش سوڵتان مستەفای دووەمیان لەدەسەڵات لابردو ساڵی (1115ک)و (ئەحمەدی سێیەمی) برایان لەشوێنی دانا.



ئەحمەدی سێیەم

ئەحمەدی سێیەم

ئەحمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی ئیبراهیم (1083 – 1149ک) یەکێکە لەسوڵتانو خەلیفەکانی دەوڵەتی عوسمانی. ساڵی (1083ک) لەدایکبووەو ساڵی (1149ک)یش مردووە.

ساڵی (1115ك) دەسەڵاتی گرتۆتە دەستو ئەو کاتەش تەمەنی (32) سیو دوو ساڵ بووە. لەگەڵ بیروڕای ئینکیشارییەکاندا لەسەرەتاوە رۆیشتووەو تاوەکو بتوانێ کاریگەری لەسەر سەرکردەکانیان هەبێت.

لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتیدا جەنگ لەنێوان دەوڵەتی عوسمانیو نەمسا روویدایەوەو سەرکەوتن تیایدا بۆ نەمسابوو، بۆیە پەیماننامە لەنێوان هەردوولادا گرێدراو بارودۆخی نوێی خولقاندو ئەو ناوچانەی بەخشیە نەمسا کە دەستی بەسەردا گرتبوون. هاوکات سوڵتان بەبازرگانەکانی روسی راگەیاند کەبەزەوییەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا تێپەڕن بەبێ دانی هیچ شتێك.

هەروەها لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتیو دەسەڵاتی سوڵتان ئەحمەدی سێیەمدا چاپخانە هاتۆتە نێو دەوڵەتی عوسمانییەوەو خانەی چاپکردن لەئەستەمبوڵ دامەزراوە.



مەحمودی یەکەم

مەحمودی یەکەم

مەحمودی یەکەم کوڕی سوڵتان مستەفای دووەم (1108 – 1167ك) یەکێك لەسوڵتانەکانی دەوڵەتی عوسمانی بووە، دوای براکەی (ئەحمەدی سێیەم) ساڵی (1143ك) دەسەڵاتو فەرمانڕەوایەتی گرتۆتە دەستو ئەوکاتەش تەمەنی (35) سیو پێنج ساڵ بووە.

لەسەردەمی ئەم سوڵتانەدا سەفەوییەکان دژی دەوڵەتی عوسمانی جەنگاونو توانیویەتی بەسەر شاتوهماسبی سەفەوییەکاندا زاڵبێتو شاتوهماسب بەم بۆنەیەوە واز لەشاری تەبریزو هەمەدانو هەرێمی کوردستان(لەهەندێ

سەرچاوەدا لوڕستان هاتووە، ڕەنگە هەر مەبەستی خاکی کوردستان بووبێت–وەرگێڕ–) بهێنیێ بۆ عوسمانییەکان.

هەر لەسەردەمی سوڵتان مەحمودی یەکەمدا جەنگ لەنێوان دەوڵەتی عوسمانیو روسیا بەرپابووەو بەهۆی کاریگەری ئەم جەنگەوە روسیا هەندێك ناوچەی دەوڵەتی عوسمانی داگیرکردووە. دیسان لەسەردەمی ئەم سوڵتانەدا دەوڵەتی عوسمانی بەسەر نەمساو صربەکاندا سەرکەوتووەو توانیویەتی بەلگرادو ئەفلاق بگێڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیو روسیا بەڵێنیدا کە کەشتیگەل بونیاد نەنێت لەدەریای سوردا. هەروەك ڕێکەوتنێکی لەگەڵ سویدا دژی روسیا گرێدا لەساڵی (1153ك). دواجار سوڵتان مەحمودی یەکەم ساڵی (1168ك) مردووەو عوسمانی سێیەمی برای جێگەی گرتۆتەوە.



**عوسمانی سێیەم**

**عوسمانی سێیەم**

سوڵتان عوسمانی سێیەم برای سوڵتان مەحمودی یەکەم (1110 – 1171ك) بریتییە لەیەکێك لەسوڵتانەکانی دەوڵەتی عوسمانی. دوای مردنی سوڵتان مەحمودی یەکەمی برای دەسەڵاتو فەرمانڕەوایەتی گرتۆتە دەستو لەوکاتەشدا تەمەنی زیاتر بوو لە (58) پەنجاو هەشت ساڵ. ئەم سوڵتانە هەستاوە بەکوشتنی (عەلی پاشا)ی سەدری ئەعزەم بەهۆی خراپی هەڵسو کەوتو رەفتاریەوە، لەجێگەشیدا (محەمەد راغب پاشا) دەست نیشان کردووە.

دەگێڕنەوە سوڵتانو خەلیفە عوسمانی سێیەم بەشەودا بەدەمامکداری گەڕاوەو پەیگیری بارودۆخی رەعیەتو ژێر دەستەکانی کردووەو کاریشی کردووە لەسەر چاکسازی. دواجار ساڵی (1171ك) مردووە. هاوکات سوڵتان بەسەر هەموو شۆڕشو راپەڕینەکانی نێوخۆی دەوڵەتی عوسمانیدا سەرکەوتووەو لەنێویشیاندا شۆرشو راپەڕینە کوردیەکان.



مستەفای سێیەم

**مستەفای سێیەم**

مستەفای سێیەم کوڕی سوڵتان ئەحمەدی سێیەم (1129 – 1187ك) یەکێك لەسوڵتانەکانی دەوڵەتی عوسمانی. لەنێوان ساڵانی (1171 – 1187ك) دەسەڵاتو فەرمانڕەوایەتی گرتۆتە دەست دوای کوڕە مامەکەی (عوسمانی سێیەم)، لەوکاتەشدا تەمەنی (42) چلو دوو ساڵ بووە.

لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی مستەفای سێیەمدا جەنگ لەنێوان روسیاو دەوڵەتی عوسمانیدا بەرپابووەو تیایدا لەسەرەتای جەنگەوە دەوڵەتی عوسمانی سەرکەوت، پاشان دەوڵەتی عوسمانی تووشی هەندێ شکستو تێکشکان هاتو بەم بۆنەیەشەوە روسیا دەستی بەسەر هەندێك لەشارەکانی عوسمانییەکاندا گرت.

هەر لەسەردەمی سوڵتان مستەفای سێیەمدا روسیا هاوپەیمانێتیەکی لەگەڵ (عەلی بەگی گەورە)ی فەرمانڕەواو دەسەڵاتداری میسردا بەرپاکرد دژی دەوڵەتی عوسمانی، بەشێوەیەك عەلی بەگی گەورە لەگەڵ عوسمانییەکاندا دەجەنگا، بەڵام عوسمانییەکان لەرێگەی (محەمەد بەگ ئەبو زەهەب)ەوە توانیان بەسەریدا زاڵ بن. دیسان روسیا هەستا بە هاندانی دانیشتوانە مەسیحیەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بۆ شۆڕشو راپەڕین، بۆیە مەسیحیەکانی نیمچە دورگەی مورە راپەڕینو لەم راپەڕینەشدا کەشتیگەلی روسی هاوکارییان کردن، بەڵام مەسیحییەکانی دورگەی مورە تێکشکانو شکستیان هێنا.

دواجار سوڵتان مستەفاخانی سێیەم ساڵی (1187ك) کۆچی دوایی کرد.



**عەبدولحەمیدی یەکەم**

**عەبدولحەمیدی یەکەم**

عەبدولحەمیـدی کـوڕی ئەحمــەدی کـوڕی محەمــەد (1137 – 1203ك) یەکێکـە لەسـولّتانەکانی دەولّـەتی عوسمانی. لەنێوان سالآنی (1187 – 1203ك) فەرمانڕەوایەتی کردووە. لەکۆشکەکەیدا بەدەسـت بەسـەرکراوی لەماوەی فەرمانڕەوایەتیکردنی مستەفای سێیەمی برای ماوەتەوە. تـاوەکو دوای مردنـی ئـەو دەسەلآتــی گرتۆتـە دەست کەمستەفای سێیەمی برای سالّی (1187ن) کۆچی دوایی کـردووە. لەسـەردەمی فەرمانڕەوایـەتی سـولّتان عەبدولحەمیدی یەکەمدا روسیا هێرشی کردۆتـە سـەر سـوپاکانی عوسمـانی لەناوچـەی (فارنـا)ی بولگاریـاو تـوانی عوسمانیەکان تێکبشکێنیّو دوایی هەردوو پێکهاتن لەسەر ئەوەی تەتەرەکانی دورگەری قـرِمو هـەرێمی بسارابیاو ناوچـەی قوبـان سـەربەخۆیی خۆیـان وەربگـرن، هـەروەها ئـازادی کەشـتیوانی لـەدەریای رەشو ناوەڕاسـتدا بـۆ گەشتیگەلی روسیاو دەولّەتی عوسمانی. هەروەها هەموو سالّێك پیّ بژاردنەوەیەك (غرامە) بدات بەروسیا بەرێـژەی (1500)کیسەی ئـالّتون. هاوکـات رێکەوتنەکـە ئەوەشـی تێـدابوو کەرووسـیا مـافی پاراسـتنی مەسـیحییە ئورتـۆ دۆکسەکانی نێو دەولّەتی عوسمانی هەیە. واتە ئەو مەسیحییانەی کەهاولآتی نێـو دەولّـەتی عوسمـانین، هـەروەها روسیا کەنیسەیەك لەشاری ئەستەمبولّی پایتـەخت بونیـاد بنێـت. لەلایـەکیترەوە روسـیا چـەند پارچـەو بەشـێکی دەولّەتی عوسمانی بۆ خۆی وەرگرت سەرەڕای بوونی پەیماننامەکەش لەنێوانیانداو دەولّـەتی عوسمـانیش بـەهۆی لاوازییەوە ئەو ناوچانەی تەسلیم کرد. دواتر عوسمانییەکان شەڕیان دژی روسیا راگەیاندو لـەم جەنگەشـدا نەمـسا لەگەلّ روسـیا بـوون بەهاوپـەیمانو جـەنگ لەبەرژەوەنـدی دەولّـەتی عوسمـانی کۆتـایی پێهـات. دواجـار سـولّتان عەبدولحمیدی یەکەمی عوسمانی سالّی (1203ك) کۆچی دوایی کـردو برازاکـەی کـەکوڕی مـستەفای سـێیەم بـوو بەناوی (سەلیمی سێیەم) شوێنی گرتەوە.



## سەلیمی سێیەم

سەلیمی سێیەم

سەلیمی سێیەم کوڕی مستەفای سێیەم (1175 – 1222ك) یەکێکە لەسوڵتانەکانی دەوڵەتی عوسمانی، دوای مردنی مامی (عەبدولحەمیدی یەکەم) ساڵی (1203ك) دەسەڵاتی گرتۆتە دەست. لەوکاتەشدا شەڕەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەردەوام بووە، بۆیە کاتو کۆششەکانی بەخشی بۆ جەنگو کوشتار. کاتێك سوپاکانی عوسمانی لاواز بوو، هەروەها سوپاکانی روسیاو نەمساش یەکیان گرت، ئەوا روسیا توانی دەست بگرێت بەسەر (ئەفلاقو بغدانو بسارابیادا)، لەولاشەوە نەمسا توانی هەندێك لەولاتی صرب داگیربکاتو بچێتە نێو شاری بەلگرادەوە. لەئەنجامی بەردەوام نەبوو هاوپەیمانێتی نێوان روسیاو نەمساو نزیکبوونەوەی نەمسا لەفەرەنسا. لەم میانەیەدا نەمسا تەنازولی کرد لەصرب بۆ دەوڵەتی عوسمانی ساڵی (1205ك). هاوکات روسیا بەردەوام بوو لەشەڕکردنی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیداو توانی دەست بگرێت بەسەر هەندێك شارداو تاوانی زۆری ئەنجامدا. هەریەکە لە ئینگلتەراو هۆڵەندو پروسیا دەستێوەردانیان کرد بۆ رێکەوتن لەنێوان هەردوولا (عوسمانی – روسیا) لەبەر ترسیان لەبەرژەوەندییەکانیان لەناوچەکەداو ئاکامی ئەم دەستێوەردانەش پەیماننامەی (یاسی) ساڵی (1206ك) لێکەتەوە، کەبەگوێرەی رێکەوتننامەکە روسیا ولاتی قرمی بۆ دواجار بۆ خۆی وەرگرت. دوای هێوربوونەوەی کوشتاری بەرەکانی شەڕ سوڵتان سەلیمی سێیەم دەستیکرد بەچاکسازی نێوخۆیی. سەرەتا هەستا بەرێکخستنی سەربازەکان بۆ خۆ رزگارکردن لەئینکیشارییەکان ، کەستەمو دەست درێژییان دەکردو هۆکاری هەموو ئاژاوەیەك بوون. لەساڵی (1213ك) فەرەنسا چووە ناو میسرەوە، دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ ئینگلتەراو روسیا هاریکاری کرد بۆ دەرکردنی فەرەنسا لەمیسر، هەروەك هێرشی ناپلیۆنی بۆسەر ولاتی شام قەدەغەکرد.



## مستەفای چوارەم

مستەفای چوارەم

مستەفای چوارەم (8/)/1779– 1808/11/15ن)، مستەفای چوارەم سوڵتانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە لەنێوان ساڵانی (1222 – 1223ك/ کەدەکاتە 1807 – 1808ن) باوکی ناوی عەبدولحەمیدی یەکەم بووە. لەماوەی فەرمانڕەوایەتی چاکسازی سوڵتان سەلیمی سێیەمدا، مستەفای چوارەم کەسێکی رێز لێنراو بووە لای سوڵتان سەلیمی سێیەم. لەساڵی (1222ك) دوای کەنارگیرکردنی (سەلیمی سێیەمی) کوڕەمامی دەسەڵاتی گرتۆتە دەست.

کاتێك شۆڕشی ئینکیشارییەکان دژی سوڵتان سەلیمی سێیەم بەرپابوو، مستەفای چوارەم سوڵتان سەلیمی سێیەمی خەڵەتاندو فێڵی لێکردو هاوکاریو پاڵپشتی ئەو ئینکیشارییانەی کرد کەسوڵتان سەلیمی سێیەمیان لەدەسەڵات لابردو مستەفای چوارەمیان لەشوێنی دانا. بەڵام هێشتا ئینکیشارییەکان لەگەڵ سوڵتان سەلیمی سێیەمدا هاوسۆزبوون.

لەساڵی 1808ز سوپایەك بەسەرکردایەتی (مستەفای بەیرەقدار) رۆیشت بەرەو ئەستەمبوڵ بۆ گێڕانەوەی سوڵتان سەلیم بۆ حوکمو دەسەڵات. بەڵام سوڵتان مستەفای چوارەم وەك کاردانەوەیەك لەسەر ئەمە فەرمانی کرد بەلەسێدارەدانی سوڵتان سەلیمی سێیەمو برایەکی تری کە مەحمودی دووەم بوو. ئەم فەرمانەش وایدەکرد لەسوڵتان مستەفای چوارەم کەتاکە نێرینەی ماوەبێت لەوەچەی فەرمانڕەوای عوسمانییەکانو بەمەش ئەوەی پێدەبەخشی کە هیچ رکابەرێکی یاسایی لەسەر تەختی دەسەڵاتی عوسمانییەکان نەبێت، وەك خۆیشی وای باوەڕ دەکرد. بۆیە سوڵتان سەلیمی سێیمی کوشتو جەستەیان هێنایە بەردەمی ئەوانەی دژی سوڵتان مستەفای چوارەم بوون لەگاڵتەجارییەکدا، بەڵام دواتی ئینکیشارییەکان سوڵتان مستەفای چوارەمیان لابردو گۆڕییان بە مەحمودی دووەم کە بەهۆی خۆشاردنەوەوە لەسێدارەدان رزگاری بوو بوو، هەر لەو ساڵەشدا مستەفای چوارەم لەسێدارەدرا.

لەو ماوەیەدا ئەو سەرکردە سەبازییانەی کەسەلیمی سێیەمیان پێشتر لابردبوو فەرمانڕەوایەتییان دەکرد. هەر لەسەردەمی سوڵتان مستەفای چوارەمدا ئینکیشارییەکان هەستان بەکوشتنی سەدری ئەعزەم. هاوکات هەریەکە لەفەرەنساو روسیاو نەمسا پلانیان گێڕا لەسوڵتان مستەفای چوارەم، بەڵام شەڕ بۆماوەی دووساڵ لەنێوان دەوڵەتی عوسمانیو روسیادا وەستا. سەرکردەی ئەوانەی راپەڕین دژی سوڵتان مستەفای چوارەم بەناوی (قبانجی ئوغلی) کوژراو داوای کردبوو سەلیمی سێیەم بگەڕێتەوە دەسەڵات پاش وەرگرتنی بزوتنەوەکە، بەڵام

سوڵتان مستەفا ئەم سەرکردەیەی کوشتو مردنی سوڵتان سەلیمی سێیەمیشی بەسەربازەکانی راگەیاند کەپێشتر بەچەند رۆژێك مردبوو.

سەربازەکانیش هەستان بەکەنارگیرکردنی سوڵتان مستەفای چوارەمو دەست بەسەرکردنو زیندانی کردنی لەشوێنی سەلیمی سێیەمداو مەحمودی دووەمی برای سوڵتان سەلیمی سێیەمیان لەشوێنەکەی دانا ساڵی (1223ك).



مەحمودی دووەم

مەحمودی دووەم

مەحمودی دووەم (1785/7/20 تا 1839/7/1ز) سوڵتانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی بووە لەماوەی ساڵی (1808ز)ەوە تاکو مردنی . ساڵی (1808ز) مستەفای چوارەم برای مەحمودی دووەم هەستا بەدەرکردنی فەرمانی لەسێدارەدانی مەحمودو سوڵتان سەلیمی سێیەمی برای کە لەسەر تەختی دەسەڵات لادرابوو لەپێناوی کوژاندنەوەی شۆڕشەکەی مستەفا بەیرەقداردا. بۆیە لەسێدارەدانی سەلیمی سێیەم جێبەجێ کرا، بەڵام مەحمودی دووەم

مستەفا بەیرەقداری سەرکردەی شۆڕش بوو بەوەزیری سوڵتان مەحمودی دووەمو دەست پێشخەری تەواوکردنی ئەو چاکسازییانەی خرایە گەردن کە بەکۆدێتا دەستی پێکردو لەمیانەیدا مستەفای چوارەمی پێ

هاتبووە سەر تەختی دەسەڵات لەساڵی (1807ز). کات درێژەی نەکێشا تاوەکو ئەم وەزیرە تیرۆرکرا لەسەر دەستی ئینکیشارییە راپەڕیوەکان، بۆیە سوڵتان مەحمودی دووەم ناچاربوو واز لەچاکسازییەکان بهێنێ بۆماوەیەکی کاتی، لەماوەیەکی دواتری فەرمانڕەوایەتیدا.

کۆششی چاکسازی مەحمودی دووەم بەرهەمی زۆری هەبوو، لەروونترین جێ پەنجەکانی لەبواری چاکسازیدا بریتی بوو لەپاك کردنەوەو تەسفیەکردنو پاڵفتەکردنی هێزی ئینکیشارییەکان ساڵی (1826ز) بەتایبەت ئەوەی پێی دەوترێ (کوشتارگەری ئینکیشارییەکان). زانایانی دەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی سوڵتان موڕادی سێیەمەوە (982 – 1003ك/ کە دەکاتە 1574 – 1595ز) تێبینییان کردبوو کە گەندەڵی لەدامو دەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بڵاوبۆتەوەو ئاژاوەو راپەڕینو یاخیبوون دەستی پێکردووەو درێژتر دەبێتەوە، هاوکات دەوڵەتیش ناتوانێ دەست بەجڵەوی کاروبارەکانەوە بگرێت، بۆیە پێویستی بەوە هەبوو کەکێ هەیە بتوانێ دووبارە ژیان بکاتەوە بەبەری دەوڵەتدا، بەجۆرێك دووربێت لەکەرەستەکانی تیاچوونو کەوتنەوە؟

بۆیە لەم میانەیەدا چەند بانگەشەیەکی چاکسازی دەرکەوتن کەئیلهامی لەرۆحی ئاینی ئیسلامو پرەنسیپەکانیەوە وەردەگرت بۆ چارەسەکردنی کێشەکان، لەگەڵ پێویستی پراکتیك کردنی شەریعەتی ئیسلامی لەهەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، بۆئەوەی دەوڵەت هەستێتەوە و بگەڕێتەوە سەردەمی مەزنێتیو باڵا دەستی. پاشان هەندێك بانگەشەی چاکسازی تر دەرکەوتن کەداوایان دەکرد سود لەپێشکەوتنی ئەوروپی وەربگیرێت بۆ چاککردنی بارودۆخی شێوازی دەوڵەتی عوسمانی، پاش ئەوەی کە دەوڵەوتی عوسمانی لەنیوەی دووەمی سەدەی دوانزەیەمی کۆچیدا گەیشتبووە ئەوپەڕی خراپترین دۆخی لاوازیو شی بوونەوە.

یەکەم بزوتنەوەی چاکسازیش کە ئەم میتۆدەی بنیادنابوو لەسەردەمی سوڵتان ئەحمەدی سێیەمدا بوو، کەژمارەیەکەك لەرۆشنبیرانی لەدەروبەری خۆی کۆکردبوویەوەو لەپشتی ئەم ئاراستەیەوە وەستابوون. پاشان سەردەمی سوڵتان سەلیمی سێیەم سەرەتاکانی چاکسازی سەربازیو جەنگی بەخۆوە بینی، لەگەڵ پەرەپێدانی فێرکردنی سەربازی لەسەر شێوازی خۆرئاوایی، لەگەڵ ئەو شتانەی کە لەمەعریفەی ئەوروپییەوە وەردەگیرا، پاشان سوڵتان مەحمودی دووەم هاتو چەند پلانو هەنگاوێکی فراوانی چاکسازی ناو هەوڵیدا دەوڵەتی عوسمانی هەڵبسێنێتەوەو پاڵی پێوە بنێت بۆ پێگەو رێزێك کەشایستەی بێت.

### فەرمانڕەوایەتی سوڵتان مەحمودی دووەم

سوڵتان مەحمودی دووەم کاروبارەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەساڵی (1199ك/ کەدەکاتە 1784ز) گرتە دەست کەئەوکات تەمەنی بیستو چوار ساڵ بوو، سووربوو لەسەر ئەوەی کە لەسەر ئەو رێگەی چاکسازییە بڕوات کە هەندێك لەسوڵتانەکانی پێش خۆی لەسەری رۆیشتبوون، وای بینی کە سەرەتا بەچاکسازی جەنگی دەست پێبکات، بۆیە (مستەفا بەیرەقدار)ی سەدری ئەعزەم راسپارد کەئینکیشارییەکان رێکبخاتو بارودۆخیان چاك

بکات، هەروەها ناچاریشیان بکات بەشوێن کەوتنی چاکسازییە کۆنە دانراوەکان لەسەردەمی سولتان سلێمانی قانونییەوەو شتەکانی تر پشتگوێ بخەن.

### لەناوبردنی ئینکیشارییەکان

سەدرە ئەعزەم هەوڵیدا بەوکارە هەستێت کەسولتان مەحمودی دووەم پێی راسپاردبوو، پێشوازی لەنارەزاییەکی ئینکیشارییەکان کردو ئەوان لەئەستەمبوڵی پایتەخت شۆڕشو راپەرینێکی خراپو ئاژاوەریان بەرپاکرد لەمانگی رەمەزانی ($1223$ك/ کە دەکاتە $1808$ز)و هەوڵیاندا سولتانی پێشوو مستەفای چوارەم بگێڕنەوە بۆ دەسەلات بۆ ئەوەی ببێتە یاری منالان لەدەستیاندا. بۆیە ئاگریان بەردایە شوێنە حکومییەکانو لەو ئاژاوەیەشدا سەدری ئەعزەم (مستەفا بەیرەقدار) بەسوتاوی مرد کە هەوڵیدەدا بەسەر ئەو ئاژاوەیەدا زاڵ بێت، دواتر سولتان مەحمودی دووەم ناچاربوو ملکەچ بێت بۆ ئینکیشارییەکان پاش ئەوەی کە ئاگریان لەناو پایتەخت بەردابوو لە هەندێ شوێن. بۆیە سولتان بیرۆکەی خۆرزگارکردنی لەئینکیشارییەکان دواخست بۆ کاتێکی تر.

هەروەها سولتان مەحمودی دووەم وایدەبینی کەتوندوتیژبوونی نفوزی ئینکیشارییەکان بووەتە هۆی تێکشکاندنی کۆششی هەموو ئەو کەسانەی کەهەوڵی چاکسازییانداوە لەسولتانە پێشووەکانی عوسمانی، هاوکات نهێنی سەرکەوتنی محەمەد عەلی پاشا لەمیسر لەبزوتنەوەی چاکسازییەکەیدا کەبریتی بوو لەلابردنی مەمالیکەکانو خۆرزگار کردن لێیان بەرووداوێکی ناسراودا بەناوی (کوشتارگەی قەلا)، بەهەرحاڵ بۆ دواجار سولتان مەحمودی دووەم توانی بەتەواوەتی لەساڵی ($1240$ك / کە دەکاتە $1826$ز) خۆی لە ئینکیشارییەکان رزگار بکات.

سولتان مەحمودی دووەم روویکردە گرینگیدان بەبونیادنانی گروپی سەربازی کە لەسەر سیستەمی نوێ پێکبێن، بۆ ئەم مەبەستە هێزێکی لەچەکی تۆپی بەرگری دامەزراند لەسەر دەستی ئەفسەرە ئەوروپییەکان، سەرکەوتنی ئەو هێزە لەفێربوونی هونەری سەربازی نوێدا پاڵنەرێك بوو بۆ سولتان مەحمودی دووەم کە هێزی تر لەجۆری پیادە لەسەر هەمان رێگە دابمەزرێنێت.

سولتان دەستیکرد بەدۆزینەوەو بونیادنانی رای گشتی کەپشتگیری ئەم چاکسازییانەی بکات، بۆ ئەمەش هەڵدەستا بەبەرپا کردنی ئاهەنگی گەورە بۆ هەر دەستکەوتێك کەهێزەکانی پێی هەڵبستایە، هەروەها هەڵدەستا بەدەرکردنی فەتوا لەلایەن پیاوە ئاینیەگەورەکانی دەوڵەتەوە بۆ پێویستی فێربوونی هونەری جەنگو پێویستی چاکسازی سەربازیو خستنە ناوەوەی سیستەمی سەربازی نوێ لەگروپە ئینکیشارییەکاندا کە نەیدەتوانی بەم شێوازەی ئێستا لەسەری پێکهاتوو لەبەردەم سوپا ئەوروپییەکاندا خۆی رابگرێت. هاوکات سولتان مەحمودی دووەم هەستا بەزیندوو کردنی ئەو خوێندنگە سەربازییانەی کەپێشتر مستەفای سێیەم پێی هەستابوو لەنموونەی خوێندگەی تۆپخانەو دەرياییو ئەندازیاریی.

هەروەها خوێندنگەیەکی جەنگی دامەزراند بۆ دەرچوواني ئەفسەران لەسەر شێوازی خوێندنگە جەنگیە ئەوروپیەکان، هەروەها دامەزراندنی خوێندنگەیەك بۆ فێربوونی سەربازو راهێنانیان لەسەر شێوازی خوێندنگەی سوپا لەئینگلتەرا.

سولتان مەحمودی دووەم سیستەمی سەربازیکردنی ناچاری بۆ منالانی مسولمانەکان دەرکرد، ماوەی سەربازیکردنی کرد بە (10) دەساڵو ئەفسەرەکانی لە نێرژەکاندا نارد بۆ دەرەوەی وڵات لەچوارچێوەیەکی فراواندا، ژمارەیەك لەئەفسەرانیشی لەروسیاوە بانگهێشت کرد بۆ راهێنانی هێزە نوێیەکان.

هاوکات سولتان روویکردە چاکسازی دەریایی، دووبارە ئەو خوێندنگە دەرياييەی کە سولتان مستەفای سێیەم دایمەزراندبوو کردەوە، چەندین سەربازگەی تایبەتیشی بونیادنا بۆ پیاوانی دەریایی، ئەوانەی کەناسرابوون بە (سەربازانی دەریا)، خانەیەکی نوێیشی دامەزراند بۆ خوێندنگە دەرياييەکانو گرنگی بەخوێندکارانو مامۆستایانی داو بەئامێرو کتێبخانەو کەرەستە کۆمەکی کردن، پاشان خوێندنگەیەکی دەریایی تری دەمەزراند و کورتی کردبوویەوە لەسەر ئەو خوێندکارانەی کە لەخوێندنگە کۆنەکە دەردەچوونو سەرکەوتوو دەبوون.

هەروەها سولتان مەحمود ژمارەیەك مەشجەبی دەریایی لەژمارەیەك لەقەڵاکاندا دامەزراند، کە بەگرنگترین چاکسازییەکانی سولتان مەحمودی دووەم دادەنرێت، پاشان جارێکی تر خوێندنگەی ئەندازیاری دەریایی کردەوە کەپێشتر لەساڵی (1208ك/ کەدەکاتە 1793ز) دەمەزراندبوو، هەرکاتێکیش کارکردن لەدامەزراندنی پارچەیەکی دەریاییدا تەواو دەبوو، پاشا لەئاهەنگێکی مەزندا دەخرایە نێو دەرياييەوەو ئامادەباش بوو بۆ بەکارهێنان. هەروەها سولتان سوور بوو لەسەر دامەزراندنی کەشتیگەلی نوێو بەخششو خەڵاتی بەسەر تاقمەکەیدا دەبەخشیەوە.

## چاکسازی فێرکردن

سولتان مەحمودی دووەم گرنگیدا بە رێکخستنی فێرکردن بەشێوەیەك خوێندنگەی سەرەتایی بەناوی (صبیان مکتبی) دامەزراند بۆ فێربوون حینجەی تورکیو خوێندنەوەی قورئان، لەگەڵ بنەماکانی زمانی عەرەبی.

لەخوێندنگە ناوەندییەکانیش، خوێندنگەی (روشدیە) دامەزراند بۆ فێربوونی ماتماتیكو مێژوو جوگرافیا، لەتەنیشی ئەو خوێندنگایانەی کە پاشکۆ بوون لەمزگەوتەکاندا (زیاتر مەبەستی لێی حوجرەکانە – وەرگێڕ– ) هەروەك چەند خوێندنگەیەکی دامەزراند کە خوێندکارەکانی ئامادەدەکرد بۆ پەیوەندی کردن بەخوێندنگە دەرياييەکانو پزیشکیو کشتوکاڵو ئەندازیاریو خوێندنگەی تۆپی بەرگریەوە. هاوکات خوێندنگەی ئامادەییشی دامەزراندبوو بۆ خوێندنگەی پزیشکیو وەك پاشکۆیەك بۆی. هەروەها سولتان بایەخی داوە بەخوێندنگەی فێربوونی زمانەکان کە لەسەردەمی سولتان مستەفای چوارەمەوە دامەزرابوو بۆ دەرچوانی وەرگێڕکارانو دەرچووانی ئەو خوێندنگانە پەیوەندییان بەباڵوێزخانە جۆراوجۆرەکانەوە دەکرد. لەگەڵ ئەمانەدا سولتان ژمارەی نێرژە زانستییەکانی زیاد کرد بۆ لەندەنو پاریس بۆ بەدەست هێنانی هونەر و زانستە نوێیەکانو باڵوێزی

دەوڵـەتی عوسمـانی (ئەحمـەد پاشـا)ی راسـپارد بەهاوڕێیـەتی کردنـی ئـەو نێـژرە زانـستیانەو نووسـینی راپـۆرت دەربارەیان.

### چاکسازییەکانی تری سوڵتان مەحمودی دووەم

سوڵتان مەحمودی دووەم هەوڵیدا لەدامو دەزگاکانی دەوڵەتی ناوەندیدا ریفـۆرم ئـەنجام بـدات، بۆیـە سـەرەتا ئەوقافی خستە ژێر سەرپەرشتی خۆیەوەو خاوەندارێتیە بچووکەکانیشی هەڵوەشاندەوەو خستیە نێـو موڵکـەکانی سوڵتانەوە، هاوکات یەکەم ئاماری ئەنجامدا بـۆ زەوییـە تورکیـە کـشتوکاڵییەکان لەسـەردەمی نوێداو چـاککردنی لەتۆڕەکانی گەیاندندا جێبەجێ کردو ڕێگەی نوێی دامەزراندو کارەبای بۆ دابین کردن، هەروەها هێڵی ئاسنی لێدا، هەروەك ڕۆژنامەیەکی فەرمی بۆ دەوڵەت دامەزراند.

سەردەمی سوڵتان مەحمودی دووەم بزوتنەوەیەکی ئاوەداکردنەوەی بەخۆوەبینی، بەشـێوەیەك ئاودەسـتخانە کۆنەکانی رێکخستەوە کەپشتگوێ خرابوون، لەساڵی ($1241$ك/ کە دەکاتە $1835$ز) مزگەوتێکی گەورەی بەناوی (جامع نصرت) واتە مزگەوتی سەرکەوتن لەئەستەمبوڵ دامەزراند، جارێکی تریش دووبارە مزگەوتی (ئەیاصۆفیا)ی ئاوەدانکردەوەو جگە لەویش مزگەوتەکانی دیکەش داوایکرد دروستکردنی شوێنەکان لەبـەرد بێـت لـەبری تەختـە، ئەسـتەمبوڵی پایتـەخت زۆر رووبـەڕووی ئاگرکەوتنـەوەو سـوتاندن دەبوویـەوە لەبـەر ئـەوەی مـاڵ‌و خانوەکـانی لەتەختە دروست کرابوو، هەروەها سوڵتان بورجێکی ئاگر کەوتنەوەی لەمەرمەڕ بەرپاکرد، بەرزایی ئەم بورجـە بـۆ دۆزینەوەو ئاشکراکردنی ئاگرکەوتنەوە بوو، بەشێوەیەك لەکاتی بینینی ئاگرکەوتنەوەیـەکی راسـتەوخۆدا ئاڵایـەك هەڵـدەکراو بـەرز دەکرایـەوەو کۆمـەڵێك رۆشـنایی دەدا. هـەروەها سـوڵتان مـەحودی دووەم سیـستەمی (بـەرگری تەندروسـتی) دۆزییـەوە بـۆ خـۆ پاراسـتن لەبڵاوبوونـەوە ی نەخۆشـییەکان، هـەروەها گرنگیـدا بـەزۆرکردنی نەخۆشخانەو دەرمانخانەکان‌و نوسینگەی خۆپاراستن لەنەخۆشییەکان، لەمەشـدا ڕێ‌و شـوێنە تەندروسـتییەکان لەسەر شـێوازی ئـەورووپی پـەیرەو دەکـراو کرابـووە رێـسا. هـەروەك سـوڵتان سـوربوو لەسـەر دانـان‌و بونیادنـانی هۆشیاریی تەندروستی لەنێوان خەڵکیدا.

### مردنی سوڵتان مەحمودی دووەم

سوڵتان مەحمودی دووەم بەکەسایەتیەکی بەهێزو گرنگییەکی بەرز جیادەکرێتەوە، هەوڵیدا دەوڵەتی عوسمانی بگێڕێتەوە شوێنی خۆی، بەڵام رووداوەکان یارمەتییان نەداو جەنگ کردنی لەگەڵ روسیا ماندوی کرد، جگە لەوەی شەڕەکانی لەگەڵ والی محەمەد عەلی پاشای میسر کە تموحی هەبوو بەشێکی گەورە لەدەوڵـەتی عوسمـانی بخاتـە سەر دەسەڵاتەکەی خۆی، هەروەها جەزائیریش کەوتـە ژێـر داگیرکـاری فەرەنـسیەکانەوە لەسـاڵی ($1245$ك/ کـە دەکاتە $1830$ز).

سوڵتان مەحمودی دووەم تووشی تەنینەوەی سیل بوو، کاتێك نەخۆشی زۆری بۆ هێنا گوازرایەوە بۆ یەکێك لەگەڕەکەکانی شاری ئەستەمبوڵ بۆ چاکبوونەوە لەبەر ئەوەی ئاوو هەواکەی پاك بوو، بەڵام دواتر لەرۆژی (19ی رەبیعی دووەمی 1255ك/ کە دەکاتە 1839/7/2ز) کۆچی دوایی کردو سوڵتان عەبدولحەمیدی یەکەم شوێنی گرتەوە.



عەبدولمەجیدی یەکەم

عەبدولمەجیدی یەکەم

عەبدولمەجید لەرۆژی (1823/4/23 – 1861/7/25ز) ژیاوە، یەکێکبووە لە سوڵتانەکانی دەوڵەتی عوسمانی ، دوای سوڵتان مەحمودی دووەمی باوکی جێگەی گرتۆتەوە. لەسەردەمی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەمدا سەرەتاکانی لاوازی دەرکەوتووە بەهۆی بزوتنەوە نیشتمانییەکانەوە لەئیمپراتۆریەتی عوسمانیو هەروەها بەهۆی دەستێوەردانی دەوڵەتە ئەوروپییەکانەوە لەکاروباری نێوخۆی دەوڵەتی عوسمانی.

کاتێك سوڵتان عەبدولمەجید شوێنی باوکی گرتەوە لەسەر تەختی دەسەڵات، کاروباری ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی لەدۆخی تەنگانەدا بوو، کاتێکیش باوکی کۆچی دوایی کرد، هەواڵی تێکشکانی سوپای عوسمانییەکان لەشەڕی (نوسەیبین) لەسەر دەستی والی راپەڕیو (محەمەد عەلی پاشا) گەیشت. لەوکاتەشدا کەشتی سوڵتان بەرەو ئەسکەندەرییە دەڕۆیشت بەشێوەیەك فەرماندە (ئەحمەد پاشا) تەسلیمی ئەو دوژمنەی کردبوو (واتە ناپاکی کردبوو – وەرگێڕ –)، بەو بەهانەیەی کەراوێژکارەکانی سوڵتانی لاو دۆستایەتی خۆیان فرۆشتووە

بەروسیا. بەڵام لەمیانەی دەستێوەردانی هێزە ئەوروپییەکانەوە، توانرا محەمەد عەلی پاشا پابەند بکرێت بەچەند مەرجێکەوەو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی رزگارکرا لەو تەنگانەیە.

### هەرێمە عەرەبییەکان

لە یەکەم سەردەمی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەمدا سەرکردەی دەریایی عوسمانی (ئەحمەد پاشا) ناپاکی کردو رۆیشتنی کە کەشتیگەلی عوسمانی رووەو محەمەد عەلی پاشا پەڕیو لێرەشەوە دەوڵەتە ئەوروپییەکان ترسان محەمەد عەلی پاشای پێشڕەوی بکاتو ئەستەمبوڵ داگیربکات، بۆیە رێکەوتننامەیەکیان گرێدا کە نفوزو سایەی محەمەد عەلی سنوردار دەکردو ئەوەشیان بۆ دەرەخسا کەزیاتر دەست وەربدەنە نێو کاروباری دەوڵەتی عوسمانیو دانیشتوانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی هان بدەن.

هەر لەسەردەمی سوڵتان عەبدولمەجیددا لەلایەکی ترەوە دەوڵەتە ئەوروپییەکان (پەیماننامەی گەرووەکان)یان ئیمزا کرد کە هەموو گەرووەکانیان دادەخست لەبەردەم هەموو دەوڵەتەکاندا بەبێ هەڵاوێردن، ئەوەش لەرۆژی ($23$ی جەمادی یەکەمی ساڵی $1257$ك)دا بوو. هاوکات ئینگلتەراو نەمسا شەڕێکی مەزهەبیان لەلوبناندا هەڵگیرساندو لەم میانەیەشدا سوڵتان ناوچەی چیا (کەرەنگە مەبەست پێی چیای رەش بێت کە ئێستا سەربەخۆیی وەك وڵات وەرگرتووە – وەرگێڕ – )لەئیمتیازاتەکانی بێبەش کرد، بەڵام ئینگلتەراو فەرەنسا سوڵتانی عوسمانیان ناچارکرد کە ئیمتیازاتەکان بگێڕێتەوە بۆ ناوچەی چیای رەشو قایمقامێکی دروزیو یەکێکی (مارۆنی)یان بۆ دەست نیشان کرد. هەر لەسەردەمی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەمدا لەشەڕی قرمدا لەنێوان روسیا لەلایەكو دەوڵەتی عوسمانیو ئینگلتەراو فەرەنساو نەمسا لەلایەکی ترەوە درێژەی کێشاو ئەنجامی شەڕەکە شکستی روسیای لێکەوتەوە لەگەڵ سەپاندنی مەرجەکانی هاوپەیمانان کە بەرژەوەندییەکانیانی دەپاراستو هەندێك لە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی عوسمانیشی دەپاراست. هەروەها ئاژاوەیەکی مەزهەبی بەرپابوو لەشام لەنێوان مارۆنییە مەسیحییەکانو دروزییەکانداو دەوڵەتی عوسمانی زاڵ بوو بەسەر ئەم ئاژاوەداو کۆتایی پێ هێنا، بەڵام ئەوروپا تووڕە بوو، فەرەنسا ساڵی ($1277$ك) هێزی نارد بۆ بەیروتو رێکەوتن لەسەر ئەوەی کەقەرەبووی لوبنان بکرێتەوە بەهۆی ئەو زیانانەی کەلێی کەوتووە، هەروەها حکومەتی سەربەخۆ بدرێتە چیای رەش بەڵام لەژێر سەروەری دەوڵەتی عوسمانیدا بێت، پیاوێکی مەسیحیش بۆماوەی سێ ساڵ سەرکردایەتی بکاتو نابێت لابرێو کەناگیر بکرێ مەگەر تەنها بەبیروڕای دەوڵەتە ئەوروپییەکان نەبێ، بەشێوەیەك دەوڵەتی عوسمانی پێشنیازی دەکاتو ئەوروپا رەزامەندی لەسەر دەردەبڕێت. لەبەرامبەر ئەو تەنازولانەدا فەرەنسا پاشەکشێی کرد لەشام لەرۆژی ($27$ی زی لقەعدەی ساڵی $1277$ك) دوای دە مانگو پێنج رۆژ لە چوونە ناوەوەی بۆ شام، دواجار سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم لەرۆژی ($17$ی زی لحجەی ساڵی $1277$ك) مرد.

### چاکسازییەکانی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم

سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم پابەندبوو بەفەرمانە خێراکانی باوکییەوە، بۆیە خێرا هەستا بەو چاکسازییانەی کەسوڵتان مەحمودی دووەمی باوکی خۆی بۆ تەرخان کردبوو. لەمانگی 1839/11ز دا مەرسومێکی دەرکرد کە بە(خەتی شەریف گوڵخانە) ناسرابوو کە بەتوندی داوای ئەو چاکسازییانەی دەکردو ئەو مەرسومەش لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی قرمدا تێرو تەواو کرد بەیاسایەکی لێکچوو کە لەمانگی (1858/2ز) دەری کرد، بەگوێرەی ئەو یاسایانەش، هەموو چینو توێژەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی پێویستە دڵنیابن لەسەر ژیانو ماڵو داراییەکانیان، هەروەها باجەکانی بەشێوەیەکی دادوەرانەو بەشێوەیەکی پاکو بێ غەش دەسەپێنرێنو پراکتیک دەکرێن. هاوکات هەمووان مافی ئازادی تەواوی بیروڕاو مافە مەدەنییەکانیان بەشێوەیەکی یەکسانانە هەیە. بەڵام چینە فەرمانڕەوا موسوڵمانەکانو دەسەڵاتە ئاینیە پلانداڕێژەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانی بەتوندی بەرهەڵستییەکی بەهێزی ئەم چاکسازییانەیان دایەوە، بۆیە تەنها بەشێوەیەکی جوزئی پراکتیک کرا، بەتایبەت لەناوچە دوورەکان لەناوەندی سەڵتەنی عوسمانییەوە، بۆیە لەسەر کاریگەری ئەم چاکسازییانەش زیاتر لەپلانێك کەژیانی سوڵتانی دەخستە مەترسییەوەو هەڕەشەی لێدەکرد بەرپابوو. ئەو دەستکاریکردنە چاکسازییە روونانەی کەعەبدولمەجیدی یەکەم پێی هەستا ئەمانەی لەخۆ گرتبوو:

- ناودێر کردنی سرووودی نیشتمانی عوسمانی بەناوی سوڵتان خۆیەوە.
- دووبارە رێکخستنەوەی سوپا (1843 – 1844ز).
- دامەزراندنی ئەنجومەنێك .بەناوی ئەنجومەنی گشتی.....(1846ز).
- هەڵوەشاندنەوەی بازرگانی کۆیلەکان.
- چەند بەندێکی تر بۆ چاککردنی بەڕێوەبردنی خزمەتگوزاری گشتیو درێژەپێدانی دارایی.

### قەدەغەکردنی عەمامە ( مێزەر یان سەرپێچ )

دەستکاریکردنێکی تری سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم لەنێوخۆی دەوڵەتی عوسمانیدا کەسەرنجی رادەکێشا بریتی بوو لەقەدەغەکردنی فەرمی عەمامە بۆ یەکەمجار لەسەردەمی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەمداو لەجێگەیدا تەربوشی پەرەپێدا. هەروەك جلو بەرگی ئەورووپی بەتەواوەتی دامەزراند لەلایەن دادگاوە.

کاتێك کوسوسی هەنگاریو ئەوانیتر دوای شکستو سەرکەوتنی شۆڕشەکەیان لەهەنگاریا ساڵی (1849ز)و پەنایان هێنا بۆ دەوڵەتی عوسمانی، هەریەکە لەروسیاو نەمسا داوایان لەسوڵتان کرد تەسلیمیان بکەنەوە، بەڵام بەوپەڕی پێداگرتنو ئازایەتییەوە داواکەی رەفزکردنەوە، هەروەك چۆن خۆش نەبوو بەلەسێدارەدانی ئەو کەسانەی کەپلانیان دارشتبوو بۆ کوشتنی خۆی. دواجار سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم لەساڵی (1861ز) کۆچی دوایی کردو عەبدولعەزیزی برای جێگەی گرتەوە، کەگەورەترین ئەندامی زیندووی خێزانی بنەماڵەی عوسمانیەکان بوو، هەروەك سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم ژمارەیەك لەنەوەی جێهێشتووە، لەنێوانیاندا دوانیان گەیشتوونەتە دەسەڵات دواتر، ئەوانیش مورادی پێنجەمو عەبدولحەمیدی دووەمن، هەرلەمیانەی فەرمانڕەوایەتی کردنیدا قەرزە

دەرەکیەکان بەشێوەیەکی سەرچلێو دەست بڵاوانە بەکارهێناوە، بەشێوەیەك سنوری سەردەمەکانی پێشووی تێپەڕاندو بەهۆی دواکەوتنی لەدانەوەی قەرزەکانیو کەڵەکەبوونیان، ئەم کارەش دواتر سەری کێشا بۆ زمانی هاوسۆزی ئەوروپیەکان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش سەری کێشاو بۆلابردنیو کەنارگیرکردنیو کوشتنی سوڵتان عەبدولعەزیزی یەکەم لەدواتر داو لەسەردەمی خۆیدا.



عەبدولعەزیزی یەکەم

عەبدولعەزیزی یەکەم

عەبدولعەزیزی کوڕی سولتان مەحمودی کوڕی عەبدولمەجیدی یەکەم (1245 – 1293ك) یەکێکە لەسوڵتانەکانی دەوڵەتی عوسمانی، لەساڵی (1277ك)ەوە تاوەکو کەناگیرکردنی لەدەسەڵات ساڵی (1293ك) دەسەڵاتی گرتۆتەدەست. لەکۆتاییەکانی ساڵی (1277ك) پاش مردنی عەبدولمەجیدی برای دەسەڵاتی گرتۆتە دەست.

لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتیکردنی ئەم سوڵتانەدا، شۆڕشو راپەڕینێك لەدورگەی (کریت) بەرپابوو، بەڵام لەساڵی (1283ك) دامرکایەوە، هەروەها توانرا کەناڵی سوێس لەساڵی (1285ك) والا بکرێت، هەروەك توانی گۆڤاری یاساکانی دادوەری دەربکات لەساڵی (1285ك)و پێشتریش لەساڵی (1279ك) یاسای بازرگانی دەریایی

دەربکات. گەمارۆی ویلایەتی میسریدا لەسەردەمی ئیسماعیل پاشادا کە دواتر نازناوی خدێوی واتە (جێگری سوڵتان)ی بەدەست هێنا، هەروەها سوڵتان عەبدولعەزیزی یەکەم دوژمنایەتی ئەوروپای مەسیحی لەسەر دەوڵەتی عوسمانی بینی، بیری کردەوە کەجیاوازیو ناکۆکی نێوان دەوڵەتانی ئەوروپا لەبەرژەوەندی دەوڵەتی عوسسمانی بقۆزێتەوە. بۆیە زیاتر لەجارێك بانگهێشتی باڵوێزی روسیای کرد لەئەستەمبوڵ بۆ ئەوەی دەوڵەتانی ئەوروپای خۆرئاوا تەنازولات پێشکەشی دەوڵەتی عوسمانی بکەن، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوە دەنگۆی زیادەڕۆییو پارە بەفیڕۆدان لەلایەن سوڵتان عەبدولعەزیزی یەکەمەوە، سەرۆکی ئەنجومەنی راوێژ (ئەحمەد مەدحەت پاشا) بیرۆکەی لابردنو کەنارگیرکردنی سوڵتان عەبدولعەزیزی یەکەمی گرتەدەستو لەساڵی (1293ك) سوڵتان عەبدولعەزیزی یەکەم لەدەسەڵات کەنارگیرکراو پاشان دوای ئەوەش کوژراو ئەو دەنگۆیەشیان بڵاوکردەوە کەگوایە سوڵتان خۆی خۆی کوشتووە.لەدوای سوڵتان عەبدولعەزیزی یەکەم، برازاکەی بەناوی سوڵتان موراد ی پێنجەم کەکوڕی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم بوو شوێنی گرتەوەو بوو بەسوڵتانی دەوڵەتی عوسمانی.



مورادی پێنجەم

مورادی پێنجەم

مورادی کوڕی سوڵتان عەبدولمەجیدی کوڕی سوڵتان مەحمودی یەکەم، لەرۆژی (25ی رەجەبی 1256ك) لەدایکبووە، یەکێکە لەسوڵتانەکانی دەوڵەتی عوسمانی. دوای کەنارگیرکردنی عەبدولعەزیزی یەکەمی مامی دەسەڵاتی گرتۆتە دەستو ئەوکاتەش تەمەنی (37) سیو حەوت ساڵ بووە.

لەرۆژی (7ی جەمادی یەکەمی ساڵی 1293ك) بەیعەتی پێدراوەو دوای سێ مانگو سێ رۆژ لەرۆژی (10)ی شەعبانی هەمان ساڵ لابراوەو کەنارگیرکراوە لەدەسەڵات.

لەدوای سوڵتان مورادی پێنجەم بەیعەت دراوە بەعەبدولحەمیدی دووەمی برایو ئەو دەنگۆیە بڵاوکرایەوە گوایە بۆیە کەنارگیرکراوە، چونکە سوڵتان مورادی پێنجەم عەقڵی تێکچووەو لەدەستی داوەو ناتەواو بووە.



## عەبدولحەمیدی دووەم

## ( سوڵتانە سور )

عەبدولحەمیدی دووەم ( سوڵتانە سور )

عەبدولحەمیدی کوڕی عەبدولمەجیدی کوڕی مەحمودی دووەم (1259 – 1336ک/ کە دەکاتە 1842 – 1918ز)، سوڵتانی سیو شەشەمی عوسمانییەکان بووە، دوای لابردنو کەناگیرکردنی سوڵتان موڕادی پێنجەمی برای لەساڵی (1293ک/ کە دەکاتە 1876ز) دەسەڵاتی گرتۆتە دەستو فەرمانڕەوایەتی تەسلیم کراوەو ئەوکاتەش دەوڵەتی عوسمانی پڕبووە لەمەترسیو شۆڕشی کڵپەسندوو، هەروەها قەرزی گران کە لەسەرشانی دەوڵەت کەوتبوو. دەوڵەتی عوسمانی چووە شەڕەوە لەگەڵ روسیا کە گەیشتبوونە دەوروبەری ئەستەمبوڵی پایتەخت. دواتر رێکەوتن لەنێوان هەردوولا روویدا لەسەر ئەوەی سەربەخۆیی کارگێڕی نەدرێت بەبولگاریاو هەروەها سەربەخۆیی سیاسیش نەدرێت بەرۆمانیاو چیای رەش، هەروەها پێ بژاردنەوەیەکی جەنگیدا بەروسیا، هاوکات سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پەیماننامەی (سان ستیفانۆ)ی ئیمزاکردو (کۆنگرەی بەرلین)ی ساڵی (1295ک/ 1878ز) گرێدا، هەروەها ئینگلتەرا لەوکاتەدا میسرو توبروسی داگیرکرد.

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم فریودانەکانی جولەکەی رەفزکردەوە کە بەرامبەر برێك پارەی زۆر داوایان لێکردبوو سوڵتان رێگەیان پێبدات کە کۆچ بکەن بۆ فەلەستین، هەروەك دەستورەکەی مەدحەت پاشاشی رەتکردەوەو پاڵپشتیو هاوکاری ناوەندی خەلافەتی عوسمانی کرد لەگەڵ هێزەکانی جامیعەی ئیسلامی. لەلایەکیترەوە هێزی ئاسنینی بۆ دیمەشقو شاری مەدینەی سعودیە درێژکردەوە، هەروەها خانەی زانستە سیاسییەکانو زانکۆی دامەزراندو مۆزەخانەو کتێبخانەی پزیشکیو زانستە سیاسیەکانیشی کردەوە، عەبدولحەمیدی دووەم کەسێکی بەهێزو بوێرو ئایندارو زیرەكو فێڵبازبووە. لەسەرشانی عبدولحەمیدی دووەم بوو کەرووبەرووی دەوڵەتە خۆرئاواییەکان ببێتەوە، بۆ ئەمەش پشتی بەستبوو بەسیاسەتی وەستانو ئاوازخوێندنو یاریکردن لەنێوان هێزە نێودەوڵەتیەکاندا، هەروەها دەستی کرد کۆکردنەوەی هێزە ئیسلامییەکانو داشکاندنەوەی قەرزەکانی دەوڵەتی عوسمانی ، هاوڕێکانی تاوانباری دەکەن بەوەی زۆر لێبوردە بووە، لەولاشەوە

دوژمنــەکانی تاوانبــاری دەکــەن بــەوەی کەســتەمکار بــووە. ســوڵتان عەبدولحەمیــدی دووەم رای وابــوو کەجــەنگ گەورەترین ئافاتی نەتەوەکانە.

هــەروەك راشــی وابــوو کەســەدری ئەعزەمــەکانی دەوڵــەتی عوسمــانی قــەرز لەدەوڵەتــە بیانییــەکان وەردەگــرن لەبەرامبەر رووخانی خەلافەتو دەوڵەتی عوسمانیداو پلاندانان دژی. هەروەها دامودەزگاو ئامێری پۆلیــسی نهێنــی (جورناتی) بۆ سزادانیان دامەزراندووە. کۆششو هەوڵەکانی خۆی بەســەر بــردووە بــۆ ئــەوەی لەهــەموو گوندێکدا مزگەوتێكو لەتەنیشتییەوە خوێندنگەیەك ببینێت. روناکیو کارەبای خــستە نێــو هــەموو پارچــەکانی دەوڵەتــەوەو چەند ئەزمونێکی لەسەر ژێــر دەریــایی (الغواصــە) بــەرپاکردو کاریــشی کــرد لەســەر جــەخت کردنــەوە لەئیــسلامی جیهانی (پان–ئیسلامیزم) بۆ دەوڵەتی عوسمانیو لەمیانەی ژیانیدا دەســتیگرتووە بەپلــەو پۆســتی خەلافەتــەوە، هەروەها پارێزگاری لەسەر یــەکێتی جیهــانی ئیــسلامیو بــەرگریکردن لێــی دژی ئــەو مەترســیيانەی کەچــواردەوری گرتبوو کردووە.

هەروەها باس لــەوە دەکرێــت کەگوایــە جولەکــەو ماســۆنییەکان پلانیــان لــەدژی دارشــتبێتو کۆمەڵــەی تورکــە لاوەکان (ژون تورکەکان – وەرگێڕ– ) توانیان کۆدێتای ساڵی (1327ك/ 1909ن) لەدژی عەبدولحەمیــدی دووەم ئەنجام بدەنو بەوەش لەدەسەلآت لایان بردو ناردیان بۆ شاری سلانیك یاخود سالۆنیك (الدونمە)و جێگرەکەی کــە محەمەدشا بوو بەناوی محەمەدخانی پێنجەم لەجێگەی عەبدولحەمیدی دووەم دانرا، دواتــر عەبدولحەمیــدی دووەم گوازرایەوە بۆ ئەستەمبولو لەوێ کۆچی دوایی کرد.

### گرنگترین چاکسازییە نێوخۆییەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم

- پاراستنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەداڕوخان دوای شەڕکردنی لەگەڵ روسیا.
- داپڵۆسینو سەرکوتکردنی یاخیبووانو راپەڕینی دورگەی کریتو بەسەر یۆناندا سەرکەوت.
- راهێنانی سوپا لەسەر شێوازو ئامرازی نوێی کوشتار لەسەر دەستی ئەڵمانیەکان.
- کردنــەوەی خوێندنگــەو رۆڵــی مامۆســتایانو کۆلێــژو زانکــۆو هــەموو پــەیمانگاکانو خانــەی زانــستە سیاسییەکانو خانەی هونەری ژنانو مۆزەخانەو کتێبخانەو خوێندنگەی پزیشکیو نەخۆشخانەکانو پۆستە.
- راکێــشانی بــۆری ئــاوی خواردنــەوەو کردنــەوەی خانــەی رەگەزنامــەی گــشتیو ژووری بازرگــانیو پیشەسازیو کشتوکاڵیو کارگەکانی خوری.
- راکێــشانی هێڵــی ئاســنینی حیجــاز لەدیمەشــقەوە بــۆ مەدینــە کەدرێژییەکــەی (1327کــم) دەبــوو، کارکردن تیایدا ماوەی حەوت ساڵی خایاندووە (1320 = 1327ك).

ســوڵتان عەبدولحەمیــدی دووەمــی عوسمــانی کەســایەتییەکی مێــژوویی بــووەو جــەدەلو کێشمەکێــشمی زۆری وروژانــدووە، بــەجۆرێك چــەند حــوکمێکی جیــاواز دەربــارەی ئــەم پیــاوە دەرکــراوە. بەشــێوەیەك هەنــدێك وای بــۆ

دەڕوانن کەریفۆرمیستێکی دادپەروەر بووبێتو توانیویەتی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتێکی بەربلاو و فرە ئەتنیكو رەگەز بەئازایەتیو زیرەکی بکاتو درێژی بکات بەتەمەنی دەوڵەتو خەلافەتی عوسمانی، هاوکات توانیویەتی لەرووی چاوتێبڕینی کۆلۆنیالیزمی خۆرئاواییدا بوەستێتەوە کەدەیانویست میراتی پیاوە نەخۆشەکە (مەبەست پێی دەوڵەتی عوسمانی بووە لەکۆتاییەکانی دەسەڵاتو فەرمانڕەوایەتیدا کەلاواز بووبوو — وەرگێڕ—) دابەش بکەن، بۆیە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم توانی سود لەو ناکۆکیو دووبەرەکەییەی نێوان وڵاتە کۆلۆنیالیزمییەکانی ئەو سەردەم وەربگرێت، هەروەك هەڵوێستی زۆر توندوتیژی گرتۆتەبەر لەبەرامبەر داواکاری دامەزراندنی نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ جولەکە لە فەلەستین.

لەلایەکی ترەوە هەندێکی تر وای بۆ دەڕوانن کە عەبدولحەمیدی دووەم، کەسێکی دیکتاتۆرو زۆردارو ستەمکار بووەو فەرمانڕەوایەتی ئەو ئیمپراتۆریەتە بەربلاوەی بۆ ماوەی (23) بیستو سێ ساڵ بەتاکڕەوی کردووەو قسەی ئەو بڕیتی بووە لەسەرەتاو کۆتایی.

هەروەها وا باس دەکرێ کەئازادیخوازەکانی چەوساندۆتەوەو هەندێکیانی کوشتووەو هەندێکی تریشیانی راوەدووناوەو هیچ یەکێکیان خۆی تەسلیمی عەبدولحەمیدی دووەم نەکردۆتەوە، مەگەر ئەوانەیان نەبێت کەملکەچ بوون بۆی. ئەگەر هەندێ زانیاری تر لەسەر عەبدولحەمیدی دووەم بخەینەڕوو، ئەوا لەرۆژی (16ی شەعبانی 1258ك/ کە دەکاتە 1843/12/22ز)، کوڕی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەمبووە، کە بەیەکەم سوڵتانی عوسمانی دادەنرێت کەسیفەتی رەسمی بەخشیوە بەبزوتنەوەی بەخۆرئاوایی کردن لەدەوڵەتی عوسمانیداو سەردەمەکەی بەسەردەمی رێکخستنو تەنزیمات ناسراوە کەگرنگی داوە بەرێکخستنی کاروباری دەوڵەتی عوسمانی بەگوێرەی میتۆدی خۆرئاوایی. بەڵام دایکی عەبدولحەمیدی دووەم کەناوی (تیرمشکان) بوو، ئەوا لەرەچەڵەکدا چەرکەسی بووەو لەتەمەنی (33) سیو سێ ساڵیشدا مردووە، لەکاتێکدا کوڕەکەی (کەمەبەستی پێی عەبدولحەمیدی یەکەمە— وەرگێڕ—) تەمەنی لە (10) دە ساڵان تێپەڕی نەکردبوو، بۆیە بەڵێنیدا بەکوڕەکەی کەبیبات بۆ ژنەکەی تری باوکی عەبدولحەمید کەناوی (بیرستوقادین) بووەو گرنگی بەپەروەردە کردنی عەبدولحەمید دەداو خۆشەویستی عەبدولحەمیدی پێشخستووە، بۆ ئەمەش کاتێك عەبدولحەمید سەرکەوت بۆ تەختی دەسەڵات، ئەوا نازناوی (سوڵتانەی دایك)ی پێ بەخشرا. عەبدولحەمیدی دووەم فێری هەردوو زمانی عەرەبیو فارسی بووەو زۆر وانەی لەکتێبەکانی وێژەو دیوانی شیعرو مێژوو مۆسیقاو زانستە سەربازیو سیاسییەکان خوێندووە، هاوکات پیشەی دارتاشی خۆشویستووەو زۆر کاتی تێدا بەسەر بردووە، بەشێوەیەك تا ئێستاش هەندێ لەپاشماوە بازرگانییەکانی لەمۆزەخانە دەبینرێت.

کاتێك باوکی مردووە، عەبدولحەمید تەمەنی (18) هەژدە ساڵ بووە، دواتر بووە بەجێگری دووەمی سوڵتان عەبدولعەزیزی یەکەمی مامی کەشوێنی پڕۆگرامو میتۆدی براکەی کەوتووە لەرەوتی بەخۆرئاوایی کردنو نوێکردنەوەدا، سوڵتان عەبدولعەزیزی یەکەم ماوەی (15) پانزە ساڵ بەردەوام بووە لەخەلافەتی عوسمانی و عەبدولحەمیدی دووەم لەو ماوەیەدا بەشداری هەندێك گەشتو گوزارەکانی کردووە بۆ ئەوروپاو میسر. هەروەها

عەبدولحەمیدی دووەم لەسەردەمی خەلافەتی مامیدا گەیشتووە بەژمارەیەك لەپاشاکانی جیهان، ئەوانەیان کەسەردانی شاری ئەستەمبولّیان کردووە. هەندێك وەرزش و سواربوونی ئەسپ و پارێزگاریکردنی هەندێ پەرستش و سروشتی ئیسلامی و دوورکەوتنەوە لەمادەی سەرخۆشکەرو ئارەزووکردن بەلای کەنارگیریدا دەربارەی زانراوە بەشێوەیەك باوکی بە (رەوشت بەرزی بێدەنگ) وەسفی کردووە. سولّتان عەبدولعەزیز لەپلانێکدا کوژرا کەهەندێك کەپیاوانی کۆشك دایاننابوو، دوای ئەویش مورادی پێنجەمی برای عەبدولحەمید جێگەی دەگرێتەوە، بەلاّم جگە لەتەنها (93) رۆژ، ئەوا زیاتر لە تەختی سەلّتەنەتدا نەمایەوەو وازی لێ هێنا بەهۆی تووش بووتی بەتێکچوونی عەقلّییەوە.

### خەلافەت گرتنەدەستی سولّتان عەبدولحەمیدی دووەم

– ( عەبدولحەمیدی دووەم .. ستەمکار لای هەندێك و دادپەروەر لای ئەوانیتر):

لەرۆژی (9ی شەعبانی 1293ك/ کە دەکاتە 1876/8/31ز) گفتی خەلافەت و سەلّتەنەت درا بەعەبدولحەمیدی دووەم، ئەوکات تەمەنی (34) سی و چوار سالّ بوو، بریتیە لەیەکێك لەسولّتانە بەهێزەکانی دەولّەتی عوسمانی، کاتێك تەختی دەسەلاّتی گرتە دەست، کاتی نزیکبوونەوەی شەڕی نوێی (عوسمانی –رووسی) بوو، هەروەها بارودۆخی نێودەولّەتی ئالّۆز بوو، لەگەلّ ئەمانەشدا پشێوی و شلّەژان لەهەندێك پارچەو بەشەکانی دەولّەتی عوسمانیدا سەری هەلّدابوو، بەتایبەت لەناوچەکانی بالّکاندا.

دەولّەتە گەورەکان لەئەستەمبولّ لەکۆنگرەی (ترسخانە) لەرۆژی (5ی زی لحەجەی 1293ك/ کە دەکاتە 1876/12/23ز) کۆبوونەوە ، بۆ گفتوگۆکردنی شەڕی هاتوو (کە مەبەست پێی شەڕی روسیا بوو – وەرگێڕ – ) ئەم کۆنگرەیەش هاوکاتی راگەیاندنی بزوتنەوەی دەستورخوازیی یەکەم (مەشروتە)بوو، پاشان کردنەوەی (ئەنجومەنی نوێنەران)ی هەلّبژێردراو لەویلایەتە جیاوازەکانی دەولّەتی عوسمانییەوە، بەشێوەی هەنگاوی خێرا دەستی پێکردبوو، بەرەو سیستمێکی پەرلەمانی. لەگەلّ لێدانی تەپلّی شەڕی (عوسمانی –روسی)دا، دەولّەتە گەورەکان بالّوێزەکانی خۆیان لەئەستەمبولّ کشاندەوەو عوسمانیەکانیان بەتەنها لەبەردەم روسەکاندا جێهێشت. جەنگ لەنیوەی سالّی (1294ك/ کە دەکاتە 1877ز) روویداو ناسرا بەجەنگی (93) نەوەدو سێ و بەگەورەترین جەنگ لەوکاتەدا دەژمێردرێت. لەم جەنگەدا عوسمانییەکان تووشی بەزین و شکستێکی گەورە بوون و روسەکان لەئەستەمبولّی پایتەخت نزیك بوونەوەو داگیریان دەکرد ئەگەر تەکەتولی دەولّەتە ئەوروپیەکان نەبوایە دژی روسیا لەلایەك و ئامادەبوونی کەشتیگەلی ئینگلیزی بۆ بەندەری ئەستەمبولّ لەلایەکیترەوە بۆیە عوسمانییەکانیان ناچارکرد کە هەردوو پەیماننامەی رێککەوتن مۆربکەن کە ئەوانیش پەیماننامەی (سان ستیفانۆ کۆنگرەی بەرلین) بوون، بەگوێرەی بەندەکانی ئەم دوو پەیماننامە هەندێ بەش و پارچە لەزەویەکانی دەولّەتی عوسمانی دابڕاو پێبژاردنەوەی زۆریشی بەسەردا سەپێنرا. جگە لەوەش ملیۆنێك موسولّمانی بولگاری کۆچیان پێکرا بۆ ئەستەمبولّ.

## لەکارخستنی دەستور ( پەکخستنی دەستور )

عەبدولحەمیدی دووەم هەستیکرد کەناچارکراوە لەسەر بڕیاری جەنگ بەهۆی فشارەکانی مەدحەت پاشای سەدری ئەعزەمەوە کەخوێندکارانی زانستە ئاینییەکانی باڵای هانداوە بەبەرپاکردنی خۆپیشاندان بۆ ناچارکردنی سوڵتان لەسەر جەنگ ك ردن. رای گشتیش بەهۆی کاریگەری خۆپیشاندانەکانەوە بەرزبوویەوەو داوای جەنگیان دەکرد. سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمیش رای وابوو کە کەم و کورتی هەیە لەرای گشتیدا کەخۆی لەو ئەنجومەنەدا دەبنییەوە کەپاڵی ناوە بەمیللەتەوە بۆ جەنگ لەکاتی نەگونجاوی خۆیداو بەبێ خۆئامادەکردن بۆی‌و ئامادەکردنی پێداویستی بۆجەنگ. بۆ ئەم حاڵەتە هەستا بەپەکخستنی ژیانی نوێنەرایەتی بۆ کاتێکی نادیاری لەرۆژی (9ی سەفەری 1295ك/ کە دەکاتە 1878/2/13ن). ئەم پەکخستنەش ماوەی (31) ساڵ‌و نیو بەردەوام بوو، دوای ئەوەی کەژیانی نوێنەرایەتی کە تەنها یەك ساڵ بەردەوام بوو درێژەی کێشا، ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە کەعەبدولحەمید دەستوری هەڵنەوەشاندۆتەوە یان لاینەبردوو، بەڵکو بڵاوکردنەوەی دەستور بەردەوام بوو لەبڵاوکراوەیەکی ساڵانەی دەوڵەتدا بەدرێژایی (31) سی‌و یەك ساڵی یەك لەدوای یەك بەبێ بچڕان، ئەگەر بڕیارەکانیشی جێبەجێ نەکرابێ‌و ئەنجومەنی پیران کۆنەبووبێتەوە، بەڵام بەردەوام بوون بەدرێژایی ژیانیان لەبەڕێوەبردنی پلەو پۆستەکانیان بەشێوەیەکی فەرمی، لەسەر ئەم بنەمایەش سوڵتان دەوڵەتەکەی بەشێوەیەکی تاکە کەسی بەڕێوەبردووە بەبێ ئەنجومەن، لەژێر سایەی دەستورێکدا کە دەستێوەردانی سوڵتانی لەکاروبارەکانی دەوڵەتدا قەدەغە دەکرد، بۆئەمەش سوڵتان ناونرا بەسیفەتی سوڵتانێکی زۆردارو دیکتاتۆر. لێرەدا ئەگەر سەیری مێژوو بکەین، دەبینین سیاسەتمەداری ئەڵمانی (پسمارك) هەمان کاری عەبدولحەمیدی ئەنجام داوە لەهەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانداو ئەم وتەیەشی پێداهەڵواسی کاتێك وتویەتی: "ئەگەر هاتوو دەوڵەت لەسەر یەك گەل‌و نەتەوە دانەمەزرا، ئەوا زیانی ئەنجومەنەکەی زیاتردەبێت لەسودەکەی".

عەبدولحەمیدی دووەم بەشێوەیەکی تاکڕەوانە فەرمانڕەوایەتی کردووە لەبارەگای نیشتەجێبوونەکەیدا لەکۆشکی (ییلدن)، بەشێوەیەك هەموو دامەزراوەکانی ئیمپراتۆریەتی پەیوەست کرد بەخۆیەوە، بەڵام هێزی رقلێبوونەوەو بوغزاندنی بەرامبەر نەیارەکانی بەکار نەهێناوە لەکاتی فەرمانڕەوایەتیکردنیدا. هاوکات سوپاش دەستی وەرنەداوەتە نێو کاروباری نێوخۆی دەوڵەتی عوسمانییەوە. تێبینی ئەوەش کراوە گوایە عەبدولحەمیدی دووەم دوور بووە لەخوێن رشتن یان شێوازی تیرۆرکردن‌و پاڵفتەکردنی نەیارەکانیەوە، مەگەر بەکەمیش نەبێت، ئەوا پەنای نەبردۆتە بەر سزادانی زیندان، پاشان ئەم سزایەشی گۆڕیوە بۆ دوور خستنەوەو نەفی کردن. هاوکات ئیمزای لەسەر سزای لەسێدارەدان نەکردووە لەماوەی فەرمانڕەوایەتی درێژی سەڵتەنەتیدا تەنها لەسەر پێنج سزای لەسێدارەدان نەبێت، کەبریتییە لەکەمترین ژمارە لەسزاکانی لەسێدارەدان لەهەموو مێژووی تورکیادا.

### قەرزەکانی عوسمانی

کاتێك سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دەسەڵاتی گرتە دەست، قەرزی دەرەکی دەوڵەتی عوسمانی گەیشتە دەوروبەری (252) دووسەدو پەنجاو دوو ملیۆن پارچە زێڕ، کە ئەمەش بریتیە لەرێژەیەکی گەورە بەپێوەری ئەو سەردەمە، سوڵتان عەبدولحەمید دەوڵەتە قەرزدارەکانی رازیکرد کە نزیکەی (146) سەدو چلو شەش ملیۆنی لێدابشکێنن. بۆ دانەوەی پاشماوەی قەرزەکانی تر، سوڵتان عەبدولحەمید هەندێك لەدامەزراوەکانی دەوڵەتی خستە ژێر هەڵسوکەوتو مامەڵەی دامەزراوەی قەرزی گشتییەوە، بەو ئامرازەش توانی رێگە لەو قەرزانە بگرێت، هاوکات عەبدولحەمیدی دووەم بەدرێژایی سەردەمەکەی سوربوو لەسەر قەرز نەکردن لەدەرەوە، تەنها مەگەر لەبەر تەسکترین سنوردا نەبووبێت.

### سیاسەتو پرۆژەکانی عەبدولحەمیدی دووەم

عەبدولحەمیدی دووەم وای دەبینی کەپێویستە کار بکرێت لەسەر یەکخستنی هێزە ئیسلامییەکان بۆ بەربەرەکانێی گیانی کۆلۆنیالیزمی تەماعکار بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی، بۆ ئەمەش کۆششی کرد بۆ پێشنیازکردنی دروشمی جامیعەی ئیسلامیو بیکات بەسیاسەتی باڵا بۆ دەوڵەتی خەلافەت ( کە مەبەست پێی دەوڵەتی عوسمانی بوو – وەرگێڕ – ) بۆیە عەبدولحەمیدی دووەم کاری کرد لەسەر پاڵپشتیو کۆمەکی کردنی بەڵێنی برایەتی لەنێوان موسوڵمانانی چینو هیندو ئەفریقادا، واشی دەبینی لەو دروشمە ئامرازێکە بۆ یەکخستنی ریزەکان لەدەوروبەری خۆیو لەدەوروبەری دەوڵەتەکەی لەناوخۆو دەرەوەدا، بۆیە پشتی بەست بەهەموو جۆرێك لەپیاوانو بانگخوازانو ئامرازێك بۆ هێنانەدی مەبەستەکەی. هاوکات هەستا بەدامەزراندنی کۆلێژو خوێندنگەکانو گرێدانی پارچەکانی دەوڵەت بە (30) هەزار کم لەکارەباو کەتەلەفۆن، هەروەك ژێردەریایی بونیاتناو گرنگیدا بەچەکدارکردنی سوپا.

مەزنترین پرۆژە ژیارییەکانی عەبدولحەمیدی دووەم. بریتی بوو لەهێڵی ئاسنی حیجاز بۆ کار ئاسانکردنی حەج لەسەر موسوڵمانان، بەشێوەیەك ئەم پرۆژەیە جێگەی ئەو رێگەیەی دەگرتەوە کە کاروانەکان گەشتیان پێدا دەکردو ماوەی (40) چل رۆژی دەخایاند، بەڵام ئەم هێڵە ئەو ماوەیەی داشکاند بۆ (4) چوار رۆژ.

لەلایەکیترەوە ئەم پرۆژە زەبەلاحە حەماسەتێکی ئاینی زۆری دروست کرد، دوای ئەوەی عەبدولحەمیدی دووەم بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە بۆ موسوڵمانانو تیایدا داوای لێکردن کەپیتاکو کۆمەکی بۆ کۆبکەنەوەو پێی ببەخشن. رێژەیەکی گەورەو زۆری کۆمەکی بۆ کۆکرایەوەو موسوڵمانان لەهیندو چینو پاشماوەی وڵاتانی تری جیهانەوە شوێنی ئەم بانگەوازە کەوتنو ئامادەبوون پیتاکو کۆمەکی بۆ ئەو پرۆژەیە بدەن، بەو ئیعتیبارەی کە ئەم پرۆژەیە بریتیە لەپرۆژەی هەموو موسوڵمانان. بەمەش دوای تەواو بوونی یەکەم شەمەندەفەر گەیشتە شاری مەدینە لەمانگی (رەجەبی ساڵی (1326ك/ کە دەکاتە ئابی 1908ز). پاش هەشتا ساڵ لەحەماسەتو کاری جدیو ماندووبوون.

## سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمو دەوڵەتە گەورەکان

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کەسێکی نەخوازراو بوو بەنیسبەت دەوڵەتە ئەوروپییەکانەوە، چونکە بەمەلایین مەسیحی لەژێر چاودێریو فەرمانڕەواتیدا بوو، هەروەها بەو سیفەتەی کە خەلیفەی موسوڵمانان بوو، ئەوا ئەمە وایکردبوو کە تەنانەت ببێتە نفوزو سوڵتانێکی ڕۆحیش لەسەر هاوڵاتییە موسوڵمانەکانی نێو دەوڵەتە ئەوروپییەکان. لەلایەکیترەوە هیچ یەکێك لەدەوڵەتە ئەوروپییەکان نەیاندەتوانی لەژێر سایەی بوونی عەبدولحەمیدی دووەمدا پارچەو بەشێك لەدەوڵەتی عوسمانی دابڕن، بۆ ئەمەش بیرۆکەی خستنی عەبدولحەمید قورساییەکی گەورەی لەلەندەنو پاریس وەرگرت.

هەروەك سیاسەتەکانی عەبدولحەمید، ئەوانەی کەپەیوەست بوون بەجامیعەی ئیسلامیو هێڵی ئاسنی حیجازو بەغداد، هەروەك سەرکەوتنی عەبدولحەمید لەدامەزراندنی هێڵی ئاسنی بەغداد بەسەرمایەی ئەڵمانیا (بەوەش توانی ئەڵمانیا بخاتە نێو لیستی دەوڵەتە رکابەرێکان لەناوچەی کەنداوی بەسرەی دەوڵەمەند بەنەوت، لەولاشەوە نزیك نەبوونەوەی بەریتانیا، هاوکات پاراستنی ئەم هێڵە ئاسنیە بەو ئیعتیبارەی کە ئەڵمانیا خاوەنی ئیمتیازاتەکانیەتی). هەموو ئەمانە ئینگلتەرای تووشی دڵەڕاوکێ کردو لەولاشەوە نامورتاحی روسیای لێکەوتەوە، جگەلەمانە توندیو رەقیەکیشی خولْقاند لەدیزاینی ئەوروپی لەسەر زەرورەتی خۆرزگارکردن لەم خەلیفە فێڵبازە، کەتوانیویەتی بەئازایەتی خۆی هێزە ئەوروپیەکان لایەنگیر بکات.

### سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمو جولەکە

ڕووداوێکی گرنگ کەئەوروپای وروژاند دژی سوڵتان عەبدولحەمید، بریتی بوو لەرەفزکردنەوەی عەبدولحەمید بۆ نیشتەجێکردنی کۆچکردووە جەلەکەکان لە فەلەستیندا، ئەوروپای مەسیحییەت دەیویست کێشەی جولەکە هەناردە بکات بۆ دەوڵەتی عوسمانی کەپێوەی گیرۆدە ببوون. یەکەم پەیوەندی نێوان (هرتزل)ی سەرۆکی کۆمەڵەی زایۆنیو سوڵتان عەبدولحەمید، دوای میانەیەك بوو کەباڵوێزی نەمسا لەئەستەمبوڵ پێی هەستا لەمانگی (موحەرەمی 1319ك/ کە دەکاتە مانگی 1901/5ز).

لەپەیوەندیەکەدا هرتزل داواکاری نیشتەجێکردنو نیشتەجێ بوونی جولەکەی لەخاکی فەلەستیندا بۆ عەبدولحەمید خستە ڕوو، لەبەرامبەریشدا جولەکە لەو حاڵەتەدا چەند ملیۆنێك لیرەی زێڕی زۆری عوسمانی وەك دیاری دەبەخشێتە سوڵتان، هاوکات بەرێژەی دوو ملیۆن لیرەی تر قەرز دەدەنە گەنجینەی عوسمانی. سوڵتان عەبدولحەمید زانی کە هرتزل بەرتیلی پێشکەش دەکات لەپێناوی دامەزراندنی نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ جولەکە لەفەلەستیناو ئەو کاتەش بەتەنها بەدەست هێنانی زۆرینەی دانیشتوان ، ئەوا داوای مافی خۆڕێبەریو ئۆتۆنۆمی دەکەن، بەپاڵپشتی دەوڵەتە ئەوروپییەکان. بۆیە سوڵتان بەشێوەیەکی توندوتیژ لەکۆڕو کۆبوونەوەکەدا هرتزلی

کردە دەرەوە. بەپێی وتەی عەبدولحەمید کە لەیادداشتەکانیدا دەربارەی هۆکاری ئیمزانەکردنی لەسەر ئەم بڕیارە هاتووە:

" ئێمە دەبوو ئیمزای بڕیارێك بەمردن بکەین لەسەر براکانمان لەئایندا"، بەڵام هرتزل جەختی کردەوە بەوەی ئومێدی ون کردووە لە بەدەستهێنانی ئومێدەکانی جولەکە لەفەلەستینداو جولەکە ناتوانن بچنە نێو زەوی بەڵێن پێدراوەوە (فەلەستین)، تاوەکو عەبدولحەمیدی دووەم بەردەوام بمێنێتەوە لەفەرمانڕەوایەتیکردن. توندوتیژیو رەقی عەبدولحەمیدی دووەم هۆکارێکی سەرەکی بوو لەدواخستنی پرۆژەی زایۆنی جیهانی بۆدامەزراندنی نیشتیمانێکی نەتەوەیی بۆ جولەکە لەفەلەستین، بەوەش جولەکە هەوڵی زۆریدا بۆ خستنی سولتانو شێواندنی وێنەکەی لەماوەی فەرمانڕەوایەتی کردنی عەبدولحەمیددا، ئەوەش لەمێژوودا هەندێکیان چوونە نێو کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقیەوە کەدواتر عەبدولحەمیدی دووەمیان خست، بەتایبەت لەسەرەوەی هەموویان (ئەمانۆیل قەرەصو).

## سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمو ئەرمەن

ئەرمەنەکان وەك رەگەزەکانی تری نێو چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ژیاون، هەندێکیان پۆستی وەزیرییان لەدەوڵەتی عوسمانیدا داگیرکردبوو، ژمارەیان لەنێو دەوڵەتی عوسمانیدا لەملیۆنێك کەس زیاتر نەبوو، پەیماننامەی بەرلین هەندێك دەقی تێدابوو کەجەختی لەسەر گرتنەبەری چاکسازی تێدابوو لەبەرژەوەندی ئەرمەنەکان لە (6) شەش ویلایەتی عوسمانی لەئەنادۆڵدا، بەڵام گەورەترین رێژەی چڕی دانیشتوانیان لەهەر ویلایەتێکی عوسمانیدا لە (25٪) زیاتر نەبوو، بۆیە سولتان جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەی لەپەیماننامەکە رەفزکردەوە، بۆیە ئەرمەن بە ئیعازی هەندێك لە دەوڵەتە گەورەکان کوشتاری خراپیان دژی موسوڵمانە گوندنشینەکان ئەنجامدا، بەشێوەیەك سکی ژنە سك پڕەکانیان هەڵدڕیو ژنەکانی دیکەشیان کوشتو ئەندامی نێرینەی پیاوانیان بڕیو مزگەوتەکانیشیان سوتاند. عەبدولحەمید جدی نەبوو لەرووبەڕووبوونەوەی ئەم توندوتیژو تیرۆرەدا ، بۆیە بەدوایدا رۆژنامە خۆرئاواییەکان هەڵمەتێکی هێرش کارانەیان کردە سەر عەبدولحەمیدی دووەم و بە (سوڵتانە سور) شرۆڤەیان کرد.

هاوکات سولتان کاری کرد لەسەر پێکهێنانی گروپێك لەکوردەکان بۆ پارێزگاریکردنو پاراستنی موسوڵمانەکان کەنارگیرکراوەکان لەئەنادۆڵدا کەناسرابوو بەفەوجەکانی (سوارەی حەمدییە). یەکێك لەمێژوونوسان دەڵێت: "ئەو سیاسەتە پارێزگاری کردووە لەسەر پاراستنی بوونی کوردو موسوڵمانەکان لەئەنادۆڵدا تا ئەمڕۆ".

ئەرمەنەکان بەبڵاوە پێکردنی گەڕەلاوژەو ئەنجامدانی کوشتارگە دژی گوندنشینەکان وازیان نەهێنا، بەڵکو هەستان بەکاری تێکدەرانە لەئەستەمبوڵ ساڵی (1313ك/ کە دەکاتە 1892ز) و (1314ك/ کە دەکاتە 1896ز). هێزەکانی عوسمانیش بەتوندی رووبەروویان بوونەوە، بەلام دەوڵەتە گەورەکان ئەرمەنەکانیان بەو رەوشەی خۆیانەوە جێهێشت، کەکەوتبوونە نێو قەیرانەکەوە، بۆیە ئەرمەنەکان هەوڵیاندا ئاگاهی دەوڵەتە مەزنەکان بۆ خۆیان رابکێشنو پلانی تیرۆرکردنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمیان داڕشت ساڵی (1323ك/ کە دەکاتە 1905ز) کە دواتر ئەو هەوڵە ناسرا بە (رووداوی بۆمب)، بەلام شکستیان هێنا لەتیرۆرکردنی سوڵتاندا، هەرچەندە ژمارەیەك لەسەرکردەو سەربازەکان مردن، بەلام سوڵتان توانی پلانگێڕی بەلجیکی (جوریس)ی تاوانبار بەم هەوڵی تیرۆکردنە دەستگیربکات، بەلام عەبدولحەمید لێی خۆش بوو، لەبریدا بەکاری هێنا لەکۆکردنەوەی زانیاری بۆ خۆی لەئەوروپا.

### سوڵتان عەبدولحەمیدو کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی

ئیتحادو تەرەقی بریتییە لەیەکەم حزبی سیاسی لەدەوڵەتی عوسمانیدا، ساڵی (1308ز/ کە دەکاتە 1890ز) وەك حزبێکی نهێنی دەرکەوتووە، ئامانجی بەرهەڵستیکردنی فەرمانڕەوایی عەبدولحەمیدی دووەمو رزگاربوون بووە لێی، دوای ئەوەی عەبدولحەمید کاری حزبەکەی ئاشکرا کرد لەساڵی (1315ك/ کە دەکاتە 1897ز)، زۆرێك لەئەندامانی دوورخستەوە بۆ دەرەوەو هەندێکیشان هەڵهاتن بۆ پاریس، پاشان نەیارانی فەرمانڕەوایی عەبدولحەمیدی دووەم لەپاریس کۆبوونەوە لەمانگی (زی لقەعدەی ساڵی 1319ك/ کە دەکاتە 1902/2ز) لەکۆنگرەیەکدا کەناوی (کۆنگرەی ئازادیخوازانی عوسمانی)یان بەسەردا بڕیو چەند بڕیارێکی گرنگیان دەرکرد، لەوانە دامەزراندنی کارگێڕی لۆکاڵی سەربەخۆ لەسەر بناغەی نەتەوەکان، کەئەوەش مانای شەڕکردنی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی بوو، سەرەڕای ئەوەی کە هەندێك لەئامادەبووان لەکۆنگرەدا ناڕەزاییان لەسەر دەربڕی، پاشان ئامادەبووانی کۆنگرە داوایان لەدەوڵەتە ئەوروپییەکان کرد کەدەست تێوەردان بکەن بۆ کۆتایی هێنان بەفەرمانڕەوایەتی سوڵتان عەبدولحەمیدو لابردنی لەسەر تەختی دەسەلات. ئیتیحادو تەرەقی لەنێوخۆی دەوڵەتی عوسمانیدا لقیان کردەوەو زۆرێك لەگەورە ئەفسەرانی لاوو خاوەن پلەی بچوك پەیوەندییان پێوە کرد، پاشان ژمارەی ئەفسەران زیادیکرد، تاوەکو وترا: "کەهەموو ئەفسەرانی سوپای سێیەمی عوسمانی لەناوچەی باڵکان لەساڵی (1326ك/ کە دەکاتە 1908ز) چوونەتە نێو ریزی ئیتیحادو تەرەقیەوە".

لەلایەکی ترەوە ئیتیحادو تەرەقی هاوپەیمانێتی بەست لەگەڵ شۆڕشگێڕان لەبالکان، پارتیزانو چەتە بولگاریو یۆنانییەکان زۆرێك لەخوێنی موسوڵمانەکانیان بەفیڕۆدا بەهاوکاریو رێکەوتن لەگەڵ ئیتیحادییەکاندا بەسەپاندنی روخاندنی سیستەمی حەمیدی (کە مەبەست پێی عەبدولحەمیدی دووەم بوو – وەرگێڕ –) ئیتیحادییەکان دەستیان کرد بەکوشتنی فەرمانبەرە عوسمانییەکان، بەتایبەتە ئەوانەی کەهاوکارییان لەگەڵدا نەکردن دوای زۆرێك لەپشێویو ئاڵۆزیو رووداو، سوڵتان عەبدولحەمید بڕیاری دەستپێکردنی جێبەجێکردنی

دەستوری مانگی (جەمادی کۆتایی ساڵی 1326ك/ کەدەکاتە مانگی(1909/7ز)داو دواتر کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی فەرمانڕەوایەتییان گرتە دەستو رایانگەیاند کە پرنسیپەکانی شۆڕشی فەرەنسی پراکتیك دەکەن. لەراستیدا گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن ئیتیحادو تەرەقییەوە نەبووە هۆی دامەزراندنی دیموکراسیەت، بەڵکو سیستەمی فەرمانڕەواییان گۆڕی بۆ یەك حیزبیو یەك دیکتاتۆریەتو هەموو ئەو رەگەزانەی کەئارەزووی شڕکردنو پارچە پارچەکردنی دەوڵەتی عوسمانیان هەبوو لەناودا. هەروەك مێژوونوسان دەڵێن: "ئەگەر هەوڵی دەستورخوازی دووەم لەئەنجامی بزوتنەوەیەکی میللیەوە بووایە، ئەوا دەتوانرا هەنگاوی یەکەم بەرەو دیموکراسیەت بنرێت". ئەفسەرانی ئیتیحادوتەرەقی دەڵێن: "دەستورخوازی دووەم بریتی بوو لە لەنێوچوونی یەکێتیو یەکڕیزی نێوانیان جگە لەوانیتر". هاوکات راگەیاندنی دەستور بەهەندێ رووداوی دڵتەزێنو بەئازاری دەوڵەتی عوسمانی نزیك بوویەوە، بەجۆرێك بولگاریاو کریت جیابوونەوەی خۆیان لەدەوڵەتی عوسمانیو چوونە ریزی یۆنانەوە راگەیاندو (بۆسنەو هێرسك)یش سەربەخۆ بوو.

### رووداوی (31)ی ئازار

ئیتیحادییەکان وایان دەبینی پێویستە خۆیان لەسوڵتان عەبدولحەمید رزگار بکەنو فەرمانڕەوایەتیەکەی بخەن، ئەم خواستو ئارەزووەش لەگەڵ خواستو ئارەزووی دەوڵەتە ئەورووپییە گەورەکاندا رێکدەکەوت، بەتایبەت بەریتانیا لەم خواستەی ئیتیحادیەکاندا هەنگاوی یەکەمی بۆ پارچە پارچە کردنو شڕکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەبینی، لەولاشەوە جولەکەو ئەرمەن هەستیان دەکرد کەنزیك بوونەتەوە لەزۆرێك لەئامانجەکانیان، بۆ ئەوەش رووداوەکانی رۆژی (31)ی ئازار (کەبریتیە لەمانگی یەکەم لەمانگەکانی ساڵی رۆمیو بەرامبەرە لەگەڵ مانگی (4) چواردا، لەگەڵ جیاوازی نێوان ئەو دوو مانگە بە (18) رۆژو هاورێکە لەگەڵ رۆژی (21ی رەبیعی یەکەمی ساڵی 1327ك/ کە دەکاتە 1909/4/13ز)، بەشێوەیەك پشێویو نائارامی زۆر لەشاری ئەستەمبوڵ روویداو تیایدا هەندێك لەسەربازەکانی کۆمەڵەی ئیتیحادوتەرەقی کوژران. لەسەر کاریگەری ئەو رووداوەوە، هێزی هەوادارو لایەنگری ئیتیحادو تەرەقی لەشاری سالۆنیکەوە هاتو گواسترانەوە بۆ ئەستەمبوڵ لەگەڵیشیدا هەندێك پارتیزانو چەتەی بولگاریو صربی چوونە ریزی ئەم هێزانەوەو ئەم هێزانە وابانگەشەیان کرد کەهاتوون بۆ رزگارکردنی سوڵتان لەچەتەو رێگرەکانی ئەستەمبوڵ، هاوکات فەرماندەکانی سوپای یەکەمی لایەنگرو هەوادارانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ویستیان رێگری بکەن لەهاتنە ناوەوەی ئەو هێزانە بۆ نێو ئەستەمبوڵو زاڵبوون بەسەریانداو لەناوبردنیان، بەڵام عەبدولحەمیدی دووەم ئەمەی رەفز کردەوە. لەلایەکیتریشەوە بەشێك لەفەرماندەکانی سوپای یەکەم ئەو هەڵوێستەیان گرتە بەر کە چەك دژی ئەو هێزانە

بەکارنەهێنن، لەم میانەیەدا ئەو هێزانە هاتنە نێو ئەستەمبوڵەوە بەسەرکردایەتی (مەحمود شەوکەت پاشا)و (ئەحکامی عورفی)یان راگەیاند، لەدەوروبەری کۆشکی سولْتان کۆبوونەوەو هەوڵیاندا فەتوایەك لەموفتی دەوڵەتەوە بۆ لابردنو کەنارگیرکردنی سولْتان عەبدولحەمیدی دووەم وەدەست بهێنن، بەڵام موفتی داواکەی رەفزکردەوە، دواتر توانیان بەهەڕەشەی چەك فەتوای لابردنی سولْتان وەدەست بهێنن.

پلانگێڕە راپەڕیوەکان عەبدولحەمیدی دووەمیان تاوانبار کرد بەوەی کە لەپشتەوەی رووداوی (31)ی ئازارەوەیەو هەر ئەویش نوسخەی قورئانەکانی سوتاندووەو موسوڵمانانی هانداوە لەسەر کوشتاری هەندێکیان دژی هەندێکی تریان، ئەمانەش گوایە بریتی بوو لەئیدیعای درۆزنانەو ئامانج لێی لابردنی سولْتان عەبدولحەمیدو راگەیاندنی کەنارگیرکردنەکەی بوو. شۆڕشگێڕانو راپەڕیوان چوار فەرمانبەریانی نارد بۆ ئاگادارکردنو پێڕاگەیاندنی بریاری کەنارگیرکردنی سولْتان عەبدولحەمید، و بریتی بوون لە (جولەکەیەكو ئەرمەنییەكو ئەلبانییەكو جۆرجیەك)، بەمەش جولەکەو ئەرمەن تۆڵەی خۆیان لە عەبدولحەمید کردەوە. دوای ئەوە ئیتیحادییەکان دانیان بەوەدانا کە هەڵەیان کردووە لەهەڵبژاردنی ئەو چوار کەسەدا بۆ ئەو دەزگایە.

سولْتان عەبدولحەمیدی دووەم تەنازولی لەتەختی دەسەڵات کرد بۆ محەمەد رەشادی برای لەرۆژی (6ی رەبیعی کۆتایی ساڵی 1327ك/ کە دەکاتە 1909/4/27ن)، لەگەڵ عەبدولحەمیدیشدا (38)سیو هەشت کەسیان لەدەستو پێوەندی سولْتان نارد بۆ شاری سالۆنیك بەرێگەیەکی رسواییانە بۆ نیشتەجێکردنیان لەناوشاردا کەشاری سالۆنیك خاوەنی شەقڵێکی جولەکانە بوو لەکۆشکێکدا کە موڵکی جولەکەیەك بوو، پاش ئەوەی هەموو ماڵو موڵکەکانی عەبدولحەمید دەستی بەسەردا گیرا. عەبدولحەمید چەند ساڵێکی پڕ نیگەرانی لەکۆشکەکەیدا لەشاری سالۆنیك لەژێر چاودێریەکی زۆر توندوتیژدا بردەسەر، تەنانەت رێگەشی پێ نەدەدرا کە رۆژنامە بخوێنێتەوە.

## مردنی عەبدولحەمیدی دووەم

سولْتان عەبدولحەمیدی دووەم لەرۆژی (28ی رەبیعی دووەمی ساڵی 1336ك/ کە دەکاتە 1918/2/10ن) کۆچی دوایی کرد لەتەمەنی (76) حەفتاوشەش ساڵیدا، زۆرێك لەموسوڵمانان بەشدارییان کرد لەبەخاکسپاردنیدا، هەروەها زۆرێك لەشاعیران، شیعریان بۆ لاواندۆتەوە، لەوانەش گەورەترین نەیارانی کە (رەزا تۆفیق)بوو دەربارەی عەبدولحەمیدی دووەم نوسیویەتیو دەڵێت:

کاتێك مێژوو ناوت دێنێ
راستی لای تۆو لەگەڵتایە ئەی سولْتانی مەزن
هەروەك ئێمە ئەوانەین کە بوختانمان کرد بەبێ ئابڕوو

دەربارەی مەزنترین سیاسەتمەداری سەردەم
وتمان: سولتان ستەمکارە، سولتان شێتە
وتمان: دەبێ شۆڕش بەسەر سولتاندا بکرێو
تەصدیقی هەموو ئەو شتانەمان کرد کەشەیتان پێی وتیبووین
بەڵام خەلافەت بریتیە لەدیواری ماڵەکەتان * * تاوەکو حەشر بارودۆخی بۆ روون دەبێتەوە
گوێ مەگرن بۆ ئاژاوەچیەکانو نەفامیەکانیان * * نەهامەتی ئیسلام لەنەفامیدایە

هەروەها شیعرێکی تری بۆ تەرخان کردووەو دەڵێت:

سل یلدزا ذات القصور * * * هل جاءها بنا البدور
لو تستطیع إجابة * * * لبكتك بالدمع الغزير



**محەمەدی پێنجەم**

**محەمەدی پێنجەم**

محەمەد رەشادی کوڕی سولتان عەبدولمەجیدی یەکەم ساڵی (1260ك) لەدایکبووە، یەکێکە لەسولتانەکانی دەوڵەتی عوسمانی. دوای براکەی واتە (عەبدولحەمیدی دووەم) لەساڵی (1328ك) دەسەڵاتی گرتۆتە دەستو ئەوکاتەش تەمەنی (68) شەستو هەشت ساڵ بووە.

لەسەردەمی سولتان محەمەدی پێنجەمدا ئیتحادو تەرەقیەکان سەرکەوتنێکی گەورەو بێ وێنەیان لەهەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتی پەرلەماندا لەساڵی (1330ك) بەدەست هێنا. هەروەها شەڕی (ئیتاڵیا – لیبیا) دەستی پێکردو ئیتاڵیا هەوڵیدا لیبیا داگیربکاتو سەرکەوتوو بوو لەوەدا، هاوکات شەڕی باڵکان درێژەی کێشاو دەوڵەتی عوسمانی تیایدا تێکشکاو بەزی، لەم میانەیەدا ئەندامانی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی توانیان خۆیان

بگەیەننە دەسەڵات، جەنگی یەکەمی جیهانیش هەڵگیرساو دەوڵەتی عوسمانی چووە ریزی ئەڵمانیاوە لەجەنگدا، لەبەرئەوەی پێشتر دۆستایەتیان هەبوو، لەولاشەوە ئەڵمانیا تەماعێکی دیاری لەدەوڵەتی عوسمانیدا نەبوو.(هاوکات ئەڵمانیاش دژی هەریەکە لەئنگلتەراو فەرەنساو روسیابوو وەك دەوڵەتی عوسمانی بۆیە لەیەکتر نزیکبوونەوە – وەرگێڕ – ) وردە وردە بیرۆکەی نەتەوەبی لەژێر چاودێری پیاوانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی گەشەی سەند وەك دژایەتیەك بۆ پەیوەندی ئاینی. دواجار سوڵتان محەمەد رەشاد پێش تەسلیم بوونی دەوڵەت بەچەند مانگێك کۆچی دوایی کردو دوای ئەو براکەی بەناوی محەمەد وەحیدەدین دەسەڵاتی گرتە دەست.



محەمەدی شەشەم

محەمەدی شەشەم

وەحیدەدین محەمەدی کوڕی سوڵتان عەبدولحەمید (1861/1/14/ کە دەکاتە 1277 تا 1926/5/16ن)، یەکێك بووە لەسوڵتانەکانی دەوڵەتی عوسمانی، لەرۆژی (1918/7/4ن)، دوای براکەی (محەمەد رەشاد)و خۆکوشتنی کوڕە مامەکەی عەبدولعەزیزی یەکەم فەرمانڕەوایەتی کردووە تاوەکو رۆژی (1922/11/1ن).

دوای چەند مانگێك لەگرتنە دەستی دەسەڵات، دەوڵەتی عوسمانی تەسلیم کرا، بەشێوەیەك شکستی هێنابوو لەجەنگداو دوژمنەکانی زۆرترین پارچەو شوێنو ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانیان داگیرکردبوو، جگە لەهەندێگ ناوچە.

سولّتان محەمەدی شەشەم متمانەی خۆی دایە (مستەفا کمال ئەتاتورك) بۆ دەرچوون لەو قەیرانەی کەدەوڵەتی عوسمانی تێی کەوتبوو، بۆیە مستەفا کەمال ئەتاتورك دەستی کرد بەکارکردن بۆ خۆیو ئەوستێرەی ئەو درەوشایەوە، ئەنجامی ئەمەش سولّتان تەنازولی لەدەسەلاّت کردو هەروەها خەلافەتیش سالّی (1340ك).

هاوکات ئەستەمبولّی پایتەختیشی جێهێشت لەسەر کەشتیەکی سەربازی بەریتانی لەرۆژی (1922/11/17ز) بۆ ئەوەی پاشماوەی ژیانی لەناوچەی (ریڤیرا)ی ئیتالّیا بەسەربەریت. دواجار سولّتان محەمەدی شەشەم لەشاری (سان ریمۆ) لەرۆژی (1926/5/16ز) کۆچی دوایی کرد.



عەبدولمەجیدی دووەم

عەبدولمەجیدی دووەم

عەبدولمەجیدی کوڕی عەبدولعەزیز (عەبدولمەجیدی دووەم) لەنێوان سالآنی (1868 – 1944ز) سیو حەوت هەمینو دواهەمین سولّتانی عوسمانی بووە. لەرۆژی (1922/11/19 تا 31924/3/3ز) فەرمانڕەوایەتی کردووە.

عەبدولمەجیدی دووەم، کوڕی سولّتان عەبدولعەزیزی یەکەم لەرۆژی (1868/5/29ز) لەئەستەمبولّ لەدایکبووە. بەشێوەیەکی تایبەتی فێرکردنو زانیاری پێگەیشتووەو پێی وتراوە. لەرۆژی (1918/7/14ز) کوڕە مامەکەی کە (محەمەدی شەشەم)بووە، بووە بەسولّتان لەکاتێکدا عەبدولمەجیدی دووەم جێگرو وەلی عەهدی

بووه، لەرۆژی (1922/11/19ن) عەبدولمەجیدی دووەم هەڵبژێردراوه بۆ خەلافەتو سەڵتەنەت بەیارمەتی کۆمەڵەی نیشتمانی تورکی لەئەنقەرە. لەئەستەمبوڵ جێگرو سەقامگیر بووه لە (11/24)ی هەمان ساڵ.

دواجار لەرۆژی (1924/3/3ن) لادرا لەدەسەڵاتو لەکەنارەکانی تورکیا لەگەڵ پاشماوەی خێزانەکەیدا دەرکرا. سولتان عەبدولمەجیدی دووەم نازناوی (جەنراڵی سوپای عوسمانی) پێ بەخشراوەو وەك سەرۆکی کۆمەڵگەی هونەری عوسمانیش کاری کردووەو بووە بەوێنەکێش. وێنەی بۆ هەر یەکە لە (لودفیگ فان بتهۆفنو یوهان فولفغا نگ فون گوتە و سولتان سەلیمی یەکەم) داناوەو دروست کردووە لە پێشانگای ڤیەننا ساڵی (1918ن).

هەروەها سولتان عەبدولمەجیدی دووەم چوارجا ژنی هێناوە لەساڵەکانی (1896، 1902، 1912، 1921.)و لەرۆژی (1944/8/23ن) لەماڵەکەی خۆمیدا لەپاریس لە فەرەنسا کۆچی دوایی کردووەو لەشاری مەدینەی وڵاتی شانشینی عەرەبستانی سعودی بەخاك سپێردراوەو ئەسپەردە کراوە.

# پاشکۆی

## جەنگ و پەیماننامەو زانیاری دەربارەی دەوڵەتی عوسمانی

**جەنگی نیکۆپۆڵس(1396ز)**

ئەوجەنگە بوو کەلەنێوان سوپای عوسمانیەکان بەسەرکردایەتی سولّتان بایەزیدی یەکەم (بایەزیدی هەورە بروسکە)و سوپاکانی چەند دەوڵەتێکی ئەوروپیوەکو مەجەرو نەمساو فەرەنساو ئەڵمانیاو ئیتالیاو ئیسپانیا لەژێر سەرکردایەتی (سیجمۆند)دا لەمانگی(1396ز)دا لەشاری نیکۆپولس لەباکوری بولگاریا روویدا. سوپای ئەوروپیەکان نزیکەی (130) هەزار جەنگاوەربوون، لەکاتێکدا سوپای عوسمانیەکان(90) نەوەد هەزار سەربازبوون. جەنگەکەبەقازانجی عوسمانیەکان کۆتایی هاتو زۆرێك لەخانەدانەکانی فەرەنسا بەدیلێتی گیران لەوانە:(کۆنت دی نیگر) ی فەرماندەی هێزەکانی بورگونیاوجێنشینەکەی. کۆنت سوێندی خوارد جارێکی تر نەگەڕێتە بۆ دژایەتیو جەنگانی عوسمانیەکان.

سولّتان بایەزید هەواڵی ئەم سەرکەوتنەی ناردەوە بۆ(موتەوەکیل علی الله)ی خەلیفەی عەباسیەکان لەقاهیرەو خەلیفەش ڕێزلێنانو جلو بەرگو شمشێرێکی بۆدەنێرێ. ئەمەش مانای دان نان بوو بەسولّتان بایەزیدی یەکەمداوەك سولّتانێك بەسەر هەرێمەکانی ڕۆمو ئەنادۆڵو باڵکان، بەوەش بایەزیدی یەکەم بوو بەیەکەم کەس کەنازناوی (سولّتان) لەبنەماڵەی عوسمانیەکان هەڵبگرێت.

**جەنگی قوصوە ( قوصرە، کۆسۆڤۆ) (1389ز)**

ئەوجەنگە بوو کەلەنێوان سوپای عوسمانیەکانو سوپای ئەوروپیەکان کەپێکهاتبوون لەسوپای صربیاو ئەلبانیا بەفەرماندەیی پادشای صرب (ئوروکی پێنجەم) لەناوچەی قوصوە واتە(کۆسۆڤۆ) لەساڵی (1389ز) روویدا. یەکێکە لەجەنگە خوێناویو ترسناکەکانی دەوڵەتی عوسمانی، بەشێوەیەك زاوای پادشای صرب (لازار) کەناوی (فوك برانکوفتش) بوو،لەجەنگەکە هەڵهاتو لەگەڵیشیدا دەهەزار سەرباز پەیوەندیان کرد بەسوپای عوسمانیەکانەوە. لەم جەنگەدا لازاری پادشای صرب بریندارکراو عوسمانیەکان کوشتیانو لەجەنگەکەدا

سەرکەوتن. هەرلـەم جەنگـەدا سـوڵتان مـورادی یەکـەم لـەکاتی بەسـەر کردنـەوەی گۆڕەپـانی جەنگەکـە لەلایـەن سەربازێکی بریندارى صربەکانەوە بەخەنجەر بریندار کراو کوژرا.

**ئەنجامەکانی جەنگی قوصوەا قوصرە، کۆسۆڤۆا**

1) بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لەناوچەی باڵکان‌و موسوڵمانبوونی زۆرێك لەکەسایەتی‌و پیاوە ناودارەکانی ئەو ناوچەیە.

2)ناچـار بـوونی زۆر دەوڵـەتی ئـەورووپی بۆگرێـدان‌و قبـوڵی دۆسـتایەتی عوسمانیـەکان، هەنـدێکیان لەڕێگـەی سەرانەدان‌و هەندێکی تریان بەڕاگەیاندنی دۆستایەتیان بۆدەوڵەتی عوسمانی.

3) درێژبوونەوەی دەسەڵاتی عوسمانیەکان بەسەر میرەکـانی مەجـەرو ڕۆمانیـاو ناوچـە دراوسـێکانی دەریـای ئەدریاتیکی، تاوەکو دەسەڵاتی عوسمانیەکان گەیشتە ئەڵمانیا.

**ئەو هۆکارانەی کە ڕێخۆشکەربوون بە بۆململانێی نێوان سوڵتان بایەزیدو تەیموری لەنگ**

1) پـەنابردنی میرەکـانی عێـراق بـۆلای بایەزیـد، بەتایبـەت ئـەو میرانـەی کەتـەیموری لـەنگ دەسـتی گرتبـوو بەسـەروڵاتەکانیاندا، هـەروەك هەنـدێ لـەمیرەکانی ئاسـیای. بـچوکیش پـەنایان بردبـوو بـۆ تـەیموری لەنگ،بۆیـە میرەکان لەهەردوولا هانی بایەزیدوتەیموری لەنگیان دەدا بۆ هەڵگیرساندنی شەڕودژی لایەکەی تر.

2) هاندانی تەیموری لەنگ لەلایەن مەسیحیەکانەوە بۆشەڕکردن‌ولەناوبردنی بایەزید.

3) نامە ئاگرینەکانی نێوان هەردوولا،بەشێوەیەك لەیەکێك لەونامانـەدا کەتـەیموری لـەنگ بۆسـوڵتان بایەزیـدی دەنێرێ،تیایدا سوکایەتی پێدەکات کاتێك بە ناڕۆشنی باس لەڕەچەڵەك‌وبنەچەی خێزانەکەی دەکات.

4) هەریەکە لەسوڵتان بایەزیدوتەیموری لەنگ هەوڵیان دەدابۆفراوان.کردنی سنوری دەوڵەتەکەیان.

**هۆکارەکانی گۆڕانی ئاراستەی لەشکرکێشی عوسمانییەکان لەلایەن سوڵتان سەلیمی یەکەمەوە لەخۆرئاواوە**

**بەرەو**

**خۆرهەڵات**

1) تێربوونی سەربازی عوسمانیەکان لەئەوروپا، بەشێوەیەك مێژوونوسـان وایـان دەبینـی کەبـەکۆتایی هـاتنی سەدەی یازدەیەم، عوسمانیەکان گەشـتونەتە قنـاغی تێربـوون لـەگرتنی ناوچـەکانی ئەوروپا،واتـە ئـیتر پێویـست نەبووە چیدی ڕووەوئەوروپا لەشکرکێشی بکەن، بۆیـە پێویـست بـووە لەسـەرەتای سـەدەی شـانزەیەمدا بـەدوای گۆڕەپانێکی نوێدا بگەڕێن بۆپەرەپێدانی‌وچالاکی‌و فراوانخوازیەکانیان.

2)جـولانی عوسمانیـەکان بـەرەو ڕۆژهـەلات لـەپێناوی ڕزگـارکردنی جیهـانی ئیـسلامی بەشـێوەیەکی گـشتی‌وپیرۆزییەکانی ئیـسلام بەشـێوەیەکی تایبـەت لەبـەردەم مەترسـی‌وجموجوڵی ئیـسپانیەکاندا لـەدەریای ناوەڕاست‌وپورتوگالیەکان لەدەریای هیندی‌ودەریای سور.

3) سـەرهەڵدانی دەوڵـەتی سـەفەوی لەئێرانداوهەوڵـدان بۆفراوانخوازی‌وبلاوکردنـەوەی ئـاینزای شیعەمەزهەب‌وناوچەکانی ئاسیای بچوك لەسەرحسابی ناوچەکانی نفوزی سوننەمەزهەبی عوسمانیەکان.

### جەنگی فارنا (1444ز)

ئەوجەنگە بووکەلەڕۆژی(1444/11/10ز) لەنزیك شاری (فارنا)ی بولگاریا ڕوویدا لەنێوان سـوپای عوسمـانی بەسەرکردایەتی سولتان مـورادی دووەم‌و هێزەکـانی ئـەوروپا کەتیایـدا هەریەکـە لەمەجـەرو پۆڵـۆ نیـاو ئـەلمانیاو فەرەنساو بندوقیـەو بێزەنتـەو بیرجوزریـا بەسـەرکردایەتی یـانوس هونیـادی بەشـداریان تێـداکرد. لـەم جەنگـەدا پادشـای پۆلانـدا( فلادیـسلاوسی سـێیەم) بەسـەرکردەی ڕێزلێنـانی سـوپاکانی ئـەوروپا دەسـت نیـشان کـرا. لـەم جەنگەدا سوپای عوسمانیەکان سەرکەوتن‌و پادشای پۆلاندا (فلادیـسلاوسی سـێیەم) کـوژراو سـەرکردەی گـشتی سوپای ئەوروپیەکان (هونیادی) لەجەنگەکە هەڵهات‌و نزیکەی (15) پانزە هەزار جەنگاوەر لەسوپای ئەوروپییەکان کوژرا.

### شەڕی چاڵدێران(1514ز)

ئەو شەڕەبوو کەلـەنێوان دەوڵـەتی عوسمـانی بەسـەرکردایەتی سـوڵتان سـەلیمی یەکـەم‌و دەوڵـەتی سـەفەوی بەسـەرکردایەتی شائیـسماعیلی سـەفەوی لـە(1514/8/23ز)لـە شـیوی چـاڵدێران لـەباکوری خۆرئـاوای شـاری تـەورێزی پایتـەختی سـەفەویەکان ڕوویـداو لەئەنجامـدا بـەهۆی هاوکاری‌ولایـەنگیری ژمارەیـەکی زۆر لەمیرنـشینە کوردیەکان، عوسمانیەکان توانیان سەفەویەکان تێك بشکێنن.

### هۆکارەکانی ڕوودانی شەڕەکە

1) پـەیڕەوکردنی سیاسـەتی شیعەگەرێتی لەلایـەن شائیـسماعیلی سـەفەوی‌و دژایـەتیکردنی سـوننە مەزهەبەکانی ناوچەکانی عێراق‌و کوردستان‌و کوشتنی زانایانی سوننەی لایەنگری دەوڵەتی عوسمانی.

2) گوایـە کـاتی هاتنـە سـەرتەختی سـوڵتان سـەلیمی عوسمـانی سـاڵی (1512ز)، شائیـسماعیلی سەفەوی پیرۆزبایی لێنەکردووەو نوێنەری نەناردووە .

3) زامنکردنی ڕێگەی بازرگانی ئاوریشم لەگەڵ هیندستان‌و دەرهێنانی لەژێردەستی سەفەویەکان.

4) پشتیوانیکردنی سوننە مەزهەبەکان‌و ڕزگارکردنیان لەقەتڵ‌و عامی شائیسماعیلی سەفەوی.

5) کۆتایی هێنان بەمەترسی سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەوی لەڕۆژهەلاتدا.

6) له‌ناوبردنی میرنیشینه‌ كوردیه‌كانی كوردستان‌و وڵاتی شام‌و میسرو یه‌كخستنیان له‌ژێر ده‌سه‌ڵاتی ناوه‌ندی ده‌وڵه‌تی عوسمانیدا(له‌راستیدا هه‌رچه‌نده‌ ئه‌مه‌ یه‌كێكه‌ له‌بیروباوه‌ره‌كان ده‌رباره‌ی هۆكاره‌كانی به‌رپابوونی شه‌ڕی چاڵدێران،به‌ڵام كاتێك له‌لایه‌ن مه‌لا ئیدریسی به‌دلیسیه‌وه‌ ژماره‌یه‌ك له‌میرنیشینه‌ كوردیه‌كان چوونه‌ پاڵ ده‌وڵه‌تی عوسمانی تاماوه‌یه‌ك‌و به‌تایبه‌ت له‌سه‌رده‌می سوڵتان سه‌لیمی یه‌كه‌مدا جۆرێك له‌نیمچه‌ سه‌ربه‌خۆییان پێدراو له‌ناونه‌بران، به‌ڵام سوڵتانه‌كانی دواتر نه‌ك هه‌ر كاریان به‌م رێكه‌وتننامه‌یه‌ نه‌كرد، بگره‌ سوڵتان مه‌حمودی دووه‌م ده‌ستیكرد به‌په‌یره‌وكردنی سیاسه‌تی ناوه‌ندیكردنی ده‌سه‌ڵاتی ده‌وڵه‌تی عوسمانی‌و چه‌ندین میرنشینی كوردی له‌ناوبران كه‌پێشتر هاوكاری گه‌وره‌و سه‌ره‌كی عوسمانیه‌كان بوون له‌شه‌ڕی چاڵدێران‌وفاكته‌ری سه‌ركه‌وتنی عوسمانیه‌كان بوون– وه‌رگێڕ).

7) ئامانجی ستراتیژی سوڵتان سه‌لیمی یه‌كه‌م بۆگه‌یشتن به‌ناوچه‌كانی مه‌ككه‌و مه‌دینه‌ كه‌له‌ڕووی ئاینی به‌گشتی‌و له‌ڕووی مه‌زهه‌بی سوننه‌وه‌ گه‌وره‌ترین پاڵپشت‌و سه‌رمایه‌ی رۆحی‌و ئاینی بوو بۆ ده‌وڵه‌تی عوسمانی‌و به‌كرداریش دواتر تاڕاده‌یه‌كی زۆر واده‌رچوو.

**ئامانجه‌كانی شه‌ڕه‌كه‌**

1) سه‌ركه‌وتنی عوسمانیه‌كان له‌شه‌ڕه‌كه‌داو داگیركردنی شاری ته‌ورێزی پایته‌ختی سه‌فه‌ویه‌كان‌و ئاواره‌بوونی شائیسماعیل‌و به‌دیلگرتنی (تاجلی خانم) خێزانی شائیسماعیل‌و كه‌س‌و كاری‌و به‌تاڵانبردنی ته‌ختی شاهانه‌ی.

2) داگیركردنی سه‌رجه‌م ناوچه‌كانی باكوری كوردستان‌و به‌شێكی ئازه‌ربایجان ساڵی(1515ز)و وڵاتی شام (1518ز)و وڵاتی میسر(1517ز).

3) مسۆگه‌ركردنی رێگه‌ی بازرگانی ئاوریشم له‌گه‌ڵ هیندستاندا له‌لایه‌نی عوسمانیه‌كانه‌وه‌.

4) راكێشان‌و پاشكۆبوونی ژماره‌یه‌كی زۆر له‌میرنشینه‌ كوردیه‌كان به‌هۆی دیپلۆماسیه‌تی مه‌لائیدریسی به‌دلیسیه‌وه‌.

5) شه‌ڕی چاڵدێران سه‌رده‌مێكی له‌شه‌ڕو ناكۆكی له‌نێوان ده‌وڵه‌تی عوسمانی‌و سه‌فه‌ویدا دروستكردو بۆدوای ده‌وڵه‌تی سه‌فه‌ویش، له‌ده‌وڵه‌ته‌ فارسیه‌كانی تریشدا درێژه‌ی كێشا.

6) ده‌ره‌نجامی شه‌ڕی چاڵدێران باشوری كوردستانی كرده‌ دوو ویلایه‌تی عوسمانی كه‌بریتی بوون له‌ویلایه‌تی شاره‌زوورو ویلایه‌تی موسڵ، پاشئه‌وه‌ی سوڵتان سه‌لیمی یه‌كه‌م له‌ساڵی(1515ز) فه‌رهادپاشای راسپارد بۆداگیركردنی ئه‌و ناوچانه‌و فه‌رهاد پاشاش سه‌ركرده‌یه‌كی عوسمانی به‌ناوی (محه‌مه‌د بیقلو پاشا)به‌ سوپایه‌كی به‌هێزه‌وه‌ نارده‌ سه‌ر ناوچه‌كه‌و له‌ئه‌نجامدا(موسڵ‌و شه‌نگارو ئامێدی‌و حه‌سه‌ن كێف‌و دوورگه‌ی ئیبن عومه‌رو هه‌ولێرو كه‌ركوك‌و شاره‌زوور)ی داگیركرد.

7) دابەشبوونی کوردستان لەڕووی ئاینیو مەزهەبیەوە بۆدوو ناوچەی نفوزی سوننیو شیعەی هەردوو دەوڵەتی عوسمانیو سەفەوی.

**بەندەکانی ڕێکەوتننامەی نێوان سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانیو مەلا ئیدریسی بەدلیسی**

لەبنەڕەتدا ئەو ڕێکەوتننامەیە بوو کەلەنێوان سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانیو ژمارەیەك میرنیشینی کوردیدا لەساڵی (1515ز) بەسەرپەرشتی مەلائیدریسی بەدلیسی ئەنجامدراو گرنگترین خاڵەکانی بریتی بوو:

1) سوڵتانی عوسمانی پارێزگاری لەسەربەخۆیی میرنیشینە کوردیەکان بکاتو دەسەڵاتی عوسمانی تەنها بەناو بێت.

2) کوردەکان لەشەڕدا یارمەتی دەوڵەتی عوسمانی بدەنو ئەوانیش پشتیوانی لەکوردەکان بکەن.

3) دەسەڵاتداریێتی لەمیرنیشینە کوردیەکاندا پشتاوپشت بێت، واتە لەباوکەوە بۆکوڕ.

4) کوردەکان باجو زەکاتو خەرجی فەرزە شەرعیەکان بدەنە گەنجینەی سوڵتانی عوسمانی.

**ئەو هۆکارانەی وایکرد میرو هۆزە کوردییەکان پشتگیری لەسوڵتانی عوسمانی بکەنو بچنە ژێرسایەی دەوڵەتی عوسمانییەوە**

1) ڕۆڵی گەورەی مەلائیدریسی بەدلیسی کەیەکێك لەڕاوێژکارە گرنگو حساب بۆکراوەکانی دەوڵەتی عوسمانیو سوڵتان سەلیمی یەکەم بووە.

2) لایەنی ئاینیو بەتایبەت مەزهەبی کەزۆربەی زۆری کوردەکان سوننی مەزهەب بوون وەك عوسمانیەکان.

3) گەورەییو زلهێزی دەوڵەتی عوسمانی لەئاستی هێزە جیهانیەکانداو حەتمیەتی ڕوودانی جەنگی چاڵدێرانو مەترسی لەناوچوونی یەکجارەکی دەسەڵاتی سیاسی میرنیشینە کوردیەکان.

4) دژایەتیو قەتڵوعام کردنی کوردە سوننیەکان لەلایەن شائیسماعیلی سەفەویەوە.

**پەیمانەکانی ڕێکخستنی سنوری نێوان هەردوو دەوڵەتی (عوسمانی- سەفەوی)**

لەدوای شەڕی چاڵدێران دەوڵەتی عوسمانیو سەفەوی لەچەند پەیماننامەو ڕێکەوتننامەیەکدا کەبەپەیماننامەی ڕێکخستنی سنور دادەنرێت،چەندین جار ڕێکەوتنی لەنێوان هەردوو لا هێناوەتەوە ئاراوە، بێگومان ئەم پەیماننامانەش کاریگەری لەسەر دابەشبوونو دابەشکردنی کرداریی خاکی کوردستان هەبووەو گرنگترین ئەوپەیماننامەو ڕێکەوتننامانەش بریتین لە:

**پەیمانی زەهاو(1639ز)**

ئەوپەیماننامەیەبوو کەلەنێوان دەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی سولتان مورادی چوارەمو دەوڵەتی سەفەوی لەسەردەمی شاعەباسی یەکەم لەرۆژی (1639/5/17ز) لەشاری زەهاوی کوردستانی ئێرانی ئێستا روویداو گرنگترین بەندو خاڵەکانی ئەمانە بوون:

1) زەویەکانی هۆزی کەلهورو خۆرئاوای ناوچەی شارەزوور لەژێر دەسەلاتی دەولەتی سەفەویدا بمێنێتەوە.

2) زەویەکانی هۆزی موکری لەسەر هێڵی سنوری تازە بکرێت بەدوو بەشەوە:

أ) ناوچەی شارەزوور لەژێر دەسەلاتی عوسمانی بمێنێتەوە.

ب) ناوچەکانی سەقزو سەردەشتو بانەو زەهاو تاباشوری کرماشان، چارەنوسی بۆ پەیمانەکانی داهاتوو بمێنێتەوە.

3) شوێنەکانی نزیك ئەم ناچانە لەرووی کارگێرییەوە وەك خۆی بمێنێتەوە.

4) هیچ لایەکیان یارمەتی هۆزو تیرە یاخیبووەکان نەدەنو نەیان کەن بەگژی یەکتریدا.

5) شای سەفەوی بەلێن بدات پەلاماری قەلاکانی سەر سنوری ناوچە سنوریەکانی دەولەتی عوسمانی نەدات.

ئەنجامی پەیماننامەی زەهاو بەکرداری کوردستانی دابەشکرد بۆ دووبەش، بەشی خۆرهەلاتی خرایە سەر دەولەتی سەفەویو بەشەکانی تریشی خرانە سەر دەولەتی عوسمانیو لەرووی کارگێریشەوە بەئەستەمبوڵەوە بەسترانەوە. زۆر لەو کەسانەی دەربارەی مێژوو شتیان نوسیوە پێیانوایە شەڕی چالدێران هۆکاری دابەشکردنی کوردستان بووە، بەلام راستیەکەی پەیمانی زەهاو هۆکاری سەرەکیو بنەڕەتی دابەشکردنی خاکی کوردستانە،چونکە دەرەنجامی شەڕی چالدێران،جگەلەوەی دەرەنجامێکی مەزهەبیو ئاینی جێهێشت بەسەر کوردستانەوە، هاوکات لەسەر بنەمای براوەو دۆڕاو بوو لەجەنگەکەدا، بەلام پەیمانی زەهاو بەندو خالی تێدابوو، بۆیە لەسەر ئەو بنەماو بەندانە رێکەوتن کراو هەر لەسەر ئەو بەندو بنەمایانەش هەردوولا (عوسمانی – سەفەوی) رێك کەوتن لەسەر دابەشکردنی خاکی کوردستان بەگشتی بۆ دووبەش: رۆژهەلاتو رۆژئاوا –وەرگێڕ.

**پەیمانی ئەرزرۆمی دووەم (1847ز)**

ئەوپەیماننامەیە بوو کەلەنێوان عوسمانیەکان لەسەردەمی سولتان عەبدولحەمیدی یەکەمو دەولەتی ئێران لەسەردەمی محەمەدشای قاجار بەئامادەبوونی نوێنەرانی روسیای قەیسەریو بەریتانیا لەرۆژی (1847/4/6ز)پاش سێ ساڵ گفتۆگۆی دوولایەنە لەلایەن (میرزا تەقی خانی فراخانی) نوێنەری ئێرانو (ئەنوەر ئەفەندی) نوێنەری دەولەتی عوسمانی لەشاری ئەرزرۆم مۆرکراو گرنگترین خاڵەکانی بریتی بوون لە:

1) ناوچەکانی سەردەشتو سەقزو بانەو زەهاو تاباشوری کرماشان کەلەپەیمانی زەهاودا بێ چارەنوس مانەوە خرانە سەر ئێران لەگەڵ ناوچەکانی خورەم شەهرو کەنارەکانی بەری چەپی شەتولعەرەب،

لەگەڵ ئازادی هاتوچۆی کەشتیوانی دەوڵەتی ئێران لەشەتولعەرەبدا، لەبەرامبەردا ناوچەکانی شارەزوور بەڕەسمی خرایە سەر دەوڵەتی عوسمانی.

2) دابنیکردنی هێمنیو ئاسایشی سنورەکان لەلایەن هەردوو دەوڵەتەوەو هیچ لایەک یارمەتی جوڵانەوەی یاخیبووەکان کە مەبەست لێی شۆڕشی هۆزو میرنیشینە کوردیەکان بوو نەدەن.

3) ئاسانکردنو ئازادی بازرگانی بدرێ بەبازرگانەکانی هەردوولا بۆراپەڕاندنی کاروبارەکانیان.

4) هەردوولا بەرژەوەندیەکانی بەریتانیاو ڕوسیای قەیسەری لەناوچە سنوریەکان لەبەرچاو بگرن. شایانی باسە پێشتر هەردوو دەوڵەتی عوسمانیو سەفەوی پەیماننامەی ئەرزڕۆمی یەکەمیان لەهەمان شار ساڵی (1823ز)ئیمزا کردبوو، بەڵام جێبەجێ نەکرا.

**سوارەی حەمیدیە**

بریتی بوو لەسوپایەکی نانیزامی عوسمانی، کەزۆربەیان لەکوردەکانی دەوڵەتی عوسمانی پێکهاتبوو بەناوی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانیەوە ناونرا(حەمیدی) کەسەرەتا لەخەڵکانی ناوچەی ئەرزڕۆم پێکهاتبوون. دواجار ناوچە کوردنشینەکانی تری گرتەوە. ئەم سوپایە لەلایەن ئەفسەرانی تورکەوە فێری مەشقی سەربازی دەکرانو بەبیروباوەڕی ئیسلامی لەبەرژەوەندی تورك مێشکیان پردەکرا.

کاری ئەم سوپایە بەرگریکردن بوو لە دەوڵەتی عوسمانیو خەلافەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمو یەکێك لەکارەکانی ئەم سوپایە بەشداریکردن بوولەکوشتاری ئەرمەنەکان لەساڵی (1894–1896ز) کەلەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە بەکارهێنران.

**خەیرەدین باربارۆسا(1475-1546ز)**

فەرماندەیەکی کەشتیوانیو تێکۆشەرێکی دەریایی عوسمانی بوو، لەدوورگەی (لسبوس)لەیۆنانی هاوچەرخ لەدایك بووەو لەئەستەمبوڵیش کۆچی دوایی کردووە. ناوی ئەسڵی (خزری کوڕی یەعقوب) وە بە(خەیرەدین پاشا) ناودێرکراوە. لای ئەوروپیەکان بە(باربارۆسا) ناسراوە،واتە(خاوەنی ڕیشی سور).خەیرەدین چوار برابوون. باوکی یەکێك بووە لەسەربازە ئینکشیاریەکانو دایکیشی کەناوی (کاتالینا)بووە بەئاین مەسیحی بووە. خەیرەدین بووە بەسەرکردەی گشتی (باش قبودان)ی کەشتی گەلی عوسمانی.

خەیرەدینو هەرسێ براکەی (ئیسحاقو عروجو ئیلیاس)وەك دەریاوانو جەنگاوەر کاریان کردووە. خەیرەدین توانیویەتی دژی ئیسپانیەکان کەهەوڵیاندا جەزائیر داگیربکەن ساڵی (1529ز) ڕابوەستێ، پاشان ساڵی (1531ز) دەستی گرتووە بەسەر وڵاتی تونسدا، هەروەها توانیویەتی لەشەڕی(بریفیرا) کەشتیگەلی شارلی پێنجەم تێك بشکێنێ.

هاوکات کاتێك ئیسپانیا جەنگی دژی فەرەنسا ڕاگەیاند،(فەرەنسوای یەکەم)ی پادشای فەرەنسا داوای یارمەتی لەسوڵتان سلێمانی عوسمانی کردو بەم بۆنەیەشەوە سوڵتان خەیرەدین باربارۆسای وەك سەرکردەی کەشتیگەلێکی گەورە ناردو لەمارسیلیا جێگیر بوو، کەفەرەنسیەکان بۆماوەی (5)پێنج ساڵ تەنازولیان کردبوو بۆعوسمانیەکان. خەیرەدین توانی سەرکەوتووبێت لەدەرکردنی ئیسپانیەکان لەناپۆلیو کەناری فەرەنسا. خەیرەدین لەتەمەنی(65) ساڵیدا لەکۆشکەکەی خۆی لەگەرووی بۆسفۆر کۆچی دوایی کردو کوڕەکەی بەناوی (حەسەن پاشا) جێگەی گرتەوە.

**پەیماننامەی ئەماسیا(1555ز)**

ئەو پەیماننامەیەبوو کەلەنێوان دەوڵەتی عوسمانیو سەفەویەکاندا ئەنجامدراو لەئەنجامدا دەوڵەتی عوسمانی زۆر ناوچەی تری وەك شارەزوورو ئەرزرۆمو هەندی ناوچەی تری خستەسەر چوارچێوەی خۆیو هێندەی تر فراوان بوو.

**ئەحمەد کوڕانی**

ناوی ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی عوسمانی کوڕانی یە. شەهابەدینی شافیعی پاشان حەنەفیە، لەنێوان ساڵانی (813-893ك) کەدەکاتە (1410-1488ز) ژیاوە. ڕاڤەکارو موفەسیرێکی گەورە بووەو لەڕەچەڵەکدا خەڵکی ناوچەی شارەزوور بووە. لەوڵاتی میسر فێری زانستو زانیاری بووەو گەشتی کردووە بۆ وڵاتی تورك. سوڵتان موڕادی کوڕی سوڵتان عوسمان بەڵێنی پێداوە فێرکردنی جێنشینەکەی کەسوڵتان (محەمەدی فاتیح)بووە بگرێتە ئەستۆو لەسەردەمی سوڵتان محەمەدی فاتیحدا ئەحمەد کوڕانی بواری دادوەری گرتۆتە دەستو چەند کتێبێکیشی هەیە لەوانە:

1. غاية ألآماني في تفسير السبع المثاني.
2. الدرر اللوامع شرح جمع جوامع للسبكي.
3. شرح الكافية للأبن الحاجب.

ئەحمەد کوڕانی لەشاری قوستەنتینیە (ئەستەمبوڵ) کۆچی دوایی کردووەو سوڵتان بایەزید نوێژی لەسەر کردووە.

**جەنگی ڕوسی- تورکی**

بریتیە لەدە جەنگ کەلەنێوان ئیمپراتۆریەتی ڕوسیاو دەوڵەتی عوسمانیدا ڕوویداوە،ئەو جەنگانە بەشێوەی پچڕ پچڕ لەسەدەکانی حەڤدەو هەژدەو نۆزدەدا ڕوویانداوە. ململانێی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، بەجەنگی یانزەیەم دادەنرێت لەزنجیرەی ئەوجەنگانەی نێوانیان.

لەزۆربەی کاتەکاندا ئەوجەنگانە ململانێ بوون دەربارەی زاڵبوون بەسەر نیمچە دوورگەی قرم لەگەڵ دەریای سور یان ناوچەی باڵکان. ئەم زنجیرە جەنگەش بەیەکێك لەدرێژترین ململانێکان دادەنرێت لەمێژووی ئەوروپادا بەجۆرێك بۆماوەی(241) ساڵ درێژبۆتەوە. بەوەش زیاتر ماوەکەی درێژبووە بەبەراورد لەگەڵ جەنگی سەدساڵەی نێوان فەرەنساو ئینگلتەرا.

ئەم زنجیرە جەنگە دەوڵەتی عوسمانی ماندوو کردو تواناکانی بەهەدەربردو لەگرنگترین هۆکارەکانی داڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی بوولەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەمدا.

### جەنگی قرم

ئەوجەنگەبوو کەلەنێوان ڕوسیاو دەوڵەتی عوسمانیدا لەڕۆژی (1853/3/28ز) ڕوویداو تاکوساڵی 1856ز بەردەوام بوو. هەریەکە لەبەریتانیاو فەرەنسا چوونە نێو جەنگەکەوە لەتەنیشتی دەوڵەتی عوسمانیەوە لەساڵی (1854ز) کەئەوکات توشی لاوازی هاتبوو.

هۆکاری شەڕەکە بریتی بوو لەتەماعی ئیقلیمی ڕوسیا لەسەر حسابی دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەت لەنیمچە دوورگەی قرمدا، کەببووە شانۆی جەنگو ڕووبەڕووبونەوەکان. دواجار جەنگی قرم لەڕۆژی (1856/3/30ز) بەئیمزا کردنی ڕێکەوتننامەی پاریس کۆتایی هات. لەم جەنگەدا ڕوسیا زۆر بەخراپی شکستی هێنا.

هێزی جەنگەکە: 250/000 هەزار جەنگاوەری بەریتانی.

400/000 هەزار جەنگاوەری فەرەنسی.

10 /000 هەزار جەنگاوەری سەردینیا.

بەرامبەر –(1/200/000) جەنگاوەری ڕوسی.

### پەیماننامەی(سان ستیڤانۆ) (1295/2/15ك/1878ز)

ئەو پەیماننامەیە بوو کەلەنێوان ڕوسیاو دەوڵەتی عوسمانیدا ئەنجامدرا لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگی(ڕوسی – تورکی) (1877–1878). پەیماننامەکەش لەڕۆژی (1878/3/3ز) لەسان ستیڤانۆ کەشارێکە لەڕۆژئاوای ئەستەمبوڵ ئیمزاکرا. ئەم پەیماننامەیە بوو بەهۆی دەرکەوتنی دەوڵەتی بولگاریا زیاد لەپێویست، کەپێشتر هاوکاربوو لەگەڵ ڕوسیا بۆلەناوبردنی دەوڵەتی عوسمانی. لەلایەن عوسمانیەکانەوە(سەفوەت پاشا) ئەم پەیماننامەیەیان ئیمزاکرد، دەگێڕنەوە لەکاتێکدا سەفوەت پاشا ئەم پەیماننامەیەی ئیمزاکردووە گریاوە، چونکە مەرجو بەندەکانی بۆ دەوڵەتی عوسمانی خراپ بوون، گرنگترین بەندەکانی:

1) دیاریکردنی سنور بۆچیای ڕەشو کۆتایی هێنان بەململانێو ئەو میرنشینە سەربەخۆیی بەدەست دەهێنێت.

2) میرنشینی صرب سەربەخۆ دەبێتو زەوی تازەشی بۆزیاد دەکرێت.

3) بولگاریا سەربەخۆدەبێت، دانـان بەبەسەربەخۆیی کارگێڕیدا ڕێژەیەکی دیاریکراو دەداتە دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها فەرمانبەرانی دەوڵەتو سەربازەکان تەنها لەمەسیحیەکان دەبن، سنوریش بەگوێرەی زانیاری عوسمانیو ڕوسەکان دیاری دەکرێن. میرێکیش لەلایەن دانیشتوانەکەیەوە هەڵدەبژێردرێتو بۆدواجار عوسمانیەکان سەربازەکانیان لەبولگاریا دەکشێننەوە.

4) دەوڵەتی ڕۆمانیا سەربەخۆیی تەواو بەدەست دەهێنێ.

5) بابی عالی بەڵێن دەدات کەپارێزگاری لەئەرمەنو مەسیحیو کوردو چەرکەسەکان بکات.

6) بابی عالی هەڵدەستێ بەچاککردنی رەوشی مەسیحیەکان لەدوورگەی کریتدا.

7) دەوڵەتی عوسمانی پێ بژاردنەوەیەکی جەنگی کەڕێژەکەی (2/5) ملیار لیرەی ئاڵتونیە دەدات، ڕوسیاش لەبەرامبەر ئەم پارەدا زەوی تەسلیم بەعوسمانیەکان دەکات.

8) گەرووەکانی (بۆسفۆرو دەردەنیل) بەکراوەیی دەمێننەوە بۆکەشتیە ڕوسیەکان لەکاتی ئاشتیو جەنگدا.

9) مسوڵمانانی بولگاریا دەتوانن کۆچ بکەن بۆهەر ناوچەیەکی دەوڵەتی عوسمانی کەخۆیان دەیانەوێت.

**کۆنگرەی بەرلین(1305ک/1887ز)**

لەم کۆنگرەیەدا دەوڵەتە گەورەکانی وەك(ئینگلتەرا، فەرەنسا، ئەڵمانیاو نەمسا) ئامادەبوون. لەم کۆنگرەیەدا گەڕان بەدوای دەستکاری کردنو چاککردنی پەیماننامەی(سان ستیڤانۆ)ی نێوان دەوڵەتی عوسمانیو ڕوسیا.

هۆکاری بەستنی ئەم کۆنگرەیەش بۆ بەرهەڵستکاری دەوڵەتە زلهێزەکان دەگەڕایەوە، چونکە لەگەڵ بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی ئەواندا نەدەگونجا. ئەوانەی لەکۆنگرەکەدا ئامادەبوون ڕێکەوتن لەسەردەستکاری کردنی بەندەکانی ڕێکەوتننامەی سان ستیڤانۆو ئەم مەرجو بەندانەی لەخۆگرتبوو:

1) سەربەخۆیی بولگاریاو دەستکاریکردنی سنورەکەی. لەباشوری باڵکانیش ویلایەتێك بەناوی (ڕومیللی ڕۆژهەڵات) پێك بهێنرێ لەژێر سەروەری دەوڵەتی عوسمانیدا لەڕووی سیاسیو سەربازیەوەو کەسێکی مەسیحی فەرمانڕەوایەتی دەکاتو بۆماوەی پێنج ساڵ دەست نیشان دەکرێ بەڕێکەوتنی دەوڵەت. هەروەها هێزێکی ڕوسیا لەبولگاریاو ڕومیللی ڕۆژهەڵات دەمێنێتەوە کەبە(50)پەنجا هەزار سەرباز دیاری دەکرێت.

2) سنوری یۆنانی کەمێك پێش دەخرێت بۆباکور. لەگەڵ ئەوەدا زانراوە کەیۆنان بەشداری نەکردووەو نەچووەتە نێو بابەتی کوشتارەوەو پەیماننامەی سان ستیڤانۆش هیچ بەشێکی لەیۆنان لەخۆنەگرتبوو.

3) بۆسنەو هێرسك بۆنەمسا دەبێت.

4) بسارابیا بۆ ڕوسیا دوای ئەوەی لەڕۆمانیای سەند، هەروەها ناوچەی دوبرجیەو هەندێ دوورگەی تر بۆ ڕۆمانیاو سەربەخۆیی تەواویشی پێ بدرێت.

5) سەربەخۆیی صربیاو چیای رەش.

6) شارەکانی قارسو ردهانو باتوم بۆ ڕوسیا.

7) کۆنگرەکە بڕیاریدا ئەو پێ بژاردنەوە جەنگیە بمێنێتەوە کەپەیماننامەی سان ستیڤانۆ بڕیاریدا بوو لەسەر دەوڵەتی عوسمانیو ڕێژەکەی (2/5) ملیار لیرەی ئاڵتونی بوو.

8) بابی عالی بەڵێن دەدات شایەتی سەرجەم هاوڵاتیانی وەربگرێت بەبێ جیاوازیکردنی ئاینی لەبەردەم دادگادا.

9) ڕەزامەندی دەربڕین لەسەرچاککردنی بارودۆخی مەسیحیەکان لەدورگەی کریتدا. ڕاوێژکاری ئەڵمانیا(بسمارك) بانگەوازی بۆبەستنی ئەم کۆنگرەیە کردووە لەترسی ئەوەی نەباداوەلامدانەوەی بەریتانیا بۆڕوسیا سەربکێشێ بۆ هەڵگیرسانی جەنگێکی ئەوروپی گشتیو هەڕەشەکردن لەیەکێتی ئەڵمانیا، کەزۆر تێکۆشاوە لەپێناویدا. هەندێ لەمێژوونوسان ئەوەش دەڵێن کەبسمارك لەم کۆنگرەدا دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی بۆ دەوڵەتە ئەوروپیەکانی تر خستۆتەڕوو. دواجار کۆنگرەی بەرلین دیسان بەهۆکارێکی زۆر کاریگەری دارمانی دەوڵەتی عوسمانی دادەنرێت.

**پەیماننامەی بساروفیتش (22ی شەعبانی 1130ك/1718/7/21ز):**

ئەو پەیماننامەیەبوو لەنێوان دەوڵەتی عوسمانیو نەمساو بوندوقیەدا ئەنجامدرا. دەوڵەتی عوسمانی بەئیمپراتۆریەتێکی ترسناك لەلایەن ئەوروپیەکانەوە دانراوەو ناوەکەی تۆقینو ترسی لەنێو ئەوروپا بەگشتی دروست دەکرد. بۆیە هیچ دەوڵەتێکی ئەوروپی بەتەنها نەیان توانی ڕوو بەڕووی ببێتەوەو دەوڵەتەئەوروپیەکان هاوپەیمانێتیەکی مەسیحیان بۆ ڕوو بەڕووبونەوەی دەوڵەتی عوسمانی بەست.

ئەم پەیماننامەیە پێکهاتبوو لە(20) مادەی تایبەت بەئەڵمانیاو (28)مادەی تایبەت بەبندوقیە. حاڵەتی جەنگ لەگەڵ بنودوقیە سێ ساڵو حەوت مانگ بەردەوام بوو، لەگەڵ نەمساش دوو ساڵو دوومانگ بەردەوام بوو، بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە ناوچەی مورە بۆدەوڵەتی عوسمانی گەڕایەوە بەرامبەر تەنازول کردنی لەناوچەکانی تمسوارەو بەلگرادو صربیای باکورو وڵاتی ئەفلاك.

هەروەها پیاوانی ئاینی کاسۆلیك موڵکەکانیان بگێڕنەوە لە دەوڵەتی عوسمانیدا، ئەم پەیماننامەیە لەمانگی (1720/11ز)دا دەستکاری کراو هەندێ شتی تری بۆزیادکرا لەسەر خواستی ڕوسیاو دواتریش مەرجێکی تری بۆزیادکرا کەپەیوەندی بەهاتوچۆی ڕوسیاو کڕینو فرۆشتنی ترەوە هەبوو.

**هاوپەیمانی پیرۆز( الحلف المقدس)**

ئەو هاوپەیمانیەتیەبوو کەلەنێوان هەریەکە لەنەمساو پۆڵۆنیاو بوندوقیەو پیاوەئاینیەکانی ماڵتاو پاپاو ڕوسیادا بەسترا، بۆوەستانەوە لەڕووی هەڵکشانی ئیسلامی کەنزیکبوو لەهەموو ماڵێکەوە لەئەوروپای ڕۆژهەڵات بەهۆی تێکۆشانی عوسمانیەکانەوە.

### جەنگی دەریایی سینوب (28سەفەری 1270ك/1853/11/30ز)

ئەوجەنگەبوو کەلەنێوان دەوڵەتی عوسمانیو ڕوسیا لەدەریای سوردا بەرپابوو، تیایدا ڕوسیا بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا زاڵبوو، هەروەك ئەم شەڕەبوو بەهۆی کڵپەسەندنی جەنگی قرم لەدووساڵی دواییدا. هۆکاری ئەم جەنگە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەڕوسیا دەیویست فراوان ببێت لەسەر حسابی دەوڵەتی عوسمانیو بوونێکی سەربازی دەریایی لەسەر کەناری باکوری دەریای سور دابمەزرێنێ، پاشان نفوزو کۆنترۆڵی سەربازی خۆی بەسەر ناوچەی گەورەکانەوە ڕابکێشێو کەشتیەکان بتوانن لەگەرووی بۆ سفۆرو دەردەنیل لەکاتی جەنگو ئاشتیدا بەبێ هیچ مەرجێك لەدەریاکان بپەڕنەوە. بۆ جێبەجێکردنو بەدەست هێنانی ئەم ئامانجانەش ڕوسیا چووە نێو زنجیرەیەك جەنگی پەیوەندیدار بەیەکەوە دژی دەوڵەتی عوسمانی، بەتەنهاو بەهاوپەیمانێتیش لەگەڵ دەوڵەتە ئەوروپیەکانی تردا.

### پەیماننامەی کیچك کینارچی(1774ز)

ئەوپەیماننامەیە بوو کەلە(13ی جەمادی یەکەمی 1188ك/1774/7/21ن)ئەنجامدراو پەیماننامەی (کیچك کینارچی) ناسراو تیایدا ئومێدو هیواکانی ڕوسەکان هاتەدی بەوەی دەریای سورلەدەریایەکی عوسمانی پوختەوە گۆڕا بۆدەریایەکی (عوسمانی – ڕوسی)و کەشتیوانی ڕووسی بەئازادی دەیتوانی بەبێ کۆتو پێوەندو مەرج جموجوڵ بکات لەدەریای سوردا. هەروەها لەم پەیماننامەیەدا هاتبوو کە دەوڵەتی عوسمانی پێ بژاردنەوەیەك بداتە ڕوسیا کەڕێژەکەی (1500)تورەکە ئاڵتون بوو. هەروەها ڕوسەکان مافی چاودێریکردنی دانیشتوانە ئورتودۆکسەکانیان هەیە لەوڵاتی عوسمانیدا. ئەم بەندەش مانای دەستێوەردانی ڕوسیابوو لەکاروباری دەوڵەتی عوسمانی بەشێوەیەکی بەردەوام. گرنگترین بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە:

1) لابردنی دوژمنایەتی لەنێوان دەوڵەتی عوسمانیو ڕوسیاو چارەسەرکردنی ڕێکەوتنو ڕێکخستنەوەی ڕێکەوتنەکان لەگۆڕانکاریو لێبوردن لەتاوان کەهاوڵاتیانی هەردوولا ئەنجامیانداوە.

2) نەپاراستنی هاوڵاتیە پەنابەرەکان یاخود هەڵاتوان یان ناپاکەکان لەچوارچێوەی مەرجەکاندا.

3) دان پێدانانی هەردوولا بەوڵاتی قرمدا بەبێ هەڵاوێردنو سەربەخۆیی، هەروەها ئازادی تەواویان هەیە لەهەڵبژاردنی گەورەیەك بەبێ دەستێوەردانو باجیش نادەن، لەبەر ئەوەش کەبەموسوڵمان دادەنرێت ئەوا کاروبارە مەزهەبیەکانیان لەلایەن سوڵتانەوە ڕێکدەخرێ بەگوێرەی ئاینی ئیسلام.

4) کشانەوەی هێزەکانی عوسمانی لەدورگەی قرمو تەسلیم کردنەوەی قەڵاکانو نەناردنی سەرباز یاخود پارێزەری سەربازی.

5) هەموو دەوڵەتێك ئازادە لەبونیاتنانی قەڵاو کۆشكو چاککرانی ئەوەی کەپێویستە لێیان.

6) دەست نیشانکردنی باڵوێزێکی ڕوسی لەئەستەمبوڵ لەپلەی دووەم، هێنانەوەی پۆزش بەشێوەی ڕەسمی بۆی، لەوەی کە هەرکەمو کورتیەك رووبدات.

7) دەوڵەتی عوسمانی بەڵێن دەدات بەڕێکخستنی مافەکانو کەنیسە مەسیحیەکان لەزەویەکانیداو پێدانی دەرفەت لەکەموکورتیدا.

8) ئازادی سەردانی پیاوە ئاینیەکانی ڕوسیا بۆ قودسو شوێنە پیرۆزەکانی تر کەشایستەی سەردان کردن بەبێ دانی سەرانە یاخود باج، هەروەها کارئاسانیو پارێزگاریشیان بۆئەوە پێ دەبەخشرێتو دابین دەکرێت.

9) ئازادی کەشتیوانی بۆ ڕوسیا لەسەرجەم ئاوەکانی عوسمانیدا لەهەردوو دەریای ناوەڕاستو سور. هەروەها ئازادی بازرگانی کردنی هاوڵاتیانی ڕوسی لەوڵاتی عوسمانی لەوشکانیو دەریاییدا، هەروەك هاوڵاتیانی ڕوسیا ئازادی هێنانو بردنو نیشتەجێ بوونیان هەیە تیایدا. لەلایەکی ترەوە ڕوسیا مافی ئەوەی هەیە کەباڵوێزخانەکان دەست نیشان بکات لەسەرجەم ئەو شوێنانەی کەوادەبینێ شیاوو گونجاوە.

10) پێویستە لەسەر دەوڵەتی عوسمانی کۆشش بکات لەکەفیلی کردنی حکومەتی ولایەتەکانی ئەفریقا، ئەگەر هاتوو ڕوسیا ئارەزووی کرد بەبەستنی پەیماننامەی بازرگانی تیایدا.

11) ڕوسەکان مافی ئەوەیان هەیە کەنیسەیەك بونیات بنێن لەسەر ڕێگەی گشتی لەناوچەی (مکبل أوغلی) لەغلتە لەشاری ئەستەمبوڵ جگەلەکەنیسە تەرخانکراوەکان. ئەوکەنیسەش لەژێر ڕێکخستنی باڵوێزی ڕوسیا دەبێو پاسەوانی کردنی تایبەتی بۆ دابین دەکرێ لەترسی دەستێوەردان.

12) گەڕانەوەی هەندێ ناوچە بۆ دەوڵەتی عوسمانی لەڕوسیا بەمەرج، لەوانە لێبوردنی گشتی لەخەڵکەکەو ئازادی مەسیحیەکان لەهەموو رووەکانەوەو بونیاتنانی کەنیسەی نوێو پێدانی ئیمتیازات بۆ پیاوە ئاینیەکانو ئازادی کۆچکردن بۆکەسە بەتەمەنو پیرەکانو نەخستنەڕوو بەخشینی تێچوونی جەنگیو سەرانە.

13) ڕوسیا جەزائیری دەریای سپی ناوەڕاست دەگێڕێتەوە کە لەژێر فەرمانڕەوایەتیاندا بووە بۆعوسمانیەکانو پێویستە لەدانیشتووانەکەی ببورێت. هەروەها بیان بەخشێ لەڕەسمی ساڵانەو ئازادی ئاینی یان پێ دەداتو چیان بوێ بۆیان دابین دەکات.

هەروەك باسی چەند بەندێکی تر کراوە کەپەیوەستە بەناوچەکانەوە لەقرمو باسکردن لەکشانەوەو چۆڵکردنی ئەفلاق زبوجانو بغدانو ئازادکردنی زیندانیەکانو دەست نیشانکردنی باڵوێزەکان لەپێناوی ڕێکەوتندا. هاوکات دەوڵەتی عوسمانی بەڵێنیدا کە(15) هەزار تورەکە ئاڵتون بدات بەڕوسیا لەماوەی سێ ساڵداو لەهەرساڵێکدا پێنج هەزار تورەکەیان بدات.

**ئاکامی مەرجو بەندەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیەش ئەمانەی خوارەی دەگەیاند**

1) کۆتایی هاتنی کۆنترۆڵی عوسمانی بەسەر دەریای ڕەشو ڕێگەخۆشبوونی بنەماکانی دبلۆماسیەتی داهاتوو بۆ دەستێوەردانی ڕوسیا لەکێشە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی عوسمانی.

2) درێژبوونەوەی سنوری ڕوسیا بۆڕوباری(بوگ)ی باشورو گرتنەوەی ئازۆفو سهوب کرشو نیکاڵ لەکۆتایی بەشی ڕۆژهەڵاتی نیمچە ڕوباری دنێبەرو بوگو سهوبو کینبورن.

3) وڵاتی قرم سەربەخۆبوو، هەروەها دانیشتوانەکەی نالکێن بە دەوڵەتی عوسمانیەوە تەنها لەڕووی ئاینیەوە نەبێت.

4) ڕوسیا مافی دامەزراندنی باڵوێزخانەی هەیە لەهەر جێگەیەك لە دەوڵەتی عوسمانیو کەشتیوانی کردنی لەئاوەکانیدا.

5) پەیماننامەکە ڕێگەیدا بەڕوسەکان بۆ بەدەست هێنانی ئیمتیازات لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا کەئورتۆدۆکسەکان بگرێتەوە لەئەفلاقو بغدانو دورگەکانی دەریای ئیجە. هەروەها ڕوسیا گۆڕا بۆوڵاتێك کەپارێزگاری لەئۆرتۆدۆکسەکان بکات لەهەر جێگەیەك لە دەوڵەتی عوسمانیدا.

هەروەها بەم شێوەیەی تریش لەهەندێ سەرچاوەی مێژووییدا باس لەپەیماننامەی کیچك کینارچی کراوەو لێرەدا دەینوسین بۆزیاتر زانیاری خوێنەر.

**ڕێکەوتننامەی کیچك کینارچی 1774ز**

ئەو ڕێکەوتننامەیە بوو کەلەنێوان عوسمانیەکانو ڕوسیا لەشاری کینارچەی بولگاریا لەساڵی(1187ك/1774ز)بەسترا.هۆی ئەم ڕێکەوتننامەیە،تێکشکانی عوسمانیەکان لەشەڕی (فارنا)لەبولگاریاو لەسەر دەریای سور، بەشێوەیەك سەدری ئەعزەمی عوسمانی داوای وتووێژو ڕێکەوتنی کردو گرنگترین خاڵەکانی پێکهاتبوون لە:

1) نەهێشتنی دوژمنایەتی لەنێوان دەوڵەتی عوسمانیو ڕوسیاو ئەنجامدانی ڕێکەوتننامەو ڕێکخستنی ڕێکەوتنەکان لە گۆڕانکاریو لێخۆشبوون لەو تاوانانەی کەهاوڵاتیانی هەردوولا ئەنجامیانداوە.

2) پارێزگاری نەکردن لەو هاوڵاتیانەی کەهەڵدێن یان ڕادەکەن یان ناپاکی دەکەن، بەگوێرەی مەرج نەبێت.

3) هەردوولا دان دەنێن بەسەربەخۆییو ئازادی وڵاتی قرمدا ،هەروەك ئازادی تەواویان هەیە لەهەڵبژاردنی گەورەیەك بۆخۆیان بەبێ دەستێوەردانو باجدان. بەو ئیعتیبارەش کەموسوڵمانن ئەوا کاروباری مەزهەبو ئاینیەکان لەلایەن سوڵتانەوە ڕێکدەخرێت بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلامی.

4) کشاندنەوەی هێزە عوسمانیەکان لە قرم تەسلیمکردنەوەی قەڵاکانو نەناردنی سەرباز یان پارێزگاری سەربازی.

5) دیاریکردن‌و دامەزراندنی باڵوێزی ڕوسیا لەئەستەمبوڵ لەپلەی دووەم، هەرکاتێکیش کەموکوڕی ڕوویدا بەشێوەی فەرمی پۆزشی بۆ بهێنرێتەوە.

6) دەوڵەتی عوسمانی بەڵێن دەدات مافو کەنیسەکانی مەسیحیەت ڕێکبخات لەزەویەکانیداو دەرفەتیان پێ بەخشێ لەکاتی کەموکوڕیدا.

7) ئازادی سەردانی ڕوهبانی ڕوسیا بۆ قودس‌و شوێنەکانی تر کەشیاوی سەردانیکردنن بەبێ دانی سەرانە یان باج‌و لەکاتی ئەو سەردانەشدا کارئاسانی‌و پارێزگاریان پێشکەش دەکرێت.

8) ئازادی دەریاوانی ڕوس لەهەموو کەنارەکانی عوسمانیدا لەهەردوو دەریای سپی‌و سوردا،هەروەها ئازادی بازرگانیکردن لەلایەن هاولاتیانی ڕوسیاوە لەوڵاتی عوسمانی لەوشکانی‌و ئاودا،هەروەك بازرگانانی ڕوسیا مافی هێنان‌و نیشتەجێبوونیان تیایدا هەیەو ڕوسیا دیسان مافی دامەزراندنی باڵوێزی هەیە لەسەرجەم ئەو شوێنانەدا کەبەشیاوی دەبینێ.

9) ڕوسیا مافی بونیاتنانی کەنیسەیەکی هەیە لەسەر ڕێگەی وشکانی لەگەڕەکی (بکل ئۆگلی) لەغلتە لەئەستەمبوڵ جگە لە کەنیسەدا بیناکراوەکە.هەروەها ئەو کەنیسەیەش لەژێر چاودێری‌و سەرپەرشتی باڵوێزی ڕوسیا دەبێت‌و بەڕێوەبردن‌و پاسەوانکردنی تەواوی بۆدابین دەکرێ وەك ترسێك لەچوونە ناوەوەو دەستێوەردان.

10) دەوڵەتی عوسمانی پێویستە بەڵێن بدات بەبەخەرجدانی کۆشش لەکەفیلی کردنی حکومەتی ویلایەتەکانی ئەفریقا ئەگەر هاتوو ڕوسیا ئارەزووی کرد کەبەڵێننامەو پەیماننامەی بازرگانیان تێدا گرێ بدات.

11) گێڕانەوەی هەندێ ناوچە بۆدەوڵەتی عوسمانی لەڕوسیا بەمەرج، لەوانەش لێبوردنی گشتی دەربارەی خەڵکەکەی‌و ئازادی مەسیحیەکان لەهەموو ڕووەکانەوەو بونیاتنانی کەنیسەی نوێ وپێدانی ئیمتیازاتی بۆ ڕوهبانەکان‌و ئازادی کۆچکردنی پیران‌و لێخۆشبوونیان لەتەکالیفی جەنگ‌و سەرانەدان.

12) ڕوسیا، جەزائیر دەگێڕێتەوە کەلەژێرحوکمی خۆیاندابووە بۆدەوڵەتی عوسمانی‌و پێویستە دەوڵەتی عوسمانی لەخەڵکەکەی خۆشبێت‌و لەڕەسمی ساڵانەش بیانبورێت‌و ئازادی ئاینیان پێ ببەخشێ‌و دەرفەتیشیان پێ بدات لەوەی کە خەڵکەکەی نەیەوێت وڵاتەکەیان جێ بهێڵن.

هەندێ بەندی تر باسکراوە کەپەیوەستن بەهەندێ ناوچەوە لەقرم‌و مەسەلەی کشانەوەو چۆڵکردنی ئەفلاق‌و بوجان‌و بغدان‌و ئازادکردنی دیلەکان‌و دامەزراندنی نوێنەرەکان لەپێناوی ئاشتبوونەوەدا.هەروەها دەوڵەتی عوسمانی بەڵێن ئەدات بەدانی (15)پانزە هەزارکیس پارە بەڕوسیا لەماوەی سێ ساڵداو هەرساڵێك (5)پێنج هەزار کیس دەدات.

**ئەو تێبینیانەی لەسەر بەندو خاڵەکانی ڕێکەوتننامەکە هەیە:**

1)کۆتایی هاتنی زاڵبوونی عوسمانی بەسەر دەریای ڕەش‌و ڕێگەخۆشبوونی بنەما دیبلۆماسیەکانی داهاتوو بۆدەستێوەردانی ڕوسیا لە کاروبارە ناوخۆیەکانی دەوڵەتی عوسمانی.

2) درێژبوونەوەی سنوری ڕۆژهەلاتی هەردوو نیمچە دوورگەی ڕووباری دنێبەرو بوگو سەهوبو کینبورن. ڕوسیا بۆ ڕوباری (بوگ)ی باشورو گرتنەوەی ئازۆفو سهوب کرشو نیکال لەکۆتاییدا.

3)وڵاتی قرم بوو بەوڵاتێکی سەربەخۆو هاوڵاتیانیشی نالکێن بەدەوڵەتی عوسمانیەوە تەنها مەگەر لەڕووی ئاینیەوە نەبێت.

4) ڕوسیا مافی بونیاتنانو دامەزراندنی باڵوێزخانەی دەبێت لەهەر شوێنێك لەدەوڵەتی عوسمانیو مافی ئازادی کەشتیوانی لەئاوەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا هەیە.

5) پەیماننامەکە ڕێگەیدا بەڕوسیا بۆبەدەستهێنانی ئیمتیازات لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا کەئورتودوکس لەئەفلاقو بغدانو دوورگەی دەریای ئیجە دەگرێتەوە،هەروەها بەگوێرەی پەیماننامەکە ڕوسیا گۆڕا بۆ وڵاتێکی پارێزگار لەئورتودوکسەکان لەهەرشوێنێکی دەوڵەتی عوسمانیدا بوونیان هەبێت.

**ڕێکەوتننامەی پاریس (1898)**

ئەو ڕێکەوتننامەیە بوو کەلەڕۆژی (1898/3/30ز)لەمیانەی کۆنگرەی پاریسدا ئەنجامدرا لەنێوان نوێنەرانی فەرەنساو ڕوسیاو دەوڵەتی عوسمانیو شانشینی سەردینیاو شانشینی یەکگرتوو، بۆبڕیاردان لەشکستی ڕوسیا لەشەڕی قرمدا. لەم ڕێکەوتننامەیەدا ڕوسیا تەنازولی کردلەبەشێك لەزەویەکانی دەوڵەتی مۆلداڤیا، هەروەها بێلایەنی دەریای ڕەشو ئازادی کەشتیوانی لەڕوباری دانوب سەپێنرا.

**جەنگەکانی باڵکان**

جەنگەکانی باڵکان ئەو ناوەیە کەدادەبڕی بەسەر دووجەنگدا کەلەناوچەی باڵکان لەباشوری ڕۆژهەلاتی ئەوروپا ڕوویداوە لەئەنجامی ململانێی دەوڵەتە باڵکانیەکان وەك(بولگاریا، یۆنان، صربیا) لەنێوان ساڵانی (1914 – 1913ز) بۆزاڵبوون بەسەر مەکدۆنیاو سەرجەم (قوبرس) دا کە تائەوکاتە لەژێر کۆنترۆڵی عوسمانیەکاندا مابوو، بەلام لەکۆتاییدا بولگاریا توشی شکست هاتو زۆربەی ئەو ناوچەو ئیمتیازاتانەی تر کەلەپلانی دابەشکردنی یەکەمدا بەڵێنی پێدرابوو لەدەستیدا.

**جەنگی (عوسمانی– ئیتالی) 1911-1912ز**

بەو جەنگانە دەوترێ کەلەنێوان دەوڵەتی عوسمانیو ئیتالیادا لەڕۆژی (1911/9/28ز–1912/10/18ز) ڕوویداوە. جەنگی عوسمانی – ئیتالی سێ جەنگ دەگرێتەوە ئەوانیش(جەنگی بریفیزا–جەنگی نفارین – جەنگی تبرق)ن. هەندێ جار جەنگی (ئیتالی –لیبی) یشی پی دەوترێ. هۆکاری ئەم جەنگە تموحو هەوڵدانی ئیتالیابوو بۆ داگیر کردنی هەریەك لەتەرابلوسو برقە، هەروەها سەرەتایەکی گرنگیش بوو بەرەو بەرپابوونی یەکەمی جیهانی. لەم جەنگەدا تەکنەلۆژیای جەنگی پێشکەوتوو بەکارهات لەلایەن ئیتالیەکانەوەو دواجار لەڕۆژی

(1911/11/22ز) ئەم جەنگە بەسەرکەوتنی عوسمانیەکانو بەسەرکردایەتی مستەفا کەمال ئەتاتورک کەئەوکات سەرکردەیەکی سەربازی پایە بەرزبوو لەسوپای عوسمانیدا کۆتایی هات. بەکورتی ئەمەی خوارەوە چەند داتاو زانیاریەکیوردە لەسەر جەنگەکە:

ململانێ: جەنگی ئیتالی – عوسمانی

مێژوو: (655/9/28ك/1912/10/18ز).

شوێن: لیبیاو دەریای ئیجە.

ئەنجام: سەرکەوتنی ئیتالیا.

شەڕکەران: ئیتالیاو دەوڵەتی عوسمانی.

سەرکردە: لوریجی کانفیاد (ئیتالیا)و ئیسماعیل نور (دەوڵەتی عوسمانی).

**پەیماننامەی کارلوفتس (1699ز)**

ئەو پەیماننامەیە بوو کەلەبنەڕەتدا بەهۆی لاوازی دەسەڵاتی سوڵتان مستەفای دووەمی عوسمانیەوە لەنێوان عوسمانیەکانو ڕوسیادا لەساڵی (1110ز) ئیمزاکرا. بەگوێرەی ئەم ڕێکەوتننامەیە عوسمانیەکان لەوڵاتی مەجەرو ترانسلڤانیا کشانەوەو دواتریش دەوڵەتە ئەوروپیەکان بەئارەزووی خۆیان سەرانەیان دەدایە دەوڵەتی عوسمانی.

**پەیماننامەی یاسی (یاش،1792ز)**

ئەوپەیماننامەیە بوو کەلەشاری (یاش) لەڕۆژی (15ی جەمادی یەکەمی 1206ك–1792/1/9ز) لەنێوان دەوڵەتی عوسمانیو ڕوسیادا ئەنجامدراو گرنگترین بەندەکانی ئەم پەیماننامەیە بریتی بوون لە:

1) ئاڵوگۆڕکردنی دیلەکانی جەنگو ڕێگەدان بەو هاوڵاتیانەی کەلەدەرەوەی دەوڵەتەکەیان دەژین بەهۆی قەیرانە سیاسیەکانەوە بەگەڕانەوە بۆوڵاتە ئەسڵیەکانیان یاخود مانەوە بەگوێرەی ئارەزووی خۆیان.

2) دەوڵەتی عوسمانی تەنازول دەکات لەبەندەری ئازۆفو وڵاتی قرمو نیمچە دوورگەی بسارابیاو ئەو هەرێمانەی کەوتوونەتە نێوان هەردوو ڕوباری بجدو دینستەرەوە. هەروەها ڕوباری دینستەر سنوری جیاکەرەوەی نێوان هەردوو دەوڵەت دەبێت.

3) ڕوسیا ناوچەکانی (بغدانو کرمانو کیلی ئیسماعیل) دەگێڕیتەوە بۆدەوڵەتی عوسمانی لەبەرامبەردا دەوڵەتی عوسمانی هەڵدەستێ بەلێخۆشبوونو بەخشینی دانیشتوانی بغدان لەباجەکان. هەروەها داوانەکردنی پێ بژرادنەوەو قەرەبووی جەنگ لەلایەن ڕوسیاوە یاخود هەرشتێکی تر کە لەمە بچێت.

4) بابی عالی هاوڵاتیانی دەوڵەتەکەی قەدەغە دەکات لەهەردوو پارێزگەی (تفلیسو کاتالینا)ی ڕوسیو لەسەر کەشتیە ڕوسیەکانیش لەدەریای ناوەڕاست. هەروەها لەسەر دەوڵەتی عوسمانیشە کەهەستێ بەدانی قەرەبوو بۆهەر زیانێك کەڕوودەدات لەلایەن هاوڵاتیانی دەوڵەتی عوسمانیەوە.

ئـەم پەیماننامەیـە بـوو بـەهۆی وەسـتاندنی جـەنگی( ڕوسـی – عوسمـانی). هـەروەك ئامانجـەکانی دەوڵەتـە ئەورووپیەکانیشی بەدی هێنا. هاوکات ئەم پەیماننامەیـە سـنوری دەوڵـەتی عوسمـانی کـورت کـردەوە لەئـەورووپاو لەهەمان کاتیشدا سـیفەتی تـەنازولکردنی شـەرعی لەجـەنگ خـستووەکانی خـۆی بەخـشیە دوژمنـانی. بـەڵام ئـەم پەیماننامەیە بۆ دواجار ململانێی (عوسمانی – ڕوسی)کۆتایی پێ نەهێنا.

**ئینکیشارییەکان**

سوپایەکی نوێ بوون لـە دەوڵـەتی عوسمانیـداو لەلایـەن سـوڵتان ئورخانـەوە دروسـتکراون. دوو بـیرورِا هەیـە دەربارەی دروستبوونی ئینکـشاریەکان. بیروڕایـەکیان پێیوایـە ئـەم سـوپایە لـەو موسـوڵمانە تازانـە پێکهـاتبوون کەپاش ڕزگارکردنی ناوچە مەسیحیەکان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە ژمارەیان زیادی کردووەو بڕوایان بـەئاینی ئیسلام هێنـاوەو چـوونەتە ڕیـزی سـوپای عوسمانیـەوە، پاشـئەوەی بڕواشـیان هێنـاوە بـەئاینی ئیـسلام لـەڕووی فیکریو جەنگیەوە بەشێوەیەکی ئیسلامیانە پەروەردەکراونو لەشوێنە سەربازیە جیاوازەکاندا دایـان مەزرانـدون. پاشان زاناو شەرعزانەکانی نێو دەوڵەتی عوسمـانی لەگـەڵ سـوڵتان ئۆرخانـدا هەسـتاون بەچـاندنی خۆشەویـستی جیهــادو ئــاین لەناخیانــداو هەوڵــدان بۆسەرخــستن یــان شــەهیدبوون لەپێناویــدا. دروشمەکەشــیان بریتــی بووەلە(جەنگاوەرو شەڕکەر یاخود شەهید بوون)، کاتێك ڕۆیشتوون بـۆ گۆڕەپـانی جـەنگ. ئەمـەبیروڕای (د.علـی محمد صلابیو جەمال عەبدولهادی)و چەند کەسێکی ترە.

بـەڵام ڕای دووەم بڕوایوایـە کەئینکـشیاریەکان لەمنـداڵی ئـەو مەسـیحیانە پێکهـاتبوونو ناچـارکراون بـڕوا بەئیسلام بهێنن بەگوێرەی یاسـا یـان سیـستەمێك لـە دەوڵـەتی عوسمانیـدا کـەپێیوتراوە سیـستەمی دەفـشەریە (النظام الدفشرية). گوایە ئـەم سیـستەمەش لـەباجێکی ڕەوای ئیـسلامیەوە وەرگـیراوە بـەناوی (بـاجی غیلمـان)، کەپێیشی دەوترێ (باجی نەوەکان). بەگوێرەی ئەم یاسایەش گوایە ڕێگەدراوە بـە عوسمانیـەکان کـەپێنج منـداڵ لەهەرشار یان گوندێکی مەسـیحی ببـەن، بـەو ئیعتبـارەی کـەپێنج یـەکی غەنیمـەو دەسـتکەوتی شـەڕنو بـریتین لەپشکی بەیتولمالی موسوڵمانان. لەو مێژوو نوسانەش کەخاوەنی ئەم بیروڕایەن بریتین لە(هاملتون جبو جیبونزو سۆمۆفیلو کارل برۆکلمان).

هاوکات هەندێ لەمێژوونووسە موسوڵمانەکانی وەك(محەمەد فەرید بك)لەکتێبەکەیدا بەناونیشانی (الدولةالعليـة العثمانية)و (د.عەلی حەسون) لەکتێبەکەیدا بەناونیشانی (تاريخ الدولة العثمانية )و مێژوونوس(محەمەد کـرد علـی) لەکتێبەکەیـدا(خطـط الـشام)و (د.عەبدولعـەزین) لەکتێبەکەیـدا (محاضـرات في تـاريخ الـشعوب الاسـلامية)و چـەند کەسـێکی تـریش ئـەم بیروڕایـەیان بـاس کـردووەو بڕوایـان پێـی هەیـە. بیرۆکـەی پێکهێنـانی ئـەم سـوپایەی ئینکـشیاریەکان دەگەڕێتـەوە بـۆ(عەلائـەدینی کـوڕی عوسمـانی بـرای سـوڵتان ئۆرخـان) کەیـەکێك بـووە لـەزاناو فەقیهەکانی دەوڵەتی عوسمانی. هەروەها سەرەتاش ناوی (بنی جری یاخود یەنی تشريی یان یەنیـچەری) بـووە، بەمانای (سوپای نوێ). ئاڵای ئەو سوپا نوێیەش لەپەڕۆیەکی سور پێکهاتووە کەلەناوەڕاستەکەیدا مـانگێکی تێـدا

بووەو لەژێر مانگە هیلالیەکەیشدا وێنەی شمشێرێك هەبووەو ناوی(زولفەقار) یان بەسەرشمشێرەکەدا دابڕیوە، ئەمەش ناودێرکردن بووە بەشمشێرەکەی خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتالیب.

**ئەو فاکتەرانەی کەیارمەتی سوڵتان ئۆرخانی داوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی**

1) ئەو قۆناغەی کەسوڵتان ئۆرخانی پێدا تێپەڕیوەو سودوەرگرتنی لەکۆششەکانی باوکیو بوونی توانای مادیو مەعنەوی.

2) یەکڕیزی سوپای عوسمانیەکان کەیەکێك لەتایبەتمەندێتیەکانی عوسمانیەکان بووە لەڕوو بەڕوو بوونەوە جەنگیەکاندا، بەتایبەت بەهۆی کاریگەری ئاینیو مەزهەبیەوە.

3) لاوازیو داڕوخانی دەوڵەتی بێزەنتی، بەشێوەیەك کۆمەڵگەی بێزەنتی تووشی هەڵوەشانەوەی سیاسیو ئاینیو کۆمەڵایەتی هاتبوو. ئەمەش کارئاسانی کرد بۆ عوسمانیەکان بۆ ئەوەی بتوانن چەندین ناوچەی ئەو دەوڵەتە بخەنەسەر دەوڵەتەکەی خۆیان.

4) لاوازی بەرەی مەسیحیەت بەرامبەر عوسمانیەکان لەئەنجامی نەبوونی متمانەلەنێوان سوڵتانو فەرمانڕەواکاندا لە دەوڵەتی بێزەنتەو بولگاریاو وڵاتی صربیاو مەجەر، بەشێوەیەك زۆربەی کات ڕێکخستنی پلانی سیاسیو سەربازیان دژ بەعوسمانیەکان شکستی دەهێناو سەری نەدەگرت.

5) جیاوازی ئاینی لەنێوان ڕۆماو قوستەتینیەدا یان لەنێوان کاسۆلیکیەتو ئۆرتودوکسیەتدا، کەکاریگەریەکی قوڵی لەدەروونی هەردوولایاندا جێ هێشتبوو.

6) دەرکەوتنی سیستەمێکی نوێی سەربازی کەلەسەربنەمای بیروباوەڕیو مەنهەجیو پەروەردەییە ئاینیەکان دامەزرابوو لەلایەن عوسمانیەکانەوە.

**ئامانجەکانی گواستنەوەی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی لەئەدرنە لەلایەن سوڵتان موراد یەکەمەوە:**

1) قۆستنەوەی بەرگریە جەنگیەکانی شاری ئەدرنەو نزیکی لەگۆڕەپانی کردەوە سەربازیەکانەوە.

2) ئارەزووی سوڵتان موراد یەکەم بۆ داگیرکردنی هەرێمە ئەوروپیەکانو خستنە سەر دەوڵەتی عوسمانی.

3) کۆکردنەوەی هەموو پێداویستیو هۆکارەکانی ڕاپەڕاندنی کاروباری دەوڵەتیو بنەماکانی فەرمانڕەواییو تیایدا گروپی فەرمانبەرانو سوپاو پەیمانگەی سەربازی بۆڕاهێنانی ئینکیشاریەکان دامەزراند.

**جەنگی مارتیزا**

ئەو جەنگەبوو کەلەنێوان عوسمانیەکانو هاوپەیمانێتی ئەوروپی کەپێکهاتبوولە(صربیاو بولگاریاو مەجەرو ولاشیا). پاپای پێنجەمی ئەوروپا پیرۆزبایی لێکردنو لەنزیك(تشیرمن) لەسەر ڕوباری مارتیزا شەڕەکە ڕوویدا. لەئەنجامدا عوسمانیەکان سەرکەوتن بەسەر ئەو هاوپەیمانێتیەداو هەردوو میری صربەکان لەجەنگەکە هەڵهاتن،

بەڵام لەڕووباری مارتیزا نغرۆ بوونو خنکان. پادشای مەجەر سەرسوڕهێنەرانە لەمردن ڕزگاری بوو. لەم شەڕەدا سوپای عوسمانیەکان بەسەرکردایەتی (لالاشاهین) ڕوو بەڕوویان بوونەوە. لە ئەنجامی ئەم شەڕەو سەرکەوتنی عوسمانیەکانو زاڵبوونیان بەسەر ڕووباری مارتیزادا چەند گرنگیەکی هەبوو لەوانە:( گرتنی هەرێمەکانی تراقیاو مەکدۆنیاو گەیشتنیان بوو بەباشوری بولگاریاو ڕۆژهەڵاتی صربیا، هەروەها شارو موڵکەکانی دەوڵەتی بێزەنتەو بولگاریاو صربیا وەك گەڵای پایز کەوتنە دەستی عوسمانیەکان).

**یەکەمین پەیماننامەی عوسمانیەکانو مەسیحیەکان**

ئەوپەیماننامەیە بوو کەشێوەیەکی دۆستایەتیو بازرگانی هەبوو لەنێوان عوسمانیەکانو کۆماری ڕاجوزەدا (درێژدەبێتەوە لەسەر دەریای ئەدریاتیکی) بەستراو ئەو کۆمارە نێردراوێکی ناردە لای سوڵتان مورادی یەکەمو بەڵێنیدا سەرانەیەکی ساڵانە بەبڕی (500) دوکا زێڕ بدات بەدەوڵەتی عوسمانی.

**ئەو هۆکارانەی کەوای لەسوڵتان سەلیمی یەکەم کرد دوای سەرکەوتنی لەشەڕی چاڵدێراندا بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەیو واز لەڕاونانی شائیسماعیلی سەفەوی بهێنێ**

1) سەرهەڵدانی جۆرێك لەیاخیبوون لەنێو ڕیزەکانی ئەفسەرانی سوپای عوسمانیدا لەسەرپەیگیری جەنگ لەوڵاتی ناوەڕاستدا دوای ئەوەی کەسوڵتان سەلیم ئامانجەکەی خۆی بەدیهێناو شانو شکۆی شائیسماعیلی لاوازکرد.

2) ترسانی سوڵتان سەلیمی یەکەم لەوەی کەسوپاکەی بکەوێتە بۆسەی سەفەوییەکانەوەو لێیان بکوژرێت پاشئەوەی چووبوونە نێو وڵاتەکەیانەوە.

3) سوڵتان سەلیم هەستی بەمەترسی مەمالیکەکان کردبوو لەمیسرداو دەزگای ئاسایشی دەوڵەتی عوسمانیش بەو نامانەی نێوان مەمالیکەکانو سەفەوییەکانی زانیبوو کەئاماژەبوون بۆ بوونی هاوکاری دژی دەوڵەتی عوسمانی.

**ئەنجامەکانی ململانێی نێوان عوسمانی – سەفەوی**

1) باکوری عێراق (مەبەست پێی کوردستانی عێراقی ئێستابووە) لەگەڵ دیاربەکر چوونە نێو چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیەوە.

2) عوسمانیەکان توانیان ئاسایشی سنوری ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتەکەیان بپارێزن.

3) زاڵبوونی ئاینزای سوننە لەئاسیای بچوکدا، دوای لەناوبردنی شوێنکەوتەو یاریدەدەرانی شائیسماعیلی سەفەویو تێکشکاندنی لەشەڕی چاڵدێراندا.

4) هەستکردنی دەوڵـەتی عوسمـانی بەلـەناوبردنی هێـزی دووەم لەڕۆژهەڵاتـدا کـەبریتی بـوو لەدەوڵـەتی مەمالیکەکان لەمیسر.

5) پێکدادانە چەکداریەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمـانیو سـەفەوی کاریگـەری هـەبووە لەسـەر بـەهای داهاتـە گومرکیەکانی دەوڵەتی عوسمـانیو کـەمی کـرد بـەهۆی ڕێگـە بازرگانیەکانـەوە لەئەنادۆڵـدا، بەشـێوەیەك زۆر نـزم بوویەوە دوای ساڵی(918ك/1512ز)بـەهۆی بـەرپابوونی جەنگـەوە لـەنێوان هـەردوولا بەتایبـەت کەمبوونـەوەی هاتنی حەریروئاوریشمی فارسی بۆنێو دەوڵەتی عوسمانی.

6) پورتوگالیەکان توانیان سود لەو ململانێیەی عوسمـانیو سـەفەوییەکان وەربگـرنو هەوڵیانـدا گەمارۆیـەکی گشتی بسەپێنن بەسەر هەموو ڕێگە کۆنەکانی نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا.

7) خۆشحاڵی ئـەوروپا بـەهۆی جەنگـەکانی نێـوان عوسمـانیو سـەفەوییەوەو کـارکردنی ئەوروپیـەکان لەگـەڵ دەوڵەتی سەفەوی بۆ وەستانەوە دژی دەوڵەتی عوسمانی، بۆئەوەی چیتر عوسمانیەکان ڕووەو ئەوروپا نەکشێنو پەل نەهاوێژن.

**ئەو هۆکارانەی کە کارئاسانی بۆ عوسمانیەکان کرد ڕووبکەنە گرتنی وڵاتی شامو میسر**

1) هەڵوێستی دوژمنکارانـەی مەمالیکـەکان دژی دەوڵـەتی عوسمـانی، بەشـێوەیەك سـوڵتان قونـسوە غـوری (907–922ك/1501–1516ز) سـوڵتانی مەمالیکـەکان لەگـەڵ هەنـدێ لـەمیرە هـەڵاتووەکانی دەوڵـەتی عوسمانیدا، هەستان بەوەستانەوە لەڕووی سوڵتان سەلیمی یەکەمـدا(لەپێشەوەیاندا میرئەحمـەدی بـرای سـوڵتان سەلیم، هەروەها هەڵوێستی نێگەتیڤانەی مەمالیکەکان لەوەستانەوەی مەعنەوی لەگـەڵ شائیـسماعیلی سـەفەویدا دژی عوسمانیەکان پاڵنەری سەرەکی بوون بۆلەشکرکێشی سوڵتان سەلیم بۆسەر مەمالیکەکان).

2) جیـاوازیو نـاکۆکی لەسـەر سـنوری نێـوان هـەردوو دەوڵـەتی (عوسمـانی – مەمالیکـەکان)لەئەرسـوس، کەناوچەیەکە دەکەوێتە نێوان لای باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچوكو نێوان باکوری وڵاتی شام، بەشـێوەیەك لـەم ناوچانەدا زۆر میرنشین دروست بوون کەدۆستایەتیەکانیان بەلای عوسمانیو مەمالیکەکاندا دابەشبوو بوو، ئەمەش هۆکاری ناجێگیریو ئاڵۆزی پەیوەندیەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوو بەدەوڵەتی مەمالیکەوەو سەرچاوەی ململانێـی بەردەوام بوو. بۆیە سوڵتان سەلیمی یەکەم ویستی ئەم کێشەیە یەکلایی بکاتەوە بەزاڵبوونی تەواو بەسەر ناوچەو دانیشتووانەکەشیدا.

3) بڵاوبوونەوەی ستەمی مەمالیکەکان لەنێوخەڵکیداو ئـارەزووی خـەڵکی شـامو زانایـانی میـسر بۆڕزگـاربوون لەدەوڵـەتی مەمالیکـەکانو چـوونە نێـو چوارچـێوەی دەوڵـەتی عوسمانیـەوە. بۆیـە زانـاو قـازیو ڕیـش سـپیو خانـەدانانو کەسـانی خـاوەن بـڕوا کۆبوونـەوەو نامەیـەك بۆسـوڵتان سـەلیم دەنوسـن بەمەبەسـتی ڕزگارکردنیـان لەدەستی مەمالیکەکان.

4)زانایانی دەوڵەتی عوسمانی رایان وابووە کەداگیرکردنی میسرو وڵاتی شام مایەی سودو کەڵك دەبێ بۆ موسوڵمانان لەهێنانەدی ئامانجە ستراتیژیەکاندا. بۆیە مەترسی پورتوگالیەکان لەسەر دەریای سورو ناوچەپیرۆزە ئیسلامیەکانو هەروەها هاتوچۆی سوارچاکانی قەدیس یوحەننا لەدەریای سپی ناوەڕاستدا، لەسەرەوەی ئەو هۆکارانەبوون کەپاڵی بەسوڵتان سەلیمەوە ناوە بۆئەوەی رووبکاتە رۆژهەڵاتو لەسەرەتادا لەگەڵ هێزەکانی مەمالیکیدابوو بەهاوپەیمان بۆئەم مەبەستە.پاشان ئەم هاوپەیمانێتیە گۆڕا بۆلەناو بردنی دەوڵەتی مەمالیکەکان لەسەردەستی خودی سوڵتان سەلیم.

### شەڕی مەرج دابق (1516ز)

ئەو شەڕەبوو کەلەدەرەوەی شاری حەلەبی سوریاو لەناوچەی مەرج دابق لەساڵی (1516ز) لەنێوان عوسمانیەکانو مەمالیکەکاندا روویداو لەئەنجامدا عوسمانیەکان سەرکەوتنو (قونسوە غوری) سەرکردەی مەمالیکەکان کوژرا، سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی چووە نێو شاری حەلەبو پاشان دیمەشقەوەو رووبکردە داگیرکردنی وڵاتی میسر.

### شەڕی ریدانیە(1517ز)

ئەو شەڕەبوو کە لەنێوان عوسمانیەکانو مەمالیکەکاندا لەناوچەی ریدانیە روویداو عوسمانیەکان سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێناو پێشتریش لەشەڕی عەززەدا بەسەر مەمالیکەکاندا سەرکەوتبوون.

### هۆکارەکانی سەرکەوتنی عوسمانیەکانو شکستهێنانو کۆتایی هاتنی دەوڵەتی

1) سەرکەوتنی سەربازیی لای عوسمانیەکان: چەکی تۆپی بەرگری مەمالیکەکان پشتی بەتۆپی گەورەی جێگیر دەبەست کەنەدەجوڵاو نەدەگۆازرایەوە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر، بەڵام چەکی بەرگری عوسمانیەکان پشتی بەتۆپی بەرگری بچوك بەستبوو کەدەتوانرا لەهەموو رووەکانەوە بجولێنرێتو بگوازرێتەوە.

2) تەندروستی پلانی سەربازی عوسمانیەکان: سەرەڕای ئەوەی عوسمانیەکان رێگەیەکی درێژیان بڕیبوو، بەڵام خڕبوونەوەی هێزی عوسمانیەکان لەپشتەوەی تۆپی بەرگری مەمالیکەکان، هۆکارێکی تری سەرکەوتنی عوسمانیەکان بوو.

3)مەعنەویاتی بەرزی سوپای عوسمانیو پەروەردەی جەنگی بەرزو قەناعەتیان بەوەی کەجەنگەکە دادپەروەرانەیە، بەپێچەوانەی سوپای مەمالیکەکانەوە.

4) قەناعەتی کۆمەڵێك سەرکردە لەمیرەکانی مەمالیك بۆچوونە ریزی سوپای عوسمانیەوەو ئامادەبوون هاوکاری عوسمانیەکان بکەن. لەوانەش:(خایربك)کەدواتر سوڵتان سەلیم کردی بەوالی میسر، هەروەها(جان بردی غەزالی) کەدواتر فەرمانڕەوایەتی دیمەشقی پێ سپێردرا.

6) پیربوونی دەوڵەتی مەمالیك لەو سەردەمەدا کەگەیشتبووە قۆناغی پیرێتیو لەدەستدانی زیندوێتیو توانای نوێبوونەوە.

**هۆکارەکانی داڕووخانی دەوڵەتی مەمالیکەکان**

1) پەرەپێدانی چەكو هونەری جەنگی لەلایەن مەمالیکەکانەوە، لەکاتێکدا مەمالیکەکان پشتیان بەسیستەمی سوارچاکی دەبەست کەبەربڵاوبوو لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، بەڵام عوسمانیەکان پشتیان بەبەکارهێنانی چەکی ئاگرین دەبەست بەتایبەت تۆپی بەرگری.

2) زۆری ئاژاوەو دڵەڕاوکێو پشێوی لەنێو مەمالیکەکاندا دەربارەی دەسەڵاتو فەرمانڕەوایەتی، کەئەم دۆخە سەری کێشا بۆناسەقامگیری فەرمانڕەوایەتی لەزۆربەی کاتدا.

3) بوغزاندنو ڕق هەڵگرتنی هاوڵاتیان لەدەسەڵاتدارانی مەمالیك،چونکە چینێکی ئەرستۆکراتی بەرزو کەنارگیریان لەنێوان میللەتدا پێکهێنابوو.

4) سەرهەڵدانو ڕوودانی هەندێ جیابوونەوەو کەرتبوون لەڕیزەکانی سوپای مەمالیکدالەکاتی شەڕی ڕیدانیە ، وەك جیابوونەوەی(خایربكو جانبردی غەزالی)و چوونە ریزی سوپای عوسمانیەوە.

5) خراپی ڕەوشی ئابوری، بەتایبەتی کاتێك ئەو ڕێگە بازرگانیانەی کە بەوڵاتی میسردا تێدەپەڕین گۆڕانکاریان بەسەرداهاتو لەولاشەوەرێگەی سەری ئاواتی چاك (رأس الرجاء الصالح) دۆزرایەوە.

**ئەنجامی ململانێی نێوان عوسمانی- پورتوگالی**

1)عوسمانیەکان پارێزگاری بکەن لەشوێنەپیرۆزەکانو ڕێگەی حەج.

2) پاراستنی سنوری وشکانی لەهێرشی پورتوگالیەکان بەدرێژایی سەدەی 18.

3) بەردەوامبوونی ڕێگە بازرگانیەکان کەهیندستانو ئیندۆنیزیای دەبەستەوە بەڕۆژهەڵاتی نزمەوە لەڕێگەی کەنداوی عەرەبیو دەریای سورەوە.

4) بەردەوامبوونی پرۆسەکانی ئاڵوگۆڕی شتومەكو کاڵا هیندیەکان لەگەڵ بازرگانەکانی ئەوروپا لەبازاڕەکانی حەلەبو قاهیرەو ئەستەمبوڵ.

**هۆکارەکانی ئاسانکاری لەگرتنی دوورگەی ڕۆدس لەلایەن عوسمانیەکانەوە**

1) سەرقاڵبوونی ئەوروپا بەجەنگە گەورەکانی نێو خۆیەوە لەنێوان شارلی پێنجەم (کنت)ی ئیمپراتۆری دەوڵەتی ڕۆمانی پیرۆزو فرانسوای پادشای فەرەنسا.

2) گرێدانی ڕێکەوتنی ئاشتەوایی لەنێوان دەوڵەتی عوسمانیو بوندوقیەدا.

3)گەشەکردنی هێزی دەریایی دەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی سوڵتان سەلیمەوە.

**پەیماننامەی ئیمتیازاتی (عوسمانی – فەرەنسی)**

ئەوپەیماننامەیە بوو کەپادشای فەرەنسا (فرانسوا)، سکرتێرەکەی خۆی کەناوی(جان دی لاقوریە) بوو نارد بۆلای سوڵتان سلێمانی عوسمانی بۆئەوەی هاوپەیمانێتیەك گرێ بدەن لەشێوەی پەیماننامەداو دواتر بەپەیماننامە ئیمتیازانی عوسمانی – فەرەنسی ناسراوو گرنگترین بەندەکانی بریتی بوون:

1) ئازادی گواستنەوەو کەشتیوانی کەشتیەپرچەك و کەشتیە ناپرچەکە دەرياییەکان بەتەواوی.

2) یەکجار ڕەسمی گومرکیو جگەلەویش لەباجەکان لەدەولەتی عوسمانیدا دەدرێت.

3) مافی بازرگانیو بازرگانیکردن لەهەموو بەشەکانی دەولەتی عوسمانیدا بۆ هاولاتیانی فەرەنسا دابین بکرێتو دەستەبەر بکرێ.

4) ئەو باجانەی کەفەرەنسیەکان لەدەولەتی عوسمانیدا دەیدەن، دەبێ هەمان ئەو باجانەبن کەهاولاتیانی تورك دەیدەن.

5) مافی نوێنەرایەتیکردنی باڵوێزیی،لەگەڵ حەسانەی باڵوێز بۆ نزیکەکانو بۆئەوانەی لەگەڵیدا کاردەکەن.

6) باڵوێزی فەرەنسا مافی چاوپێداگێڕانەوەی هەیە بەکێشە مەدەنیو جینائیەکاندا کەلایەنێکی ئەو کێشانە هاولاتیانی فەرەنسی بن، هەروەها لەو کێشانەدا بڕیاردەران یان باڵوێزی فەرەنسا مافی ئەوەی هەیەپشت بەدەسەلاتە لۆکاڵیەکان ببەستێت بۆجێبەجێکردنی بڕیارەکانی.

7) لەکێشەجۆراو جۆرەکاندا کەلایەنێکی هاولاتیەکە لەهاولاتیانی عوسمانی، ئەوا هاولاتی فەرەنسی بانگ ناکرێتو داوای وەلامدانەوەی لێناکرێتو دادگایی ناکرێت، تەنها بەئامادەبوونی وەرگێڕی باڵوێزخانەی فەرەنسا نەبێت.

8) ئیفادە دەرانی هاولاتیانی فەرەنسی لەکێشەکاندا وەردەگیرێو کاری پێدەکرێت لەکاتی دەرکردنی بڕیاردا.

9) ئازادی پەرستش بۆ هاولاتیانی فەرەنسی.

10) قەدەغەکردنی کۆیلەکردنی هاولاتی فەرەنسی.

ئەنجامی ئەم پەیماننامەیە زیادبوونی هاوکاری نێوان کەشتیگەلی عوسمانیو فەرەنسی بوو، بەشێوەیەك لەساڵی (1543ز)کەشتیگەلی هەردوولا کۆبوونەوەو هێرشیان کردەسەر دۆقی ساڤۆی کەهاوپەیمانی شارل کنت بوو.

**شەڕی سێ پادشاشەڕی کۆشکی گەورە، شەڕیوادی المخازن)**

ئەوشـەڕەبوو کەلـەنێوان عوسمانیـەکان بەتایبـەت دەوڵـەتی سـەعدیە لەمـەغریب بەسـەرکردایەتی سـوڵتان عەبدولمـەلیكو پورتوگالیـەکان لـەڕۆژی (30جـەمادی دووەمـی 986ك/1578/8/4ن) ڕوویـداو لەئەنجامـدا عوسمانیـەکان سـەرکەوتن، هێـزی پورتوگالیـەکان (125)هـەزار سـەرباز بـوو، بەرامبـەر (40) هـەزار سـەربازی مەغریبی.

**هۆکارەکانی بەرپابوونی شەڕەکە**

1) پورتوگالیـەکان ویـستیان سەرشـۆڕیو ئـەو شکـستانە بـسڕنەوە کەلەلایـەن مەغریبیەکانـەوە بەسەریاندا هاتبوو،هەروەك ئەولێدانەبوو بووە هـۆی کشانەوەی پورتوگالیـەکان لەشـارەکانی (ئەسـفیو ئـەزمورو ئەصیلا)و جگەلەوانیش لەسەردەمی یوحەننای سێیەمدا.

2) پادشای نوێی پورتوگال(سباستیانی کوڕی یوحەننا) دەیویست شەڕێکی پـیرۆز دژ بەموسـوڵمانان هەڵگیرسێنێ. بۆئەوەی شانو شکۆی لەنێو پادشایانی ئەوروپادا بەرزببێتەوە.

**هۆکارەکانی سەرکەوتنی عوسمانیەکان لەشەڕەکەدا**

1) دانایی سەرکردایەتی مەغریبیەکان لەلایـەن عەبدولمـەلیکی موعتەسـیم بـیللاو براکـەیو هەنـدێکی ترەوە.

2) بەشداریکردنی عوسمانیەکان کەلێهاتوو کارامـەبوون لـەبواری هەڵدانی تـۆپی بەرگریـدا، هـەروەها بەشداریکردنی ئەندەلوسیەکان دیسان.

3) کۆبونەوەی گەلی مەغریبیو ئامادەبوون بۆجەنگ دژی پورتوگالیەکان لەدەرەوەی سەرکردەکەیان بەهۆی ئەبی مەحاسن یوسف فاسییەوە.

4) دروستبوونی هەستی تۆڵەسەندنەوە لەئەوروپیـەکان بـەهۆی کـەوتنی غەرناتـەوەو لەدەسـتچوونی ئەندەلوسو ئازاردانی موسوڵمانەکان.

5) پتەوی پلانی جەنگی کەلەلایـەن عەبدولمەلیکـەوە داڕێژرابوو،کـەتوانی گەیـشتنی کۆمـەك لـەهێزی سوپای پورتوگالیەکان بگرێت.

6) سەرکەوتنی هێزە مەغریبیەکان بەهۆی ئەسپەوە، بەشێوەیەك سوارچاکەکانیان توانیان گـەمارۆی هێزی پورتوگالیەکان بدەن.

7) تاکڕەوی پادشای پورتوگاڵ (سباستیان)و پرسوڕا نەکردن بەکەس، بەتایبـەت بەگـەورە پیـاوانی دەوڵەتەکەی.

8) هۆشیاری گەلی مەغریبی لەبەرامبەر مەترسی پورتوگالیەکاندا.

**ئەنجامەکانی شەڕەکە**

1) دوای شەڕەکە ئەحمەد مەنسور بیللا کە بە (الذهبي) دەناسرا، بوو بەسوڵتانی مەغریبو بەیعەتی پێدرا.

2) گەیشتنی هەواڵی سەرکەوتنی عوسمانیەکان لەسەردەمی سوڵتان مورادی سێیەمدا.

3) بەرزبوونەوەو گەشانەوەی ئەستێرەی دەوڵەتی سەعدیە لەجیهانو لای ئەوروپییەکانو ناچاربوونی پادشای پورتوگالو ئیسپانیا بەناردنی نوێنەرو دیاری بۆلایانو بەستنی پەیوەندی دۆستایەتی.

4) کەوتنو کزبوونی ئەستێرەی پورتوگالیەکان لەدەریاکانی مەغریبداو لاوازبوونی شانو شکۆی پورتوگالیەکان.

5) مردنی سێ پادشا لەجەنگەکەدا ئەوانیش(سباستیان)پادشای پورتوگالو (محەمەد موتەوەکیل) کەهاوپەیمانی پورتوگالیەکان بوو لەگەڵ پادشای دەوڵەتی سەعدیە (عەبدولمەلیك) ڕەنگە هەرلەبەر ئەمەش بێ کەشەڕەکە پێی وتراوە (شەڕی سێ پادشا–وەرگێڕ–.

6) ئازادکردنی دیلەکان لەلایەن پورتوگالیەکانەوەو دانی پارەی زۆر بەدەوڵەتی سەعدیە.

7) هاتنەئارای ماوەیەکی بێ دەنگو گەشەکردنی بوارەکانی زانستو هونەرو پیشەسازی لەمەغریبدا.

8) گۆڕانکاریەکی ڕادیکاڵی لەبیرکردنەوەی پلاندانان لەسەر ئاستی ئەوروپیەکان ڕوویدا ڕووەو شەڕکردنی فیکری دژی وڵاتانی ئیسلامی ژێردەستی عوسمانیەکان.

**ئەو هۆکارانەی وایکرد عوسمانیەکان لەکۆششە دەریاییەکانیاندا لەدەریای ناوەڕاست زیاتر سەرکەوتووبن تاوەکو دەریای سوور**

1)نزیکی باکوری ئەفریقا لەهەریەکە لەئەستەمبوڵو موسەیدەوە وایکردبوو کەکۆمەکەکان زووبگاتو ڕووداوەکان ڕوونو ئاشکرابێت بەپێچەوانەی زەریاکانەوە، بەشێوەیەك پێشکەوتنی کارەکان پێویستی بەکاتێکی درێژهەبوو .

2) عوسمانیەکان چەند بنکەیەکی بەهێزیان لەباکوری ئەفریقا هەبووە، بەشێوەیەك خەڵکی ئەو ناوچەیە باکگراوندێکی ئیسلامی فراوانیان هەبوو. هەروەها شارەزاییەکی کرداریشیان هەبوو لەدژایەتیکردنی مەسیحیەکاندا. هەروەك ئامادەشبوون بۆهاوکاری لەگەڵ عوسمانیەکانو چوونە ژێردەسەڵاتیانەوە.

3) لەباکوری ئەفریقا بەرگرییەکی مەزهەبی بوونی نەبوو،بەڵکو هەژموونی ئاینزای سوننی توانیبووی لەبەردەم مەزهەبەلادەرەکاندا بوەستێو لەڕەگوڕیشەوە دەریان بهێنێ.

**سەرەتاکانی لاوازیو پوکانەوەی دەوڵەتی عوسمانی**

مێژوونوسـان هـاودەنگن لەسـەرئەوەی بـەمردنی سـوڵتان سـلێمانی قـانونی سـاڵی (974ك/1566ز)بـەهێزی دەوڵەتی عوسمانی کۆتایی پێهاتووەو سـەرەتاکانی لاوازی دەوڵـەت لەسـەردەمی سـوڵتان سـلێمانەوە دەرکـەوت، بەجۆرێك سوڵتان کەوتبووە ژێرکاریگەری ژنەکەیەوە کەناوی (رۆکسلان) بوو، ئەم ژنە پلانـی دانـاوە دژی سـوڵتان مستەفا بۆئـەوەی کورەکـەی خـۆی کـە(سـەلیمی دووەم)بـوو دوای بـاوکی دەسـەڵات بگرێتەدەست. بۆیەلەلایـەن ئینکیشاریەکانەوە شۆرشێکی گەورە دژی سوڵتان سلێمان بەرپابوو. بەڵام سوڵتان توانی دایبمرکێنێتەوە، بەوەش دۆخەکە سەری کێشا بۆلەناوبردنی سوڵتان مستەفاو منداڵە شیرەخۆرەکەیو هەروەها سوڵتان هەسـتا بەکوشـتنی بایەزیدی کوڕیو هەر چوار منداڵەکەی. هاوکـات لـەدیاردەکانی لاوازی لەسـەردەمی سـوڵتان سـلێماندا بریتـی بـوو لـەوەی کەسـوڵتان دەسـتی کـرد بەکـشانەوە لەدانیـشتنەکانی دیـوانو دەرکـەوتنی خۆهەڵکێـشانو شـانازیکردنی حەرامــسەراکانو بێتوانــایی لەرووبــەرووو بوونــەوەی کێــشە ئــابوریو کۆمەڵایەتیەکانــدا کەســەریان کێــشا بۆهەڵگیرساندنی دڵەڕاوکێی میللی لەناوچەی رومیللیو ئەنادۆڵدا.

**شەڕی لیپانتۆ (1571ز)**

ئەو شەڕەبوو کەلـەنێوان عوسمانیـەکانو هاوپـەیمانێتی ئەوروپیەکانـدا روویـدا لـەرۆژی (17جـەمادی یەکـەمی 979ك/1571/10/17ز) پاشئەوەی ئەوروپا هەسـتی بـەزیادبوونی مەترسـی عوسمانیـەکان کـرد. پاپـا بیۆسـی پێنجـەم(1566–1572ز) هەوڵیـدا هـەموو وڵاتـانی ئـەوروپا لەهاوپەیمانێتیەکـدا کۆبکاتـەوەو هێـزە دەریـاییو وشکانیەکان یەکبخات لەژێر ئاڵای پاپایەتیدا، بەم بۆنەیەشەوە پاپـا بیۆسـی پێنجـەمو فیلیپـی دووەمـی پادشـای ئیـسپانیاو کۆمـاری بوندوقیـە هاوپەیمانێتیـەکان لەسـەرەتاکانی (979ك/1571/5ز) گرێـداو تیایـدا بەڵێنیانـدا کەهێرشێکی دەریایی دژی عوسمانیەکان ئەنجام بدەن. لەم هاوپەیمانێتیەدا چەند شارێکی ئیتاڵیـا کـەپێکهاتبوون لە(جەنەوەو سافۆی) بەشدارییانکرد. هەروەها پاپا داوای کۆمەکی لەپادشای فەرەنسا کرد، بەڵام شـارلی نۆیـەمی پادشـای فەرەنـسا داوای لێبـوردنی لـەپاپاکرد، بـەهۆی بـوونی پەیماننامـە لەگـەڵ عوسمانیەکانـدا کەسـاڵی (980ك/1569ز) نـوێی کردبـۆوە لەگـەڵ دەوڵـەتی عوسمانیـدا، پاپـا داوای لێکـرد ئـەو پەیماننامانـە هەڵبوەشێنێتەوە. بۆیـە چـەند رۆژێکـی کـەم تێنەپـەڕی تـاوەکو ئیمپراتـۆری فەرەنـسا بـەڵێنو پەیماننامـەکانی هەڵوەشاندەوەو لەولاشەوە(ئیڤان)ی پاشای روسیاو پادشای پۆڵۆنیا بەشـدارییانکردو(دۆن جـوان)ی نەمـساویش کـرا بەسـەرۆکی ئـەم هەڵمەتـە. پاشـئەوەی شـەڕ هەڵگیرسـاو جـەنگێکی زۆر توندوتیـژی لێکەوتـەوە. لەئەنجامـدا عوسمانیـەکان بـەخراپی تێکشکانو نزیکـەی(30)هـەزار یـان (20) هـەزار جـەنگاوەر لەعوسمانیـەکان کـوژرانو نزیکەی (200) کەشتی جەنگی فەوتانو کە(93)یان نغرۆبوونو ئەوانیتر لەلایەن ئەوروپیەکانەوە گیراو نزیکـەی (10)هەزار جەنگاوەری عوسمانیش بەدیل گیران.

**کاریگەری جەنگی لیپانتۆ لەسەر ئەوروپاو دەوڵەتی عوسمانی**

1) بۆ یەکەمجار بوو ئەوروپییەکان لەماوەی سەدەی پانزەیەمدا شکست بەعوسمانیەکان بهێنن‌و ناوی(دۆن جوان)ی سەرکردەی هەڵمەتی شەڕی لیپانتۆ لەتەواوی ئەوروپا دەنگی دایەوە، بەشێوەیەك کاتێك باسی قەڵاکانی لیپانتۆو شەڕی لیپانتۆ دەکرێ، لەگەڵیشیاندا ناوی دۆن جوان دەهێنرێ.

2) دوای ئەم سەرکەوتنە پاپا بیۆسی پێنجەم هەوڵدەدات لەگەڵ سەفەویەکاندا کەمەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامیان پەیڕەو دەکرد نزیك ببێتەوە بۆلێدان‌و دژایەتیکردنی عوسمانیەکان‌و بەم بۆنەیەشەوە پاپا پەیامێکی بۆ شا توهماسب ناردو تیایدا هاتبوو:(لەم دەرفەتە باشتر نادۆزیتەوە لەپێناوی هێرشکردنەسەر عوسمانیەکان، بەجۆرێك ڕووبەڕووی هێرش بوونەتەوە لەهەموولایەکەوە...).

3) دوای ئەم شەڕە مەترسی سەروەرێتی عوسمانیەکان لەدەریای ناوەڕاستدا ئاوابوو.چونکە شەڕی لیپانتۆ،شەڕێکی ئاوی دەریایی بوو،بۆیە شکستهێنانی عوسمانیەکان خاڵی سەرەتابوو بۆ ڕاوەستانی سەردەمی گەشەکردنی هێزی دەریایی و واڵاکاری دەریایی عوسمانیەکان.

**دروزییەکان**

گروپێکی ناوەکین‌و بیروباوەڕیان لەمەزهەبی ئیسماعیلیەوە وەرگرتووەو خەلیفە فاتیمی (حاکم بأمراللە) دایمەزراندووەو بۆ نشتکین دروزی دەگەڕێتەوە.ئەم گروپە لەمیسر گەشەی کردو دواتر گوازرایەوە بۆ وڵاتی شام‌و بیروباوەڕەکەیان تێکەڵە لەچەند ئاین‌و بیروبۆچوونێك هەروەها بڕوایان بەنهێنی بوونی بیروبۆچوونەکانیان هەیەو لەنێوخەڵکیدا بڵاوی ناکەنەوە. لەگرنگترین بیروباوەڕەکانی دروزیەکان:

- بڕوایان بەخودایەتی (حاکم بأمراللە)ی دامەزرێنەری گروپەکە هەیە، کاتێکیش کەمردووە دەڵێن دەگەڕێتەوە.
- سەرجەم پێغەمبەران‌و نێردراوانی نکوڵی دەکەن‌و بەشەیتانەکان ناودێریان دەکەن.
- بڕوایان وایە مەسیح بریتیە لەحەمزەی بانگخوازی گروپەکەیان.
- سەرجەم ئایندارەکانیترو بەتایبەت موسوڵمانان دەبوغزێنن‌و ماڵ‌و خوێنیان حەڵاڵ دەکەن.
- بڕوایان وایە کەئاینەکەیان پێش خۆیانی هەڵوەشاندۆتەوەو سەرجەم بڕیارو پەرستنەکانی ئیسلام‌و هەموو ڕێساو بنچینەکانی نکوڵی لێدەکەنی.
- بڕوایان بەدۆنا دۆنی گیان (تناسخ الارواح) هەیەو بۆچوونیان وایە پاداشت‌و سزاش بەگواستنەوەی ڕۆح لەجەستەی خاوەنەکەیەوە بۆ جەستەیەکی بەختەوەر دەگوازرێتەوە.
- بەهەشت‌و دۆزەخ‌و سزادانی ئەوانی ترنکوڵی لێدەکەن.
- نکوڵی لەقورئانی پیرۆز دەکەن‌و پێیان وایە دانراوی سەلمانی فارسیەو بۆخۆیان کتێبێکی تایبەتیان هەیە.
- کچان‌و ژنان لەمیرات بێ بەش دەکەن.
- قسەی ناشیرین بەگەورە هاوەڵانی پێغەمبەر دەڵێن.

- لەڕەمەزاندا بەڕۆژوو نابن‌وحەجیش ناکەن، بەڵکو دەچن بۆخەڵوەتی سپێتی لەشاری(حاصبیە) لەلوبنان.
- لەگەڵ زۆر بیروباوەڕی تر.

**جەنگی رمینیك یان (یوزا)**

ئەو جەنگەبوو کەلەنێوان دەوڵەتی عوسمانی‌و هەردوو سوپای نەمساو ڕوسیادا بەرپابوو،پاشئەوەی سوپای عوسمانی بەفەرمانی سوڵتان سەلیمی سێیەمی عوسمانی ڕووەو بغدان‌و ئەفلاق جوڵا تاوەکو گەیشتە ڕوباری رمینیك لەسنوری نەمسا، بەڵام هەردوو سوپای ڕوسیاو نەمسا گورزێکی کاریگەریان لەسوپای دەوڵەتی عوسمانی وەشاندو عوسمانیەکانیان تێکشکاند. ئەم جەنگە کاریگەری نێگەتیڤی کردە سەر دەوڵەتی عوسمانی، بەشێوەیەك دەرفەتێك نەمایەوە بۆ ڕێکخستنی سوپاو تێکشکانە یەك لەدوای یەکەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوو بەهۆی کشانەوەی عوسمانیەکان بۆدواوە بەئاراستەی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دانوب‌و نەمساش دەرفەتێکی پێ بەخشرا بۆ هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆی سەر بەلگرادو کردنەوەی ڕێگە بۆهێزەکانی هاوپەیمانان‌و دەرکردنی عوسمانیەکان لەئەوروپا.

لەسەر ئاستی ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانیش دەنگی ناڕەزایی بەرزبوویەوەو داوای چاکسازی بارودۆخەکانیان دەکردو کار گەیشتە ئەوەی داوای دەست لەکارکێشانەوەی سەدری ئەعزەمیان کرد لەپۆستەکەی.

**پەیماننامەی (زشتوی)ی بەناوبانگ (1791ز)**

ئەوپەیماننامەیە بوو کەلەنێوان دەوڵەت ئەوروپیەکان‌و دەوڵەتی عوسمانی لەڕۆژی (22ی زی لحیجەی 1791/8/2/1205ز) بەسترا، ئامانج لەپشتی بەستنی ئەم پەیماننامەیەوە، ئەوەبوو کەتادەهات دەوڵەتی عوسمانی لەبەرەی ئەوروپا توشی شکست و لاوازی دەبوو، لەسەر ئاستی ئەوروپاش شۆڕشی فەرەنسی دەرکەوت‌و دواتریش بزوتنەوەی فراوانخوازی ناپلیۆن مەترسی لەسەر ئەوروپا بەگشتی دروستکردبوو، بۆیە ئەوروپا ئەم پەیماننامەیەی بەهەلزانی‌و لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا بۆ ئەو مەبەستە ڕێکەوتن.

**ڕێکەوتننامەی عەریش (1800ز)**

ئەو ڕێکەوتننامەیە بوو کەلەنێوان فەرەنساو دەوڵەتی عوسمانیدا ئەنجامدرا لەڕۆژی(1800/1/24ز) لەشاری عەریش. ئەم ڕێکەوتننامەیە دوای ئەوەهات کەفەرەنسا پاش داگیرکردنی میسر نەیتوانی بەتەواوەتی کۆنترۆڵی بارودۆخەکان بکات، بەتایبەت دوای ئەوەی ناپلیۆن پۆناپارت گەڕابوویەوە بۆ فەرەنساو سەرکردایەتی سوپای فەرەنسی لەمیسردا بەجەنراڵ کلێبەر سپاردبوو،هاوکات هاتنی ئینگلیزەکان بۆمیسرو شەڕی (ئەبی قیر) مەترسی گەورەی خستەسەر فەرەنسیەکان لەمیسردا، بۆیە جەنراڵ کلێبەر داوای لەسەدری ئەعزەمی دەوڵەتی عوسمانی کرد بۆ ئەنجامدانی ڕێکەوتننامە لەپێناوی پاراستنی فەرەنسیەکان لەمیسردا.

**گرنگترین بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە ئەمانە بوون**

1) فەرەنسیەکان لەمیسردا بەهەموو چەكو ئازووقەکانیانەوەو بگەڕێنەوە بۆفەرەنسا.

2) ئاگر بەستێك بۆماوەی سێ مانگ رابگەیەنرێت، ئەگەر پێویستی کرد درێژ بکرێتەوەو لەمیانەی ئەو ئاگربەستەدا هەڵمەتەکە بگوازێتەوە.

3) بابی عالی یان هاوپەیمانەکانی (واتە ئینگلیزو ڕوسیا)بەڵێن بدەن کەسوپای فەرەنسا ڕووبەڕووی هیچ ئازاردانێك نەبێتەوە.

بەڵام دوایی ئینگلیز لەترسی ئەوەی نەباداسوپای فەرەنسیەکان بگەڕێنەوە بۆ گۆڕەپانی جەنگ لەئەوروپا، لای خۆیەوە ڕێکەوتننامەکەی جێبەجێنەکردو داوای کرد فەرەنسیەکان وەك دیلی جەنگ خۆیان تەسلیم بکەن.

**پەیماننامەی ئاق کرمان ( 1832ز)**

پاش هەڵگشانی شۆڕشی محەمەد عەلی پاشا لەمیسرو سەرهەڵدانی شۆڕش لەیۆنان دژی عوسمانیەکان. بۆیە عوسمانیەکان ناچاربوون بەپەیماننامەی (ئاق کرمان) ڕازی بن لەڕۆژی (28ی سەفەری 1284ك/1832ز) ناوەڕۆکی پەیماننامەکە پێکهاتبوو لەوەی:

- ڕوسیا مافی کەشتیوانی لەدەریای سوردا هەیەو مافی پەڕینەوەی کەشتیەکانی هەیە لەگەرووەکانی عوسمانیدا بەبێ پشکنین، سەرەڕای ئەوەی کەپەیماننامەکە بەهۆی یاخیبوونی یۆنانیەکانەوە گرێدرا، بەڵام دەربارەی یۆنان هیچ شتێکی باس نەکردووە.

**پەیماننامەی نکیار أسکلەسی (1833ز)**

ئەو پەیماننامەیە بوو کە دەوڵەتی عوسمانی بەناچاری لەگەڵ ڕوسیا ئەنجامیدا لەساڵی1833ز،پاشئەوەی سوپاکانی عوسمانی لەبەردەم سوپاکانی محەمەد عەلی پاشای میسر لە وڵاتی شام شکستیان هێنا، ئەم پەیماننامەیە لەجێگەی هاوپەیمانی بەرگری بوو لە نێوان دەوڵەتی عوسمانیو ڕوسیادا.

**ماسۆنیزم(ماسۆنیەت)**

زایۆنیزمی جیهانی لەڕێگەی ماسۆنیەتەوە گوزارشتی لەخۆی کردووە، بەجۆرێك نۆ جولەکە دایانمەزراندووە بەمەبەستی گەیشتن بەبەدەستهێنانی خەونی زایۆنیزم کەخۆی لەدامەزراندنی حکومەتێکی جیهانی جولەکەدا دەبینێتەوە، بەجۆرێك بەسەر جیهاندا زاڵ بێت. بۆیە پلانو بەرنامەیەکیان ئامادەکردو ناویان لێنا (خیزانی نهێنی یان هێزی شاراوە) لەوەشدا نهێنیو گفتو بەڵگەنامەیان بەکارهێناوە لەبەرامبەر ئەو کەسانەی وەك ئەندام

دەهاتنــە ڕیزیانــەوە، وەك ئــامرازێکی فــشاریش وابــووە لەســەر ئــەو ئەندامە،بەشــێوەیەك کەرەســتەیەکی ئاراستەکراوبێت چۆنت بوێت، دروشمی ماسۆنیەت بریتی بووەلە (ئازادی، یەکسانی، برایەتی).

سەرچاوەیەکی تر واپێناسەی ماسۆنیەت دەکات کە" ماسۆنیەکان  بریتین لەدەستی جێبەجێکەری پلانـەکانی جولەکەو چەوساندنەوەو لەسێدارەدانیو سەپاندنی کرداری ناڕەوا بەسەر گەلانی جیهاندا".

هەروەها لەپێناسەیەکی تردا " ماسۆنیەت بریتیەلە ئامرازێکی دژ بەدەستی جولەکەوە، کەبەهۆیـەوە ململانێـی گەورە سیاسەتمەدارەکانیان کردووەو نەتەوە بێئاگاو گەلە نەفامەکانیان خەڵەتاندووە . یان ماسۆنیەت مەترسیەك بووە لەپشتەوەی هێماو دەربڕینو دروشمەکانەوە".

پێویـستە ئـەوە بـوترێ ئـەم پێناسـانە زیـاتر لـەجیهانبینی ئیـسلامیەوە بۆماسـۆنیەت کـراوەو تائێـستاش نەهامەتیەکانی جیهانی ئیسلامیو موسوڵمانان دەدرێتەپاڵ ماسۆنیەتو جولەکەی جیهانی.بێئەوەی ڕۆژێك لەڕۆژان حـسابێکی ئـەوتۆ بـۆ کێـشە ڕاسـتەقینەکانی نێـو جیهـانی ئیـسلامی خـۆی کرابێـت، هـەروەك ئـەمجۆرە پێناسـە کردنانەش جۆرێك لەخۆدزینەوەو تاوانبارکردنی بەرامبەرو بێبەری کردنی جیهانی ئیسلامیە لەکێشەو گرفت.

**ئامانجو بەرژەوەندی دەوڵەتانی ئەوروپا لەدابەشکردنی میراتی پیاوە نەخۆشەکە(دەوڵەتی عوسمانی)دا**

1) بەریتانیا دەیویست ڕێگەی گەیشتنی بەرۆژهەڵاتی دوور بەتایبەت هیندستان دابـین بکـات، لەگـەڵ دابینکردنی بازرگانی لەورێگایانەوە، ئیتر لەڕێگـەی کـەناڵی سوێـسەوە بێـت یـاخود دەریـای سـور، یـان لەڕێگـەی کەنداوی عەرەبیو هەردوو ڕوباری دیجلەو فوراتەوە.

2) ڕوسیای قەیـسەری دەیویـست کـەلێنێك لـەدەریای ڕەش بدۆزێتـەوە بۆئـاوە گەرمـەکان لەڕێگـەی دەریای ناوەڕاستەوە، بەوەش بتوانـێ دەسـت بگرێـت بەسـەر قوسـتەنتنیەو گـەرووەکانی بۆسـفۆرو دەردەنیلـدا، هەروەها دەیویست نفوزێکی گەورەی هەبێت لەنیمـچە دوورگـەی باڵکـان بۆئـەوەی بەهۆیـەوە دەوڵـەتێکی سـلاڤی گەورە دابمەزرێنێ.

3) فەرەنسا دەیویست پارێزگاری لەهاولاتیانی مەسیحی ناوچەکانی وڵاتـی شـام بکـات بەشـێوەیەکی گشتیو بەتایبەت مەسیحیە مارۆنیەکان لەلوبناندا، هەروەك دەیویست چاودێری بەرژەوەندیەکانیشی لەناوچەکەدا بکات، لەولاشەوە دەست بگرێت بەسەر موڵکی دەوڵەتانیتردا لەکەنارەکانی باکوری ئـەفریقا، بەتایبـەت لـەتونسو جەزائیر.

4) جگە لەو سێ دەوڵەتەی باسمان کرد،ئەوا دەوڵەتانی تـری وەکـو نەمـساو ڕوسـیا بایـەخیان دەدا بەچارەنوســی دەوڵــەتی عوسمــانی ،کــەتێبینی کرابــوو بــەرەو تیاچــوونو لەناوچــوون دەچــێت، بۆیــە بــەپیاوە نەخۆشەکە ناوزەدیان کردبوو.

**ئەو هۆکارانەی کەکارئاسانیان کرد لەدەرکەوتنی مەسەلەی ڕۆژهەلاّتدا(المسألة الشرقية)**

1) ئەو ڕێگەیەی کەبەهۆیەوە ڕوسیا دەیتوانی بگاتە ئاوە گەرمەکان، بریتی بوو لەو ڕێگەیەی کەدەریای ڕەشی دەگەیاندە دەریای مەرمەڕەو پاشان دەریای ئیجەو دواجار دەریای سپی ناوەڕاست، واتە تێپەڕبوون بەهەردوو گەرووی دەردەنیل‌و بۆسفۆردا کە هەردووکیان لەناوخاکی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون.

2) دەوڵەتە گەورەکان کەبنکەی بەهێزیان لەدەریای ڕەشدا هەبوو، دەیانتوانی بەسەر گەرووەکاندا زاڵبن،ئەمەش وایکردبوو بەئاسانی بتوانن دەسەلاّتی خۆیان بەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەلاّتی دەریای ناوەڕاستدا بسەپێنن، هەروەها بەسەر ڕێگەکانی هاتووچۆو بازرگانی لەدەریای ناوەڕاستەوە بۆهیندو ڕۆژهەلاّتی دوور.

3) ئەو دەوڵەتەی نفوزو دەسەلاّتی بۆ باڵکان درێژ دەبوویەوە،زاڵبونی خۆی بەسەر گەلانی باڵکاندا دەسەپاند،پاش کورتبوونەوەی دەسەلاّتی عوسمانیەکان لەسەر ئەو ناوچەیە، ئەوەش وای لێدەکرد ببێتە خاوەنی شوێنی باش‌و بتوانێ دەست بەسەرخودی قوستەنتینیەدا بگرێت‌و لەوێشەوە هەڕەشە لەتێکدانی هاوسەنگی نێودەوڵەتی بکات لەئەورووپا.

## سەردەمی ڕێکخستنەکان

### خەتی شەریفی گوڵخانە(1830ز)

ئەو بەیاننامەیە بوو کەلەسەردەمی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەمی عوسمانیدا هاتەئاراوەو ناوەڕۆکی بەیاننامەکە داوای چاکسازی دەکرد لەنێو کاروبارەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا، ئەم مەرسومە لەلایەن (مستەفا ڕەشید پاشا)وە دەرکرا کەپێشتر خۆی باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانی بووە لەپاریس‌و لەندەن ودواجاروەزیری دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی بووە لەسەردەمی سوڵتان مەحمودی دووەمی باوکی سوڵتان عەبدولمەجید داو کاریگەربووە بەکولتوری خۆرئاواو گرنگترین خاڵەکانی خەتی شەریفی گوڵخانە ئەمانەبوون:

1) ڕێکخستنەوەی ژیان‌و حورمەت‌و موڵک‌و ماڵی هاولاّتیانی دەوڵەتی عوسمانی بەشێوەیەکی گشتی بەچاوپۆشین لەبیروباوەڕی ئاینی.

2) گرەنتی ڕێگەیەکی ڕاست بۆ دابەشکردن‌و وەرگرتنی باجەکان.

3) بلاّوکردنەوەی دادپەروەری‌و ویژدان لەسەپاندنی سەربازی کردن‌و درێژکردنەوەی ماوەکەیدا.

4) یەکسانی لەماف‌و ئەرکەکان لەنێوان مسوڵمان‌و ناموسوڵماندا،بەلاّم لەنێو دەوڵەتی عوسمانیدا ئەم ڕیفۆرمە قبوڵ نەکراو هەندێ لەخاڵەکانی بەپێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام دانراوەو ڕەشید پاشاشیان لەسەری تەکفیرکرد و بەدەستی ماسۆنیەتیان دایە قەلّەم.

### خەتی هومایونی(1856ز)

دووەم مەرسوم بوو کە ڕەشید پاشا دەریکردپاش ڕەفزکردنەوەو قبوڵنەکردنی مەرسومی یەکەم(خەتی شەریفی گوڵخانە)و تیایدا سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم جەختی کردەوە لەسەر ئەو پرەنسیپانەی کەپێشتر

لەسەر زاری ڕەشید پاشا ڕایگەیانرابوو،جگەلەوەی هەندێ ئیمتیازاتوحەصانەی بۆهاوڵاتیانی ناموسوڵمانی نێودەوڵەتی عوسمانی زیاد کردبوو.خەتی هومایۆنی زیاتر جورئەتو بوێری تێدابوو بە بەراورد لەگەڵ خەتی شەریفی گوڵخانەدا لەڕووی وەرگرتن لەڕۆشنبیری خۆرئاواوە، گرنگترین ناوەڕۆکەکانی خەتی هۆمایۆنی بریتی بوون لە:

1) هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پابەندبوونو لەناوبردنی بەرتیلو گەندەڵی.
2) یەکسانی لەسەربازیکردن لەنێوان موسوڵمانو ناموسوڵماندا.
3) بەیەکسانی مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو هاوڵاتیانی دەوڵەتدا، بەبێ گوێدانە ئاینو مەزهەبەکانیان.
4) پارێزگاریکردن لەمافو ئیمتیازاتەکان کەسەرۆکە ناموسوڵمانەکان هەیانە.
5) لەناوبردنی ڕێگەکانی سیستەمی.......،بۆئەوەی هەموو هاوڵاتیانی ئیمپراتۆریەت مافی هاوڵاتیبوونی عوسمانی یەکسانیان هەبێت.
6) مەسەلە مەدەنیەکانی تایبەتەکان بەهاوڵاتیانی مەسیحی لەپسپۆڕیو تایبەتمەندی ئەنجومەنێکی تێکەڵی دەبێت لەخەڵکانو پیاوانی ئاینی مەسیحی کەگەل خۆی هەڵیدەبژێرێ.
7) کردنەوەی پەیمانگەی فێرکردنو خوێندن لەبەردەم مەسیحیەکاندا، بۆئەوەی وەزیفەکانی دەوڵەتیان لەبەردەمدا بۆ بکرێتەوە.
8) ڕێگەدان بەبیانیەکان بەوەی موڵکدارێتی زەویان لەدەوڵەتی عوسمانیداهەبێت، هەروەك سوڵتان بەڵێن دەدات بەپشت بەستن بەسەرمایەو شارەزاییە ئەوروپیەکان بەئامانجی پەرەپێدانی ئابوری دەوڵەت. دەکرێ ئەوە بڵێین سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم، یەکەمین سوڵتانی عوسمانی بوو کەسیفەتی فەرمی بەخۆرئاوایی کردنی بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا دابڕیو لەنێوان ساڵانی(1854–1856) فەرمانی فەرمی بۆ ئەو ڕیفۆرمانە دەرکرد کە لەسەر شێوازی کولتوری ئەوروپی بوون. ئەو ماوەیەش پێی دەوترێ سەردەمی ڕێکخستنەکان (عهد التنفيمات) لەمێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا، واتە ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەتی عوسمانی بەگوێرەی میتۆدی خۆرئاوایی. بەم دوو بەیانەش کەسوڵتان عەبدولمەجید دەری کرد(واتە مەرسومی خەتی شەریفی گوڵخانەو مەرسومی خەتی هومایۆنی) کارکردن بەشەریعەتی ئیسلام لەدەوڵەتی عوسمانیدا دوورخرایەوەو دەوڵەت دەستیکرد بەبەرپاکردنی دامەزراوەکان. دواجار ڕەشید پاشا کەسەرچاوەی هاتنە ئارای ئەم ڕیفۆرمانە بوو لەدەوڵەتی عوسمانیدا لەپۆستەکەی لادراو کەنارگیر کرا، بەڵام نەبووە هۆی وەستانی بزوتنەوەی بەخۆرئاوایی کردن لەنێو دەوڵەتی عوسمانیدا، دواتر پاش چوارساڵ بەهۆی پشتگیری کردنی ڕەشید پاشاوە جارێکی تر گەڕایەوە پۆستی سەدری ئەعزەمی لەساڵی 1846ز وەرگرتەوە تاوەکو ساڵی 1858ز بەتەواوی کەنارگیرکرا.

**فاکتەرەکانی دامەزراندنی بزوتنەوەی چاکسازیو نوێبوونەوەو ڕێکخستنی عوسمانی**

1) فشاری ئەوروپی بەگشتیو فشاری بەریتانیا بەتایبەت لەماوەی سەدەی (19) دا لەسەر دەوڵەتی عوسمانی، بەتایبەت لەسەر ڕەوشو کاروباری نێوخۆیی ئەو دەوڵەتە.

2) قەناعەتکردنی دەوڵەتی عوسمانیو کاریگەربوونی هەندێ کەس لەدەوڵەتی عوسمانی بەرۆشنبیریو کولتورو شارستانیەتی ئەوروپیو پێویستی ریفۆرمکردنی جیهازی دەوڵەتی عوسمانیو نوێکردنەوەی لەسەر بنەمای وەرگرتنی سیستەمی ئەوروپی یان لێوەرگرتنی بەبێ دەستبردن بۆ ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامی.

3) لاوازی دەوڵەتی عوسمانیو شپرزەبوونی باردۆخی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو هاتنی سوڵتانە لاوازەکان بۆسەر تەختی دەسەڵاتی عوسمانی هۆکارێکی تربوون کەهەندێ کەسی نێودەوڵەتی عوسمانی بیر لەرزگارکردنی دەوڵەتی عوسمانی بکەنەوە بەسود وەرگرتن لەکولتورو شارستانیەتی ئەوروپیو ریفۆرمکردن لەدەوڵەتی عوسمانیدا.

### بنەماو پرەنسیپە سەرەکیەکانی بزوتنەوەی چاکسازیو نوێبوونەوەی عوسمانی

1) وەرگرتن لەرۆژئاواوە، بەتایبەت ئەوەی کەپەیوەندی هەیە بەرێکخستنی سوپاو تەسلیمکردنی لەسیستەمی فەرمانرەواییو کارگێریدا.

2) ئاراستە کردنی کۆمەڵگەی عوسمانی رووەو پێکهێنانی عەلمانیەت.

3) ئاراستەکردن رووەو ناوەندیکردنی دەسەڵاتی ئەستەمبوڵ بەسەر ویلایەتەکاندا.

### گرنگترینو دیارترین تایبەتمەندێتیەکانی بزوتنەوەی چاکسازیو رێکخستنی عوسمانی

1) یەکەمین بەڵگەنامەی فەرمی بوو کە سەرچاوەکەی لەشەریعەتی ئیسلامیەوە وەرنەگرتبوو، بەڵکو پشتی بەسەرچاوەیەکی دانراو بەستبوو، بەجۆرێك لەئەزمونی دەستوری ئەوروپیەوە نیگای وەرگرتبوو، بەشێوەیەك ناوەرۆکی بەڵگەنامەکان چەمکە خۆرئاواییی تێدا بەکارهاتبوو وەك (نیشتمان) کەخەتی شەریفی گوڵخانە لەبری وشەی (ئوممەت) بەکاری هێنابوو. ئەم حاڵەتەش بریتی بوو لەهەنگاوەکان بەرەو جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت.

2) مەسەلەی (بریاردانی ئاسایشی تەواو) ) و (سەردەمی ئاسایش)و (ئەنجومەنی شورای نوێنەران) یان دیاردەکانی تری وەرگیراو لەئەزمونی خۆرئاواییەوە، رێگەیدا بەسەپاندنی جۆرێك لەرەوایەتی بەسەر بەردەوامی تاکلایەنی بەسەر حاڵەتی گشتیدا لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە رێگەکرایەوە بۆچینی بازرگانە خۆرئاواییەکانو موژدەدەرەکان بۆلکاندنی کۆمەڵگەی عوسمانی بەیاساکانی بازاڕو بەپێوەرەکانی فیکری موژدەدەرییەوە.

3) هەردوو خەتی شەریفی گوڵخانەو همایۆنی بەدەستوری مەدحەت پاشای ساڵی (1876ز)و بۆیەکەمجار بوو لەمێژووی دەوڵەتێکی ئیسلامیدا کەکار بەدەستورێکی وەرگیراو لەدەستوری فەرەنسیو بەلجیکیو سویسرییەوە بکرێت، کەبریتین لەدەستوری دانراوی عەلمانی.

### ئامانجەکانی دامەزراندنی جامیعەی ئیسلامی لەدیدی سوڵتان عەبدولمەجیدی دووەمی عوسمانیدا

1) ڕوو بەڕووبونەوەی دوژمنانی ئیسلام بەتایبەت ئەو ڕۆشنبیرانەی کاریگەربوون بەڕۆشنبیری خۆرئاواو ئەوانەی کە چوونەتە نێو ناوەندە ئیداریو سیاسیە هەستیارەکانەوە، لەدامودەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانیدا.

2) هەوڵدان بۆوەستاندنی دەوڵەتە کۆلۆنیالیزمیەکانی ئەوروپاو ڕوسیا،کاتێك دەبینن موسوڵمانان بەیەك ڕیز ڕاوەستاون.

3) سەلماندنو جێگیرکردنی ئەوەی کەموسوڵمانان دەتوانن ببنە هێزێکی سیاسی جیهانیو دەبێ حسابیان بۆبکرێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی غەزوی ڕۆشنبیریو فیکریو بیروباوەڕی ڕوسیو ئەوروپیدا.

4)وەرگرتنی یەکێتی ئیسلامی نوێو ڕۆڵی کاریگەری لەسەر سیاسەتی جیهانی.

5) دەوڵەتی عوسمانی سیفەتی خەلافەتو هێزی خۆی بگێڕێتەوە، بەوەش دەتوانێ خۆی بەهێزبکاتەوەو خۆی پڕچەك بکات بەئامرازی زانستی نوێ لەهەموو بوارەکاندا، بەوەش شانو شکۆی مێژوویی دەگەڕێتەوەو دەبێتە وانەیەکی مێژوویی.

### جیاوازیو ناکۆکیەکانی نێوان سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمو جەمالەدینی ئەفغانی

کاتێك عەبدولحەمیدی دووەم بانگەشەی بۆبیرۆکەی(پان– ئیسلامیزم)و جامیعەی ئیسلامی کرد،جەمالەدینی ئەفغانی پشتگیریکردو پێشنیازی زۆر باشتری دایە سوڵتانو هاوکاری بوو،بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا جیاوازیو ناکۆکی لەنێوانیاندا هەبوو کە گرنترینیان ئەمانەبوون:

1) بڕوای ئەفغانی بەمەسەلەی یەکبوونی موسوڵمانانو لەهەمانکاتداپشتگیریکردنی شۆڕشگێڕان لەنەتەوەخوازە تورکەکانو عوسمانیەکان بەگشتی دژی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم.

2) بانگەوازی ئەفغانی بۆیەکبوونی گەلانی ئیسلامی، بەشێوەیەك وەك دیوارێك وابنو بەیەك دڵ لەڕووبەڕووبوونەوەی دەوڵەتە ئەوروپیەکاندا، کەدەیانویست دەوڵەتی عوسمانی پارچەپارچەبکەنو دابەشی بکەن،لەهەمانکاتدا ئەفغانی بەتەنها وشەیەکیش گوایە نارەزایی دەرنەبریوە لەبەرامبەر کۆلۆنیالیزمی فەرەنسیدا، لەکاتێکدا عەبدولحەمیدی دووەم پێویستی بە بەرگریکردنی فەرەنسیەکان بوو لەباکوری ئەفریقا.

3) ئیدانە نەکردنی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی لەلایەن ئەفغانیەوە، لەکاتێکدا سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەیاداشتەکانیدا باس لەوە دەکات کەسیخوڕی عوسمانی پلانێکیان دەست کەوتووە کەلەوەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ئامادەکراوەو تیایدا جەمالەدینی ئەفغانیش بەشداری کردووە لەگەڵ(بلنت)ی ئینگلیزی. ئەو پلانەش بۆ لێسەندنەوەی خەلافەتە لەعەبدولحەمیدو عوسمانیەکان بەگشتی.

4) تەماعی ڕوسیاو شەڕی ڕوسیا دژی دەوڵەتی عوسمانیو بڕاندنی هەندێ ناوچە لەدەوڵەتی عوسمانی لەلایەن ڕوسیاوە، هەڵوێستی جەمالەدینی ئەفغانی گوایە لەبەردەم پرەنیسپی فراوانخوازی ڕوسیدا.جێگەی سەرسوڕمان بوو بەرامبەر چەمکی جامیعەی ئیسلامی. چونکە ئەفغانی دانی ناوە بەوەدا کەڕوسیا بەرژەوەندی زیندوو ستراتیژی لە هیندستان هەبێتو گوایەپاڵی نابێ بەڕوسیاوە بۆ داگیرکردنی. هەروەها ئەگەر

ئـەم داگیرکاریـەش رووی بدابایـە ئـەفغانی نـاڕەزایی دەرنـەدەبڕی، بـەڵکو ئامۆژگـاری دەکـرد کەسـەلامەتترینو ئاسانترین ڕێگە بۆجێبەجێکردنی  بگرنەبەر، بەمەرجێك پشت بەوڵاتی فارسو وڵاتی ئەفغانستان ببەستن.

5) جیاوازی بیروباوەڕیی کەلەنێوان زانایانی ئەستەمبوڵو ئەفغانیدا دەرکەوتو دەرکەوتنی کتێبەکەی(خلیل فوزی ال )بەناونیشانی (السیوف القواگع)، وەك ڕەد دانەوەیەکی بیروبـاوەڕی ئـەفغانیو بێـدەنگ کردنی ئەو.

دواجار سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم جەمالەدینی ئەفغانی بەپیاوی ئینگلیـز لەیاداشـتەکانیدا داوەتـە قەڵـەمو بەوردی لەوبارەوە شتی دەربارەی نوسیوە.

### دەستێوەردانی عەبدولحەمیدی دووەمو سانسۆر خستنەسەر خوێندنگەکان

کاتێك عەبدولحەمید سەڵتەنەتی  گرتەدەست، دەستی لەچەند بوارێك وەردا، بەتایبـەت خوێندنگـەکانو چـەند کارێکی ئەنجامدا لەوانەش:

1) دوورخـستنەوەی مـادەی ئـەدەبو مێـژووی گـشتی لـەپرۆگرامی خوێندنـدا، بـەوەی ئامرازێکن لـەئامرازەکانی ئـەدەبی خۆرئـاواییو مێـژووی نەتەوایـەتی گـەلانیتر کاردەکاتـە سـەرنەوەی مـسوڵمانان بەشێوەیەکی نێگەتیڤ.

2) دانانی وانەکانی فقەو تەفسیرو ئەخلاق لەپرۆگرامی خوێندندا.

3) کورتکردنەوە تەنها لەسەر خوێندنی مێژووی ئیسلامیو ئەوەی کەتیایدایەتی لەمێژووی عوسمانیەکان.

### تێڕوانینی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بۆ ژنان

عەبدولحەمیـدی دووەم بایـەخی بەکـچان داوەو بەشـی نـاوخۆیی تایبـەتی بۆدروسـت کـردوون بـۆ ئـەوەی تێکەڵاونەبن لەگەڵ پیاواندا. هەروەها عەبدولحەمیـد هێرشـی کردۆتـە سـەر سـیخوڕیکردنی ژنـانو لـەمبارەوە ڕێو شـوێنی گرتۆتەبـەر لەڕێگـەی حکومەتـەوە بەئاشـکرا دژایـەتیکردنی سـیخوڕی ژنـانی ڕاگەیانـدووە. هـەروەك عەبدولحەمید داوای لەحکومەت کردووە ژنان بگێڕنەوە بۆلەبـەرکردنی حیجـابی شـەرعی تـەواو بەپەچـەوە، کاتێـك دەچنە دەرەوە بۆ شەقامەکان. بۆئەم مەبەستە ئەنجومەنی وەزیران کۆبۆتەوەو ئەم بڕیارانەی دەرکردووە:

1) بەخشینی یەك مانگو دوای ئەوە قەدەغەکردنی ڕۆیشتی ژنان لەشەقامەکاندا تەنها مەگەر حیجابی ئیسلامی کۆن لەبەربکەنو دەبێ ئەم حیجابەش خاڵی بێت لەهەموو ڕازاندنەوەو جوانکاریەك.

2) لەسەر پۆلیس پێویستە– دوای تێپەڕینی یەك مـانگ بەسـەر بڵاوکردنـەوەی ئـەم بەیاننامەیـەدا – گرنگە ئەو شتانە جێبەجێ بکات کەلەبڕیارەکاندا هاتووە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە، لەسـەر هێزەکـانی دیـسپلین کردنیش پێویستە هاوکاری پۆلیس بکەن لەمەدا.

3) سوڵتان تەصدیقی لەسەر ئەم بەیاننامەیە کرد بەبڕیارە حکومیەکان.

4) ئەم بەياننامەيە لەرۆژنامەكاندا بڵاودەكرێتەوەو هەروەها لەشەقامەكانيشدا.

5) هەڵوەشاندنەوەی پەچە كەلەقوماشی ناسك يان شەفاف پێكهاتبوو، هەروەها هەڵدەواسرا، بەزەرورەتی گەڕانەوە بۆ پەچەی شەرعی كەناهێڵێ دەموچاو دەربكەوێت.

**مەبەستەكانی بايەخدانی سوڵتان عەبدولحەميدی دووەم بەدامەزراندنی هێڵی ئاسن لەسەرانسەری دەوڵەتی عوسمانيدا**

1) گرێدانەوەی پارچە دوورەكانی دەوڵەت كەهۆكاری يارمەتيدەر دەبێت لەسەرخستنی بيرۆكەی يەكبونی عوسمانیو جاميعەی ئيسلاميداو زاڵبونی تەواو بەسەر ويلايەتو هەرێمەكاندا.

2) ناچاركردنی ئەو هەرێمانە لەسەرتێكەڵاوبوونو لكانەوە بەدەوڵەتی عوسمانيەوەو ملكەچبوونی بۆ ياسا سەربازيەكان كەدەقی ياساكان باس لەپێويستی بەشداربوون لەبەرگريكردن لەدەوڵەتی عوسمانی دەكەن بەپێشكەش كردنی ماڵو دارايی.

3) ئاسانبوونی كاری بەرگريكردن لەدەوڵەتی عوسمانی لەهەرلايەكو لەهەر بەرەيەكەوە كەدوژمن دەستدرێژی لێيەوە بكات، چونكە درێژبوونەوەی هێڵی ئاسنين كارئاسانی دەكات لەسەر خێرايی دابەشكردنی هێزی عوسمانیو گەيشتنی بەلايەكان.

**سياسەتی عەبدولحەميدی دووەم لەبەرامبەر نزيكبوونەوەی ئينگليز لەكورد**

1) دەوڵەتی عوسمانی هەستا بەپاراستنی هاوڵاتيانی كورد لەبەرامبەر هێرشە خوێناويەكانی ئەرمەن لەدژی كورد.

2) ناردنی زانايانی موسوڵمان بۆلای هۆزەكانی كورد بۆئامۆژگاريكردنو بانگەواز بۆ كۆبوونەوە لەژێر بانگەوازی جاميعەی ئيسلاميداو ئەو نوێنەرانە ڕۆڵی خۆيان بينی لەهۆشياركردنەوەی كورد بەرامبەر تموحەكانی رۆژئاواو بەتايبەت ئينگليز.

3) عەبدولحەميدی دووەم چەند ڕێوشوێنێكی گرتەبەر، تا بەهۆيەوە ميرەكانی كورد بەدەوڵەتی عوسمانيەوە گرێ بدات.

4) دامەزراندنی يەكەكانی سوارەی حەميديە لەرۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لەكوردەكانی ئەو ناوچانە بۆ ڕاوەستان لەبەرامبەر دەستدرێژیو هێرشی ئەرمەنەكان (هاوكات بۆپاراستنی سنوری دەوڵەتی عوسمانيش لەوناوچانەوە، بەڵام بەداخەوە جينۆسايدی ئەرمەنەكان ڕوويدا لەنێوان ساڵانی 1894– 1896زو تائێستاش يەكێكە لەتاوانە گەورەكانی دەوڵەتی عەوسمانی لەسەر ئاستی جيهانیو بەهۆيەوە كەبەشێك لەو كردەوە نامرۆڤانەو نائاينيە بەر

کورد کەوتووە بەهۆی بەشداری پێکردنی هەندێ لەسەرەك هۆزەکانەوە لەلایەن عوسمانیەکانەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کەکورد وەك نەتەوە پشکی لەو تاواتنەدا نیە– وەرگێڕ–).

5)دەوڵەتی عوسمانی هەڵوێستی توندو بەهێز دژی تموحی ئەرمەنەکان دەبێت لەبەرامبەر دامەزراندنی دەوڵەتێك بۆئەرمەن لەسەر حسابی زەوی دەوڵەتی عوسمانی. بەوەش کوردەکانی لەو ناوچەیە هەست بەئارامی دەکەن.

6)دەوڵەتی عوسمانی کاری دەکرد لەسەر ئاشکراکردنی پلانەکانی ئینگلیز کەئامانج لێی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە ژێرناوی ئازادی نەتەوەکانو دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەتایبەت نزیکبوونەوەی ئینگلیز لە کورد.

### سیاسەتی ئیتاڵیا بۆداگیرکردنی وڵاتی لیبیا لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا

ئیتالیا دەمێك بووخەونی بەداگیرکردنی لیبیاوە دەبینی، چونکە هەریەکە لەفەرەنساو ئینگلیز تونسو میسریان داگیرکردبوو. تەنها لیبیا بۆئیتاڵیا مابۆوە، بۆیە ئەم سیاسەتانەی گرتەبەر:

1) ڕێگەچارەی ئاشتی، بەدامەزراندنی خوێندنگەو بانکەکانو جگەلەوانیش لەدامەزراوە خزمەتگوزاریەکان.

2) کارکردن لەسەرئەوەی دەوڵەت دان بەئاواتی ئیتاڵیادا بنێت لەداگیرکردنی لیبیادا بەڕێگەی دیبلۆماسی.

3) ڕاگەیاندنی جەنگ بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانیو داگیرکردنی کرداریی.

### ئامانجەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەدامەزراندنی جامیعەی ئیسلامیو بایەخدان بەبیرۆکەی پان – ئیسلامیزمو بزواندنی هەستی مسوڵمانان

1) جێگیرکردنی دەوڵەتی عوسمانی لەناوەوە دژی هەڵمەتە نەتەوەییەکانی خۆرئاواو کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی.

2) لەدەرەوەش سەرنجی هەموو ئەو مسوڵمانانە ڕابکێشی بۆئالای خەلافەت لەدەوڵەتە ئەوروپیەکانی وەك ڕوسیاو بەریتانیاو فەرەنسا، بەوەش ئەو دەوڵەتانە وەڵامی دەوڵەتی عوسمانی نەدەنەوە، ئەوا دەوڵەتی عوسمانی هەڕەشەی وروژاندنی ئەو مسوڵمانانەیان لێدەکاتو جیهاد لەسەرانسەری جیهانی ئیسلامیدا ڕادەگەیەنێ.

### مەبەستەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەکاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ (تیۆدۆرهرتزل)ی نوێنەری جولەکەدا

- پاشئەوەی تیۆدۆر هرتزل بەمەبەستی دابینکردنی نیشتمانێك بۆجولەکە لەفەلەستین داوای دانیشتن‌و کۆبوونەوەی لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا کرد، هەرچۆنێك بێت عەبدولحەمید رازی بوو. هەرچەندە داواکەی جولەکەی ڕەفزکردەوەو پارەو قەرزێکی زۆرخرابوویە بەردەستی عەبدولحەمید، بەلام دەڵێن گوایە عەبدولحەمید چەند مەبەستێکی هەبووە لەقبوڵکردنی داوای دیدارو بینینی هرتزل وەك:

1) هەقیقەتی پلان‌و نەخشەی جولەکە.

2) زانینی هێزی جولەکەی جیهانی‌و مەودای ئەو هێزە.

3) رزگارکردنی دەوڵەتی عوسمانی لەمەترسیەکانی جولەکە.

## ئەو هۆکارانە کەوایکرد لەکۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی لەساڵی (1908ز) سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەسەر تەخت بهێڵنەوەو کودەتاکەیان دوابخەن

کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی بەو کەسانە دەوترا کە کاریگەرو سەرسام بوون بەکولتورو ڕۆشنبیری شارستانیەتی خۆرئاواو دەیانویست لەسەر ڕەوتی خۆرئاوایی‌و ئەوروپی بەتایبەت ریفۆرم لەبوارە جیاوازەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بکەن‌و لەمەشیاندا دژی دەسەلاتی سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و ئابووری عەبدولحەمید بوون‌و وەك حزبێکی سیاسی چالاکی گەورەوبەرفراوانیان دەستپێکرد. بۆیە سەرەتا ساڵی ( 1908ز) لەبەرچەند هۆکارێك پرۆژەی کودەتای سیاسیان بەسەر عەبدولحەمیدی دووەمدا ڕاگرت، کە ئەمانە بوون:

1) کۆمەڵەتی ئیتحادو تەرەقی هێزی تەواویان نەبوو بۆکەنارگیرکردنی عەبدولحەمیدی دووەم لەساڵی 1908زدا.

2) عەبدولحەمیدی دووەم سیاسەتی نەرمی لەگەڵدا گرتبوونە بەر، ئەوەش بەجێبەجێکردنی ئارەزووی ئیتحادیەکان بەگێڕانەوەی دەستور پاش ئەوەی بەفەرمانێك عەبدولحەمید دەستوری پەکخستبوو.

3) دۆستایەتی ئیتحادو تەرەقیەکان جورئەتی تەواویان نەبوو بۆبلاوکردنەوەی پروپاگەندەکانیان دژی عەبدولحەمیدی دووەم لەنێوان سەربازەکاندا. چونکە سەربازەکان دۆستایەتیان بۆعەبدولحەمید دەربڕیبوو.

دواجار کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی توانیان لەساڵی (1909ز)بەیەکجاری عەبدولحەمیدی دووەم لەتەختی سەڵتەنەت دووربخەنەوە، پاش ئەنجامدانی کودەتایەکی سیاسی‌و بەفەتوایەك، دوای ئەوەی لیژنەیەکی چوارکەسی پێکهێنرا بۆ گەیاندنی فەرمانی کەنارگیریکردن‌و دوورخستنەوەی لەسەڵتەنەتی عوسمانی.

### ئەو لیژنە چوارکەسیەی کەبڕیاری لابردن‌و کەنارگیرکردنیان بەعەبدولحەمیدی دووەم ڕاگەیاند:

1) ئیمانویل قەرەصو: جولەکەیەکی ئیسپانی بوو، یەکێك بوو لەئەندامە بەرایەکانی بزوتنەوەی تورکە لاوەکان، لەبەردەم کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقیدا بەرپرس بوو لەوروژاندنی کاری تێکدەرانەو هاندان دژی

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمو دابینکردنی سیخوڕ لەنێوان شاری سالۆنیكو ئەستەمبوڵدا، بەتایبەت ئەو زانیاریو کاروبارانەی کەپەیوەستبوون بە بزوتنەوەکەوە.

قەرەصو پارێزەربوو، کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی بەسەرکەوتوویی کاری کردبوو لەدامەزراندنی قەرەصو لەئەنجومەنی نوێنەرایەتی عوسمانیداو نوێنەری سالۆنیك بووە جارێك، ئەستەمبولیش دووجار. سەرچاوە ئینگلیزیەکان بەیەکێك لەسەرکردەکانی ئیتحادو تەرەقی وەسفیان کردووە، لەکاتی شەڕداوەك پشکنەرو سەرپەرشتیاری بوژانەوە کاری کردووە، لەکاتی بوونی لەم پۆستەدا توانیویەتی پارەیەکی زۆر بۆحسابی تایبەت کۆبکاتەوە، ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لەداگیرکاری ئیتالیا لەلیبیا بەرامبەر ڕێژەیەکی پارە کەئیتالیا پێیداوە، لەئەنجامی ناپاکیکردنی بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی ڕایکردووە بۆ ئیتالیاو لەوێ مافی هاوڵاتی ئیتالی وەرگرتووەو لە تریسنا نیشتەجێ بووە، بەشێوەیەك ساڵی(1934ز) مردووە، کاتی بوونی لەدەوڵەتی عوسمانیدا مامۆستای گەورەو مەزنی کۆڕی مەکدۆنیا (ریزونا)ی ماسۆنی بووە.

2) ئارام: لەڕەچەڵەکدا ئەلبانی بووە، نوێنەربووە لەئەنجومەنی عوسمانیدا.

3) ئەسعەد توتبانی: لەڕەچەڵەکدا ئەلبانی بووە، نوێنەری ناوچەی دراج بووە لەئەنجومەنی نوێنەران.

4) عارف حیکمەت: سەر لەشکرێکی دەریایی بووەو ئەندامی ئەنجومەنی پیران بووە، بیروڕاوایە لەبنەچەدا عێراقی بووێت.

**ئەو خاڵانەی کەلەپەیمانی لۆزانی ساڵی (1923ز)دا تایبەت بوو بەتورکیاو مستەفاکەمال ئەتاتورک قبوڵیکرد**

پاش ئەوەی پەیمانی لۆزان لەبری پەیمانی سیڤەر ئیمزاکرا، لەو پەیمانەدا چەند مەرجێك بۆ تورکیا دانرابوو کەدەبوو جێبەجێیان بکاتو زیاتر بە(چوارمەرجەکەی کیرزن ناسراوە) دیارە کیرزن ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لۆرد کیرزنی سەرۆکی نوێنەری ئینگلیز لەو پەیماننامەیەداو مەرجەکانیش پێکهاتبوون لە:

1) بچڕاندنی هەموو پەیوەندیەکی تورکیا بەئیسلامەوە.

2) هەڵوەشاندنەوەی تەواوەتی خەلافەتی ئیسلامی.

3) دەرکردنی خەلیفەو لایەنگرانی خەلافەتو ئیسلام لەوڵاتو دەستگرتن بەسەرموڵكوماڵی خەلافەتدا.

4) گرتنەبەری دەستورێکی مەدەنی لەجێگەی دەستوری کۆنی تورکیا.

**کۆمەڵەی عەرەبە لاوەکان (جمعیة العربیة الفتاة)**

پاشئەوەی ئیتحادو تەرەقیەکان لەساڵی (1909ز) کودەتایان بەسەر عەبدولحەمیدی دووەمدا کردو خۆیان هاتنەسەر حوکم، دەستیان کرد بەپیادەکردنی بیری تۆرانیزم، کەبانگەشەیەکی نەژادی بەرفراوانبوو بۆیەکگرتنی سەرجەم گەلانی موسوڵمانی ناوچەکانی قەفقاسو ئازەربایجانو هەموو ئەو نەتەوانەی تر کەبەرەچەڵەك تۆارنی بوون بۆبەرز راگرتنی نەتەوەی تورکو سەروەری باو باپیرانیان،ئەمەش بووە بەهۆی وروژاندنی گەلانی تری نێودەوڵەتی عوسمانی، بەتایبەت عەرەبو کورد.عەرەبەکان دەستیان کردەپێکهێنانی چەند کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی وەك(کۆمەڵەی قەحتانی)ی نهێنی بەسەرۆکایەتی عەبدولکەریم خەلیلو عەزیزعەلی میسری ئەفسەر، هەروەها کۆمەڵەی عەرەبە لاوەکان کە لەشاری پاریسی فەرەنسا ساڵی (1329ك/1910ز) پێکهاتوو، لەسەر پرۆگرامو میتۆدی کۆمەڵەی تورکە لاوەکان.

ئەم کۆمەڵەی عەرەبەلاوانە لەلایەن ژمارەیەك لەو قوتابیانەوە دامەزرا کەلەپاریس دەیانخوێندو بەپرەنسیپەکانی خۆرئاواو بەتایبەت پرەنیسپەکانی دەمارگیری نەتەوەیی تێرببوون، ئامانجیان سەربەخۆیی تەواوبوو بۆعەرەبو جیابوونەوە لەدەوڵەتی عوسمانی. بۆیە بارەگاکەیان لەپاریسەوە گواستەوە بۆ بەیروتو پاشانیش بۆدیمەشقو دواتر ئەندامانیان زیادی کرد، بەتایبەت لەمەسیحیە عەرەبەکان پێکهاتبوون.

هەروەها کۆمەڵەی زاراوەیی لەبەیروت ساڵی(1331ك/1912ز)دامەزراو لەگەڵ کۆمەڵەی رێنیسانسی لوبنانیدا لەتاراوگە هاوکاری یەکتریان کردو نامەیەکی هاوبەشیان بۆحکومەتی فەرەنسی ساڵی (1912ز)ناردو تیایدا داوای داگیرکردنی سوریاو لوبنانیان کردبوو لەلایەن فەرەنساوە.لەلایەکی ترەوە رۆشنبیرانی عێراق روویان لەئینگلیز نابوو، بەشێوەیەك هەندێکیان پشتگیری دامەزراندنی سەرپەرشتیاریەکی بەریتانیان دەکرد بەسەر پرۆگرامەکانی رێفۆرمەوە، تەنانەت داوای پاراستنی بەریتانیان دەکرد بەسەر عێراقەوە. دواجار لەساڵی (1332ك/1913ز)کۆمەڵەی عەرەبەلاوەکان کۆنگرەیەکی عەرەبییان لەپاریس گرێداو فەرەنسیەکانیش شوێنی گونجاویان بۆ ئەم کۆنگرەیە خۆشکردبوو، بۆیە ئەندامانی کۆنگرە بڕیاریاندا:

1) پێویستی جێبەجێکردنی ریفۆرم بەخێرایی.
2) بەشداری پێکردنی عەرەب لەئیدارەو بەڕێوەبردنی ناوەندیدا.
3) کردنی زمانی عەرەبی بەزمانی فەرمی لەسەرجەم ولایەتە عەرەبیەکاندا.
4) کردنی خزمەتی سەربازی بەشێوەیەکی ناوچەیی بەنیسبەت عەرەبەوە، مەگەر کاتی پێویست نەبێت.
5) هاوسۆزی لەگەڵ داواکاریەکانی ئەرمەندا.

**ئامانجەکانی هاوپەیمانان پاش لابردنی عەبدولحەمیدی دووەم لەعەرشی سەڵتەنەتو گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن ئیتحادو تەرەقیەوە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیو دوای جەنگ بەچەند قۆناغێك**

1) ڕێکەوتنی هاوپەیمانان لەسەر دابەشکردنی جیهانی ئیسلامی لەنێوان خۆیاندا کەئەوکات ملکەچی دەوڵەتی عوسمانیو لەژێردەستیدابوو ، ئەم ئامانجەش لەپەیماننامەی (سایکس- بیکۆ- سازانۆڤ)دا دەرکەوت،(لێرەدا سازانۆڤ ئاماژەیە بۆناوی نوێنەری ڕوسیای قەیسەری، بەڵام پاش شۆڕشی بەلشەفیك لەساڵی (1917ز) ڕوسیا لەم پەیماننامەیە کشایەوەو ناوەڕۆکی پەیماننامەکەشی ئاشکراکردو ناڕەزایی گەورەی لێکەوتەوە لەجیهانی ئیسلامیدا - وەرگێڕ). کە لەساڵی (1334ك/1916ز) بەنهێنی بەسترا. لەو کاتەدا کەبەڵێنی سەربەخۆیی درابوو بەعەرەب. گرنگترین ئەو خاڵانەی کە پەیماننامەی(سایکس- بیکۆ)لەخۆی گرتبوو:

ا) باشوری عێراق بۆبەریتانیا دەبێت، کەناری باکوری سوریا(لوبنانو کەناری باکوری سوریا) بۆفەرەنسا.

ب) دوو دەوڵەتی عەرەبی لەباکوری عێراقو ناوەڕاستی وڵاتی شامو باشور پێکدێت، لەیەکەمیاندا کەباکوری عێراقو ڕۆژهەڵاتی ئوردن دەگرێتەوە بۆنفوزی بەریتانیا دەبێت، دووەمیان کەلەناوەڕاستی سوریاو دوورگەی فورات پێکدێت بۆ نفوزی فەرەنسا دەبێت.

ج)فەلەستین نێودەوڵەتی دەبێت.

د)ئەستەمبوڵو گەرووەکان(گەرووی بۆسفۆرو دەردەنیل) بۆ ڕوسیا دەبێت.

هـ) بەلفۆر (مەبەست لەبەڵێنی بەلفۆرە) کەبەریتانیا دەری کرد بۆ جولەکە لەڕۆژی (1917/11/2/موحەڕەمی 1326ك) بەڵێنیدا فەلەستین دەبێتە نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆجولەکە.

و) تەسلیمکردنی تورکیا بەخراپترین بزوتنەوەی خۆرئاواییکردنو داڕووخانی بەها ئیسلامیەکان، بەگواستنەوەی دەوڵەتی عوسمانی لەدەوڵەتێکی خاوەن سیماو خەسڵەتی ئیسلامیەوە بۆدەوڵەتێکی خۆرئاوایی خەسڵەت.

**دیارترین ئەو هەنگاوانەی کە مستەفاکەمال ئەتاتورك گرتیەبەر لەسیاسەتی بەڕۆژئاواییکردنی تورکیاو چۆنێتی داڕنینی سیمای ئیسلامی لەو وڵاتە**

*هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی ئەوقاف ساڵی (1343ك/1924ز)و کاروباری ئەم وەزارەتەی گێڕایەوە بۆوەزارەتی مەعاریف.

* لەساڵی (1344ك/1945ز) مزگەوتەکانی داخستوحکومەت توندوتیژیەکی توندی بەرامبەر هەموو تەوژمێکی ئاینی پەیڕەو کردو لەساڵی (1350-1351/کەدەکاتە 1931-1932ز) ژمارەی مزگەوتەکانی دیاریکردو ڕایگەیاند کەگیانی ئیسلامی پێشکەوتن پەك دەخاتو ڕێگرە لەبەردەمیدا.

* ژمارەی ئامۆژگەرانی کەمکردەوە و فەرمانی پێکردن کەلەوتاری ڕۆژی هەینیدا دەرفەت بکەنەوە بۆ دوان دەربارەی کاروباری کشتوکاڵیو پیشەسازیو سیاسەتی دەوڵەت.

* دوو ناودارترین مزگەوتی جامیعی لەئەستەمبولّ داخست کەبریتی بوو لەمزگەوتی جامیعی ئایاصۆفیاو کردی بەمۆزەخانە. دووەمیشیان مزگەوتی فاتیح بوو کەدواتر کردی بەشوێنی هەلگرتنی کەلوپەلی زەخیرە.

* شەریعەتی ئیسلام گۆڕاو لەجێگەیدا یاسای مەدەنی شوێنی گرتەوە کەحکومەتی تورکیا لەیاسای سویسریەوە وەریگرتبوو سالّی (1345ک/1926ز).

* ڕۆژ ژمێری کۆچی گۆڕیو لەجێگەیدا ڕۆژ ژمێری گریگۆری ڕۆژئاوایی بەکارهێنا. بەمەش سالّی کۆچی (1345ک)لەهەموو سەرانسەری تورکیا هەلّوەشێنرایەوەو سالّی زایینی(1926ز) شوێنی گرتەوە.

* لەدەستوری سالّی (1347ک/1928ز) ئەو دەقە پشتگوێ خرا کەتیایدا هاتبوو: (تورکیا دەولّەتێکی ئیسلامیە)، هاوکات دەقی سوێند خواردنیش گۆڕا کەپیاوانی دەولّەت کاتی دانانیان لەپۆستەکانیاندا دەیانخوارد. بۆیە بەشەرەفیان سوێندیان دەخوارد لەسەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لەبری ئەوەی سوێند بەخودا بخۆن.هەروەك سونێد خواردن پێشتر بەخودا بووە.

* لەسالّی 1935ز حکومەتی پشوی ڕەسمی گۆڕیولەبری ڕۆژی هەینی ڕۆژی یەکشەممە بەپشووی ڕەسمی دەولّەت دانرا، بەمەش پشووی کۆتایی هەفتە لەماوەی نیوەڕۆی ڕۆژی شەممەوە دەستی پێکرد، تاوەکو بەیانی ڕۆژی دووشەممە.

* حکومەت خوێندنی ئاینی لەقوتابخانە تایبەتیەکاندا پشتگوێ خست، پاشانیش هەلّیوەشاندەوە، هەروەها کۆلیژی شەریعەت لە زانکۆی ئەستەمبولّ دەستیکرد بەکەمکردنەوە لەئامادەکردنی ژمارەی قوتابیەکانیدا کەسالّی (1352ك 1933ز) داخرا.

*حکومەتی مستەفا کەمال ئەتاتورك پەرەی بەبزوتنەوەی بەڕۆژئاواییکردنی زیاتری تورکیاداو بڕیارێکی دەرکرد بە هەلّوەشاندنەوەی لەسەرکردنی تەڕبوشو فەرمانیکرد بەلەسەرکردنی کلّاو وەك وێکچونێك بەدەولّەتە ئەوروپیەکان.

* لەسالّی (1348ك1929ز) حکومەت بەناچاری دەستیکرد بەسەپاندنی بەکارهێنانی پیتی لاتینی لەنوسینی زمانی تورکیدا لەجێگەی پیتی عەرەبی، بەمەش ڕۆژنامەو کتێبەکان بەپیتی لاتینی بلّاودەکرانەوەو دەردەکران. هەروەها لەکۆلیژەکانیشدا خوێندنی بەزمانی عەرەبیو فارسی نەهێشتو بەکارهێنانی پیتی عەرەبی بۆچاپکردنی دانراوە تورکیەکان قەدەغەکرد، ئەو کتێبانەی تریش کەپێشتر چاپکرابوون لەئەستەمبولّ هەموویان ڕەوانەی میسرو ئێرانو هیندستان کرد.

- مستەفا کەمال ئەتاتورك گیانی نەتەوایەتی لەنێو گەلی تورکیدا برەو پێداو پێیوابوو کەتورکەکان خاوەنی پێشکەوتووترین شارستانیەتن لەجیهاندا، بەوەی کەگوایە زمانی سۆمەریەکان کەخاوەنی شارستانیەتی کۆن بوون لەولّاتی نێوان دوو ڕووباردا (میسۆپۆتامیا) پەیوەندیەکی بەزمانی تورکیەوە هەبووە.

- حکومەتەکەی کامال ئەتاتورك بایەخی بەهەر شێتك دەدا کەئەوروپی بووایە،بەمەش هونەرەکان گەشەیان کردو زۆر پەیکەر بۆ ئەتاتورك لەگۆڕەپانی شارە گەورەکاندا دروستکران.هەروەها بایەخدان بەوێنەکێشانو موزیك زیادیکردو ژمارەیەکی زۆر هونەرمەند هاتن بۆتورکیا کەزۆربەیان لەفەرەنساو نەمساوە هاتبوون.
- حکومەت کاریکرد لەسەر هەڵوەشاندنەوەی حیجابی ژنـانو فـەرمانیکرد بەسـفوری،هەروەها قەوامـەبوونی پیاوانی بەسەر ژنانەوە هەڵوەشاندەوەو هانی ئاهەنگەکانی ماچکردنو شانۆ تێکەڵاوەکانو سەمای دا.
- کەمال ئەتاتورك لەو هاوسەرگیرییەی کە لەگەڵ (لەتیفە هانم)کچی یەکێك لەدەوڵەمەندەکانی شاری ئەزمیر ئەنجامیدا، رێو ڕەسمی ژنهێنەکەی لەسەر ڕێگەیەکی ڕۆژئاواییانەبوو بۆلـەڕەگو ڕیـشە دەرهێنـانی دابو نـەریتی ئیسلامی.
- فەرمانیکرد بەوەرگێڕانی قورئان بۆسەر زمانی تورکی، بەمەش هەمو ومانـاو ئاماژەکـانیونبوو. هـەروەها فەرمانیکرد کەبانگدان بەزمانی تورکی بێت.
- کەمال ئەتاتورك کاریکرد لەسەر گۆڕینی پرۆگرامـەکانی خوێنـدنو دووبـارە نوسـینەوەی مێـژوو لـەپێناوی دەرخستنی ڕابردووی نەتەوەیی تورکدا،لەم نێوەندەشدا زمانی تورکی پاك کردەوە لەوشە فارسیو عەرەبیـەکانو لەجێگەیانداوشەی ئەوروپیو کۆنی دانا.
- کەمال ئەتاتورك ڕایگەیانـد کەدەوڵـەت دەیـەوێت ڕووەو ئـەوروپا بـڕواتو لـەجیهانی ئیـسلامیو عـەرەبی جیاببێتەوەو دژایەتی هەر هەوڵێکیشی کرد کەبیەوێت پرەنسیپە ئیسلامیەکان زیندووبکاتەوە.
- دواجـار کـەمال ئـەتاتورك سیاسـەتی بـەڕۆژئاواییکردنو بیرۆکـەی بەعـەلمانیکردنی کۆمەڵگـەی تـورکی لەپرۆگرامی حزبەکەیدا(حزبی گەلی کۆماری) بۆساڵی (1349ك1355) جارێکی تر دەرکەوتو دەستوری تورکیش دەقـی لەسـەرهێنابوو کـەبریتی بـوو لـەو شـەش پرەنـسیپەی کـەبۆ حزبـی کێـشابوو، پرنـسیبەکانیش بـریتین لە:(نەتەوایەتی، کۆماری، میللی بوون، عەلمانیەت، شۆڕش، دەسەڵاتی دەوڵەت).

**پەیماننامەی سیڤەر(1920ز)**

ئەو پەیماننامەیەبوو کە لە(1920/8/10ز) لەنێوان دەوڵەتانی تورکیاو بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیاو ژاپـۆنو ئەرمەنستانو بەلجیکاو یۆنانو پۆڵەنداو پورتوگاڵو ڕۆمانیاو سربیاو کرواتیاو سلوانیاو چیکۆسـلۆڤاکیاو حیجـازو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمـەریکا وەك چـاودێر مـۆرکرا کەشـەریف پاشـا وەك نوێنـەری کـورد بـواری درا بەشـداری کۆنگرەکە بکات. ئەم پەیماننامەیە بۆچارەسەرکردنی کێشەی وڵاتانی هاوپەیمانان پـاش شـەڕی یەکـەمی جیهـانی مۆرکراو لە(432بەند) پێکهاتبوو، ماددەکانی (64،63،62) تایبەت بوو بەکێـشەی کـوردو بـەکورتی نـاوەڕۆکی ئەو سێ ماددەیـە بریتـی بـوو لەدامەزرانـدنی قەوارەیـەکی ئۆتۆنـۆمی لەزۆربـەی ناوچـەکانی بـاکوری کوردسـتانی گەورەدا بۆکورد، بەڵام بەهۆی پابەند نەبوونی هاوپەیمانان بەگشتیو بەتایبەت بەریتانیاو فەرەنسا پەیماننامەکـە جێبەجێ نەکرا.

**گرنگترین ئەو هۆکارانەی کەوایکرد پەیماننامەی سیڤەر سەر نەگرێت**

1. لەبەرئەوەی ئەم پەیماننامەیە مانای دابەشکردنو پارچە پارچەکردنی خاکی تورکیاو دەوڵەتی عوسمانی بوو لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە گەورەترین کۆشش کرا بۆئەوەی سەرنەگرێتو بەکرداریش هەوڵەکانی جێگەی خۆیان گرت.

2. راستگۆ نەبوونی هەریەکە لەبەریتانیاو فەرەنسا لەبەرامبەر جێبەجێکردنی پەیماننامەکە تایبەت بەکوردو بەگشتیو لەبەرامبەر مافی رەوەی کورددا بەتایبەتو رازیبوونی هەردوولایان بەهەندێ ئیمتیازاتی وەك نەوتو پارە کەلەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە پێیان درا.

3. گۆڕانی سیستەمی سیاسیو فەرمانڕەوایەتی لەناو دەوڵەتی عوسمانیو تورکیا لەماوەی نێوان ساڵای(1920–1923ز)، بەوەی پەیماننامەی سیڤەر لەلایەن سوڵتان محەمەدی شەشەمەوە ئیمزاکرا، کەچی لەو ماوەیەدا سیستەمی سەڵتەنەتی عوسمانی هەڵوەشایەوەو بزوتنەوەی کەمالیەکان بەسەرکردایەتی مستەفا کەمال ئەاتورك هاتنە سەرتەختی فەرمانڕەوایەتی سیاسی تورکیاو ئامادە نەبوو ماددەو بەندەکانی ئەم رێکەتننامەیە قبوڵ بکەن.

4. گۆڕانی بارودۆخی سیاسیو فەرمانڕەوایەتی لەیۆنان کەهەندێ ناوچەی زۆری دەوڵەتی عوسمانی لەشەڕدا داگیرکردبوو، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییەوە کەمال ئەتاتورك توانی ئەو ناوچانە بگرێتەوەو تاڕادەیەکی زۆر توانی ئومێدی زۆر پەیدا بکات بۆ بوژاندنەوەی تورکیاو قبوڵ نەکردنی پەیماننامەی سیڤەر. لەلایەکیتریشەوە لەگەڵ گۆڕانی دۆخی سیاسیو فەرمانڕەوایەتیدا لەیۆنان رژێمی تازە سورنەبوو لەسەر جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیماننامەی سیڤەرو پاشەکشەی کرد.

5. پاڵپشتیکردنی یەکێتی سۆڤیەت بۆتورکیا بەگشتیو بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورکو فرۆشتنی چەكو تەقەمەنیو ناردنی هاوکاری لۆجستی بۆمستەفا کەمال ئەتاتورکو دژایەتیەکی گەورەی پەیماننامەی سیڤەری کردو توێژەرانی بواری مێژوو پێیانوایە یەکێتی سۆڤیەت یەکێك لەهۆکارە سەرەکیەکانی سەرنەگرتنو شکست پێهێنانی پەیماننامەی سیڤەر بووە.

6. ئازایەتیو لێهاتووی مستەفا کەمال ئەتاتورك لەسەر ئاستی سیاسیو دیبلۆماسیو سەربازی، بەجۆرێك، توانی لەماوەی نێوان ساڵانی(1920–1923ز) زۆر کۆششو هەوڵ بدات بۆسەر نەگرتنی پەیماننامەکەو دەربازکردنی تورکیا لەو قەیرانەی کەبەهۆی ئاسەوارەکانی جەنگی یەکەمەی جیهانیەوە تێیکەوتبوو.

7. تەنها وڵاتی ئیتالیا ئیمزای لەسەر ماددەکانی(63،62،64)ی تایبەت بەکوردی پەیماننامەی سیڤەر کردو ئامادەبوو،ئیدی هەموو ئەوەانیتر کشانەوە، ئەمەش هۆکاری کاریگەربوو لەوبێهێزبوونی ئیرادەی جێبەجێکردنی پەیماننامەکە.

8. لەگەڵ هەندێ هۆکاری تر کەبوار نیە لێیان بدوێین.

پەیماننامەی لۆزان(1923ز)

ئەو پەیماننامەیەبوو کەلەرۆژی(1923/7/24ز9 لەشاری لۆزانی وڵاتی سویسرا بەسترا لەنێوان دەوڵەتانی بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیاو ژاپۆنو یۆنانو سربیاو کرواتیاو رۆمانیاو سلوانیاو تورکیا. بەمەبەستی ناسینی دەوڵەتی نوێی تورکیاو پێداچوونەوە بەپەیمانی سێڤەردات. لەم کۆنگرەیەدا( عیسمەت ئینونو)ی سەرۆك وەزیرانی تورکیا نوێنەری حکومەتی تورکیاو (لۆرد کێرزن) سیاسەتمەداری ناسراوی ئینگلیز نوێنەری حکومەتی بەریتانیابوو، کەوتنە گفتوگۆیەکی درێژخایەنەوە لەسەر مەسەلەی ناوچەی موسڵ. هەرچەندە ئەو کێشەیە لەم کۆنگرەیەدا نەگەیشتە ئەنجام. بەڵام بەپێی چەند بەندێکی ئەو پەیمانە بڕیارەکانی پەیمانی سێڤەر وازی لێهێنراو باکوری کوردستان خرایە سەر دەوڵەتی تورکیای نوێو بەکوردستانی تورکیا ناسێنرا.

گرنگترین ئەو بەوندانەی پەیماننامەی لۆزان کەدژایەتی مەسەلەی نەتەوەایەتیو کێشەی کوردی دەکرد بریتی بوون لە:

ماددەی(37)کەدەڵێت: حکومەتی تورکیا مافی هەیە کەبڕیار دەربکات کەنەگونجێ لەگەڵ بڕیارەکانیدا.

ماددەی(38)کەدەڵێت: حکومەتی تورکیا بەڵێن بەدانیشتووانی تورکیا دەدات کەبەرگری لەقەوارەو سامانو سەربەستیان بکات بەبێ جیاوازی رەگەزیو زمانو ئایین.

ماددەی(399) کەدەڵێت: حکومەتی تورکیا هیچ کۆسپێك ناخاتە بەردەم کەس کەلەژێر چاودێری تورکیادانو ئازادن بەزمانی خۆیان بازرگانیو رۆژنامەگەریو خواپەرستیو چاپەمەنیو هەموو چالاکی سیاسی خۆیان بکەن.

## زانیاری گشتی لەسەردەوڵەتی عوسمانی

**پوختەی مێژووی دەوڵەتی عوسمانی(مێژووی عوسمانیەکان بەبچووکراوەیی)**

**زانیاری گشتی لەسەردەوڵەتی عوسمانی( پوختەی مێژووی دەوڵەتی عوسمانی)**

**مێژووی عوسمانیەکان بەبچووکراوەیی:**

- بنەچەو ڕەچەڵەکی تورك دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی پشت ڕوبار کە ئەمرۆ بەتورکمانستان ناودەبرێت(بانی مەنگۆلیاو باکوری چین لە رۆژهەڵاتەوە درێژدەبێتەوە بۆ دەریای قەزوین لەرۆژئاواوە، لەدەشتەکانی سیبریاوە لەباکورەوە بۆ نیمچە کیشوەری هیندیو فارسی لە باشورەوە، لەو ناوچانەدا هۆزەکانی ئۆغۆزو خێڵە گەورەکان نێشتەجێ بوون کەبەتورك یان تورکەکان ناسراون).

- تورکەکان لەساڵی (22ک)و لەسەردەمی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففاندا مسوڵمان بوون و هاتونەتە نێو ئیسلامەوە.
- خێڵ و هۆزە تورکەکان پاش مسوڵمان بوونیان، لەچوارچێوەی هاوڵاتیانی دەوڵەتی ئیسلامیدابوون و ژمارەیان لەوڵاتی خەلیفەو میرەکانی عەبباسیەکاندا زیادی کردووەو ڕێگەیان پێدراوە لەپۆستە سەرکردایەتی و کارگێڕیەکانی دەوڵەتدا دەسەڵات بگرنە دەست.
- سەلجوقیەکان بەڕەچەڵەک تورک بوون و توانیویانە دەوڵەتێکی تورکی گەورە دابمەزرێنن کەخۆراسان و ناوچەی پشت ڕوبارو ئێران و عێراق و وڵاتی شام و ئاسیای بچووک لەخۆبگرێت.
- سەلجوقیەکان یارمەتی خەلافەتی عەبباسیان داوە لەبەغدادو مەزهەبی سوننییان سەرخستووە پاشئەوەی لەنێوان نفوزی بوەیهیە شیعەکاندا لەئێران و عێراق و نفوزی مەمالیکەکان(فاتمیەکان) لەمیسرو شام بەرەو داڕوخان چوون. بۆیە سەلجوقیەکان بەتەواوی نفوزی بوەیهیەکانیان لەناوبردووەو بەرپەرچی مەمالیکەکانیشیان داوەتەوە.
- توغرول بەگی سەرکردەی سەلجوقیەکان توانیویەتی دەوڵەتی بوەیهی لەبەغداد ساڵی (447ک) بخات و ئاژاوەی نێوخۆ لەناوببات و سەرکردەی گروپی ڕافیزەکان(گروپێکی ئاینین) کەناوی ئەبوعەبدوڵڵای جەلابی بوو بکوژرێت.
- ئەلب ئەرسەلانی کوڕی مەلەکشا سەرکردایەتی سەلجوقیەکانی گرتۆتەدەست و سنوری دەوڵەتی سەلجوقی فراوانکردووە لەسەردەمی خۆیدا، بەشێوەیەک ئەوپەڕی درێژبوونەوەی لەڕۆژهەڵاتەوە گەیاندۆتە ئەفغانستان و لەڕۆژئاواوە بۆ ئاسیای بچوک و لەباشورەوە بۆ وڵاتی شام.
- نیزامولمەلیك لەمەزنترین وەزیرەکانی سەلجوقیەکان بووەو واناسراوبووە کەکەسێکی ڕێکوپێکبووە لەکاروباری دەوڵەتداو زانست و زانایانی خۆشویستووە، هەروەک کاری باشی ئەنجامداوەو خوێندنگەی بونیاتناوە.
- کۆمەڵێك فاکتەربوونە هۆی کەوتنی دەسەڵاتی سەلجوقیەکان کەڕێگەخۆشکەربوون لەگەڵیدا بۆکەوتنی خەلافەتی عەبباسی لەوانەش:( ململانێ لەناو بنەماڵەی سەلجوقیەکاندا، ژنان دەستیان وەردەدایە کارو باری فەرمانڕەوایی، لاوازی خەلیفەکانی عەبباسی، فێڵ و تەڵەکەی ناوەکی کەخۆی لەتیرۆرکردنی سوڵتانەکانی سەلجوقی و سەرکردەو فەرماندەکانیاندا دەبینیەوە).
- سەلجوقیەکان ڕۆڵ و دەستکەوتی گەورەیان لەمێژووی ئیسلامیدا تۆمارکردووە، لەوانە: (ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لەدواخستنی ئاوابوون و ڕوخانی دەوڵەتی عەبباسی دەوروبەری دووسەدە، هەروەها ڕێگرییان لەفراوانخوازی دەوڵەتی مەمالیکەکان کرد لەمیسر، کۆششی سەلجوقیەکان ڕێگەخۆشکەربوو بۆیەکگرتنی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی. لەڕووی خاچپەرستەکاندا وەستانەوە لەلایەنی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتیەوە، هەروەک هەوڵیاندا تائاستێکی گەورە بەربەستی مەترسی مەغۆلەکان بکەن، پلەوپایەی مەزهەبی سوننی و زاناکانیان بەرزکردۆتەوە).
- عوسمانیەکان دەچنەوە سەر خێڵێکی تورکمانی کەلەکوردستان ژیاون و بەپیشەی شوانکارییەوە سەرقاڵبوون.

- سلێمانی باپیری عوسمان لەساڵی(167ک) لەگەڵ خێڵەکەیدا کۆچی کردووە لەکوردستانەوە بۆ ئەنادۆڵو لەشاری ئەفلاق لە ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئێستا گیرساوەتەوە.
- دوای مردنی سلێمان ئورتغرولی کوڕی سەرکردایەتی خێڵەکەی گرتۆتەدەست، کەجموجوڵی گەیشتە باکوری ڕۆژئاوای ئەنادۆڵو لەڕێگەیدا ململانێیەکی چەکداری لەنێوان سەلجوقیە مسوڵمانەکانو ڕۆمە مەسیحیەکاندا بینیوەو چۆتە ڕیزی موسوڵمانانەوەو چوونی لەوکاتە گونجاوەدا هۆکارێك بووە لەبەدەستهێنانی سەرکەوتنی سەلجوقیەکاندا.
- سەرکردەی سەلجوقیەکان پارچە زەوییەکی لەسنوری ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ بەتەنیشتی قەڵاکان لەڕۆم داوە بە ئورتغرلو دەرفەتی فراوانکردنیشی پێدا لەسەر حسابی ڕۆمەکان.
- دوای مردنی ئورتغرول عوسمانی کوڕی دەسەڵاتی گرتۆتەدەستو ناوی عوسمانیەکانو دەوڵەتی عوسمانی بۆئەم دەگەڕێتەوەو چەند سیفەتێکی هەبووە، لەوانە:( ئازایەتی، دانایی، دڵسۆزی، ئارامگرتن، دادپەروەری، کێشکردنی ئیمانی، وەفا، خۆشەویستی زانستو زانایان، خۆشەویستی والاکاریو فراوانخوازی).
- ژیانی عوسمانی یەکەم – دامەزرێنەری دەوڵەتی عوسمانیو تێکۆشەرو بانگخوازبووە بۆئاینی ئیسلامو زانایانی ئاینی دەوریان داوەو سەرپەرشتیاری پلانی کارگێڕیو جێبەجێکردنی بڕیاری شەرعی لەپێشەوایەتی کردندا کردووە.
- ئورخان دوای مردنی عوسمانی باوکی دەسەڵاتی گرتۆتە دەست ساڵی (726ک)و لەسەر هەمان سیاسەتی باوکی فەرمانڕەواییو والاکاریدا ڕۆیشتووە، سووربووە لەسەر وەدیهێنانی مژدەدانی پێغەمبەر (د.خ) لەگرتنی قوستەنتینیەداو بەمەش پلانێکی ستراتیژی داناوە کەئامانج لێی گەمارۆدانی پایتەختی بێزەنتیەکان بووە لەڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواوە لەیەك کاتدا.
- لەگرنگترین کارەکانی سوڵتان ئورخان:(دامەزراندنی سوپای گەورە، سووربوون لەسەر دانانی سیستەمی تایبەت بۆسوپا، دابەشکردنی سوپا بۆچەند یەکەیەك کەهەر یەکەیەك لە(10) کەس پێکهاتووە یان (100)کەس یان(1000) هەزارکەس، پێنج یەکی دەستکەوتی شەڕی بۆخەرجکردن دابینکردووە،لەوەش بۆ سوپا،شوێنی تایبەتی بۆمەشقو ڕاهێنانی سوپا دروست کردووە).
- دواتر سوڵتان مورادی یەکەمی کوڕی ئۆرخان دەسەڵاتی گرتۆتە دەست ساڵی (761ک)و کەسێکی ئازادو باوەڕدار بووەو یاسای خۆشویستووە، هەروەها دادپەروەربووە لەگەڵ هاوڵاتیانو سەربازەکانیداو سەرقاڵبووە بەجەنگەکانو بونیاتنانی مزگەوتو پەناگەو قوتابخانەوە، ئەنجومەنێکی ڕاوێژی لەکەسانی شارەزاو سەرکردە سەربازیەکان پێکهێناوەو لەیەك کاتدا دەوڵەتی عوسمانی لە ئاسیای بچوكو ئەوروپاوە فراوانکراوە.
- سوڵتان مورادی یەکەم توانیویەتی شاری ئەدرنە داگیربکات لەساڵی (762ک)داو بیکاتە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی، بەوەش پایتەخت گوازرایەوە بۆئەوروپاو ئەدرنە بووەتە پایتەختێکی ئیسلامی.

- سـولّتان مـورادی یەکـەم مـاوەی(30) سـالّ سـەرکردایەتی عوسمانیـەکانی کـردووە بەهـەموو دانـایی‌و لێهاتوییەکو لەشەڕی قوصوە(کۆسۆڤۆ)دا کوژراوە.
- سولّتان بایەزید دوای سولّتان مورادی بـاوکی دەسـەلاّتی گرتۆتەدەسـت سـالّی (791ک)و کەسـێکی ئـازاو خانـەدان‌و بەحەماسـەت بـووە بـۆ والاکـاری، بـەوەش بایـەخێکی گـەورەی داوە بـەکاروباری سـەربازی. ئامـانجی داگیرکردن‌و دەست بەسەراگرتنی میرنشینە مەسیحیەکان بووە لەئەنادۆلداو لەماوەی سالێکدا کردونی بەپاشـکۆی دەولّـەتی عوسمـانی. بایەزیـد وەك هـەورە بروسـکەوابووە لەداگیرکاریەکانیـدا لـەنێوان هـەردوو بـەرەی بالّکـان‌و ئەنادۆلّەوە، بۆیە پێی‌وتراوە (بایەزیدی هەورە بروسکە).
- بایەزید لەبەردەم سوپاکانی تەیموری لەنگدا تێکشکاوە بەهۆی پەلـەکردنی‌و خراپـی دەسـت نیـشانکردنی شوێنی دابەزینی سوپاکەیەوە.
- دەولّـەتی عوسمـانی توشـی مەترسـی نـاوخۆو هەلگرسـانی شـەڕی نـاوخۆ لـەنێوان نـەوەکانی بایەزیـد لەسەرتەختی دەسەلاّت بووەو ئەو جەنگەش ماوەی(10)سالّ بەردەوام بووەو ئەو ماوەیە بەماوەی تاقیکردنەوەو نەهامەتی لەمێژووی دەولّەتی عوسمانیدا دادەنرێت.
- سولّتان محەمەدی یەکەم(خانەدان) توانی بەسەر جـەنگی نـاوخۆدا زالّ ببێـت بـەهۆی ئـەوەی کەکەسـێکی بەهێزبووە،هـەروەها تـوانی یـەك یـەك بەسـەر براکانیـدا زالّ ببێـت‌و تەمـەنی خـۆی تـەرخانکرد بۆسـەر لـەنوێ بنیاتنانەوەی دەولّەتی عوسمانی‌و پتەوکردنی پایەکانی، بەجۆرێك هەندێ لەمێژوونوسان بەدامەزرێنـەری دووەمـی دەولّەتی عوسمانی دادەنێن.
- سولّتان محەمەدی یەکـەم تـوانی بەسـەر شۆڕشـی شـێخ بەدرەدینـدا زالّ ببێـت کەبانگەشـەی بۆیەکسانی دەکـرد لـەپارەو داهـات‌و خۆشـگوزەرانی‌و ئاینەکانـداو جیـاوازی نـەکرێت لـەنێوان موسـولّمان‌و ناموسـولّمان لەبیروباوەڕدا.
- دوای مردنی سولّتان محەمەدی یەکەم، سـولّتان مـورادی دووەم سـالّی (824ک) دەسـەلاّتی گرتەدەسـت‌و مورادی دووەم حەزی لەجەنگ‌و کوشتاربووە،جگەلەوەی کە شاعیربووەو زانایان‌و شاعیرانیشی خۆشویستوە.
- دوای مردنی مورادی دووەم، سولّتان محەمەدی دووەم(محەمەدی فاتیح) جێگەی باوکی گرتۆتەوە لەسالّی (855ک) لەو کاتەشدا تەمەنی(22) سالّ بووە. سولّتان محەمەدی فاتیح کەسایەتیەکی بەهێزو دادپـەروەر بـووەو لەبواری زانستەکانیشدا شارەزابووە.
- سولّتان محەمەدی فاتیح توانیویەتی خەونی عوسمانیەکان بهێنێتەدی‌و شـاری قوسـتەنتینیەی پایتـەختی ڕۆمە بێزەنتیەکان داگیربکات‌و بەمەش کۆتایی بەمەترسی ڕۆمە بێزەنتیەکان لەناوچەکە داهێناوە. هەریەکەلە شێخ محەمەدی کوڕی حەمزەی ناسراو بە(ئاق شەمسەدین)و ئەحمەد کورانی (کەلەبنەچـەدا کوردبـووە –وەرگێـڕ) لـەو زانا ئاینیانە بوون کە سولّتان محەمەدی فاتیح پرس‌وڕای پێکردوون‌و کاریگەری گەورەیان لەسەر سولّتان هەبووە.

- دوای مردنی محەمـەدی فـاتیح بایەزیـدی دووەمـی کـوڕی سـاڵی(886ک) دەسـەڵاتی سـەڵتەنەتی گرتۆتـە دەستو زیاتر حەزی لەئەدەب بووەو کەسێکی شـارەزاش بـووە لەزانـستە شـەرعیەکانداو سـەرقاڵبووە بەزانـستی گەردونناسیەوە. سوڵتان بایەزید کەوتۆتە ململانێ لەگەڵ (جمە)ی برایدا، هەروەها لەگەڵ مەمالیکەکان لەسنوری وڵاتی شامدا لەچەند جەنگێکدا بەیەکیاندا داوەو ویستویەتی یارمەتی موسوڵمانانی ئەندەلوس بدات لەو نەهامەتیە توندەی تێی کەوتبوون لەوکاتەدا.
- دوای مردنی بایەزیدی دووەم، سوڵتان سەلیمی یەکەم دەسەڵاتی گرتۆتەدەستو ئەدەبو شیعری فارسیو مێژووی خۆشویستووە، سەرەڕای توندیو ڕەقی، حـەزی بەهاوڕێیـەتی زانایـان هـەبووەو مێژوونوسـانو شـاعیران لەگۆڕەپانی جەنگەکاندا هاوڕێیەتی سوڵتان سەلیمیان کردووە بۆتۆمارکردنی پەرەسەندنەکانی جەنگو چیرۆکیان دەوت کەباس لەسەروەریەکانی ڕابردوو بوو. سوڵتان سەلیمی یەکەم ڕۆڵێکی گەورەی بینیووە لەلاوازکردنی نفوزی شـیعە لـەعێراقو وڵاتـی فارسـداو سـەرکەوتنێکی گـەورەی بەسـەر سـەفەویەکان لەشـەڕی چاڵدێراندا تۆمـارکرد. ئەنجامی ململانێی نێو دەوڵەتی عوسمانیو سەفەوی بریتی بوو لەوەی کە:( باکوری عێراق (مەبەست لێی باشوری کوردستانی گەورەیەواتـە کوردسـتانی عێراقـی ئێـستا–وەرگێـڕ)لەگـەڵ دیاربـەکر خرانـە سـەر ڕوبـەری دەوڵـەتی عوسمانی. هەروەها عوسمانیەکان سنوری ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتەکەیان پاراست. مەزهەبی سـوننە لەئاسـیای بـچوکدا پەرەی سەند بەسەر شوێنکەوتەو دارودەستەکەی شائیسماعیلی سەفەویدا زاڵبوون.
- پورتوگالیەکان توانیان سود لەململانێی نێوان عوسمانیو سەفەویەکان وەربگرنو هەوڵیاندا خۆیان بەسەر دەریاکانی ڕۆژهەڵاتدا بسەپێننو گەمارۆیەکی گشتی بـسەپێنن بەسـەر هـەموو ڕێگـە کۆنـەکانی نێـوان ڕۆژهـەڵاتو ڕۆژئاوادا.
- خۆشحاڵی ڕووی کردە ئەوروپیەکان بەهۆی جەنگەکانی نێوان عوسمـانیو سـەفەویەکانەوەو ئەوروپیـەکان کاریان کرد لەسەر ڕاوەستان لەگەڵ سەفەویەکاندا دژی دەوڵەتی عوسمـانی بۆئـەوەی چـیتر عوسمانیـەکان رووەو ئەوروپا نەکشێن.
- عوسمانیـەکان توانیـان سـەرکەوتنێکی گـەورە بەسـەر مەمالیکـەکان لەشـەڕی غـەززەو پاشـان لەشـەڕی ریدانیەدا تۆماربکەنو بۆ دواجار دەوڵەتی مەمالیك کۆتایی پێ بهێنین.
- دوای کوژرانی سوڵتان قونسوە غوریو تومان بای جێگـری. شـەریفی مەککـە(بـەرەکاتی کـوڕی محەمـەد) دەست پێشخەری کرد بۆپێشکەشکردنی گوێڕایەڵی خۆی بۆسوڵتان سەلیمی یەکەمو کلیلـەکانی کەعبـەی تەسـلیم کرد بەوەش سوڵتان سەلیم بوویە خزمەتگوزاری مەککەو مەدینە.
- وڵاتی یەمەن دوای کەوتنی دەوڵەتی مەمالیك چووە نێو دەوڵەتی عوسمانیەوە. یەمەن وێنای ڕەهەنـدێکی ستراتیژی دەکردو بەکلیلی دەریای سور دادەنراو پاراستنی یەمەن بەمانای پاراستنو سەلامەتی شـوێنەپیرۆزەکان لەحیجاز دەهات. هەروەها عوسمانیەکان توانیـان سـود لەیەمـەن وەربگـرنو لـەوێ هەسـتن بەهەڵمـەتی دەریـایی بۆکەنداو بەمەبەستی ڕزگاربوون لەفشاری پورتوگالیەکان.

- دوایی عوسمانیەکان وڵاتی شامو میسریان خستە چوارچێوەی دەوڵەتەکەیانەوە، بەوەش وڵاتی عەرەبی چووە ژێرچوارچێوەی حوکمی عوسمانیەوەو دەوڵەتی عوسمانی بەئازایەتیەکی نایابەوە ڕووبەڕووی پورتوگالیەکان بوونەوەو توانیان هەندێ دەسکەوتی ئیسلامی لەدەریای سوردا چنگ بخەن وەك:( مصوع ، زیلع). هەروەك توانیان هێزێکی دەریایی بەسەرکردایەتی میر عەلی بەگ بۆ کەناری ئەفریقا بنێرنو مەقادیشۆو معبسە ڕزگاربکەنو سوپای پورتوگالیەکان توشی زیانی گەورەبکەن.
- لەسەردەمی سوڵتان سلێمانی قانونیدا (927-974ك) دەوڵەتی عوسمانی توانی پورتوگالیەکان لەدەریای سور دووربخاتەوەو هێرش بکاتەسەر مەڵبەندەکانیان لەکەنداوی عەرەبیدا، کەتیایاندا جێگیربوو بوون.
- ئەنجامی ململانێی عوسمانی – پورتوگالی بووە هۆی ئەوەی کە عوسمانیەکان شوێنەپیرۆزەکانو ڕێگەی حەج بپارێزنو پارێزگاری لەسنورە وشکانیەکان بکەن لەبەردەم مەترسی هێرشی پورتوگالیەکان بەدرێژایی سەدەی شازدەو بەردەوامبوونی ڕێگە بازرگانیەکان کەهیندستانو ئیندۆنیسیای بەڕۆژهەلاتی نزیکەوە گرێدەدا لەڕێگەی کەنداوی عەرەبیو دەریای سورەوە.
- هەر لەسەردەمی سوڵتان سلێمانی قانونیدا دورگەی ڕۆدس داگیرکراو سوڵتان سلێمان توانی گەمارۆی شاری ڤیەننای پایتەختی نەمسا بداتو چووە نێو سیاسەتی نزیکبوونەوەوە لەگەڵ فەرەنسا.
- دەوڵەتی عوسمانی بایەخی بەباکوری ئەفریقاداوەو هەموو یارمەتیەکی مادیو مەعنەوی پێشکەشی بزوتنەوەی دەریایی لەو ناوچانەدا کردووە.
- وڵاتی جەزائیر هەر لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەمەوە چووە ژێر نفوزی دەوڵەتی عوسمانیو لەباکوری ئەفریقا دوو سەرکردەی دەریایی مەزن دەرکەوتن کەئەوانیش هەردوو برا عروجو خەیرەدین باربارۆسا بوون.
- خەیرەدین باربارۆسا سەرکەوتوو بوو لەوەدا کەتوانی چەند کۆڵەکەو پایەیەکی بەهێز دابنێت بۆدەوڵەتێکی لاو لەجەزائیر. یارمەتی عوسمانیەکانیش بەبەردەوامی دەگەیشتە جەزائیر لەلایەن سوڵتان سلێمانی قانونیەوە،هاوکات خەیرەدین توانی لێدانی بەهێز ئاراستەی کەنارەکانی ئیسپانیا بکاتو ڕۆڵی هەبوو لەڕزگارکردنی هەزارەها موسوڵمان لەئیسپانیادا.
- بوونی عوسمانیەکان لەجەزائیر کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر هەڵوێستی پادشای پورتوگال لەمەغریب، بەجۆرێك پاشگەز بوویەوە لەوەی هەستێ بەپرۆسەی سەربازیی تیایدا.
- دوای ئەوەی باربۆسا بوو بەفەرماندەی کەشتیگەلی عوسمانی، بایەخیدا بەئاوزێڵی ڕۆژهەلاتی دەریای ناوەڕاستو حوکمی جەزائیر لەدەستی سەرکردە (حەسەن ئاغا توشی) توانی سوپای ئەوروپیەکان لەسەر زەویەکانی جەزائیر بەسەرکردایەتی شارلی پێنجەم تێك بشکێنێو ئەو تێکشکانەش کاریگەری لەسەر ئیمپراتۆریەتی ئیسپانیا هەبوو. هەروەها لەسەر پاشاکەشی کەناوی(شارلکان)و هەروەها لەسەر ئاستی ڕووداوە جیاجیاکانیش.

- هـەواڵی تێکـشکانی شـارلکان دابـەزیو هـەورە بروسـکە بەسـەر ئـەورووپا دابـەزی رووداوەکـان بـەخێرایی لەسەرئاستی ئەورووپا پەرەیان سەند.
- شارلی پێنجەم ئامادەنەبوو بتوانێ بیر لەهەڵمـەتێکی تـر دژی جـەزائیر بکاتـەوەو تارمـایی (حەسـەن ئاغـا توشیو خەیرەدین) باڵی بەسەر هەمووواندا کێشابوو.
- لەباکوری ئەفریقا کۆمەڵێ سـەرکردەی مـەزن دەرکـەوتن کەکارئاسـانیان کـرد لەبزوتنـەوەی بـەرگری دژی ئیسپانیەکان لەدەریای ناوەڕاستدا کەدیارترینیان( حەسەن خەیرەدین باربارۆسا، ساڵح رایس، قلج عەلی) بوون.
- دەوڵەتی عوسمانی هەوڵیدا پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ دەوڵەتی سەعدیەدا هەبوو، بـەڵام لەهەنـدێ کاتـدا شکستی هێنا بەتایبەت لەسەردەمی سوڵتان محەمەدی شێخ سەعدیو محەمەد متوەکیلدا.
- لەکارەگرنگەکان کە دەوڵەتی سـەعدیە کـەپێی هەسـتا لەسـەردەمی سـوڵتان عەبدولمەلیکـدا، بریتـی بـوو لەسەرکەوتن بەسەر پورتوگالیەکان لەشەڕی (سێ پادشـا)دا. هـەروەك لەکتێبـە مێژووییەکانـدا بەشـەڕی کۆشـکی گەورە، یان شەڕی دۆڵی مەخازن ناسراوە(وادی المخازن).
- ســـەرکەوتنی مەغریبیـــەکان لەشـــەڕی (وادی مـــەخازن)دا چـــەند هۆکـــارێکی هـــەبوو،وەك:( دانـــایی ســـەرکردایەتیکردنی سـولتان عەبدولمـەلیك و ئـەبی عەباسـی بـرای، کۆبونـەوەی گـەلی مـەغریبی لەدەوروبـەری سەرکردایەتیەکەی عەبدولمەلیك، کارکردن بۆ سـاڕێژکردنەوەی برینـەکان بـەهۆی کـەوتنی غەرناتـەو لەدەسـتدانی ئەندەلوسەوە. بەشداریکردنی پسپۆڕەعوسمانیەکان کە لێهاتوویی باشیان لەهەڵدانی تۆپەکانـدا هـەبوو، بـەجۆرێك وایکردبوو کەتۆپی بەرگری عوسمانیەکان بەسەر تۆپی بەرگری پورتوگالیەکاندا سەربکەوێت).
- فەرمانڕەوایـەتیکردنی دەوڵـەتی سـەعدیە (سـوڵتان ئەحمـەد مەنـسور) گرتیـە دەسـت دوای کـوژرانی عەبدولمەلیکی برای لەشەڕی(وادی مەخازندا).
- بەمردنی قلج عەلی لەجەزائیر سیستەمی بەگایەتی (بیلربگ)ڕێکخرا کە وای لەفەرمانڕەواکانی جـەزائیر کـرد موڵکەکانیان فراوان بکەنو سیستەمی پاشایەتی تێدا بەرقەرار بکەن، هەروەها لەتونسو تەرابلوسیشدا.
- دەوڵەتی عوسمـانی نـەیتوانی مـەغریبی دوور لـەخۆبگرێت بـەهۆی دەرکـەوتنی جـەزائیرەوە کەهەوڵیـدەدا مەغریبی دوور بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.
- عوسمانیەکان ئارەزوویان دەکرد ئەندەلوس بگێڕنەوە، بەڵام ئامانجەکەیان نەهاتەدی، بەهۆی هەڵوێـستی دەوڵـەتی سـەعدیە لەلایـەك و هەڵـسوکەوتی هەنـدێ لەئینکیـشاریەکان لەلایـەکیترو بـەرەکانی ڕۆژهـەڵات لـەلای سێیەمەوە.
- مێژوونوسان یەکدەنگن لەسەرئەوەی کەمەزنێتیو باڵادەستی عوسمانی بەمردنی سوڵتان سلێمانی قـانونی ساڵی (974ك) کۆتایی پێهاتووەو سەرەتاکانی لاوازی لەسەردەمی سوڵتان سلێمانەوە دەرکەوتووە.
- دوای سوڵتان سلێمانی قانونی سوڵتان سەلیمی دووەم دەسەڵاتی گرتۆتەدەست، کەکەسێکی شـیاو نـەبوو بۆئـەم پۆسـتەو پێیوتـراوە (سـەلیمی سـەرخۆش)و نـەیتوانیوە پارێزگـاری لەدەسـتکەوتە جەنگیـەکانی سـوڵتان

سلێمانی باوکی بکات، ئەگەر وەزیرو سیاسەتمەداری گەورە(محەمەدپاشا) نەبووایە ئەوا دەوڵەتی عوسمانی بەیەکجاری هەرەسی دەهێنا.

- عوسمانیەکان لەشەڕی لیپانتۆ سالّی (979ك/1518ز) تێکشکان، ئەم ئەنجامەش کاریگەری خراپی کردەسەر عوسمانیەکان، چونکە مەترسی عوسمانیەکان لەدەریای ناوەڕاست ئاوابوو، ئەم داشکانەوەیەش خالّی گۆڕانکاری بوو بەرەو ڕاوەستانی سەردەمی پەرەسەندنی هێزی دەریایی دەوڵەتی عوسمانی.
- جەنگی لیپانتۆ دەرفەتێکی باش بوو بۆدەرکەوتنی نفوزی فەرەنسا بەرەو مەغریبی ئیسلامی، بەشێوەیەك تەنها بەبڵاوبوونەوەی تێکشکانی کەشتیگەلی عوسمانی لەو جەنگەدا، مەلیکی فەرەنسا شارلی نۆیەم بەیارمەتی باڵوێزی فەرەنسا لەئەستەمبوڵ پرۆژەیەکی پێشکەشی سوڵتان کردو تیایدا داوای کردبوو فەرەنسا نفوزی خۆی بەسەر جەزائیردا هەبێت بەبیانووی بەرگریکردن لەئیسلامو موسوڵمانان.
- سوڵتان سەلیمی دووەم کاریکرد لەسەر پاکردنەوەی تونس لەهەژمونی ئیسپانیەکانو عوسمانیەکان بەسەرکردایەتی قلج عەلیو سنان پاشا توانیان تونس لەسالّی (982ك)بگرن.
- وردە وردە تونس لەئومێدی ئیسپانیەکان دەرچوو لەئەفریقاو زاڵبوونیان پلەپلە لەناوچەکەدا لاوازبوو، تاوەکو تەنها دەسەڵاتیان بەسەر چەند هەبوو، وەك(ملیله، وەهران، مرسی گەورە). دواجار خەونی ئیسپانەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسپانی لەباکوری ئەفریقا لەناوچوو.
- سەلیمی دووەم هەڵمەتێکی گەورەی کردە سەر یەمەنو توانی ئەردەنو سەنعا لەهەژمونی زیود پاك بکاتەوە.
- سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی دوای شەڕی لیپانتۆ (979ك)گۆڕابۆ ئەوەی، یەکەم: پارێزگاری لەشوێنە پیرۆزە ئیسلامیەکان بکەن، پاشان دەریای سورو کەنداوی عەرەبی وەك پشتیوانێکی ئەمنی بەدەوروبەری ئەو شوێنانەو کەشتیگەلێکی بەتوانای تێدا دابمەزرێنێ کەبتوانێ بەرگری پورتوگالیەکان بکات.
- دەوڵەتی عوسمانی توانی قەڵغانێکی بەهێز بونیات بنێت بۆپاراستنی شوێنە ئیسلامیە پیرۆزەکان لەهێرشەکانی ئەوروپا،لەگەڵ ئەوەشدا تەنها سوڵتانی عوسمانی بەپاسەوانێکی عوسمانی تایبەت پارێزگاری بکات لەمەککەو مەدینەو یەنبوع.
- دوای سەلیمی دووەم، کوڕەکەی کەناوی مورادی سێیەم بوو دەسەڵاتی گرتۆتەدەست، زیاتر بایەخی بەزانستو ئەدەبو شیعر دەداو شارەزایی لەهەرسێ زمانی تورکیو عەرەبیو فارسیدا هەبووە، هەوڵیدا عەرەق قەدەغە بکات، بەڵام ئینکیشیاریەکان ناچاریان کرد کە بڕیارەکەی هەڵبوەشێنێتەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر لاوازبوونی دەوڵەتی عوسمانی.
- دوای مورادی سێیەم،محەمەدی سێیەم دەسەڵاتی گرتۆتەدەستو بەردەوام بوو لەسەر نەریتی سوڵتان مورادی سێیەم.

- دوای محەمەدی سێیەمیش، کوڕەکەی ئەحمەدی یەکەم دەسەڵاتی گرتۆتەدەست کەتەمەنی(14)ساڵ بووەو پێش ئەم هیچ سوڵتانێکی تری عوسمانی لەم تەمەنەدا لەسەرتەختی سەڵتەنەت دانەنیشتووە. لەسەردەمی سوڵتان ئەحمەدی یەکەمدا دەوڵەتی عوسمانی سەرقاڵبوو بەشەڕەکانیەوە لەنەمساو بەجەنگەکانی ئێرانو شۆڕشە ناوخۆییەکان لەئاسیا. سوڵتان ئەحمەدی یەکەم کەسێکی گوێڕایەڵو پارێزکار بووەو خۆی سەرپەرشتی کاروبارەکانی کردووەو پرسو ڕاوێژیشی بەکەسانی خاوەن زانستو مەعریفە کردووە.
- دوای مردنی سوڵتان ئەحمەدی یەکەم، سوڵتانەلاوازەکان لەنموونەی مستەفای یەکەمو عوسمانی یەکەمو مورادی یەکەمو ئیبراهیمی کوڕی ئەحمەدو محەمەدی چوارەمو سلێمانی دووەمو ئەحمەدی دووەمو مستەفای دووەمو ئەحمەدی سێیەمو مەحمودی یەکەمو عوسمانی سێ یەمو مستەفای سێیەمو عەبدولحەمیدی یەکەم دەسەڵاتیان گرتۆتەدەست.
- سوڵتان سەلیمی سێیەم دوای مردنی عەبدولحەمیدی یەکەمی مامی ساڵی(1203ك) دەسەڵاتی گرتۆتەدەستو قۆناغێکی نوێ لەقۆناغەکانی جەنگ لەنێوان دەوڵەتی عوسمانیو دوژمنەکانیدا دەستی پێکردەوە.
- سوپاکانی ڕوسیاو نەمسا توانیان سوپای عوسمانی تێك بشکێنن، ئەوتێکشکانەش کاریگەری لەسەر دەوڵەتی عوسمانی داناو تێکشکانیتری بەدواداهاتو هێزەکانی عوسمانی ناچاربوون بەرەو دواوە بەئاراستەی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دانوب بکێشنەوەو دەرفەتێکیشی بە نەمساییەکان بەخشی بۆتێکدانو هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆی سەر شاری بەلگرادو کردنەوەی ڕێگە بۆهێزەکانی هاوپەیمانانو دەرکردنی عوسمانیەکان لەئەوروپا.
- دوای هێوربوونەوەی کوشتار، سەلیمی سێیەم ڕوویکردە ڕیفۆرمە ناوخۆییەکانو دەستیکرد بەڕێکخستنی سوپا بۆڕزگاربوون لە ئینکیشیاریەکان کەهۆکاری هەموو ئاژاوەیەك بوونو ڕوویان لەلاساییکردنەوەی ئەوروپا کردبوو.
- فەرەنسیەکان داڕوخانی دەوڵەتی عوسمانیو لاوازبوونیان قۆستەوەو هەڵمەتە بەناوبانگەکەیان بەسەرکردایەتی فەرماندەی ناودار(ناپلیۆن پۆناپارت) نارد، ئەو هەڵمەتەش دەنگدانەوەیەك بوو بۆشۆڕشی فەرەنسیو کاریگەربوو بە بیرو بۆچوونە شۆڕشگێڕیەکانی.
- فەرەنسیەکان سەرکەوتوو بوون لەوروژاندنی ڕەگەزەکانی قیبتیە مەسیحیەکاندا بۆهاوکاریکردنی هەڵمەتەکە بەهەموو هۆکارێك.
- پیاوانی هەڵمەتەکەی فەرەنسا کۆششیان کرد بۆتێکدانی ئاین لەدەروونی پیاوە گەورەکانو زانایانو ڕەمەکی موسوڵماناندا بەخستنەڕووی پارادایم گەلێك لەشارستانیەتی ڕۆژئاوا.
- هێرشی فەرەنسا بۆسەر میسر بەیەکەم هێرشی ئەوروپی دادەنرێت بۆسەر ولایەتێکی عەرەبی لە ولایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە مێژووی نوێدا، یەکسەریش سوڵتان سەلیمی سێیەم جەنگی ڕاگەیاند دژی فەرەنسیەکانو موسوڵمانی ناوچەکانی حیجازو شامو باکوری ئەفریقا وەڵامی بانگهێشتەکەی سوڵتانیان دایەوە بۆشەڕکردن دژی فەرەنسیەکان.

- بەریتانیا پەیگیری تموحەکانی فەرەنسای لەمیسردا دەکرد بەوردی، کاتێکیش هەڵمەتەکەی فەرنسا جوڵاو گەیشتە میسر، بەریتانیا کەشتیگەلێکی بەسەرکردایەتی ئەمیراڵ نیلسۆن نارد بۆ دروستکردنی ڕێگری لەبەردەم هەڵمەتەکەی فەرەنسادا، بۆیە کەشتیگەلی بەریتانی توانی لەجەنگی دەریایی ئەبی قیردا کەشتیگەلی فەرەنسی تێکبشکێنێ.
- تێکشکانی کەشتیگەلی فەرەنسی لەجەنگی ئەبی قیردا،هانی دەوڵەتی عوسمانیدا بۆهێرشکردنەسەر هەڵمەتەکەی فەرەنسا لە میسرو دەوڵەتی عوسمانی جەنگی دژی فەرەنسا ڕاگەیاندو فەرمانی کرد بەدەستگیرکردنی هەڵسوڕێنەری کاروبارەکان لە باڵوێزخانەی فەرەنساو سەرجەم هاوڵاتیانی فەرەنسا لەئەستەمبوڵو خستنیانە زیندانەوە.
- هەڵمەتەکەی فەرەنسا ناچاربوو میسر بەجێ بهێڵێ بەهۆی ئەو هێرشە هاوبەشەوە، کەبەریتانیاو میسر پێی هەستان دژی فەرەنسیەکان،جگە لەوەش تێکشکانی کەشتیگەلی فەرەنسا لەجەنگی ئەبی قیرداو زاڵبوونی دەریایی ئینگلیز لەدەریای ناوەڕستو توندکردنەوەی گەمارۆ لەسەر کەنارەکانی میسر، هەروەك حکومەتی فەرەنسا نەیتوانی کۆمەکیو یارمەتی بۆفەرەنسیەکان لە میسر بنێرێت.
- هەڵمەتەکەی فەرەنسا کاریگەری زۆری لەمیسر بەتایبەتیو لەڕۆژهەڵات بەگشتی کرد، بەجۆرێك فەرەنسیەکان توانیان بیروبۆچوونەکانی خۆیان بڵاوبکەنەوەو کەسانی دۆست بۆخۆیان پەیدابکەن.
- دوای سوڵتان سەلیمی سێیەم، سوڵتان مەحمودی دووەم ساڵی (1223ك)دەسەڵاتی گرتە دەستو توانی خۆی ڕزگار بکات لە ئینکیشاریەکانو بەیەکجاری لەناویان ببات، دوای ئەوەی کەسەربەخۆبوو لەپەرەپێدانی سوپاکەیدا، هاوکات هەستا بەکێشانی هێڵی شارستانیەتی ڕۆژئاواو تەربوشی ڕۆمی گۆڕی بەمێزەرو جلوبەرگی ئەوروپی سەپاندو فەرمانیکرد کەئەم جلوبەرگە ببێتە جلوبەرگی فەرمی بۆهەموو فەرمانبەرانی دەوڵەت.
- لەو ماوە نارەحەتەی دەوڵەتی عوسمانیدا مەحفەلەکانی ماسۆنیەتو جولەکە لەمیسرو تورکیاو شامدا بڵاو بوونەوەو بە ڕۆژو شەو کاریان دەکرد بۆلاوازکردنی دەوڵەتی عوسمانی.
- هەندێ لەمێژوو نوسان باس لەوەدەکەن کەمەحفەلی ماسۆنی فەرەنسی یارمەتی محەمەد عەلی پاشای دابێت لەپێناوی تموحەکانی داهاتوویدا، بەئامانجی لاوازکردنی دەوڵەتی عوسمانیو بەوەش محەمەد عەلی توانیویەتی کەشتیگەلێکی دەریایی بەهێزی پێشکەوتوو،جبەخانەیەکی چەكو تەقەمەنی لە(دمیات) دابمەزرێنێت.
- هەروەها هەندێ مێژوونوسی تر پێیانوایە کە(محەمەدعەلی پاشا) ڕۆڵێکی گومان لێکراوانەی گێڕاوە لەگواستنەوەی میسر لە ئینتیما ئیسلامیەکەیەوە بۆشتێکیتر کە لەکۆتایدا سەربکێشێ بۆدەرچوون لەشەریعەتی خودا.
- زۆرێکیتر لەمێژوونوسان محەمەد عەلی پاشا بەپیاوی جولەکەو ماسۆنیەتو پیاوی فەرەنساو بەریتانیاو ئەوروپا دەزانن‌و بەخەنجەرێکی ژەهراوی دەزانن لەجەستەی جیهانی ئیسلامی ئەو سەردەمەدا.

- دوای مردنی سولّتان مەحمودی دووەم، کوڕەکەی عەبدولمەجیدی یەکەم دەسەلاّتی گرتۆتەدەست، کەسێکی لەشولار لاوازبوو، بەلاّم زیرەك و واقیعی و بەسۆز بووەو خاوەنی ڕێزی تایبەت بووە.
- سولّتان عەبدولمەجیدی یەکەم ملکەچی ڕەشید پاشای وەزیر بووەو ڕەشید پاشاش یەکێك لەو کەسانەبووە کەکاریگەرو سەرسام بووە بە کولتورو شێوە ژیانی خۆرئاوایی، بۆیە عەبدولمەجید بریتی بوو لەو سولّتانەی کەنەوەی دوای خۆی لەوەزیرەکان و پیاوانی دەولّەت ئامادەباش کردووە بۆ خێراکردنی ڕەوڕەوەی بەخۆرئاواییکرانی بوارو کایەکانی دەولّەتی عوسمانی.
- بزوتنەوەی ڕیفۆرمی عوسمانی کەژمارەیەك لەو ڕۆشنبیرانەی سەرسام بوون بەشارستانیەتی خۆرئاواو ئەوروپا پێی هەستان لە دەورووبەری سێ خالّی سەرەکی دەخولایەوە:( وەرگرتن لەڕۆژئاواوە، بەتایبەت ئەو شتانەی کەپەیوەستن بەرێکخستنی سوپاو تەسلیمکردنەوەی لەفەرمانڕەوایەتی و کارگێڕیدا، هەروەها ئاراستەکردنی کۆمەلّگەی عوسمانی ڕووەو پێکهێنانی کۆمەلّگەیەکی عەلمانی، هاوکات ئاراستەکردن ڕووەو مەرکەزیەتی دەسەلاّت لەئەستەمبولّ و هەرێمەکاندا).
- هەردوو خەتی گولّخانەو هومایون کاریگەربوون بەدەستوری محەمەد مەدحەت پاشا سالّی (1876ز)، کە بۆیەکەمجاربوو لەمێژووی ئیسلامیدا کار بەدەستورێکی وەرگیراو لەدەستوری فەرەنسی و بەلجیکی و سویسری کەبریتی بوون لەدەستور گەلێکی عەلمانی بکرێت.
- بزوتنەوەی ڕێکخستنەکانی دەولّەتی عوسمانی بەفەرمی ڕێگەی کۆتایی دانا لەوەی چیتر دەولّەتی عوسمانی دەولّەتێکی ئیسلامی بێت، بەلّکو لێرەوە یاساکانی عەلمانیکراو کۆمەلّە دامەزراوەیەك دانران کەکاریان بەیاسا دانراوەکان دەکردو دوورکەوتنەوە لە شەریعەتی ئیسلامی لەبوارەکانی سیاسی و بازرگانی و ئابوریدا.
- دوای عەبدولمەجیدی یەکەم سولّتان عەبدولعەزیزی کوڕی مەحمودی دووەم سالّی (1277ك) دەسەلاّتی گرتۆتەدەست. ئەمەش لەکاتێکدا بوو کەدەولّەتە ئەوروپییەکان سوربوون لەسەر فشار خستنەسەر حکومەتی عوسمانی بۆبەردەوامبوون لەسەر هەنگاوەکانی چاکسازی و ڕێنیسانس لەسەر میتۆدی خۆرئاوایی و فیکری ئەوروپی و پرەنسیپە عەلمانیەکان. بەلاّم سولّتان عەبدولعەزیز دەستورەکانی ڕۆژئاوای ڕەفزکردەوە لەگەلّ دابو نەریتە دوورەکان لەئیسلامەوەو هەولّیدا کۆمەلّگەی عوسمانی ڕووەو سیماکانی ئیسلامی بگێڕێتەوە، بەلاّم لەڕێگەی بالّوێزخانەو نوێنەرایەتیەکانی ولاّتانی ئەوروپاوە پلان دانرا بۆ کوشتنی و کوشتنەکە دواتر جێبەجێکرا.
- دوای عەبدولعەزیز سولّتان مورادی پێنجەمی کوڕە مامەکەی دەسەلاّتی گرتۆتەدەستو ئارەزووی بەلای دەستورو لیبرالّیەتو عەلمانیەتدا هەبوو، بۆیە هەوادارانی بزوتنەوەی ڕیفۆرمی عوسمانی دەستیان هەبوو لەپشتگیری کردنی سولّتان مورادی پێنجەم بۆتەختی سەلّتەنەت، بەلاّم سولّتان تووشی تێکچونی عەقلّی بوو، دوای ئەوەی توشی تۆقین ببوو بەهۆی کوشتنی سولّتان عەبدولعەزیزی مامەیەوە،بۆیە وردە وردە تێکچونی دەروونی رووی تێکردو تەندروستی بەتەواوی داڕوخاو لەلایەن شێخوئیسلامەوە لەتەختی سەلّتەنەت لادرا.

- دوای موورادی پێنجەم سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دەسەڵاتی گرتۆتەدەست لەساڵی (1293ك) لەلایەن مەدحەت پاشاوە فشاری خرایە سەرو عەبدولحەمید دەستوری ڕاگەیاند، وەزیرەکان دەستیان کرد بە ممارەسەکردنی سیاسەتی بەخۆرئاوایی کردن بە سەرکردایەتی کۆمەڵەی عوسمانیە نوێیەکان کەزیاتر لەو ڕۆشنبیرانە پێکهاتبوون کەسەرسام بوون بەڕۆژئاوا. بۆیە عەبدولحەمیدی دووەم دەستی کرد بەلاوازکردنی دەسەڵاتیانو چاکسازی دەوڵەتی عوسمانی بەگوێرەی تەعالیمی ئیسلامی ئەنجامداو سووربوو لەسەر جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی.
- عەبدولحەمیدی دووەم کاری کرد لەسەر پێکهێنانی جیهازێکی سیخوڕی بەهێز بۆپاراستنی دەوڵەت لەناوەوەو کۆکردنەوەی زانیاری لە دەرەوە،هەروەها عەبدولحەمید شۆڕشەکانی ناوچەی باڵکانو یاخیبوونە نێوخۆییەکانی دامرکاندەوەو جیهازی سیخوڕی لەو ئامرازە گرنگانە بوو لای سوڵتان بۆ لەناوبردنی یاخیبوونە نێوخۆییەکان لەکاتی خۆیدا.
- دەوڵەتی عوسمانی چووە شەڕی توندەوە لەگەڵ ڕوسیاو لەئەنجامدا لەبەردەم ڕوسیا تێکشکاو ناچاربوو پەیماننامەی(سان سستیڤانۆ)ی لەگەڵدا گرێ بدات دوای ئەوەش(کۆنگرەی بەرلین) لەئەڵمانیا.
- بیرۆکەی جامیعەی ئیسلامیو بیرۆکەی پان–ئیسلامیزم دەرکەوتو عەبدولحەمیدی دووەم بایەخی زۆری پێدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیەکانی دەرەوە.
- عەبدولحەمیدی دووەم لەجێبەجێکردنی پلانەکەیدا بۆگەیشتن بەجامیعەی ئیسلامی چەند ئامرازێکی گرتەبەر لەوانە:(پەیوەندیکردن بەبانگخوازانو ڕێکخستنی ڕێگەو ڕێبازەکانی سۆفیگەریو کارکردن لەسەر بەعەرەبیکردنی دەوڵەتو دامەزراندنی قوتابخانەی هۆزەکان، دامەزراندنی هێڵی ئاسنی حیجاز بۆ پوچەڵکردنەوەی پلانی دوژمنەکانی).
- عەبدولحەمیدی دووەم هەوڵیدا دەرفەتەکانی جولەکەکانی دۆنمە(سلانیك) بەرتەسك بکاتەوە،چونکە بەمایەی مەترسی دادەنان لەسەر دەسەڵاتی خۆی، بۆیە جولەکەکانی دۆنمە پلانێکی ستراتیژی دژیان داناو دژی عەبدولحەمیدی دووەم جولانەوە لەسەر ئاستی ڕای گشتی عوسمانیو سوپاو هەستان بەکۆمەك کردنی مەحفەلە ماسۆنیەکان بۆخستنی عەبدولحەمید. هەروەها دروشمەکانی( ئازادی، دیموکراسیو نەهێشتنی تاکڕەوی)یان بەکارهێناو هەستان بەبڵاوکردنەوەی دووبەرەکیو هەڵگەڕانەوە لەدەوڵەت لەنێو ڕیزەکانی سوپادا.
- عەبدولحەمیدی دووەم ئامادەنەبوو ملکەچی داواکاریەکانی جولەکە ببێ، کەداوای کڕینی زەوی فەلەستینیان لێکرد بەرامبەر ڕێژەیەکی زۆرپارەو پێدانی قەرز بەدەوڵەتی عوسمانی.
- جولەکەو زایۆنیزمی جیهانی دەستیان کردووە بەکۆمەکی کردنی دوژمنەکانی عەبدولحەمیدی دووەم وەك ئەرمەنەکانو نەتەوەخوازەکانی باڵکانو کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقیو وەستانەوە لەگەڵ هەموو بزووتنەوەیەکی سەربەخۆییو جوداخوازیی لەدەوڵەتی عوسمانیدا.

- کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی پاش لابردنی عەبدولحەمیدی دووەم نەیانتوانی بەرگری هاوپەیمانان بکەن دوای تێکشکانیان لەجەنگی یەکەمی جیهانیداو سەرکردەکانیان ناچاربوون بۆئەڵمانیاو ڕوسیا هەڵبێن.
- ئینگلیزەکـان توانیـان پـاڵ بەمـستەفا کـەمال ئەتاتورکـەوە بنـێن ڕووەو سـەرکردایەتیکردنی دەوڵـەتی عوسمانی، ئەویش بەپراکتیك کردنی پلانێك کـە بۆهێنانـەدی چـوار مەرجەکـەی کـێرزن (مەبەسـت لـەلۆرد کێرزنـی سەرۆك وەزیرانی ئەو سەردەمەی ئینگلیزە– وەرگێڕ) کەبریتی بوون لە:

1) بچڕاندنی هەموو پەیوەندیەکی تورکیا بەئیسلامەوە.
2) هەڵوەشاندنەوەی تەواوەتی خەلافەتی ئیسلامی.
3) ) دەرکردنی خەلیفەو لایەنگرانی خەلافەت لەوڵاتو دەستگرتن بەسەر موڵكو ماڵەکانی خەلیفەدا.
4) گرتنەبەری دەستورێکی مەدەنی لەجیاتی دەستوری کۆنی تورکیا.

- کەمال ئەتاتورك کاری کـرد لەسـەر داڕنینـی تورکیـا لـەبیروباوەڕی ئیـسلامیو کەوتـە دژایـەتی ئاینـداریو دەرفەتی لەسەر بانگخوازان بەرتەسك کردەوەو بانگەشەی بۆتێکەڵاویو سـیخوڕی کـرد، بـەڵام لـەتورکیا کۆمـەڵێ دەنگی ناڕەزایی بەرزبوویەوەو دژی پرۆسەی بەعـەلمانیکردنی تورکیـا وەسـتانەوە، وەك دەرکـەوتنی بزوتنـەوەی سەعیدنورسیو حزبی سەلامە کەدوایی بوو بەحزبی ڕەفاهی ئیسلامی بەسەرۆکایەتی نەجمەدین ئەربەکان لەسـەر دەمی نوێدا.
- دەربـارەی هۆکارەکـانی ڕوخـانو کـەوتنی دەوڵـەتی عوسمـانی مێـژوو نوسـان بـیروڕای جیاوازیـان هەیـە، هەرچی مێژوونوسو توێـژەرە ئیـسلامیەکانە پێیانوایـە بەدوورکەوتنـەوەی دەوڵـەتی عوسمـانی لـە حـوکم کـردن بەشەریعەتی خوداو کارنەکردن بەڕێنماییو تەعالیمەکانی ئیسلام هۆکـاری سـەرەکی ڕوخـانی دەوڵـەتی عوسمـانی بووە،هەروەها هاتنی سوڵتانە دواییەکان، کەبەشێکی زۆریان لەشەریعەتی ئیسلام دوورکەوتنەوەو ملنەدانی گەل بۆفەرمانەکانیان بەهۆکارێکیتر دەزانن.
- هەروەها ئەو مێژوونوسانە پێیانوایە کە لادانی تونـد لەچـەمکەکانی ئـاینی وەك بیروبـاوەڕی دۆسـتایەتیو دوژمنایەتی، چـەمکی پەرسـتشو بڵاوبونـەوەی دیاردەکـانی هـاوەڵ پەیـداکردنو بیدعـەو خورافـە لـەهۆکارەکانی دیکەی داڕوخانی عوسمانیەکان بوون، جگەلەوەی بڕوایانوایە گەورەترین لادان کەلەمێژووی ئیـسلامیدا ڕوویـدابێت بریتیـە لەدەرکـەوتنی سـۆفیگەری لادەر وەك هێزێکـی ڕێکخـراو لەکۆمەڵگـەی ئیـسلامیدا کەهـەڵگری بیروبـاوەڕو بۆچـوونو بەندایـەتی دوور لـەقورئانو فـەرمودە بـووەو ئـەم تەوژمـەش لـەکۆتایی سـەردەمی عوسمانیـدا زۆر بەهێزبووەو کاریگەری هەبووە لەسەر ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی، بەوەی گوایە لەگەڵ دوژمنانی دەوڵەتدا هاوکـار بوون، وەك گروپی شیعەی دوانزە ئیمامیو دروزیەکانو نوصەیریەکانو ئیسماعیلیەو قادیانیو بەهائیەکان.
- هەروەها لەهۆکارەکانیتر لەدیدی مێژوونوسو لێکۆڵەرە ئیسلامیەکاندا بریتیە لەوەی کەزۆر لەزانایان بوون بەیاریـچەو ئـامرازی دەسـتی فـەرمانڕاوا سـتەمکارەکانو پێـشبڕکێیان بـووە لەسـەر بەدەسـت هێنـانی وەزیفـەو پلەوپایەو بەرژەوەندی دونیایی و دوورکەوتنەوە لەئەرکی سەرەکیان، بۆیە ئاسایی بووە زۆر لەزانـستە ئاینیـەکان

لــەکۆتایی ســەردەمی عوسمانیــدا توشــی بەبــەرد بــوونو ڕاوەســتان ببێــتو دەرگــای ئیجتیهــاد دابخرێــتو بانگەشەکارانیشی ڕووبەڕووی کافرکردن بوونەتەوە.

- هەروەها بڵاوبوونەوەی ستەم لەدەوڵەتی عوسمانیداو ڕۆچوونی دەوڵەتی عوسمانی لەئارەزووبازیو پارەو داهات بەفیڕۆدانو جیاوازیو پەرتەوازەیی لەهۆکارەکانیتری ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی بوون.

## قسەی کۆتایی

هەرچەندە ئەوهۆکارانەی کەمێژونوسانو توێژەرانی ئیسلامی باسی دەکەن لەڕووخانی دەوڵەتی عوسمانیدا نکوڵی لێناکرێ، بەڵام بەپێویستی دەزانم چەند شتێك بڵێم کەبۆخۆیان هۆکاری ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی بوونو هەریەکەیان کاریگەری گەورەی هەبووە کەناکرێ پشت گوێیان بخەین لەوانەش:

1) لەبنەڕەتەوە سیستەمی فەرمانڕەوایەتیکردنو گرتنەدەستی تەختی دەسەڵاتو سەڵتەنەت لەدەوڵەتی عوسمانیدا دوور بووە لەبنەماکانی ئاینی ئیسلامەوە، بەجۆرێك لەسەر بنەمای پشتاوپشتو بۆماوەییو ویراسەت بووە، نەك لەسەر بنەمای ڕاوێژو شوراو کەسی شیاو بۆشوێنی شیاو کەلەلایەن موسوڵمانانوهاوڵاتیانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بەشێوەیەکی شەرعیو دروست هەڵبژێردرێن.

2) دەوڵەتیش وەك مرۆڤ وایەو بەچەند قۆناغێکی تەمەندا تێدەپەڕێ، هەروەك ئەمە بیروڕای گەلێك زانای نێو بواری فەلسەفەی مێژوو،زانستی مێژووە کە دەوڵەت بەقۆناغەکانی( منداڵی،لاوی،پیریو مردن)دا تێدەپەڕێ.بۆیە دەوڵەتی عوسمانیش پاش ئەو هەموو تەمەنە درێژە گەیشتبووە تەمەنی پیربوونو مردنو بەکرداریش مرد.

3) بەشێکی زۆری مێژوونوسانی ئیسلامیو توێژەرە مسوڵمانەکان نایانەوێت دان بەو ڕاستیەدا بنێن کەدەوڵەتی عوسمانی نەیتوانیوە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە هەڵسوکەوت لەگەڵ نەتەوەکانی ژێردەسەڵاتیدا بکات، بەتایبەت نەتەوە ناتورکەکانی وەك (کوردو ئەرمەنو چەرکەسو عەرەب)،بگرە زۆر زوڵمو ستەمیان لەفۆرمی جیاجیادا بەرامبەر ئەنجامداونو زۆرجار مافی سادەو ساکاریشیان پێ ڕەوا نەبینیون.

4) مێژونوسانی ئیسلامی هەمیشە دەستی دەرەکیو ئینگلیزو فەرەنساو ڕوسیا بەگشتیو جولەکەو ماسۆنیەتی جیهانی بەتایبەت بەهۆکاری سەرەکی ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانیو نەهامەتیەکانی جیهانی ئیسلامیو مسوڵمانان لەقەڵەم دەدەن، بێئەوەی ئاوڕێك لەبارودۆخی شێواوی نێوخۆیی دەوڵەتی عوسمانیو جیهانی ئیسلامیو ئەو زوڵمو ستەمو دوورکەوتنەوەیە لەبنەماکانی ئاینی ئیسلام بدەنەوە کەزۆرێك لەسوڵتانەکانی عوسمانی ئەنجامیان دەدا، بۆیە ئەگەر بهاتایەو بارودۆخی نێوخۆیی باشبکرایە، ئەوا ڕەنگە دەوڵەتی عوسمانی تەمەنێکی درێژتری هەبووایە.

5) پشتگوێ خستنی ڕیفۆرمو چاکسازی لەسەرجەم بوارەکان لەدەوڵەتی عوسمانیداو بەپێچەوانەوە دژایەتیکردنو سەرکوتکردنی هەوڵەکانی چاکسازی، بەتایبەت سوڵتان عەبدوحەمیدی دووەم تاکڕەوانە لەزۆر کاتدا مامەڵەی کردووە، وەك یەکخستنی دەستورو پرسوڕا نەکردنی لەکاروباری دەوڵەتدا.

6) گەشەسەندنی کەشو هەوای مۆدێرنو سەرهەڵدانی هۆشیاری فیکریو ڕۆشنبیری،لای زۆرێك لەگەنجانو ڕووناکبیرانی نێودەوڵەتی عوسمانی بەتایبەت ئەوانەیان کەشێوە ژیانی خۆرئاوایان بینی بوو، هەروەها هەستیشیان بەستەمو کەموکورتی دەکردو دڵنیابوون بێ نوێبوونەوەی دامودەزگەکانی دەوڵەت، ئەوا دەوڵەتی عوسمانی هەرەس دێنێ.

**بۆ نوسینی ئەم پاشکۆیە سودێکی تەواو وەرگیراوە لەکتێبی:**

1) الدولة العثمانية، عوامل النهوض والسقوط، د. علی محمد محمد الصلابی.

**هەروەها کتێبی:**

2) کورتەیەك لەمێژووی نوێو هاوچەرخی گەلی کورد، کەیوان ئازاد ئەنوەر.

3) لەگەڵ ئەو کتێبو سەرچاوانەی تر کە لەم کتێبەدا زانیاریان لێوەرگیراوەو بەراورد کراونو بەکارهێنراون.

## ئەو سەرچاوانەی زانیاریان لێ وەرگیراوە بۆ ئەم کتێبە

ئەو سەرچاوانەی کە لەئینتەرنێت خۆیەوە وەرگیراونو سودیان لێوەرگیراوە، لەگەڵ ئەو سەرچاوانەش کە ئێمە وەك وەرگێڕی ئەم باسە زانیاریمان لێوەرگرتووە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی نێو ئەم کتێبەو بابەتە پەیوەندیدارەکانی تریش بریتین لە:


- محمود شاکر: التأريخ الاسلامی.
- د.علی محمد محمد الصلابی: الدولة العثمانية، عوامل النهوض والسقوط، ط3، دار المعرفة، بيروت- لبنان، 2006.
- محمد فريك بك: تاريخ الدولة العلية العثمانية، تحقيق (إحسان حقی، دار النفائس، بيروت، 1983م.
- يلماز أوتا: تاريخ الدولة العثمانية، منشورات مؤسسة فيصل للتمويل، إستنبول، 1988م.
- عبدالعزيز محمد الشناوي: الدولة العثمانية دولة إسلامية مفترى عليها، مكتبة الانجلو – المصرية، القاهرة، 1984م.
- علی حسون: تأريخ الدولة العثمانية، المكتب الاسلامي، بيروت، 1415هـ = 1999م.
- د.محمد حرب: العثمانيون فی التاريخ و الحضارة، دار القلم، دمشق.
- محمد حرب: الدولة العثمانية، سفير للطباعة والنشر، القاهرة، 1996م.
- محمد عبد اللطيف البحراوی: حركة الاصلاح العثمانی، دارالتراث – القاهرة، 1398هـ = 1978م.
- د.محمد حرب:مذكرات السلطان عبدالحميد، دار القلم، دمشق.
- محمد مصطفى الهلالی: السلطان عبدالحميد الثانی بين الانصاف والجحود.

- موقع التاريخ، الانترنت.
- موقع إسلام أونلاين، الانترنت.
- www.hukam.net.family.php?fam
- أحمد عبدالرحيم مصطفى: فى أصول التأريخ العثمانى، دارالشرق، بيروت، 1986م.
- عمر عبدالعزيز: أوروبا (1815 – 1919م)ن دارالمعرفة الجامعية، بيروت، 1995ز.
- هربرت فيشر: تأريخ أوروبا فى العصر الحديث، ترجمة (أحمد نجيب هاشم وديع الظبع)، دارالمعارف، القاهرة، 1958م.
- أ،ج جرانتء هارولد تمبرلي: أوروبا القرنين التاسع عشرو العشرين، ترجمة (بها فهمي)، مؤسسة سجل العرب، القاهرة، 1958م.
- عمر طوسون: الجيش المصرى فى الحرب الروسية المعروفة بحرب القرم، القاهرة، 1335هـ = 1936م.
- عزيز سامح التر: الاتراك العثمانيون فى افريقا الشمالية، ترجمة (محمود على عامر)، دار النهضة العربية، بيروت – لبنان، الطبعة الاولى، 1989م.
- ماجد اللحام: معجم المعارك الحربية، دارالفكر المعاصر، بيروت، ط1، 1990م.
- سعيد أحمد رجاوى: الامبراطورية العثمانية، الاهلية للنشرو التوزيع، بيروت، 1993م.
- يوسف بك اصاف: تأريخ سلاطين بنى عثمان، القاهرة.
- الدولة العثمانية و الشرق، د.محمد أنيس، مكتبة الاجلو- المصرية، القاهرة، 1419هـ = 1990م.


**پاشکۆی بەڵگەنامەو وێنەکان**

**وەڵامی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بۆ تیۆدۆر هرتزل دەربارەی فەلەستین**



www.alkhaldi.8k.com

من أقوال ومواقف.

السلطان عبدالحميد الثاني

(انصحوا الدكتور "هرتسل" بألا يتخذ خطوات جدية في هذا الموضوع، فإني لا أستطيع أن أتخلى عن شبر واحد من أرض فلسطين ... فهي ليست ملك يميني ... بل ملك الأمة الإسلامية .. لقد جاهد شعبي في سبيل هذه الأرض ورواها بدمه .. فليحتفظ اليهود بملايينهم ... وإذا مزقت دولة الخلافة يوماً فإنهم يستطيعون آنذاك أن يأخذوا فلسطين بلا ثمن ..

أما وأنا حي فإن عمل المبضع في بدني لأهون علي من أن أرى فلسطين قد بترت من دولة الخلافة وهذا أمر لا يكون. إني لا أستطيع الموافقة على تشريح أجسادنا ونحن على قيد الحياة).

السلطان عبدالحميد الثاني
أستانبول ١٩٠١م

**(دەقی قسەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانی بۆ تیۆدۆر هرتزل، کە بەوەفدێک هاتبوونە لای سوڵتان بۆ وەرگرتنی رەزامەندی دابینکردنی نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ جولەکە لە فەلەستین)**

" ئامۆژگاری دکتۆر هرتزل بکەن، بەوەی هەنگاوی جدی لەم بابەتەدا نەنێت، من ناتوانم واز لە یەك لەزەوی فەلەستین بهێنم... زەوی فەلەستین موڵکی من نییە ...بەڵکو موڵکی ئوممەی ئیسلامە ...نەتەوەکەم لەپێناوی ئەو زەوییەدا تێکۆشاوەو بەخوێنی ئاوداوە... باجولەکە پارێزگاری لەمەلایینەکانیان بکەن (مەبەست لەپارەو داهاتی جولەکەیە کە رێژەیەکی زۆریان خستۆتە بەردەمی عەبدولحەمیدی دووەم — وەرگێڕ - ). ئەگەر رۆژێك دەوڵەتی خەلافەت پارچە پارچە بوو، ئەوا دەتوانن ئەو کاتە فەلەستین ببەن بەبێ نرخ ... بەڵام من زیندوو بم ئەوا کاری نەشتەر لەجەستەمدا ئاسانترە لام لەوەی کە فەلەستین ببینم دایبڕن لەدەوڵەتی خەلافەت، ئەمەش کارێکە نابێت. من ناتوانم رەزامەندی دەربڕم لەسەر توێکردنی جەستەمانو ئێمە لەژیاندا بین "

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم



مەدحەت پاشا یەکێك لەوالیە بەهێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی




مستەفا بەیرەقداریەکێك لەفەرماندە سەربازیەکانی دەوڵەتی عوسمانی




**مستەفا فازل**



مستەفا کەمال ئەتاتورك هەڵوەشێنەرەوەی خەلافەتو سەڵتەنەتی عوسمانی



تیۆدۆر هرتزل
دامەزرێنەری زایۆنیزمی جیهانی



مۆرێکی عوسمانی کەناوی سوڵتان
مەحمودی دووەمی لەسەرە



دیمەنێك لە ژیانی سوڵتانەکانی عوسمانی



شائیسماعیلی سەفەوی




شاعەباسی سەفەوی




ئەو هێڵە ئاسنینەی کەسوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەرەو حیجازلێیدا

رابەرو تیۆرسینەکانی بیری تۆرانیزم کەرۆڵی کاریگەریان هەبوو لەهەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سەڵتەنەت و دەوڵەتی عوسمانی




ژنە شاعیر( خالیدە ئەدیب )




خالیدە ئەدیب لەتەمەنی لاویدا



یوسف ئاکچۆرا



موئیز کوهین




زیا کوک ئالب




**ئاڵا جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتی عوسمانی**



**مزگەوتی ئایا صۆفیا کەلەبنەڕەتدا کەنیسە بووە**




خەیرەدین باربارۆسا یەکێك
لەفەرماندە دەریاییەکانی سوپای
عوسمانی



عەباس پاشای یەکەم
والی میسر



فەریق حەسەن پاشایئەسکەندەرانی
یەکێك لەفەرماندە سەربازیەکانی سوپای
عوسمانی لەشەڕی قرمدا



دۆن سباستیان پادشای پورتوگال



جەمال پاشا



سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم

ديمەنێك لەسوپاكانی عوسمانی لەكاتی جەنگەكاندا



پا پا ئۆريانوسی پێنجەم



سكەی عوسمانی لەزێڕ دروستكراو





# چەند دیمەنێك لەکوشتارو جینۆسایدی ئەرمەنەکان

**بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نوسەر:**

* بزوتنەوەی شعوبیەت لەمێژووی ئیسلامدا، لێکۆڵینەوەی مێـژوویی، لـەبڵاوکراوەکانی خانـەی گشتی چـاپو بڵاوکردنەوە، وەزارەتی رۆشنبیریی ، سلێمانی ، 2004ز.

- عوسمانیەکان، لەعوسمانی کوڕی ئەرتوغرولەوە تا سوڵتان عەبدولمەجیدی دووەم، وێنـەو بـارودۆخی سەردەمەکانیان، وەرگێڕان،چاپی یەکەم،2007ز، لەبڵاوکراوەکانی چاپو پەخشی ڕێنما.

- مێـژووی پێکهـاتنو پەرەسـەندنی بـیری تـۆرانیزم، لێکۆڵینـەوەی مێـژوویی. لـەبڵاوکراوەکانی پـرۆژەی کتێبی(کۆچ)، سەنتەری رووناکبیری ئێلبەگی جاف،2007ز.
- موقەدەسو کولتور، ئیشکالیەتی بەریەککەوتنی نێوان ئیسلامو خۆرئاوا، لێکۆڵینەوەی فیکریـی، چـاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم،2007ز.

**بەم نزیکانە:**

*گوتاری ئیسلامی کوردیو ئیشکالیەتی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی، توێژینەوە.

* دەربارەی زانستی مێژوو، فەلسەفەی مێژوو، کۆمەڵە وتار.

*سیستەمی پەروەردەیی لەدەوڵەتانی ئەسکەندەناڤیا، وەرگێڕان.

*تیۆری دەسەڵاتخوازیی ئیسلامیو ئیشکالیەتی بەرهەمهێنانی توندوتیژی ئاینی، توێژینەوە.

نرخ(5000)دینار